حکومەتی هەرێمی کوردستان – عێراق
وەزارەتی خویضندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی
زانکۆی سلێمانی
کۆلیژی زمان

# دیالیکتیکی بوون و نەبوون لەشیعری نالیدا

## لێکۆڵینەوەیەکی شیکاریی ڕەخنەیيە

**نامەیەکە**

**تریفە محەمەد ئەحمەد**

**پێشکەشی کۆلێژی زمانی زانکۆی سلێمانی کردووەو**
**بەشێکە لە پێویستییەکانی پلەی ماستەر لە ئەدەبی کوردیدا**

**سەرپەرشت**

**پ.د. محەمەد ئەحمەد سەعید**

**٢٧١٩ کوردی** **٢٠١٩ زایینی**

**ئەم نامەیە بە چاودێری من لە زانکۆی سلێمانی ئامادەکراوەو بە شێکە لە پێویستییەکانی پلەی ماستەر، لە ئەدەبی کوردیدا.**

**ناو: پ.د. محەمەد ئەحمەد سەعید**

**رۆژ:   /   /٢٠١٩**

**بە پێی ئەو پێشنیارە، ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.**

**ناو:**

**سەرۆکی لیژنەی خوێندنی باڵا**

**رۆژ:   /   /٢٠١٩**

# پێشکەشکردن

پێشکەشە بە:

* ڕۆحی خاڵم ( مامۆستا سەعید)
* دایکم
* هاوبەشی ژیانم (زوبێر عوسمان)

– هەروەها بە هەموو ئەوانەی:
* هەست بە ترپەی دڵی پڕ لە خۆشەویستییان دەکەم...

## سوپاس و پێزانین

- پێزانین و ڕێزی زۆرم بۆ ( پ.د. عەبدولقادر حەمە ئەمین) ڕاگری کۆلێژی زمان، کە لە ماوەی خوێندنی ماستەردا، هەمیشە هاوکار بووە.
- سوپاس و پێزانینی بێ ئەندازەم، بۆ بەڕێز (پ.د. محەمەد ئەحمەد سەعید)، کە بە دڵسۆزییەوە سەرپەرشتیکردنی نامەکەی وەئەستۆگرت.
- ستاییش و سوپاسی زۆرم بۆ باوکم ( مەلا محەمەد گەناوی- موفتی بیتوێن و پشدەر)، کتێبخانەکەی کۆمەکی زۆری پێکردووم.
- پێزانینی زۆرو سوپاسی بێ پایانم بۆ مامۆستا و خوێندکاری دکتۆرا، لهۆن قادر، کە زۆرترین سەرچاوەی لەبارەی نالییەوە، بۆ دابینکردم،
- سوپاسی زۆرم بۆ مامۆستایان (هەرێم عوسمان و بوشرا کەسنەزانی) کە بە نۆبەتی خۆیان لەگەڵمدا ماندووبوون.
- سوپاسی زۆرم بۆ بەرێز شڤان ئەنوەرو هاودین مەحمود، کە هەمیشە هاوکارم بوون.
- سوپاس و پێزانینی زۆرم بۆ مامۆستایانی مەزن ( عەبدولکەریم شێخانی و حەمە کەریم عارف) کە لەماوەی نووسینی ئەم ماستەر نامەیە، کۆمەکی زۆریان پێکردوم..
- سوپاس و ستاییشی بێ پایانم بۆ خوشکی گەورەم ( خاتوو پەخشان)، کە پوختەی نامەکەی بۆ وەرگێڕامە سەر زمانی ئینگلیزی.
- سوپاسی زۆرم بۆ هاوسەرو هاوبەشی ژیانم و تەواوی خانەوادەکەم، کە ئەگەر ئەوان نەبوان، هەرگیز ئەم ئاواتەم نەدەهاتە دی.

## پێڕست


| بابەت | لاپەڕە |
| --- | --- |
| پێشەکی | ١ |
| بەشی یەکەم: دیالیکتیکی بوون و نەبوون لەڕوانگەی فەلسەفەوە | ٤ |
| ١-١: چەمکی بوون و نەبوون | ١٠ |
| ١-٢: مێژووی فەلسەفەی بوون ونەبوون لەقۆناغە جیاوازەکاندا | ١٢ |
| ١-٢-١: سەردەمی پێش سوکرات | ١٢ |
| ١-٢-١-آ: فێرگەی ئەیۆنی | ١٤ |
| ١-٢-١-ب: فێرگەی ئیلیایی | ١٦ |
| ١-٢-١-پ: فێرگەی ئەتۆمگەری | ١٧ |
| ١-٢-١-ج: فێرگەی پیتاگۆرسیەکان | ١٨ |
| ١-٢-٢: سەردەمی سوکرات (فەلسەفەی کلاسیک) | ١٩ |
| ١-٢-٢-آ: سوکرات و سوفستاییەکان | ١٩ |
| ١-٢-٢-ب: ئەفلاتون | ٢٢ |
| ١-٢-٢-پ: ئەرستۆ | ٢٥ |
| ١-٢-٢-ج: ئەبیگۆرییەکان و ڕەواقیەکان | ٣٠ |
| ١-٢-٢-چ: فێرگەی گومانکاری | ٣١ |
| ١-٢-٣: تێڕوانین بۆ بوون لە سەدەکانی ناوەڕاستتدا ( فەلسەفەی نوێ) | ٣١ |
| ١-٢-٤: سەردەمی فەلسەفەی هاوچەرخ | ٣٦ |
| ١-٣: بوون و نەبوون لەروانگەی فەیلەسوفانی ئیسلامەوە | ٤١ |
| بەشی دووەم: دەروازەیەک بۆ ناسینی نالی<br>(ژیان، مەرگ، شیعر، فەلسەفە، ئایین) | ٥٠ |
| ٢-١: لەدایکبوون و مردنی نالی | ٥٢ |
| ٢-٢: دونیای شیعری نالی | ٥٧ |
| ٢-٣: فەلسەفە لەشیعری نالیدا | ٦٦ |
| ٢-٤: ئایینی ئیسلام و پەرستنی تایبەتییانەی نالی | ٧٢ |
| بەشی سێیەم: دیالیکتیکی بوون و نەبوون لە شیعری نالیدا | ٨٦ |

| | |
|---|---|
| ٣-١: نالی و ئاوێتەکردنی رەگەزەکانی بوون و نەبوون بە شیعر (فەلسەفەی کلاسیک) | ٨٩ |
| ٣-٢: رەنگدانەوەی (میتافیزیکا ، جەوهەرو بیرکردنەوە) لەشیعرە فەلسەفییەکانی نالیدا (فەلسەفەی نــوێ) | ١٠٤ |
| ٣-٢-١: میتافیزیک | ١٠٤ |
| ٣-٢-٢: جەوهەرو بیرکردنەوە | ١١٥ |
| ٣-٣: دیدی بوونگەراییانەی نالی لە شیعردا (فەلسەفەی هاوچەرخ) | ١٢٤ |
| ٣-٤: فەلسەفەی بوون و نەبوون لەشیعری ئیسلامگەراییانەی نالیدا | ١٣٩ |
| ئەنجام | ١٤٨ |
| ملخص البحث | ١٤٩ |
| Abstract | ١٥٠ |
| سەرچاوەکان | ١٥٢ |

## پێشەکی

(دیالیکتیکی بوون و نەبوون لەشیعری نالیدا)، لێکۆڵینەوەیەکی (فەلسەفی- ئەدەبی)یە، تیایدا تیشک خراوەتەسەر فەلسەفەی بوون و نەبوون لە ناوەرۆکی شیعرە فەلسەفییەکانی نالی. هەوڵدراوە، پانۆرامای سەرەتاییترین قۆناغی فەلسەفەی بوون و نەبوون بێت، تاوەکو دوا قۆناغەکانی ئەم فەلسەفەیە، کە فەلسەفەی بوونگەراییە. لەگەڵ رەنگدانەوەی بیری فەیلەسوفانی قۆناغە جیاجیاکانی فەلسەفەی بوون و نەبوون، بە فەیلەسوفانی ئیسلامیشەوە، لە شیعری نالی دا؛ ئینجا روونکردنەوەی ئەو دیالیکتیکەی لە شیعرە فەلسەفییەکانی دا ئامادەییان هەبووە. شانبەشانی ئەمانە، گرنگترین ئەو وێستگانەی ژیانی نالی باسکراون، کە نەخشیان هەبووە لە فراوانکردنی پاشخانی مەعریفی و فەزای شیعری نالی دا.

**هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتی لێکۆڵینەوەکە:**

هەڵبژاردنی ئەم بابەتە بۆ دوو هۆکار دەگەڕێتەوە:

یەکەم: نزیکی نالی لە فەلسەفەوە، کە ناکرێ نادیدە بگیرێ و لێکۆڵینەوەی لەبارەوە نەکرێ.

دووەم: بەشێوەیەکی تایبەت، لەم بارەیەوە، لێکۆڵینەوە لە شیعرەکانی نالیدا نەکراوە.

**گیروگرفتی لێکۆڵینەوەکە:**

گیروگرفتی سەرەکی ئەم لێکۆڵینەوە، لەوەدا بوو: ئەو سەرچاوە تازانەی لەمبارەیەوە هاتوونە نووسین، کەمترینیان ئەرشیفکراون و لە کتێبخانەکاندا دەستدەکەون، هەروەها پاچڤەکردنی سەرچاوە عەرەبیەکانیش، کات لە لێکۆڵەر دەگرن.

**رێبازی لێکۆڵینەوەکە:**

لەم لێکۆڵینەوەیەدا، رێبازی شیکاریی رەخنەیی، پەیڕەوکراوە.

**پرۆگرامی لێکۆڵینەوەکە:**

لێکۆڵینەوەکە، لە پێشەکی و سێ بەش و چەندین تەوەرەو پار، هەروەها ئەنجام و سەرچاوەکان و پوختەی لێکۆڵینەوەکە، بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی، پێکهاتووە:

بەشی یەکەم: بە ناونیشانی (دیالیکتیکی بوون و نەبوون لەروانگەی فەلسەفەوە)یە، لە سێ تەوەرە پێکهاتووە: تەوەرەی یەکەم (چەمکی بوون و نەبوون)ە، تەوەرەی دووەم (مێژووی فەلسەفەی بوون

و نەبوون لە قۆناغە جیاوازەکاندا)، تەوەرەی سێیەمیش (بوون و نەبوون لە روانگەی فەیلەسووفانی ئیسلامەوە)یە.

بەشی دووەم: لەژێر ناونیشانی ( لەبارەی نالییەوە- لەدایکبوون و مردن، شیعر، فەلسەفە، ئایین)ە، لە چوارتەوەرە پێکهاتووە: تەوەرەی یەکەم بریتییە لە( لەدایکبوون و مردنی نالی). تەوەرەی دووەم (دونیای شیعری نالی )یەو تەوەرەی سێیەمیشیان، تایبەتە بە (فەلسەفە لەشیعری نالیدا)، لە تەوەرەی چوارەم دا، (ئایینی ئیسلام و پەرستنی تایبەتیانەی نالی) تیشکی خراوەتەسەر.

بەشی سێیەم: لەژێر ناوی ( دیالیکتیکی بوون و نەبوون لە شیعری نالیدا) یە، لەم پارانە پێکهاتووە: تەوەرەی یەکەم ( نالی و ئاوێتەکردنی رەگەزەکانی بوون و نەبوون بە شیعر) (فەلسەفەی کلاسیک). تەوەرەی دووەم ( رەنگدانەوەی -میتافیزیک – جەوهەرو بیرکردنەوە- لە شیعرە فەلسەفییەکانی نالی دا) (فەلسەفەی نوێ). تەوەرەی سێیەم (دیدی بوونگەراییانەی نالی لە شیعردا)(فەلسەفەی هاوچەرخ). تەوەرەی چوارەم و کۆتایی( فەلسەفەی بوون و نەبوون لە شیعری ئیسلامگەراییانەی نالیدا).

لە کۆتایی لێکۆڵینەوەکەدا، گرنگترین ئەو ئەنجامانە خراونەتەڕوو، کە لە لێکۆڵینەوەکەدا پێیانگەیشتووین؛ لەگەڵ لیستی سەرچاوەکان و پوختەی لێکۆڵینەوەکە بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی.

## دیالیکتیکی بوون و نەبوون لەشیعری نالیدا

## بەشی یەکەم: دیالیکتیکی بوون و نەبوون لەڕوانگەی فەلسەفەوە

### ١-١: چەمکی بوون و نەبوون

### ١-٢: مێژووی فەلسەفەی بوون و نەبوون لەقۆناغە جیاوازەکاندا

### ١-٣: بوون و نەبوون لەروانگەی فەیلەسوفانی ئیسلامەوە

## بەشی یەکەم: دیالیکتیکی بوون و نەبوون لەروانگەی فەلسەفەوە

بوون و نەبوون وەکو یەکەم جەدەل و وێستگەی تیڕامانی مرۆڤە، بەرامبەر ئەو شتانەی هەن و لەدەوریدا روودەدەن، مێژووی نووسراوی مرۆڤایەتی گەواهیدەری ئەم راستییەیە، کە مرۆڤ لەرێگای بەکارهێنانی ئەقڵ و هەست و سۆزو خەیاڵییەوە توانیویەتی ئازایانە لەشەوەزەنگی نەزانی و ترس و تۆقین خۆی قوتار بکات، وەلێ سەرەڕای هەموو دەستکەوتەکانیش بەدرێژایی چەندین سەدە خۆی کۆت و دیلی دەستی خواوەندەکان کردوە، کە هەندێکیان هەر دروستکراوی خۆی بوون. دوابەدوای فراوانتربوون و کرانەوەی ئاوەزی مرۆڤ لەبەرامبەر سروشتدا گەلێک گومان و نیگەرانیی و پرسیاری زەیینی لەمێشکدا سەریانهەڵداوە، لەنێویاندا پرسیارو پرسی سروشت و گەردوون و بوون و نەبوونی هێزی ئەفرێنەری هەمەکی و گەلێکی دیکە لەوپرسیارانە. لێرەوە فەلسەفە وەکو بڵندگۆیەک بۆ گفتوگۆو لێکدانەوەی فیکری مرۆڤ و ئاڵوگۆڕکردنی بیروبۆچوونەکان کە گشت مەعریفەی گرتبوەخۆ، هاتەکایەوە. لێرەدا پێویستە بڵێین کە هەڵبەت بەرلە فەلسەفە میتۆلۆژیا بیرو هەست و خەیاڵی مرۆڤی دەنووسییەوە، واتە تاکە سەرچاوەی نووسراوی بەرهەمی بیرکردنەوەو داهێنانەکانی مرۆڤ میتۆلۆژیا بووە. لەبەرگەشەو فراوانبوونی ئاوەزی مرۆڤ و وەکو پێویستییەکی حەتمی فەلسەفە هاتوتەکایەوە کە سەرجەم زانستەکانی دەگرتەوەو بەدایکی زانستەکان ناسراوە.

بەوپێیەی کە دیالیکتیکی بوون و نەبوون لەجەوهەردا بابەتێکی فەلسەفییەو ناکرێ بەبێ دەستبردن بۆ ناسیینی فەلسەفەو تیۆرو فیکری فەیلەسوفانی بوارەکە هیچ لەمەڕ بابەتەکە بنووسرێت، باشتریشە گەر هەنگاوی سەرەتاو پێش چوونە نێو بابەتەکە ئیستێک لەبەردەم هەردوو چەمکی فەلسەفەو دیالیکتیکدا بکەین و بەکورتی لەروانگەی فەیلەسوفان خۆیانەوە باسیان بکەین.

فەلسەفە وەکو زاراوە" وشەیەکی یۆنانییە، پێکهاتووە لە دوو وشە (فیلۆ)واتای خۆشەویستی دەگەیەنێ و (سۆفیا)ش بەمانای دانایی دێت، بەیەکەوە هەردووکیان دەبن بە خۆشەویستی دانایی" (خلیل ، ٢٠٠٥، ٤)، عەرەب گوتوویەتی (حب الحكمة).

قسەو گفتوگۆ لەبارەی سەرەتای پەیدابوونی ئەم گوزارەیەوە زۆرن، دەگوترێ کە بۆ یەکەمجار و یەکەمین کەس وشەی فەلسەفەی

بەکارهێناوە، (پیتاگۆرس)بووە، کە زانای یۆنانی ماتماتیک بووە. لەوبارەیەوە گوتویەتی "هەر خواوەند دانایەو مرۆڤ دەبێ خۆشەویستی هەبێت بۆ ئەم دانایە" ( خليل، ٢٠٠٥،٤). گێڕانەوەی دەسەڵاتی رەهاو زانینی رەها بۆ خواوەند، ئەوە دەگەیەنێ کە زاناتر لەئەوان هەیەو فێربوون و توانای ئەوانی خستۆتە ژێر هەژموونی خۆیەوە. محەمەد کەمال لە کتێبی بوون و داهێنان دا نووسیویەتی:" یەکەمجار هۆمیرۆسی شاعیر کەلەسەدەی حەوتەمی پێش زاییندا ژیاوە و هێرۆدۆتسی مێژوونووس، بەکاریانهێناوە." (کەمال،٢٠٠٤،١٥)، هەندێکیش پێیانوایە لەسەرەتادا سوکرات ئەم وشەیەی بەکارهێناوە. ئەفلاتون "فەلسەفەی بۆ لەیەکتری جیاکردنەوەی خۆشەویستی دانایی لای سوکرات و بانگەشەکاریی دانایی کەلای سوفستاییەکان هەبووە، بەکارهێناوە"( خليل، جمعية ٢٠٠٥،٤). بەو هۆیەی کە سوکرات و ئەفلاتون بۆچوونیان نزیک بووە لەیەکدییەوە بەرامبەر سوفستاییەکان و بە فرەبێژیان داناون بۆیە ویستوویانە خەڵکی ئاتیناشیان لێ وشیار بکەنەوە.

مێژووی شارستانییەتەکان هەڵگری چەندیین داهێنان و دۆزینەوەن لەبوارە جیاوازەکانی ژیانداو مۆرک و جێ دەستی هەرگەلێک بەمێژووی شارستانیەتەکەوە دیارە، داهێنانی فەلسەفەو مەغزاکەی گەلێک ئەرگۆمێنتی جیاجیای لەسەرە، لەوانەش هەن پێیانوایە گەلی یۆنانی داهێنەری فەلسەفەن و هەرخۆشیان پەرەیان پێداوەو وەکو یەکەمین سەرچاوەی ئەبستمۆلۆژی (مەعریفی) کاریان لەسەرکردوەو بەپەرجووی یۆنانی ناساندوویانەو بە میراتگری فەلسەفە لە دونیادا ناویان دەبەن. بۆچوونێکی دیکە ئەوەیە کە پێی وایە، فەلسەفە زادەی بەشداریکردنی چەندین نەتەوەو شارستانیەتی رۆژهەڵاتیەو، یۆنانیەکان توانیویانە سوودی لێببینن، وەک چۆن عەرەب وموسڵمانەکانیش توانیویانە سوودلە فەلسەفەی یۆنانی وەربگرن، لەکۆنەوە گوتراوە سەرکەوتن باوکی زۆرە، هێنانەکایەی فەلسەفەش وەکو سەرکەوتنێکی بواری مەعریفەی باڵا سەیرکراوە، بەڵام هەرچۆنێک بێت بێ گومان بەرهەمی تاکەکەس نییەو بە چەندین شێوەو لەچەندین شوێن و بە پێی قۆناغەکان بەبیری نوێتر موتوربەکراوە. بۆ سەرەتاو سەرهەڵدانی مێژووی فەلسەفە، چەندین بەڵگە لەئارادان لەوانە:"

فەلسەفەی یۆنانی بە قوتابخانەی (ئایۆنی)دەستی پێکرد، کە دوورگەیەکی یۆنانییەو پەیوەندی بازرگانی بەرۆژهەڵاتی بەستۆتەوە. زۆربەی فەیلەسوفانی یۆنان لەوانە (تالیس و ئەفلاتون) سەردانی رۆژهەڵاتیان کردوەو ناچێتە ئەقڵەوە کە هیچ جۆرە کاریگەربوونێکیان بە

شارستانێتی و مەعریفەی رۆژهەڵاتیی نەبووبێت! زۆربەی بیرۆکەی قوتابخانەی (ئایۆنی) لەلای گەلانی رۆژهەڵات هەبووە" (کەمال،٢٠٠٤، ٥). کەواتە وەکو ئاماژەی پێدرا، سەرەتا بیرۆکەی تێڕامانەکە لەلای بیرمەندان چەکەرەی کردووەو پاشان بەپێی کات و شوێنی قۆناغەکان گۆڕانی بەسەرداهاتووەو لە هزرینی هەر فەیلەسوفێکدا شتێک کەم و زیاد کراوە، بەو مانایەی گەر رۆژهەڵات، تایبەتتر بڵێین وڵاتی میزۆپۆتامیا لانکی یەکەمی شارستانیەتەکان بێت، بێ گومان یۆنانیش کە خاوەن شارستانیەتێکی رەسەنە، ناکرێ نادیدە بگیرێ، چونکە کاری فەلسەفاندن لەوێدا قووڵبۆوە. " هەرچەند بەڵگەوبیانو هەبن کە پێش یۆنانییەکان گەلانی رۆژهەڵات دەسپێشخەربووبن لەداهێنانی فەلسەفەدا، ناتوانین لەئاست شێوەی بیرکردنەوەی فەلسەفی کە یەکەمجار لای یۆنانیەکان سەریهەڵدا چاودابخەین" (کەمال، ٢٠٠٢، ٢٥).

ئاشکرایە، مرۆڤ بە پێی پێداویستی خۆی بیری لە ئاسانکاری ژیانکردن کردۆتەوە، دەیان و سەدان رۆژو شەوی خستۆتەسەر یەکدی بە ئومێدی ئەوەی لە تێفکرینی خۆیەوە بە دەورووبەری خۆی ئاشنابێ، سەرەتای باوەڕو کێشەی بنەڕەتی مرۆڤ لەبارەی بوونەوە بووە، بەومانایەی باوەڕی بە بوونی خۆی و بوونێکی باڵاتر لەخۆی هەبووەو کێشەکەشی لەگەڵ نادیاری و بەرجەستەنەبوونی ئەو بوونەی تردا هەبووەو سەرەتا لەرێگەی میتۆلۆژیاوە ویستویانە ئەو راستییە بسەلمێنن دواتر لەگەڵ پەرەسەندنی ئەندێشەی مرۆڤدا گەیشتوونەتە زانستی باڵاو ناویان ناوە فەلسەفە، واتە " فەلسەفە لەوکاتەوە دەستپێدەکات کە مرۆڤ دەیەوێت لەدونیا تێبگات لەرێی بەکارهێنانی ئەقڵەوە نەک بەهۆی ئایین و بیروباوەڕی باوو کۆنەوە، ئەمەش لەساڵانی ٥٠٠-٤٠٠-٣٠٠ پ.ز ەوە لەلای گریکەکان روویداوە" (ماگی، ٢٠١٠، ١٨) .

لەبەر نەبوونی یەکدەنگی لەسەر پێناسەکردنی فەلسەفەو بوونی ناکۆکی و نەگونجان لەنێوان فەیلەسوفان و فێرگە فەلسەفیەکاندا وایکردوە نەتوانرێ پێناسەیەکی پڕاوپڕ ماناو مەدلوولی فەلسەفە دیاری بکرێ و روونبکرێتەوە. بۆ نموونە سوکرات گوتوویەتی:" فەلسەفە گەڕانە بەدوای راستییدا، ئەرستۆش دەڵێ: گەڕانە بەدوای نەژادی بووندا" (کەمال،٢٠٠٢، ١١) دواتر فەلسەفە رووودەکاتە مەسەلەی ئاکارو شرۆڤەی چاک وخراپ و خۆشی و ناخۆشی و چەندین لق و پۆپی نوێ دەردەکات، ( یوسنیکای رەواقی) پێیوابووە "فەلسەفە گەڕانە بەدوای چاکەدا ئەفلوتینیش فەلسەفەی بە گەشتێکی سۆفیگەرانە داناوە کە مرۆڤ

دەگەیەنێت بەخواو لەگەڵیدا یەکدەگرێت"(کەمال،٢٠٠٢،١١) واتە فەلسەفە ڕێگایەک بووە بۆ گەیشتن بە خواو یەکگرتن و توانەوە لەنێو خوادا، ئەمەش تەواو پێچەوانەی ئەو تێفکرینانەیە کە فەلسەفە بە زانستی باڵا دادەنێن! "دیکارت فەلسەفە بەو زانستە دادەنێت کە لە نەژادی بوون دەکۆڵێتەوەو بۆ بەختەوەری مرۆڤ تێدەکۆشێت ، ئەگەر میللەتێک فەلسەفەو فەیلەسوفی باشی هەبێت، بەهرەیەکەو خوا پێی داوەو فەلسەفە ئەو شتەیە مرۆڤ لە ئاژەڵ جیادەکاتەوە"(دیکارت، ٢٠٠٥،٦) چونکە وەک ئاشکرایە فەلسەفە زادەی ئەقڵە، بیرکردنەوەو تێڕامانە لە هەموو بوون و بوونەوەران، بۆیە بە فرمانێکی زەینیی رووت تەماشا دەکرێ و هیچ خاڵێکی هاوبەش لە نێوان ئاژەڵ و مرۆڤدا بەدیناکرێ لەم نێوەندەدا. "هیگڵ بە فەلسەفە دەڵێ ناسینی بوونی رەها، فیختەش وەکو ئەرستۆ بە زانستی زانستەکانی دادەنێت" (کەمال، ٢٠٠٢،١٢).

حەمید عەزیز بۆ زیاتر ئاشناکردنی مرۆڤ بە فەلسەفەو کێشانی هێڵی جیاکەرەوە لە نێوان مرۆڤ و دەوروبەرەکەیدا، لە کتێبی فەلسەفەو لاهوت لەسەدەکانی ناوەڕاستدا نووسیویەتی کە " فەلسەفە هەموو ئەو بابەت و زانین و کەرەستانە دەگرێتەوە کە لەتوانای ژیری مرۆڤدا هەیە بیانگاتی و پەیان پێ ببات"( عەزیز، ٢٠١٢، ٦).

کەواتە لەوکاتەی کە مرۆڤ ویستویەتی لەخۆی و دەوروپشتی خۆی تێبگات، لەرێگای فەلسەفەوە ئەم کارەی ئەنجامداوەو ڕێگایەکی دۆزیوەتەوە بۆ رزگاربوون لە جوینەوەی میتۆلۆژیا، بۆیە گوتراوە کە لێرەدا دەگەینە ئەو راستییەی کە فەلسەفە کردارێکی زەیینی و ئەقڵییەو مەودای فراوانی بەخشیوە بە چوارچێوەکانی بیری مرۆڤی سەردەمی ئەفسانەو بیروباوەڕە چەقبەستووەکانی ئەو سەردەم و دواتر، تاوەکو کۆی پرۆسەی ژیان و گشت زانستەکان بخاتە قاڵبی سەرنج و تێڕامانەکانی خۆی و بتوانێ و هەوڵبدات وەڵام بۆ پرسیارە بنەڕەتییەکان سەبارەت بە (بوون گەردوون، نەبوون، مردن، سروشت...تاد) بدۆزێتەوە. بۆیە ناساندن و چوارچێوە بۆ دانانی کارێکی گۆڕاوەو موتڵەق نییەو بگرە ئەستەمیشە مەدلوولێکی راستەوخۆو کۆنکریتی بۆ دەستنیشانبکرێ، بەڵام بەگشتی توانراوە بەو راستییە بگەین کە لەپێناو راڤەکردنی تیۆرێک یان پرۆسەیەکدا کە بەرهەمی تەواوی مرۆڤایەتییە بە گشت ئەتن و نەتەوەی جیاوازەوە.

"فەلسەفە هەموو لایەنێکی بوونی گرتۆتەوە تەنانەت بچوکترین کەلێنی بەجێ نەهێشتووە" ( کەمال،٢٠٠٢، ١٣). بۆ جیاکردنەوەی ئەرکی

فەلسەفە، ئەرستۆ کاری لەسەر زیاتر ناساندنی فۆرم و ناوەرۆکی فەلسەفە کردووەو "دابەشیکردوە بەسەر دووجۆرداو بە تیۆری زانین (ئەبستمۆلۆژیا) ناساندوویەتی و یەکەمیانی ناوناوە زانینی پراکتیکی و پشت بە مادده دەبەستێ و دوەمیش زانینی تیۆرییەو پشت بە جەوهەر یان کرۆک دەبەستێ کە (بیر)ە، ئەمجۆرەیان فەلسەفەیە کە زانستە سروشتییەکان و ماتماتیک و خواناسییەو بە فەلسەفەی یەکەم ناسراوە، زانینی پراکتیکیش پەیوەندی نییە بە فەلسەفەوەو لەرێگەی ئەزموونکارییەوە دەسەلمێنرێت" (خلیل، ٢٠٠٥، ٦).

لێرەداو بەپێی پێناسەکردنی فەلسەفە دووجۆرە فەلسەفە بۆ خستنەڕووی ناوەرۆکەکەی لەئارادان، کە یەکەمیان پراکتیکیی و دوەمیان تیۆریی، دەگوترێ کە یەکەمیان پرسیارە " لە سروشتی هەموو شتێ کە بوونی هەیە، دەبێ چی بێ؟ واتە پرسیارە لە بوون، کە بە (ئۆنتۆلۆژیا) ناودەبرێت و دوەمیش دەپرسێ ئایا ئێمە چۆن زانیاری بەدەست بهێنین؟ واتە لایەنی تیۆری فەلسەفە دەگرێتەوە کە بە تیۆری زانین یان (ئەبستمۆلۆژی) ناسراوە"( ماگی، ٢٠١٠، ١٣).

. واتە دەکرێ بڵێین فەلسەفە دوو دیوە، تیۆرو پراکتیک، دیوێکیان لۆژیک دەیسەلمێنێ و دیوەکەی دیکەش لەڕێی ئەزموونکارییەوە بەرجەستەدەکرێ. ".هەروەها توانیویەتی لەرێگای لقەکانییەوە وردتر کاربکات کە پێکهاتوون لە فەلسەفەی ئاکار، فەلسەفەی سیاسی، تیۆری زانستی، ئیستاتیکاو فەلسەفەی ئایینی"( ماگی، ١٤،٢٠١٠).

بێگومان هەموو زانستەکان میتۆدی تایبەت و دیاریکراویان هەیە تاوەکو لێکۆڵینەوەیان لەبارەوە بکرێ، بۆ نموونە زانستی کیمیا یان بایەلۆژی بەپێی میتۆدی تێبینیکردن و ئەزموونکاری کاریان لەسەر دەکرێت، فەلسەفەش پێویستی بە میتۆدێک بووە تاوەکو لێکۆڵینەوە لەکۆی دیاردەکان بکات، بۆ ئەم مەبەستە فەلسەفە توانیویەتی دوو میتۆد بگریتەبەر تاوەکو کارلەسەر دیاردەکان بکات، " میتۆدێکیان کار لەسەر هەموو ئەو دیاردانەی کە بەهۆی پەرەسەندنیانەوە لەگۆڕانێکی بەردەوامی لە یەک دانەبڕاو دان، دەکات و بە دیالیکتیک ناسراوە" (بودوستنیک و یاخوت، ١٢،١٩٧٩). ئەم میتۆدەیان کۆمەکی بە ناسینەوەی دیاردە و مادده دەکات لەگۆڕان و جووڵەکردن و پەرەسەندنیەوەو میتۆدە فەلسەفیەکەی دیکەشیان "کۆی هەموو شتەکان هەروەها دیاردەکانیش بەجۆرێک سەیردەکات کە وەستاون و لەشوێنی خۆیان نابزوێن، ئەم میتۆدەشیان میتافیزیکایە. کەواتە ستراکچەری مادده، ئەو

تیۆره یان میتۆده دەست نیشان دەکات بەمەبەستی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە. وەکو زانراوە دیالیکتیک و میتافیزیکا دوو ڕێبازی جیاوازو دژیەکن کە هەریەکەیان لەپێناو مەعریفەدا کاردەکەن" (بودوستنیک و یاخوت، ١٩٧٩، ١٣). بەهۆی گۆڕانی بەردەوامی دیاردەوە ماددەکانی ئەم گەردوونە بێ گومان دیالیکتیکیش لەسەرەتای سەرهەڵدانییەوە ماناو مەدلوولەکەی تاوەکو ئەمڕۆ گۆڕانی زۆری بەسەردا هاتووە، چونکە لای "فەیلەسوفانی یۆنان مانای هونەری گفتوگۆی گەیاندوەو ڕێگایەک بووە بۆ بیرکردنەوەو گەیشتنە ڕاستی، بەڵام ئەمڕۆ میتۆدێکی فەلسەفییەو لێکۆڵینەوە لەواقیع دەکات کە بەبەردەوامی لە نوێبوونەوەو جووڵەدایە، هیراکلیتس کە فەیلەسوفێکی کۆنی یۆنانی بوو دەیگوت هەموو شتێک دەڕوات و بەسەردەچێت، هەموو شتێک دەگۆڕێت" (بودوستنیک و یاخوت، ١٩٧٩،١٣). "وشەی (dialetike) لە فەلسەفەی یۆنانی کۆندا مشتومڕی نێوان ئەو کەسانەی کە هەڵوێست و بۆچوونی دژیەکیان لەبارەی بابەتێکەوە هەبووەو ڕیشەی ئەم وشەیەش کە بریتییە لە (dialegesthai) بەمانای هونەری گفتوگۆ بەکارهاتووە " (ئەحمەدی، ٢٠١٦، ١١). لای ئەفلاتۆنیش پرۆسەیەکی لۆژیکی فیکرییە. بنچینەی ئەم وشەیە واتە هونەری بیانووگرتن، یان بیانووهێنانەوەو وەکو میتۆدی لێکۆڵینەوەی لۆژیکی سەیردەکریت، کە پشت بە پرسیارکردن و وەڵامدانەوە دەبەستێت. لە فەرهەنگی (معجم المعاني)دا وشەی " (جدل) یان دیالیکتیک وەکو چەمکێکی فەلسەفی دەستنیشانکراوەو سنووری بەکارهێنانیشی لەنێوان دوو ڕەوتی جیای فەلسەفیدایە، کە یەکەمیان فەلسەفەی هیگڵی ئایدیاڵی (مثالي)یەو، دوەمیان فەلسەفەی ماددی مارکسە " (معجم المعاني الجامع- معجم عربي-عربي)، مێژووی بەکارهێنانی زاراوەی دیالیکتیک سەرەتا لای یۆنانیەکان بووە، لەیۆنانی کۆندا زینۆنی ئیلیایی لەبەر ڕۆشنایی سەرنجی وردو ئەزموونی خۆیدا، بە باوکی دیالیکتیک دانراوە، چونکە"مامۆستاو لێزانی ئەو شتە بووە کە بابەتێک لەڕێگەی سەلماندنی دروستی دژەکەی خۆیەوە ڕەتبکاتەوە. مارکسیش لەمبارەیەوە گووتویەتی کە دیالیکتیک ئەو تیۆرەیە کە ڕێگەی تێگەیشتنی چۆنیەتی دروستبوونی دژەکان و لەناوچوونیان، هەروەها سەرهەڵدانی دژیەکین." (ئەحمەدی، ٢٠١٦،١١).

لەبەرئەوە گرنگی ئەرکی دیالیکتیک لێرەدا بەڕوونی دەردەکەوێت کە سیماو ناواخنی فەلسەفەی بوون و نەبوون لێکبداتەوە، چونکە بوون و نەبوون بوونیان وەکو دوالیزمە یان وەکو دوولایەنی ناکۆک، یاخود وەک دوو سەرچاوەی جددی فیکری فەلسەفی دەردەکەون، کە هەرلە

سەرەتای فەلسەفەدا درکپێکراوەو سەرچاوەی ئاخێوەرانی فەلسەفە بووە، چ لەمێژووی کۆنی یان نوێ و هاوچەرخی فەلسەفەدا بووبێت، وەکو سەرچاوەو بابەتێکی گرنگی دیالیکتیکی کارو توێژینەوەی لەسەرکراوە.

## ١-١: چەمکی بوون و نەبوون

مرۆڤ دەپرسێت بوون چی یە؟ نەبوون مانای چی یە؟ لەوەتەی مرۆڤ لەم گەردونە رادەمێنێ ئاگامەندیی خۆی خستۆتەکار بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە ئاڵۆزە، بەپێی سەردەمەکان باسکراوەو لێکۆڵینەوەی لەبارەوە کراوە، هەرلەکۆنەوە پێش فەلسەفەش لەرێی میتۆلۆژیاوە هەوڵدراوە روونکردنەوەی لەبارەوە بدرێ، دواتر فەلسەفە لەرێی فەیلەسوفانییەوە هەرچەندە لەیەکدی جیاوازو ناکۆکیش بوون بەپێی حاڵیبوونی هەر فەیلەسووفێک قسەی خۆی کردوە سەبارەت بە بوون و نەبوون، نموونەش بۆ ئەمە " فەیلەسوفەکانی سەر بە فێرگەی ماتریاڵی "بوون" یان گەڕاندۆتەوە بۆ ماتریاڵ و هەموو فۆرمێکی ئایینی و ئایدیالی لێ دادەبڕن و بڕوایان بە هیچ هێزێکی میتافیزیک نییە کە خولقێنەری (بوون) بێت. لەلایەکی دیکەوە ئایدیالیستەکان بە پێچەوانەی ماتریالیستەکانەوە (بوون) بە ئایدیا دادەنێن و رۆڵی ماتریاڵ کەم دەکەنەوەو دەیکەن بە پاشکۆی ئایدیا" (کەمال، ٢٠٠٢، ٨). دواترو لەگەڵ پەرەسەندن و فراوانتربوونی بیرو ئاوەزی فەیلەسووفان و چڕکردنەوەی تێبینی مرۆڤ بوون بەشێوەیەکی جیاوازتر گوزارشی لێکراوە، هەر لەگەڵ سەرهەڵدانی بیری نوێداو دروستبوونی فەلسەفەی بوونگەرایی ئەم تێروانینە تەواو گۆڕاو دیدێکی تری وەرگرت کە پێیانوابوو " لە بوونی مرۆڤ خۆیەوە دەست بە گەشتەکەیان دەکەن، چونکە بەگوێرەی بوونی ئەم فەیلەسووفانە مرۆڤ خاوەن و سەرچاوەی فەلسەفەیەو جگە لە بوونی مرۆڤیش هیچ شتێکی دی لە جیهاندا نییە هێندەی ئەو گرنگ و بەهاداربێت"(کەمال، ٢٠٠٢، ٨)، بوونگەرایی وەکو بیرێکی فەلسەفی لەگەڵ تێڕامانەکانی مرۆڤ لە سروشت و تەواوی گەردوون لەئارادا نەبووە، بەڵکو لە بەرگێکی سادەترو بڵاوتر لە مێشکی فەیلەسووفەکاندا بووەو بەتەنها مرۆڤی نەگرتۆتەوە، دواتر وەکچۆن گوتراوە فەلسەفە لەلایەن سوکراتەوە هێنرایە سەر زەوی، ئاوهاش بوون و بوونگەرایی وەکو فەلسەفە لە لایەن کێرکە گاردەوە ئەم فۆرمەی ئێستای وەرگرتووە.

لەرووی زاراوەسازییشەوە (بوون) لەفەرهەنگی زمانەکاندا باسکراوەو " بەپێی پێناسەی ئیتمۆلۆژی لە فەرهەنگی رۆژئاواییدا، لە وشەی (Esse)وەرگیراوە کە بەرامبەر(Etre)ئینگلیزیە، بەرامبەرەکەشی نەبوونە، بۆیە فەیلەسوفانی رۆژئاوا لەسەرئەوە رێککەوتوون( Existence,Etre) مانای بوونی دامەزرێنراو دەگەیەنێ" (قادم، ٢٠٠٣-٢٠٠٤، ٢)، هەروەها وەکو دوالیزمەش دەتوانرێ مامەڵە بکرێن. دواجار ئەوەی بۆ بوون دەگوترێت پێچەوانەکەی بۆ نەبوون دەشێ بەکارببرێت.

بوون وەکو زانست "لەبواری فەلسەفیدا بە ئۆنتۆلۆژیا (antology) ناسراوە، بنچینەی ئەم وشەیە دەگەڕێتەوە بۆ زمانی یۆنانی (onto) مانای بوون دەگەیەنێ و (logie) یش واتە زانست، ئەم زاراوەیە یەکەمجار لەساڵی ١٦١٣ لە قاموسی (رودۆلف گوکلینۆس) کتێبێک بەکارهێنراوە، بۆ یەکەمجاریش وەکو ناونیشانی کتێبێک لەلایەن (کریستیان فون ولف)(١٦٧٩-١٧٥٤)ەوە بەکارهاتوە. پەیوەندییەکی پتەوی بە زاراوەسازیی لێکۆڵینەوە لە ریاڵ (reality) یان واقیعەوە هەیە. راستەوخۆ لەبوون دەکۆڵێتەوەو گشت لایەنەکانی بوون دەگرێتەوە " (علم الوجود، الموسوعة العربية العالمية،١٩٩٦). فەلسەفە لقی زۆرن، هەر جۆرو لقێکی بە پێوەرو پێودانگی خۆی لێکۆڵینەوەی لەبارەوە دەکرێت و مێژوو و فاکتەرو مۆتیفەکانی پشت سەرهەڵدان و ناسینی تاوتوێ دەکرێن و دەخرێنە چوارچێوەی تایبەت بە خۆیانەوە. لێرەدا بەمەبەستی جیاکردنەوەی فەلسەفەی بوون لەفەلسەفەکانی دیکە پێویستە ئەم روونکردنەوەیە هەبێت:" بوونی بوون لەخۆیدا سەربەخۆیەو لای کەس ئاشکراو زانراو نییە. هەبوونی شتێکە زادەی ئەزموونێکی بەدەستهاتووە یان خۆڕسکییە، یان مەعنەوییەو بە هەست و ویژدان و بیرو خەیاڵ درکی پێدەکرێ، واتە ئەقڵ. دەتوانین وەکو راستییەکی حەتمی مامەڵەی لەگەڵدا بکەین. بوونی دەرەکی و ناوەکی دووجۆرەکەی بوونن، دەرەکی واتە بوونی شتێک لەخۆیدا، وەکو بوونێکی ماددی، ناوەکیش لەبیرو هزردایەو بوونی ئەقڵ و لۆژیک دەگەیەنێ، بەمجۆرە بوون واتای (Existence)دەگەیەنێ، کە بەردەوامی بە گەردوون داوە لە خۆیداو لەبەرامبەر کرۆک دایە، کرۆکیش مانای گەردوونە لە بیرو هزردا. نەبوونیش فەنابوونە" (قادم، ٢٠٠٣-٢٠٠٤، ٣-٤).

ئەگەر زیاتر لەرووێکی بوونگەرییەوە کە مرۆڤ تێیدا پنتی سەرەتای گەڕانە لە (بوون) بۆ ئەم قۆناغ وسەردەمە ئەم پێناسەیە دروستە کە پێی وایە "بوون شتێکە کە دەوری داوین و کیانمان

پێکدەهێنێت، مرۆڤیش دیاردەیەکە لەدیاردەکانی بوون و لەکات و شوێنێکی دیاریکراودایە، ئەوەی لەبوون دەکۆڵێتەوە ناتوانێ ئەوە فەرامۆش بکات کە خۆیشی بوونێکە، کەواتە بوون ناوێکی هاوبەشە لەنێوان هەموو شتەکانداو خودی ئەو پرسیارکەرەش دەگرێتەوە کە لەبارەی واتای بوونەوە پرسیار دەکات. بۆیە ئەستەمە لەدەرەوە بڕوانرێتە بوون"(عبدالله، ٢٠٠٨، ١٣) .

هەرچەندە بوون شت نییەو هەبوو شتە، واتە دەتوانین بڵێین " بوون هیچ هەبوویەک نییەو هەمانکات بنەڕەتی هەموو هەبووەکانیشە" (کەمال، ٢٠١٨، ١٢٣). بەپێی بۆچوونی فەیلەسوفانی سەردەمە جیاجیاکان تێڕوانینی ناکۆک و جیاواز هەبوون سەبارەت بە(بوون)، کە هەر سەردەمەو مۆرکی خۆی لەسەر ئەم پێناسەیە جێ هێشتوە، هەر سەردەمێکیش کۆمەڵێک فەیلەسووف دروستیانکردوە بەپێی ئەو بۆچوون و تێڕوانینانەی لەبارەی (بوون)ەوە یان هەر مەسەلەیەکی دی بەیانیانکردبێ، زۆربەیان فێرگەی فەلسەفی بوون و سەرچاوەی گرنگی لێکۆڵینەوە فەلسەفیەکانن. بەڵام لێرەداو لەتەوەرەی دووەمدا دەستنیشانکردنی سەردەم و قۆناغەکانی فەلسەفەی بوون بە گشتگیرتر دەزانین وەک لەوەی راستەوخۆ لە فێرگە فەلسەفیەکان بدوێین، دواجار باسکردنی سەردەمەکان و ناوەرۆکی تەوەرە فەلسەفیەکان، دەمانگەیەننە فێرگەو رابەران و بنیاتنەرانی فێرگە فەلسەفیەکان.

## ١-٢: مێژووی فەلسەفەی بوون و نەبوون لەقۆناغە جیاوازەکاندا

### ١-٢-١: سەردەمی پێش سوکرات:

ئەم قۆناغە دەکرێتە دووبەش، بەشێکیان سەردەمی ئەفسانە دەگرێتەوە بە میتۆلۆژیا ناسراوە، کە تیایدا مرۆڤ بۆ تێگەیشتن لەبوون پەنای بردۆتە بەر خەیاڵ و خوڕافات و بەرێگەی نازانستییانەو بەبێ گەڕانەوە بۆ ئەزموونگەریی و بەڵگەی لۆژیکی. ئەفسانە بەناوبانگەکانی میسۆپۆتامیاو میسرو هیند و چین پڕاوپڕبوون لەو خەیاڵ و ئەندێشانەی مرۆڤی ئەوساو تێروانیان بە شێوازی سەردەمی خۆیان لەبەرامبەر دیاردەیەک لە چەشنی دیاردەی بوون. بۆ نموونە لە ئەفسانەی بابلی و میسریەکاندا ئاو وەکو سەرچاوەی نەژادی بوون ناسراوەو ، هەواو خاکیش خواکانی دیکەبوون، ئەم خوایانە وەکو هێزێک بۆ مرۆڤ سەیرکراون نەوەک وەکو خوایەک کە گیان و هۆشی بەبەرەوەبێ، هێزە رووخێنەرو لەناوبەرەکانی وەکو هەورەبروسکەو

ئاگرو گەردەلوول و...تاد بە هەرەشە دادەنران لەسەر هێزی خواوەندە پیرۆزکراوەکانیان کە زەوی و هەواو ئاوبوون. لەم قۆناغەدا مرۆڤ بێ دەربەستبووەو هیچ جۆرە دەسەڵاتێکی نەبووە، بەڵکو تەنها کۆیلەیەک بووە. هەرچی میتۆلۆژیای یۆنانیشە جیاوازییەکی ئەوتۆی نەبووە لەگەڵ میتۆلۆژیای بابلی و میسری و هیندی و چینیەکان، لای ئەوانیش خواکان دەسەڵاتی رەهایان هەبووە لەدیاریکردنی چارەنووسی مرۆڤ و ئەوەی بە مرۆڤەوە بەستراوەتەوە لە خێرو خۆشی و سزاو پاداشت و چاکەو خراپەو..تاد. بۆ نموونە لە ئاییینی (ئۆرفیوس)دا مرۆڤ لە دووبەش پێکهاتوە لایەنی چاکەو لایەنی خراپە " سەرچاوەی لایەنی چاکە لەبوونی مرۆڤدا لە خوای (دیۆنۆسیس)دا خۆی دەبینێتەوەو لەوەوە هاتوەتە ناو لەشی مرۆڤ. لایەنی خراپەش دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵێ خوای زاڵم و خراپ، واتە (تایتان)ەکان کە سەرچاوەی ئاژاوەو گوناهکردنن لەسەر زەوی"(کەمال، ٢٠٠٢،٢١). لە واقیع و ژینگەی یۆنانیدا دیارە بوونی ئەم جۆرە لە خواناسیی ئەزموونکراوەو لە بەرهەمی ئەدەبی (هۆمیرۆس) و (هزیود)دا ئەم لایەنی چاکەو خراپەیە رەنگی داوەتەوەو "لای هۆمیرۆس (زیۆس) بە خوای خواکان دانراوە چونکە بەلای ئەمەوە خاوەنی دەسەڵاتی رەهایەو سەرچاوەی چاکەو خراپەشە لەمرۆڤدا"(کەمال، ٢٠٠٢،٢٠). دوابەدوای پەرەسەندن و گەشەسەندنی بیری مرۆڤ ئەم قۆناغە چەقبەستوەی تێپەڕاندو فەلسەفە لەدایکبوو، کە بە دایکی هەموو زانستەکان و باوکی بیرکردنەوە دادەنرێت، ئینجا قۆناغێکی نوێی مرۆڤایەتی لەسایەی فەلسەفەدا مێژووی خۆی نووسییەوە کە بە فەلسەفەی یۆنانی ناسراوەو وەک لەسەرەتادا ئاماژەی بۆ کراوە کە دوو رەوت بۆ سەرهەڵدانی فەلسەفە لەئارادابوون، کە یەکێکیان پێی وایە یۆنان سەرچاوەیەو ئەویدی دەڵێ رۆژهەڵات و گەلانی رۆژهەڵات خاوەن سەرمایەیەکی زۆری ئەم بابەتەن و یۆنانەکان لەوانەوە ئیلهامیان وەرگرتوە. ئاشکرایە کە یۆنانیەکان بیری لۆژیکی و بیرکردنەوەی فەلسەفیان داهێنا ئەگەرچی بیرۆکەی نەژادی (بوون)یشیان لەگەلانی رۆژهەڵات وەرگرتبێت.

لەسەرەتای قۆناغی فەلسەفەدا کە بەتەواوی قۆناغی میتۆلۆژیای رەتکردەوەو مرۆڤی لە تێڕوانینی ئاینیی و ئەفسانەیی رزگارکردو تەوەرەی بابەتی بیرکردنەوەی مرۆڤ گۆڕا بۆ بیرکردنەوە لە (بوون) و سەرچاوەکەی.

قۆناغێکی دیکەی پێشکەوتنی مرۆڤ لەڕێگەی فێرگە فەلسەفیەکانەوە دەبینرێت و بە دەسپێکی فەلسەفە قۆناغی زانستی

گەردوونی- کەونیات (کۆسمۆلۆژی) ە. لەم قۆناغەشدا سروشت بە چەقی تێڕامانەکانی مرۆڤ دادەنرا، واتە بۆ گەڕان بەشوێن نەژادی (بوون) دا، سروشت سەرچاوەی کارەکەیان بووە. هەر فێرگەیەکی فەلسەفی چەند فەیلەسوفێکی دەگرتەخۆو گوزارشبووە لە بیروڕای چەند زاناو فەیلەسوفێک. لەم قۆناغەدا ئەم فێرگانە سەرچاوەو نەژادی بوونیان تاوتوێکردوەو هەندێک تەباو هەندێکی دی ناکۆک و پێچەوانە لە سەرچاوەی بوونیان روانیوە. فێرگەکانیش بریتیبوون لە فێرگەی ئەیۆنی و ئیلیایی و ئەتۆمگەریی و پیتاگۆرسی.

**آ/ فێرگەی ئەیۆنی**: "سەدەی (٦ پ.ز) سەردەمی لێکۆڵینەوەی ئەقڵانی بوو سەبارەت بە رووداوو دیاردە سروشتیی و کۆمەڵایەتییەکان، لەئەنجامدا جێ ی بە میتۆلۆژیا لێژ کرد. ئەمەش سەردەمی دروستبوونی فێرگەی ئەیۆنی بوو (٦٢٤-٥٤٦پ.ز)، تالیس کە بەباوکی فەلسەفە ناسراوەو زانایەکی ئەستیرەناس و ماتماتیکزانێکی لێهاتووبوو، سەرچاوەی بوونی هەموو شتێکی دەگەڕاندەوە بۆ یەک سەرچاوە کە ئەویش ئاو بوو. هەوڵیشیداوە وەڵامی ئەم دوو پرسیارە بداتەوە: شتەکان لەچی دروستبوون؟ چۆن دروستبوون؟" (حرب،١٩٨١).دیاردە سروشتیەکانیشی لەرێگەی تێبینیکردن و ئەزموونگەرییەوەوە لێکدایەوەو میتۆلۆژیای رەتکردەوە. لەدوای تالیس ناوی ئەنەکسمندەریس دێت کە رەگەزێکی وەکو سەرچاوەی (بوون) دەستنیشانکرد، جیاواز لەوەی تالیس و ناوینا (ئەپیرۆن)بە واتای بێ سنوور یان دیارینەکراو. ئەو بڕوای بەوە نەبوو کە سەرچاوەی بوونی هەموو شتێک هەر ئاو بێ، بەڵکو بوون لای ئەو سەرچاوەکەی ماددەیەکی دیارینەکراوە (ئەپیرۆن)ە لەڕووی چەندێتی و چۆنیتیەوەیە. " لەرووی چۆنییەتییەوە واتە (دیارینەکراو)، لەڕووی چەندێتییش بەومانایەی لەڕووی ژمارەوە دیارینەکراوە. چونکە تەنیا ماددەیەک یان رەگەزێک لەتوانایدا نییە ئەم هەموو گۆڕانکارییە بەردەوامەی سروشت بسەلمێنێ، بۆیە ناتوانرێت تاکە سەرچاوەیەک دەستنیشان بکریت وەک سەرچاوەی بوون" (بدوي، ١٩٨٤، ٢٧٧). کەواتە دەتوانین بڵێین ئەنەکسمندەریس سەرەڕای ئەوەی سەرچاوەی (بوون)ی بە (ئەپیرۆن) دانا، بەڵام ناتوانرێ ئەوەش رەتبکرێتەوە کە کەوتبوە ژێر کاریگەری بیری (تالیس)ەوە، نەک تەنها لەڕووی یەکتاییەوە، بەڵکو لەوەشدا کە نەژادی (بوون)ی گەڕاندەوە بۆ ئاو، هەروەها دەیگوت سەرچاوەی ئافەریدەی شتەکان لەساردەوەیەو تەنها لەوەدا جیاوازبوون کە ئەو

وەکو (تالیس) بەدیاریکراوی دانی پێدا نەناوە کە تەنها ئاو سەرچاوەیە، بەڵکو سەرچاوەکەی بەربنەمایەکی نادیاریکراو لەرووی چەندیی و چۆنییەوە دەستنیشانکردبوو، بۆیە دەردەکەوێت کە بیری ئەو لە (تالیس) باڵاتربووبێ لە لێکدانەوەیەکی دروستدا. چونکە لەدوای ئەو هاتووەو سوودی لە کەم و کورتییەکانی بیری فەلسەفی تالیس وەرگرتووە. هەروەک زانراویشە کە زانایەکی سروشت بووە، بۆیە ویستوویەتی رێگەیەکی سروشتی بەکاربێنێ بۆ بیردۆزەکەی. "ئەنەکسمندەریس یەکەم کەس بووە پێی وابووبێ (بوون) کۆتایی نییە، ئەمەش لەدواتردا بووبە دەسپێکی فیکری ئەرستۆ لەوەدا کە دونیا (بوون) ئەزەلیی و تاهەتاییە" ( بدوي، ١٩٨٤،٢٧٩). چەندیین فێرخوازی دیکە لەم فێرگەیەدا ئەسپی خۆیان تاوداو هەریەکێکیان لە گۆشەیەکەوە سەیری بوونی دەکرد و لێیەوە رادەما. دوابەدوای ئەنەکسمندەریس (ئەنکسیمانس)دێت، کە بە "دوا خوێندکاری ئەم فێرگەیە دادەنرێت، پەیوەندییەکی لەنێوان بیری تالیس و ئەنەکسمەندەریسدا دروستکردو گوتی ناکرێ(هەوا) کە سەرچاوەی (بوون)ە چەندایەتییەکەی دیارکراوبێ، چونکە سەرچاوەی سەرەکی (بوون)ە، بەڵام دەکرێ لەرووی چۆنییەتییەوە چوارچێوەداربێ" (قادم، ٢٠٠٣-٢٠٠٤،١٠ )، واتە هەوا کە ماتەرێکی دیاریکراوە بێ کۆتایی و بزێوە سەرچاوەی ژیانە. بەڕای ئەو شتەکان بۆیە لێک جیاوازن، چونکە چەندێتییەکی جیاوازیان لەهەمان شت کە هەوایە لەخۆگرتوە، نەک لەبەرئەوەی لەچەندین رەگەزی دیکەی جیاواز پێکهاتوون وەک ئاوو ئەپیرۆن و ئاگرو..تاد.

هیراکلیتۆس کە بە فەیلەسوفی (گۆڕان) ناسراوەو "باپیرە گەورەی گومان یشە" (غنیمة، ٢٠١٦، ١٢). لەهەمان کاتتدا، بەلای ئەمەوە توخمە کۆسمۆلۆژیەکان فۆرمێکی ماتریالی زەقیان وەرنەگرتوەو "خەسڵەتێکی دینامێکی هەمیشەیی بەخشیوە بە (بوون)" ( کمال، ٢٠٠٢، ٣٠). واتە بڕوای بە وەستان نییەو ئەم جووڵەو گۆڕانەی وا لێکداوەتەوە کە نایەڵن هیچ شتێک تاهەتایە وەکو خۆی بمێنێتەوە، وتەیەکی بەناوبانگی هەیە کە ئەم بۆچوونەی تێدا رەنگدەداتەوە"مرۆڤ ناتوانێ دووجار لەئاوی رووبارێکدا مەلەبکات" (ماگی،٢٣،٢٠١٠)، لەبەرئەوەی ئاوی رووبار لە جووڵەدایە واتە لەگۆڕاندایە، سیستمی (بوون)ی لەسەر بناغەیەکی دیالیکتیکی دامەزراندوەو پێیوابووە "شتەکان لە گۆڕانی بەردەوامدان" (بدوي، ١٩٩٦، ٨٠)، گۆڕان ململانێی نێوان دژەکانە، لەپێناوی ئەوەی یەکێک شوێنی ئەوی دی بگرێتەوە، وەکو ئەوەی گەر ناخۆشی نەبێ، چێژ لە خۆشییەکانی ژیان وەرناگیرێت. نەژادی (بوون)ی

گەڕاندۆتەوە سەر ئاگر، " کاتێ هەڵم لە زەوی و دەریاکان هەڵدەستی و چڕدەبێتەوەو دەبێتە هەور، دواتر بەهۆی زریانەکانەوە ئەو هەورانە دەگۆڕێن بۆ بروسکەو هەڵمەکە دەکەنەوە بە ئاگر، دواجار هەموو شتێ دەبێتەوە بە ئاگر، چونکە کۆتایی گەردوون سووتانی تەواوەتی یە" (غنیمة، ٢٠١٦، ١٢). لێرەدا دەردەکەوێت کە جەوهەری (بوون) لای ئەم فەیلەسووفە (گۆڕان)ە، واتە گۆڕانی بەردەوامی رەگەزەکان تەنانەت لەنێو دژەکانیشدا ئەو دەگۆڕێ بۆ ئەویدی.

لەدیدی فەیلەسوفانی فێرگەی ئەیۆنییدا ناتوانرێ بگوترێت گشتیان لەسەر یەک رەگەزی (بوون) کۆکن، بەڵام هەموو لەسەر ئەوە کۆکن کە (بوون) سەرچاوەیەکی بزواوی هەیەو لەگۆڕاندایەو دەبێ لەرێگەی ئەقڵەوە درکی پێبکرێت و ئەزموون بکرێ، نەک وەکو ئەوەی لەپێش ئەمانداو لەسەردەمی میتۆلۆژیادا دەگوزەرا کە گشت هەبوویەکیان بۆ هێزێکی خورافی و ئەفسانەیی دەگێڕایەوە.

**<u>ب/ فێرگەی ئیلیایی</u>:** تێڕوانینی ئەم فێرگە فەلسەفییە جیاواز لە فێرگەی ئەیۆنی سەرچاوەی (بوون) بە وەستاو دادەنێن، وەکو میتافیزیکا . "پارمەندیس دامەزرێنەری ئەم فێرگەیەیە، ئەکسانوفان بەرلە پارمەندیس تیۆرەکەی راگەیاندبوو، بەڵام لەلایەن پارمەندیسەوە خرایە نێو چوارچێوەی خۆیەوەو فۆرمەلەبوو، دواتر زینۆن هات و داکۆکی لەم فێرگەیە کرد، ئینجا ملیسۆس چەند گۆڕانکارییەکی تێداکرد، بەبێ ئەوەی دەستکاری ناوەرۆکەکەی بکات. هەموویان باوەڕیان وابووە کە ئەم بوونەی هەیە یەکێکەو وەستاوە " (کرم، ٢٠١٩، ١٢).

یەکەم کەس کە بەشێوەیەکی قووڵی فەلسەفی بەدوای (بوون)دا گەڕابێت پارمەندیس بووە، کرۆکی بیرو فەلسەفەکەی لەوەدا چڕدەبێتەوە کە (بوون) بە وەستاوو تاک و سەرمەدی و بەیەکداچوو لەقەڵەم دەدات و"بڕوای بە بزوتنەوەو گۆڕان و ململانێ و صەیرورە نییە، بڕوای بەوەش نەبووە رەگەزی یەکەم باس بکرێ و پێی وایە جیهان چەند دانەیەکی پێکەوە بەستراوەو دژبە یەک نیین، چونکە دژەکان ناتوانن پێکەوە کۆببنەوە، بۆنموونە ئەگەر رووناکی هەبوو تاریکی نابێ، ئەگەر خێر هەبوو ئەوا شەڕ نابێ و گاڵتە بەو قسەیەی هیراکلیتۆس دەکات کە پێی وابووە هەموو شتێک هەیەو هاوکاتیش نییە. واتە (بوون) تەنها ئەقڵی رووت دەتوانێ لێی بکۆڵێتەوە" (حرب ،١٩٨١). بەناوبانگترین گوتەی پارمەندیس ئەو گوزارشتە میتافیزیکیە بوو (بوون هەیەو نەبوون نییە)،"ئەم (بوون)ە پوختەو (نەبوون–العدم)ی تێکەڵ نییە، چونکە نەبوون

ناتوانرێ وەسف بکرێ و ناتوانین تێیبگەین چونکە نییە" (حرب،١٩٨١)، پارمەندیس بەشێوەیەکی ڕەها دیالیکتیکی ڕەتکردەوەو بناغەی میتافیزیکای داڕشت و ڕێگای لەبەردەم بیری ئایدیالییدا خۆشکرد. ئەم دەیگوت "(بوون) ناگۆڕێ و ئەوەی دەگۆڕێ بابەتێکە لە فۆرمێکەوە دەگۆڕێت بۆ فۆرمێکی دی، دەڵێت ئەگەر (بوون) بگۆڕێت دەبێتە (نەبوون) کە بڕوای پێی نییە. کەوابێ گۆڕانی بوون لە بوونەوەیە بۆ بوون، واتە بوون بابەتیکی هەمەکییەو هەستمان نایدۆزێتەوە، بەڵکو لەڕێگەی هۆشەوە دەناسرێتەوەو گۆڕانیش لە ڕێگەی هەستەوە درک دەکرێت" (کمال،٢٠٠٢،٣٥). بۆچوونەکەی پارمەندیس سەبارەت بە (بوون) بووەتە بنچینە بۆ تێڕوانین و بیری فەیلەسوفانی دوای سەدەکانی ناوەڕاست و نوێ ی ئەوروپا، شایەنی باسە "بیروڕاکانی کاری زۆریان کردۆتەسەر بنەمای لۆژیکی فۆرمی ئەرستۆیی، بەتایبەتی بنەماکانی هەر شتە خۆیەتی و شتێکی دیکە نییە و بنەمای (کۆک – عدم التناقض)" حرب،١٩٨١). بەپێچەوانەی هیراکلیتۆس کە بوونی لەگۆڕان و جووڵەی هەمیشەییدا دەبینییەوە هەروەکو محەمەد کەمالیش لە کێشەی بوون لە مێژووی فەلسەفەدا ئاماژەی پێکردوە" هیگڵ لە لۆجیکەکەیدا (بوون)ی پارمەندیسی بە یەکەم پێناسەی گیانی ڕەها (المطلق)داناوەو کردویەتی بەیەکەم کاتیگۆری. هەروەها (بوون) لەلای پارمەندیس گەلێک لە(بوون)ە بێ هۆشەکەی (بوون لەناو خوددا- الوجود في ذاته) سارتەرو هایدیگەر نزیکە"( کمال،٢٠٠٢، ٣٦)، گرنگە لێرەدا بگوترێت فەیلەسوفانی ئەم فێرگەیە بۆ یەکەمجار باسی (بوون)ێکیان کردوە بەرزتر لەوەی پیشتر هەستیان پێکردوە، ئەم (بوون)ەی ئەوان باسیانکردوە تەنیا هۆش دەیگاتێ و پەیوەندی نی یە بە بابەتە هەستەکییەکانەوە.

**<u>پ/ فێرگەی ئەتۆمگەری</u>**: ئەم فێرگەیە لە لایەن (لوکیبۆس) و دواتر خویندکارەکەیەوە (دیموکریتس)ەوە بنیاتنراو پەرەی پێدراوەو وەکو ڕێبازێکی فەلسەفی لەسەدەی (٥ی پ.ز)دا هاتۆتە نێو کایەکەوە. دیدوبۆچوونیان لەگەڵ ئەیۆنییەکاندا جیاوازبوو و پێچەوانەی ئیلیاییەکانیش بوون، بڕوایان بە یەک جۆر بوون هەبووەو دیاردەو ڕووداوەکانیان بە بەرهەمی زەرورەت داناوە. پێیانوابووە بوون "بریتییە لە ژمارەیەکی بێ کۆتایی ئەتۆمی وردیلە کە چیدی دابەش نابن و بەهۆی وردییانەوە ناتوانرێ ببینرێن و لەبۆشاییدا دەجووڵێنەوە، یەکدەگرن و جیادەبنەوە، (نەبوون) یش (العدم) کەلێنێکی بێ پایانەو ئەتۆمەکانی تیدا دەسووڕێنەوە"( غنیمة، ٢٠١٦، ١٧-١٨).

ئەم فێرگەیە ڕێبازێکی ماتەریاڵییان پەیڕەوکردووە، بە بەڵگەی ئەوەی ئەتۆم بچووکترین یەکەی ماددەیەو لەوە بچووکتر ناکرێتەوەو بوون و نەبوون بە پێی میکانیزمی یەکگرتن و جیابوونەوەی ئەو ئەتۆمانە بەرهەم دێت. دووجۆر بوونیان دەستنیشانکردووە کە بوونی دیارو بوونی ناوەوەن. "بوونی ناوەوە بریتییە لە ئەتۆم و ئەو جووڵەیەیە کە مرۆڤ درکی پێدەکات، بوونی دیاریش هەموو ئەوانە دەگرێتەوە کە لە بوونی یەکەم بەرهەم هاتوون و هەستەکان بە مرۆڤیان ئاشنادەکەن، هەستکردن بەشێوەی ماتریاڵییانە لێکدەداتەوەو وایدادەنێ کە بەرهەمی بزوتنەوەی ئەتۆمەکان و کاریگەرییانە لەسەر هەستەکان " (حرب ،١٩٨١).

**ج/ فێرگەی پیتاگۆرسیەکان:** دەگوترێت کە پیتاگۆرس ناکۆک بووە لەگەڵ بیروبۆچوونی فەیلەسووفانی فێرگەی ئەیۆنی، بەڵام لەهەمانکاتتدا سوودیشی لێ بینیون و بۆچوونی دیکەی خۆی خستۆتەسەر بۆچوونی ئەوان، بۆنموونە "بوونی هارمۆنیەتی مۆسیقی نێوانی ئەستێرەو مانگ وخۆرو ڕێککەوتنی نێوان ژمارەکانی لەنێوان خۆیاندا بەیەک چواندوە. لەسەردەمی فێرگەی ئەیۆنییدا نەتوانراوە وەڵامێکی تەواو لەبارەی سەرچاوەی ڕەسەنی (بوون) دەستنیشانبکرێ، ئەم بیرۆکەی شێوەگرتنە لای ئەفلاتون وەک ئایدیال دەردەکەوێت و لەلای ئەرستۆش وەک شێوە. ئەم چاکەیە لە مێژووی فەلسەفەدا دەگەڕێنێتەوە بۆ پیتاگۆرس کە توانی شێوەیەکی دیاریکراو لە ماددەیەکی دیارینەکراو دابڕێ کە فەیلەسوفانی سروشت نەیانتوانی ئەنجامی بدەن، چونکە پیتاگۆرس سەرنجی لەسەر شێوە چڕکردەوە، لەکاتێکدا ئەیۆنیەکان سەرنجیان تەنیا لەسەر ماددەبوو"( الاهواني، ١٩٥٤، ٨٤).

هاوەڵ و هاوبیرانی پیتاگۆرس زیاتر لەرووی ئایینیەوە لەیەکەوە نزیکبوون سوێندخواردنیان بە خواوەند نەبووەو مرۆڤ لای ئەوان خۆی بەرپرسیاری خۆی بوو لەکردەوەی چاک وخراپ

## ١-٢-٢: سەردەمی سوکرات(فەلسەفەی کلاسیک)

## آ/ سوکرات و سوفستاییەکان:

بە تێکڕایی بەم سەردەمە دەگوترێت سەردەمی سوفستاییەکان و سەردەمی سوکرات، لەسەردەمی ئەواندا فەلسەفە لە فۆرمێکی دیکەدا دەرکەوت، گەر پێشتر فەلسەفە هەموو کارێکی بۆ ئەوە بووبێ لە گەردوون و هۆکارو سەرچاوەی بوون بکۆڵێتەوە، ئەوا لەسەردەمی ئەواندا ئەرک و چوارچێوەی کاری فەلسەفە بووەتە ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە لەبارەی مرۆڤ و چۆنیەتی زانین و بەهاو ئاکاری ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی، چونکە مرۆڤیان بەسەرچاوەی زانین لەقەڵەمداوە. شیشرۆنی رۆمانی گوتەیەکی بەناوبانگی هەیە کە"پێیوابووە سوکرات فەلسەفەی لە ئاسمانەوە هێناوەتەسەر زەوی" (فراک، ٢٠١٤)

سەرهەڵدانی سۆفێستاییەکان پێویستی مێژوویی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئایدیۆلۆژیش بوو لەهەمانکاتتدا، ئەمەش لەپێناو پەرەسەندنی بیری مرۆڤدا بوو. "سۆفێست بەکەسێک دەگوترێت گەرچی دەزانێت هیچ نازانێت، کەچی بە وشەو وێنەی زۆر ناساز، هەقیقەت لەبارەی بابەتە گرنگەکانەوە دروستدەکات، خەڵکیش ئەو وێنانە وادەبینن کە هەقیقەت بن، گەرچی هەڵەشن"( سوڵتان،٢٠١٥، ٣).

سۆفێستایەکان ویستویانە مرۆڤ بەگومانەوە بڕوانێ و رەخنە بگرێت، هەندێکیان رێچکەی (پارمەندیس)یان گرتووە لەوەدا کە گوتویانە لەنێوان بوون و نەبووندا هیچ ناوەندێک نییە، (گۆرگیاس)یش ئەمەی دووپاتکردۆتەوە کە ناتوانین نە باسی ئەوە بکەین کە دەیزانین و نەباسی ئەوەش کە نایزانین، ئەوەی دەیزانین باسی ناکەین چونکە دەیزانین، ئەوەشی کە نایزانین هەر باسی ناکەین، چونکە نایزانین چۆن و چی لەبارەیەوە پێویستە بگوترێ، ئەمەشی گەڕاندۆتەوە بۆ نەبوونی یان لاوازیی کەرەسەی دەربڕین و راگەیاندن، بۆیە ئەوەی پێویستە بگوترێ ناتوانرێ بگوترێ.

ئەوەی فەلسەفەی سۆفستاییەکانی بەرەو زاتیەت و گومانکاری راکێشاوە ئەوانە بوون باسمانکردوو هەندێک بیروڕای دیکەش هەبوون ئەوانیش لەلای (پرۆتاگۆراس) و شاگردەکانی دەرکەوتوون کە پێیوابووە " مرۆڤ پێوەری هەموو شتێکە. ئەوەی بۆ من چاکە لەوانەیە بۆ کەسێکی دی خراپ بێت ئەوەی بۆ من راستە لەوانەیە بۆ کەسێکی دی ناڕاست بێت" ( کەمال،٢٠٠٢، ٤٨). واتە هیچ شتێکی راست و دروست بەیەک شێوە دەرناکەوێ، بەڵکو بابەتەکە زاتییەو پەیوەندی بە خودی

خۆمانەوە هەیەو هەستی پێدەکەین، بەمانایەکی دی راستی سروشتێکی ڕێژەیی هەیە.

سوفێستاییەکان خەڵکی ئاتین نەبوون، لەگەڵ ئەوەشدا توانیان گۆڕانکاری ریشەیی لەژیانی یۆنانیاندا بکەن. سوکرات وئەفلاتون دواتریش ئەرستۆ زۆر لەدژی سۆفێستاییەکان وەستانەوەو بۆچوونەکانی ئەوانیان رەتدەکردەوە؛ هەرچەندە سوکرات سەرەتا لەگەڵ سۆفێستاییەکاندا بوو، هەروەها لەمێژووی فەلسەفەی یۆنانیدا باسی ئەوەش کراوە کە تاوەکو سەردەمێکی زۆری دوای سۆفستاییەکانیش هەر ئەو قەوانە کۆنە لێدراوەتەوە کە پێیوابووە ئەوانە خەڵکانێکن خاوەن جوڵانەوەیەکی روخێنەرن و ناتوانن پەیام و ئەرکی فەلسەفە بەشێوەیەکی دروست بگەیەننە بەرامبەر، دواتریش لەنێوان سوفستاییەکان و گومانگەرەکاندا جۆرە تێکەڵاوییەک پەیدا بووە لەبارەی ئەوەی ئەوانیش روخێنەرن، هەموو ئەمانە وایانکردووە وەکو ئەوەی ڕێبوار سیوەیلی لە کتێبی (سۆفیستەکانی یۆنان) دا نووسیویەتی:" سۆفیستەکان وەک ئەو هەتیوە دەرکراوانەی لە باوکی خۆیان هەڵدەگەڕێنەوە، هەمیشە لەدەرەوەی ماڵی راستەقینەی خۆیان لە پەناگەو هەواری حەوانەوە بگەڕێن، لێرەشەوە دەکرێ سۆفیستەکان بە یەکەم دەستەی راستەقینەی تاراوگەکراوەکانی دنیای هزر لە قەڵەم بدەین " (سیوەیلی، ٢٠٠٩، ٤٨). ئەگەرچی مێژوویەکی شێوێنراویان هەبووە بە درێژایی مێژووی فەلسەفەی یۆنانی کە زێتر لە دووهەزارو پێنجسەد ساڵ بووە، بەڵام دوای وریابوونەوەی فەیلەسوفانی سەردەمی فەلسەفەی نوێ، لەسەروویانەوە هیگڵ، کە وەک وریاکەرەو فریادرەس بۆ قۆناغی هەستیاری نێوان فەلسەفەی کلاسیک و نوێ، سەیری کردوون و بوونی ئەم جوڵانەوەیەی بە پێویستیی زانیوە. لێرەوە، توانرا دیدێکی جیاواز لەمەڕ ئەم کۆمەڵەیە فۆرمەلە بکرێ، هەرچەندە راستەوخۆ دوای هیگڵ ئەم تێڕوانینە جیاوازە نەهاتەئاراوە، بەڵکو سەرەتایەک بوو یان پێشەکییەک بوو. بۆیە "ئەمجۆرە تێڕوانینە تاوەکو سەرەتای سەدەی بیستەم بەردەوامبوو، دواتر خەڵکی خوێندنەوەو لێکدانەوەکانی هیگڵیان بەهەند وەرگرت و لەگۆشەنیگای ئەوەوە روانیانە سوفستاییەکان و لاپەڕەیەکی تازەیان لەوبارەیەوە هەڵدایەوەو سیفەتی رۆشنگەرییان دانەپاڵ" (بدوي، ١٩٨٤،٥٨٧).

سوکرات بە نۆبەتی خۆی بەشدارێکی کارای گۆڕینی فەلسەفەی کۆسمۆلۆژی بوو، هەوڵیشیدا بنچینەیەکی بابەتی بداتە پرۆسەی زانین و بۆچوونی سۆفستاییەکان لە نێویشیاندا بۆچوونی (پرۆتۆگۆراس)

هەڵتەکێنێت. بەو پێیەی" پرۆتاگۆراس بنچینەیەکی ئەبستمۆلۆژی بۆ زاتیەتی(بوون) دانا ئەو لە چۆنیەتی زانین و ڕێگای زانینەوە دەستیکرد بە گەشتەکەی . یەکەم، هەستکردنی بە تاقە ڕێگایەکی زانین دانا، دووەمیش، زانینی بە هەندەکی و ڕێژەیی(نیسبی) دایەقەڵەم"(بدوي، ٥٠،١٩٨٤). لەبەرامبەردا (سوکرات) لە ڕێگای هۆشەوە هەستکردنی لەڕێگەی هەستەوە ڕەتکردەوەو هەوڵیشدا لەبەرامبەر زانینی هەندەکی و ڕێژەییدا، لەڕێگای چەمکی هەمەکییەوە پێناسەی بابەتە تاکەکان بکات. بۆ نموونە: "دەگوترێت مێزەکە قاوەییە، (مێز) یان (قاوەیی) دوو چەمکی هەمەکیین. چەمکی مێز بەسەر هەموو مێزێکدا دەسەپێت، چ قاوەیی بێت یان ڕەش، چ خڕ یان چوارگۆشە. هەروەها ڕەنگی قاوەییش خەسڵەتێکی هەندەکی نییەکە تەنیا بارودۆخی مێز دەستنیشان بکات و بەس، بەڵکو ئەم ڕەنگە لەناو هەموو بابەتێکی قاوەییدا هەیەو دەتوانێت هەموو بابەتێک وەسف بکات، وەکو ئەسپی قاوەیی، کورسی قاوەیی، پێڵاوی قاوەیی..هتد." (بدوي،٥١،١٩٨٤). لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت، کە چەمکە هەمەکییەکان بابەتێک نیین تایبەت بن بە کەسێکەوەو لەڕێگای هەستکردنەوە ناگەنە ئێمە، بەڵکو ئەمە ئەقڵە درک بەو ڕاستییە چەسپاوو دەرەکییانە دەکات و لەیەکێکیشەوە بۆ یەکێکی دی هەمان درککردن ڕوودەدات.

بیروبۆچوونی سوکرات لەبارەی (بوون)ەوە، لە وتە بەناوبانگەکەیدا دەرکەوتوە "( خۆت بناسە! ) کە پێیوابووە جگە لە دەروونی مرۆڤ چیدی شایەنی ئەوە نییە بگەڕێی بە شوێنیداو چاکەیەک لەوەدا نییە کە مرۆڤ ئاگایی نەبێ بەرامبەر ئەو دیاردانەی لەدەوریدا ڕوودەدەن" (محمود و امین، ٢٠١٧،٨٤). مرۆڤ ئەو بوونەوەرەیە کە لەڕێگەی گەڕانەوە دەگاتە ڕاستی. "سوکرات وەکو فەیلەسووفێکی ئایدیالیستی ناوەرۆکی خستۆتە پێش (بوون ) بابەتێکی گیانەکی دادەنێت کە بەبێ بوونی ماتریال دەتوانێت بە بەردەوامی بمێنێتەوەو بژی" (کەمال،٢٠٠٢، ل٥٤). سەبارەت بە مردن لەسەرزاری ئەفلاتونەوە دەگێڕنەوە کە پێیوابووە " مردن وشەیەکی بێماناو پووچەڵەو بوونی نیە، ئەوەی کە مرۆڤ پێی دەڵێ مردن، لەڕاستیدا بریتییە لەگواستنەوەی گیانی مرۆڤ لە جیهانێکی ماتەریالییەوە بۆ جیهانێکی بەرزی ڕۆحی بەبێ ئەوەی بکەوێتە ژێر بارودۆخی کات و شوێنەوەو فەلسەفەشی بەوە لەقەڵەمداوە کە ڕێگایەکە بۆ پاکبوونەوە" (کەمال،٢٠٠٢، ل٥٤). چەند فێرگەیەکی فەلسەفی دوای نەمانی سوکرات و ژەهر دەرخواردانی دروستبوون، هەریەکەیان جیاواز لەوەی دی وەڵامی بۆ پرسیارەکانی

سوكرات دەدۆزییەوە، بەتایبەت بۆ ئەو كاتیگۆرییەی باس لە چاكە دەكات و بە پێویستی زانیوە مرۆڤ بەگشتی لەهەوڵی چاكە دابێ، ئینجا ئەم چاكەیە لەهەر فێرگەیەكدا چەندین لێكدانەوەو شیكردنەوەی بۆكراوە. فێرگەی كەلبی كە (ئەنستانس) دایمەزراندو فێرگەی كۆرینایی لەلایەن (ئەرستیپۆس)ەوە دروستبوو، فێرگەی سێیەمیشیان فێرگەی میگاری بوو كە لەلایەن ( ئەكلیدیس)ەوە رابەرایەتی دەكرا. "ئەندامەكانی فێرگەی یەكەم ژیانی سادەو ساكارو گەڕانەوە بەسروشت بەچاكە لەقەڵەمدا و ژیانی چاوچنۆكی و چڵێسییان بەسەرچاوەی خراپە لێكدایەوەو ئازادییان لەسەرووی هەموو شتێكەوە داناو وەكو سوكرات تەنها یەك خوایان هەبوو و خواكانی یۆنانیان بەگشتی رەتكردەوە"( محمود وامين، ٢٠١٧، ٩٠).بۆچوونی شوێنكەوتوانی فێرگەی دووەمیش بریتیبووە لەوەی "وەدەستهێنانی چێژو خۆشی بەبێ ئێش و ئازار ئامانجی سەرەكییە لەژیاندا، لە فێرگەی سێیەمدا چاكە لە رامانی فەلسەفی و گەڕان بەدوای حەقیقەتی (بوون)دا بووە" (محمود و امين، ٢٠١٧، ٩١-٩٢)

## ب/ بوون لای ئەفلاتون:

ئەفلاتون كە فەیلەسوفێكی ئایدیالییەو قوتابی سوكرات بووە، زۆربەی تێگەیشتنەكانی سوكراتی لەفەلسەفەكەی خۆیدا نووسیوەتەوەو لەزۆربەی زۆری بۆچوونەكانیاندا تەبابوون. "ئەفلاتون فەلسەفەی لە گەڕان بەدوای كرۆك و شێوە یان سروشتی شتەكاندا چڕكردبۆوە" (العشماوي، ١٩٨٤، ٤٠) لەفەلسەفەكەیدا ئەفلاتون ئاماژەی بە دوو جیهان كردوە: "جیهانی ئایدیاڵ و جیهانی راستەقینە كە ئەمەیان بنچینەییەو جیهانی سروشتییش ئەم جیهانەی ئێمە دەگرێتەوەو بریتییە لە جیهانی دیاردەكان و بە كات و شوێنەوە بەندە ، هەرچی جیهانی یەكەمە نەبەستراوەتەوە بە كات و شوێنەوە، جیهانی سروشتیش لەدوو بەش پێكهاتووە: بەرجەستەیی، ئەو دیاردانەی بەچاو دەیانبینین و هەستیان پێدەكەین، نا بەرجەستەییش لە دەروون پێكهاتووە" (محمود و امين، ٢٠١٧، ١٠٨). لەبەرئەوەی لە یۆنان زۆربەی ئەوانەی خۆیان بە فەلسەفەوە خەریك كردبوو بۆچوونەكانیان لای یەكتر رەنگیدابۆوە، بۆ نموونە ئەرستۆ سەرچاوەی فەلسەفەی ئەفلاتۆنی گەڕاندۆتەوە بۆ چەندین سەرچاوە كە لەپێش ئەودا هەبوون بۆنموونە پارمەندیس و هیراكلیتۆس و سوكرات، بەمشێوەیە:" (بوون)ی رەهای ئیلیاییەكان بووە بە بنچینەی بیردۆزە ئایدیالیستەكەی و گۆڕانە هەمیشەییەكەی ناو فەلسەفەی هیراكلیتۆس بووە بە خەسڵەتێكی گرنگی جیهانی خوارەوەو رواڵەتە

ماترياليەكان. لە سوكراتيشەوە بيردۆزى بيرەوەرييەكەى هێناوەو وەكو ئەرستۆش باس دەكات، سوودى لە ژمارەكەى پيتاگۆراس وەرگرتوە" (كەمال،٢٠٠٢، ٦٢).

بەرهەمە فەلسەفيەكانى ئەفلاتوون مێژووى ئەفلاتوون و بيروبۆچوونەكانى زيندوو رادەگرن، لە كتێبێكيدا كە بە "(تيمايس- Timaeus)ناسراوەو ئاڵۆزترين بەرهەميەتى، ئاماژەى بە دوو حەقيقەتى بڕاوە كردوە لە گەردووندا، ئەوانيش بوونى رەهاو نەبوونى رەهايە. لەنێوانيشياندا قۆناغێكى ناوەنديى هەيە، ئەويش بريتييە لەو شتانەى بەهەستەكانمان دركيان پێدەكەين، لەبەرئەوە لەگەڵ بوونى ئايديالدا نەبوونى مادده بەشدارە، چونكە ئەو شتە بەرلەوەى نموونەى وێنەكەى لەسەر ماددەكە دەركەوێت، ماددەيەك بووە بێ خاسيەت و فۆرم، وە ئەگەر خاسيەت و فۆرمى مادده لە ماددەكە جيابكرێنەوە، ئەوا هيچ شتێك نامێنێتەوە، هەركاتێك ئەو شتە ويستى خۆى لەمادده دەرهاوێ، لەكاتێكدا ئەو ماددەيە لە نەبووندايەو نموونە باڵاكەى بەپێى نەسەقێك رێكخست، بەهەندێك خاسيەتى تايبەتى جياكرايەوە، ئەوكات حەقيقەتى بوون دەستەبەر دەكات" (محمود و امين، ٢٠١٧، ١٠٩).

لەسەرووى هەر كۆمەڵەيەك نموونەى دونياوە كە سيفەتى هاوبەشيان لەنێواندا هەيە، نموونەى باڵاتر هەن، ئەم باڵاترينەش باڵاترينى ديكەى بەدواداديێ و بەمجۆرە بەردەوام دەبێ: بۆ نموونە نموونەى سپێتى و سووريى و شينێتى دەچنە نموونەى رەنگەوەو نموونەى شيرينى و تاڵيى دەچنە خانەى تامەوە، ئينجا نموونەى رەنگ و تام و ئەوەى پەيوەنديارە بەئەوانەوە دەچنەژێر نموونەى چۆنيەتييەوە، بەمجۆرە پليكانەكان بەرەو بەرزتر دەچن تاوەكو هەرەمێك پەيدادەبێت، كە لە لووتكەكە نموونە باڵاكەيە، ئەمەش حەقيقەتى بوونە، بوونى رووت كە خۆى خۆى دۆزيوەتەوە نموونەكانى لێوە پەيدابوون، نەك هەر ئەوە بەڵكو تەواوى گەردوون، ئەمە نموونەى چاكەيە، لێرەدا دەبينين جيهانى نموونە بەتەنها، كە پێكهاتوە لە چەندين بەش و گرنگترين مەسەلە فەلسەفيەكانى ئەفلاتون زانينى پلەكانى ئەم نموونەو زانينى ئەو پەيوەنديانەشن كە بەيەكيانەوە دەبەستێتەوە؛ لەبەرئەوە دەستيكرد بە لێكۆڵينەوە لەم پەيوەندييانەو هەرچەندە نەيتوانى لێكۆڵينەوەكەى تەواو بكات، ئەگەرچى نموونەى زۆرى بۆ پەيوەندييەكانيان هێناوەتەوە، بۆنموونە گوتوويەتى  نموونەى چاكە بناغەى هەموو نموونەكانەو ئەوانى ديش لەوەوە سەرچاوەيانگرتوە، بەڵام پەيوەندييەكەى روون نەكردۆتەوە بە روونى.

ئەگەر نموونەی چاکە نموونەی باڵا بێت، ئەوا هەموو نموونە باڵاکانی دی بەئاراستەی ئەو دەچوون، ئەم جیهانەش بەهۆی چوونی بەرەو نموونەی باڵای چاکە، چاکە دەداتەوەو بەرەو کەماڵ دەچێت. هەرچەندە جیهانی نموونە یان " ئایدیال تەنها لە شتە ئاوەزییەکانی وەکو چاکەو جوانیی و داددا کورتناکرێتەوە، یان شتە بەرجەستەکانی وەکو ئەسپ و درەخت و رووبار، یاخود سیفەتەکانی وەک سپێتی و رەشێتی، بەڵکو شتە دەستکردەکانیش دەگرێتەوە، چونکە ئەو کورسی و کەرەسەو جل وبەرگانەش نموونەیی خۆیانیان هەیە، تەنانەت نموونە لە جوانیی و زوڵم و جۆرەکانی خراپیشدا هەیە" (محمود و امین، ٢٠١٧، 105-106).

ئەمەش بەرەو ئەوەمان دەبات ئەفلاتون هەندێجار بە تاک باسی خوا دەکات و هەندێجاریش وەکو کۆ ناویدەبات، لەقسەکردندا زۆر بەئاسانی گوزارشتەکانی لەیەکتاییەوە دەگۆڕێن بۆ فرەخوایی. دەڵێ خوایەکی بەرزو باڵا هەیە دونیا بەڕێوەدەبات و حوکمی دەگێڕێت و لەسەرووی ئەوەوەیە ئەقڵ بیری لێدەکاتەوە. لێکدانەوەی زۆر بۆ ئەم گوزارانەی ئەفلاتون کە لەبارەی خواوە گوتراون لەئارادان، لەبەرئەوەی بەرێگایەکی میتۆلۆژیانە دەربڕیون، بۆیە لێکدانەوەی زۆر هەڵدەگرن. سێ گریمانە بۆ ئەم مەبەستە لەئارادان، هەندێک پێیانوایە کاتێک دەڵێین خوا خولقێنەری نموونەی باڵایە وەکو نموونەی چاکە، ئەوا تیۆری ئایدیاڵ لەبنەڕەتەوە تێکدەدات، لەبەرئەوەی تیۆرەکە پێیوایە کە لەزووەوە خەلق بووەو هیچ خالقێک خەلقی نەکردوەو خۆی بە قەرزاری هیچ شتێکی دی نازانێ. گریمانەیەکی دی ئەوەیە کە پێیواییە نموونەی باڵای چاکە خوایە، ئەمەش سنووری بوونی خوا تەسکدەکاتەوەو دەیکاتە زیندەوەرێکی ئاسایی. گریمانەی سێیەم ئەوەیە کە نموونەی باڵا ئەزەلییەو تاهەتاییەو هاوکاری نموونەی باڵای چاکە دەکات بۆ بەڕێوەبردنی ئەم جیهانە، ئەمەش میتۆدی ئەفلاتون بەکارێکی بێ کەڵک و لاوەکی دادەنێ، "دوای ئەمە توێژەرەوان گەیشتنە ئەوەی کە ئەم گریمانانە هیچیان لێ شین نابێ و گریمانەی دیکەیان خستەڕوو بەپێی بۆچوونەکانیان لەسەر تێڕوانینەکانی ئەفلاتون سەبارەت بە جیهانی باڵا گوتیان کە وشەی چاکەو جیهانی باڵا دوو وشەی هاوتەرازن و ئەفلاتون بۆ یەک مانا بەکاریهێناون. ئەم بۆچوونە بە نزیکترین گریمانە لە تیۆری ئەفلاتون دادەنرێت." (محمود و امین، ٢٠١٧، ١٠٩). دوای سەرنجدان و تێڕامانەکانی گەیشتۆتە ئەوەی بڵێت ئەوەی روودەدات پرۆسەیەکی یەکدی تەواوکردنەو گەرچی دەڵێ"جیهان لە دژەکان

پێکهاتووه. ئەم دژانەش دەبن بەسەرچاوە بۆ یەکدی. بۆ نموونە، لەدوای شەو ڕۆژ دێت، لەدوای لاویی پیریی دێت. ژیان و مردنیش دوو دژن دەبن بە سەرچاوەی یەکدی و دوای ژیان مردن دێت و دوای مردنیش ژیان" (کەمال، ۲۰۰۲، ۸۹). دەکرێ بڵێین لایەنێکی بیروبۆچوونی ئەفلاتۆن لەبارەی بوون و ئایدیاڵ، لەوەدا چڕ بۆتەوە کە "ئەفلاتون وەکو ئەو فەیلەسوفانەی بوونێکی گیانەکی لەئارادا دەبینن، پێیوابووە لەپشتی ئەم جیهانە هەستپێکراوەی ئێمەوە، کە جیهانێکە هەموو ئەو دیاردە هەستەکی و گۆڕانە جۆراوجۆرانە دەگرێتەوە، جیهانێکی نموونەیی باڵا هەیە، واتایەکی لۆژیکی و چەسپاوی هەیە، بە بوونی ڕاستەقینە دادەنرێت و ئەم جیهانە هەستپێکراوەش، تەنها سێبەرو تارمایی جیهانی باڵان و بە ئەفسانەی ئەشکەوتەکە گوزارشی لێکردوە" (خلیل، ۲۰۰۵، ١٤).

## پ/ بوون لای ئەرستۆ

لای ئەرستۆ هەر زانستێک لە بوونی گشتی بکۆڵێتەوە فەلسەفەیەو بەلای ئەوەوە بوون تەنها ئەوە نییە باسی کەرەسە یان بە تەنها بابەتێک بێت و شتێکی هەندەکی بێت، بەڵکو بوون لای ئەو خەسڵەتی هەمەکی هەیەو دەبێ بنەڕەتی هەموو شتێک بێت نەک بەشێک یان جۆرێک لە شتەکان و بناغەیەکی ئۆنتۆلۆژی بێت بۆ گشت و "زەرووریە چونکە پێویستی بە بوونێکی دیکەی بۆ بوونی خۆی نییە" (کەمال، ۲۰۰٤، ١٦).

ئەرستۆ بوون بە هۆکاری یەکەم و بەرزترین هۆکارەکانی دادەنێت، هەرچەندە ئەم تێڕوانینە لێکدژی بۆ بۆچوونی پێشتری دروستدەکات، کاتێک باسی هۆکارە بەرزەکان دەکات، ئەوە دەگەیەنێ کە بوونێکی پێشینە لەئارادایەو پێشتر ئاماژەی بۆ ئەمە نەکردوە. بۆچوونی ئەرستۆ لەمەڕ بوون وەها لێکدراوەتەوە کە دوو بوونی دەستنیشانکردبێت یەکێکیان "بەرەو سیستەمە میتافیزیکیەکەی ئەفلاتون پەلکێشمان دەکات و لەلایەکی دیکەوە بوونی هەموو بوونەکان و شتێکی هەمەکی یە، کە بووە بە بنەڕەتی بوونی هەبووە هەندەکییەکان" (کەمال، ۲۰۰٤، ١٨). ئەرستۆ نەیتوانیوە بەتەواوی تیۆری ئایدیاڵیی ئەفلاتون ڕەتکاتەوە، بۆیە لەنێوان ماددییەت و ئایدیاڵییدا ماوەتەوەو ڕاستەوخۆ و بەشێوازی خۆی بەرەو فەلسەفەی بوون هەنگاوی ناوەو بوونی ئایدیاڵی بەبێ بوونی ماددەی بێ بەها وەسف کردووە. "بە فەیلەسووفی عەیینی و گۆڕان و زیندەوەرزانی و دەستوورە نووسراوەکان دادەنرێت" (ریکور، ۲۰۱۲، ١٧٠).

وسروشتیشی بە گۆڕانی یەک لەدوای یەکی ماددە داناوە بۆ شێوەو بە پێچەوانەشەوە، واتە لە شێوەوە بۆ ماددە. "لە بەشێکی کتێبی

(میتافیزیکادا)جەختی لەسەر چەمکی ناوەرۆکSubstrate کردووەو بە بوونی داناوەو نیشانیداوە کە ناوەرۆکSubstrate خاوەنی خەسڵەتەکانەو خۆی نابێت بە خەسڵەتی شتێکی دیکە" (ریکور، ٢٠١٢، ٢٠).

لە دیاردەی کات و شوێنەوە لەبوونی خودا وردبۆتەوە، کات بەلای ئەوەوە نە سەرەتای هەیەو نە کۆتایی و کات پێوەری جووڵەیە، جووڵەش هەردەبێ تاهەتایی بێ. هەر جووڵاوێک پێویستی بە بزوێنەرێک یان هۆکارێکە، خودای بە بزوێنەری یەکەم و هۆکاری هۆکارەکان، داناوە. ئەرستۆ بوون "چەمکێکی زۆر گشتییەو رەگەزی هەموو رەگەزەکانە، لەبەرئەوەشە ناتوانرێت بەئاسانی پێناسەبکرێت، بۆیە ئەمە گشتگیرترین پێناسەو واتایە بۆی. دواتر ئەرستۆ هاتە سەر ئەو رایەی پێیوابوو نابێ بوون تەنها بەیەک مانا لێکدانەوەی بۆ بکرێت، چونکە دەتوانرێ هەم لە بوون و هەم لە نەبوونەوە ماناکەی وەربگیرێت. هەروەها دوو حاڵەتی بۆ بوون دەستنیشانکردوە، یەکێکیان بوونی هێزەکی ئەوی دی بوونی کردەکی، گۆڕانیش گواستنەوەی حاڵەتە لە هێزەوە بۆ حاڵەتی کردەیی." (قادم، ٢٠٠٣-٢٠٠٤، ١٣). گۆڕان لە هەر شتێکی دیکەشدا کاتێک روودەدات بێگومان لەحاڵەتێکەوە کەرەسە گۆڕاوەکە بەرەو حاڵەتێکی جیاوازتر دەبات لەوەی پێشووی "واتە دینامیکیەتی بوون لەگۆڕانی هێزدایە بۆ کردە، بۆ نموونە مێشکی مرۆڤ هێزەو بیرکردنەوەش کردەیە. لەکاتی بیرکردنەوەدا دینامیکییەک لەهێزەوە بۆ کردەوە روودەدات. بەبێ مێشکیش بیرکردنەوە مەحاڵە" (کەمال، ٢٠٠٢، ٧٤). ئەرستۆ بە پێچەوانەی ئەفلاتونەوە ناوەرۆکی لە بوون جیا نەکردۆتەوە، چونکە بەلای ئەوەوە ناوەرۆک هەموو لایەنێکی بوون دەگرێتەوە. " هیۆلی و ناوەرۆک یان بوونی ماتریالی و ناوەرۆک وێکڕا دەبنە نەژادی بوون. هیۆلیش وەکو ماتریالەکەی سوکرات و ئەفلاتون هەمیشەییە هیچ هێزێک دروستی نەکردوە. هیۆلی لەسەر شێوەی ئەپیرۆنەکەی ئەنەکسیمندەر هێزێکی پەتیەو هیچ فۆرمێکی نیە، بەڵکو فۆرمەکەی لە لایەن ناوەرۆکەوە دەچەسپێنرێت. هیۆلی و ناوەرۆک لەیەکدی جیانابنەوە. ناوەرۆک بەبێ هیۆلی نابێت و هیۆلیش بەبێ ناوەرۆک نابێت. هەموو بوونەوەرەکانیش لە هیۆلی و ناوەرۆک پێکهاتوون" (کەمال، ٢٠٠٢، ٧٢). واتە دوو رەگەزی لەیەکتری جیانەبووەوەن و یەکتری تەواودەکەن. ئەرستۆ جیاواز لەوانەی پێشخۆیەوە گۆشەنیگای"ناوەرۆک نە فۆرمەو نە بابەت، بەڵکو هەردووکیانە، واتە یەکبوونی فۆرم و بابەتە." (کەمال،٢٠٠٢،٧٣)

خستەڕوو. لەگەڵ ئەوەی کە ئەرستۆ خوێندکاری ئەفلاتۆن بووە، بەڵام لەگۆشەی جیاوازەوە لەبوونیان روانیوەو "خوای ئەفلاتون رێکخەرو دروستکەری نموونەی جیهانە، خوای ئەرستۆ بزوێنەری وێنەی جیهانە، خوای ئەرستۆ تیۆرێک بۆ پێشەوە رادەکێشێت کە لە فەلسەفەی ئەفلاتونیدا نییە، خوای ئەفلاتون چالاکە، خوای ئەرستۆ (منفعل)ە. واتە کاریگەرە، ئەرستۆ دەبێژێت کە خواوەند بزوێنەری هەموو جیهانە، بەڵام خۆی بێ جوڵەیە (ساکن) ئەو جیهان دەخاتە جوڵە بەهەمان شێوە کەشێکی دیاریکراو، داواکەی خۆی دەخاتە جوڵەو بزوتنەوە" (رەشید، ٢٠١٥، ٤٨). بینینی خواوەند لای هەر یەکێکیان بە فۆرمی جیاجیایە. بەم شێوەیە لەروانگەی ئەفلاتونەوە " خواوەند یەک رێنمایی بەخشی کەسی و دیاریکراوەو بەلای ئەرستۆشەوە یەک بزوێنەری تاکە کەسی و نادیاریکراوە بە ئاراستەی چاکەو پاکیزەیی، دنیایەک کە هەموو شتێک لەناویدا لەکۆتاییدا هاوئاهەنگە." (رەشید، ٢٠١٥،٤٨) وەکو ئاماژەی پێدرا ئەرستۆ شێوەی بوونی لە هەر شتێکدا بەدی کردووەو کۆمەڵێک خەسڵەتی داونەتەپاڵ، وەکو ئەوەی هەرچی لە ئەنگێزەی ئەودا چڕۆی کردبێ بەسوود وەرگرتن لە بیروبۆچوونی ئەفلاتون، بەڵام بە پێچەوانەی ئەوو بە دیوێکی دیکەدا بوون و هێزی ئەفرێنەری وێنا کردووەو پێیوابووە "ئەوەی ئێمە دەیبینین، بۆخۆی رەنگدانەوەی راستیە دەرەکیەکانە" (حیدریان، ٢٠١٥،٥٤). ئەمەش وەکو ئەوەی لەدیوی ناوەوەدا سیمایەکی دی هەبێت و رەنگدانەوەی دەرەوە بێت، یان فۆرمێکی دیکەی بوون بن، بەڵام فۆتۆکۆپی بوونە راستەقینەییەکە بن "بە واتایەکی دیکە دنیای راستی، هەر ئەم دنیا دەرەکیەیەو شتێک بەناوی (باوەڕی کامڵ)یش دروستکراوی بیری مرۆڤە. ئەم بۆچوونەی ئەرستۆ تەنیا لە ئەندێشەی ئەفلاتون نەبوو. ئەرستۆ پێی لەسەر ئەوە دادەگرت، کە ئەو شتانەی لە رۆحی مرۆڤدا هەن، دەتوانن لە ئاگایی، واتە لە مەخزەنی چاوو گوێی مرۆڤدا هەبن" (حیدریان، ٢٠١٥،٥٤) لە کتێبی فیزیکدا لەبارەی جووڵەو جووڵێنەری یەکەمەوە دەدوێ، جەختی لەوە کردووە، کە ئەفرێنەر ئەگەرچی خۆی ناجووڵێ بەڵام جووڵێنەری ئەم گەردوونەیە، دەڵێ: "لەبەرئەوەی جوڵە سەرمەدیە، کەوایە جوڵێنەری یەکەمیش ئەگەر هەبێ سەرمەدیە..و لێرەدا ئەوەندە بەسە کە دان بە جوڵێنەرێکی تاکدا بنێین، کە لە هەموو شتە بێ جوڵەکان لەپێشترە، شتەکان دەخاتە جوڵەوە، چونکە سەرمەدیە سەرەتاو چاوگی هەموو شتەکانی دیکەیە" (حیدریان،٢٠١٥، ١١٢)، لێرەدا هۆکارو هۆکرد یان خواو گەردوون وەک بووێکی هەمیشەیی باسکراون و بە جوڵێنەرو بزوێنەری گەردوون ناوی

خودا بە ناراستەوخۆ براوەو وەکو تاکە سەرچاوەیەکی بزوێنەرێکی سەرمەدی تەماشا کراوە.

"ئەرستۆ لێکۆڵینەوە لە بابەتی جەوهەر (Substance)دەکات و پێی وایە جەوهەرەکان سیانن، دوانیان سروشتین، سێیەمیان جەوهەرێکی ئەزەلی و نەجووڵاوە، جەوهەر بە مانای یەکەم ئەو بوونە تاقانە هەندەکییەیە، کە لە ماددەو شێوە پێکهاتوە، سوکرات و ئەم ئەسپە؛ بەڵام جەوهەری دووەم ئاماژە بە جۆر یان رەگەز دەکات، وەک: مرۆڤ و ئاژەڵ. هەموو جەوهەرەکان شیاوی دروستبوون و لەنێوچوونن، بەهەمان شێوە سەرجەم شتە هەبووەکان؛ بەڵام دەبێت هەبووەکان جەوهەرێکی هەمیشەییان هەبێت، کە دروستبوون و لەنێوچوونی بەسەردا نەیەت و بوونی خۆیانی لێوە وەرگرن. ئەمەش ئەو جەوهەری سێیەمەیە، کە ئەگەرچی شتەکانیش دەجووڵێنێت، ئەزەلیی و جێگیرەو ناجووڵێت، ئەم جەوهەرە خودایە، یان بزوێنەری یەکەم کە ناجووڵێت" (ئیمام، ٢٠١٥، ٢٠٣). ئەرستۆ گەرچی خوێندکاری ئەفلاتۆن بووە، بەڵام بیرکردنەوەکانی لەزۆر لاوە رێک پێچەوانە بوونەتەوە لەگەڵ مامۆستاکەیدا، بەتایبەت لەوەدا کە ئەفلاتون ئاماژەی بە هەبوونی دوو جیهان کردووە کە ئەوانیش، جیهانی ئایدیاڵ و جیهانی هەستپێکراوە، ئەرستۆش پێی وابوو " تەنیا یەک جیهان هەیە، کە ئێمە بتوانین لێکۆڵینەوەی فەلسەفەیی دەربارە بکەین. ئەوەش ئەم جیهانەیە کە تیایدا دەژین و ئەزمونمان لەبارەیەوە هەیە. لەچاوی ئەمەوە ئەم جیهانە هەمیشەو تاهەتایە مایەی سەرسوڕمان و بیرلێکردنەوەیە" (ماگی، ٦٠،٢٠١٠).

ئەفلاتون لەڕێی بیرکردنەوە سەبارەت بە بوون، یان فۆرم و شێوەی بوون، ئاخۆ گیانەکی یان هەستپێکراوە، گەیشتە ئەوەی جیهانێکی نموونەیی باڵا هەیە، مانایەکی لۆژیکی وجێگیرکراوی هەیە، ئەمەش بوونی راستەقینەیە. دەربارەی دەرکەوتنی ماتەریاڵ پێیوابووە" شت تەنیا بریتی نییە لەو ماتەریاڵانەی تەنیا لەڕووی فیزیکییەوە پێکهێنەرین." (ماگی، ٦٢،٢٠١٠).

لێرەدا نموونەی بە کەسێکی نزیکی لە خۆیان هێناوەتەوە"بۆ نموونە تەماشای سوکرات بکەن. ئەو ماتەریاڵانەی لەشی ئەوی لێ پێکهاتوون، رۆژبەرۆژ لەگۆڕاندان، لەماوەی چەند ساڵێکدا بەتەواوی گۆڕانیان بەسەردا هاتووە. بەڵام هێشتا بەردەوامەو هەر سوکراتەو هەموو ژیانیشی هەر بە سوکرات دەمێنێتەوە. لەبەرئەوە ناتوانین بڵێین سوکرات بریتییە لەو ماتەریاڵانەی لەشیان پێکهێناوە" (ماگی، ٦٣،٢٠١٠). بەدیدێکی

دی، جیاواز لە فەیلەسوفانی دیکە کاتێک فۆرمێکی نوێ لە دروستبوونی هەر شتێک دێتەکایەوە چەندین هۆکار لەئارادان تاوەکو بەتەواوی کارەکە تەواوبکەن، کەواتە لای ئەرستۆ چەمکی هۆکار (بۆئەوەی هەر شتێک فۆرمێکی سەربەخۆی خۆی هەبێت) پێویستی بەچوار جۆر هۆکار دەبێت کە بریتین لە هۆکاری ماتەریاڵی و هۆکاری بکەرو هۆکاری فۆرمی و هۆکاری ئامانجی. هەریەک لەم هۆکارانە بە نۆبەتی خۆیان بەشداردەبن لە خستنەڕوو نیشاندانی فۆرمی هەر شتێک. "ئەرستۆ بە نیازی کەمکردنەوەی ژمارەی هۆیەکان هۆی بکەرو ئامانج و فۆرمی لەیەک داوە، چونکە هەرسێکیان پەیوەندییەکی بەهێزیان پێکەوە هەیە. لەبەرئەوە ئەرستۆ ئەم چوار هۆیانە دەکات بە دوو بەشی سەرەکیەوە: هۆی ماتریالی و هۆی فۆرمی" (کەمال،٢٠٠٢، ٧٩).

. گەر هەر شتێک لەخۆیدا مەبەست وئامانجی ئەو ماتەریاڵەی هەڵگرتبێت وەکو کە گوزارشە بۆی و کارەکەی زیاتر ڕووندەکاتەوە، هەروەکچۆن " بەلای ئەرستۆ تالیسەوە سروشتی ڕاستەقینەی شتەکان لەو ماتەریالانەوە سەرچاوەی نەگرتوە کە لێیان پێکهاتووە. بەڵکو لەو مەبەست و ئامانجانەوەیە، کە ئەو شتە هەیەتی. جارێکیان گوتویەتی گەر چاو ڕۆحی هەبێت، ئەوا بینین ڕۆحەکەیەتی. ئەو ئەم پرەنسیپەی بەسەر شتە بێگانەکانیشدا سەلماندووە. گوتویەتی گەر تەورێک ڕۆحی هەبێت، ئەوا هیزی بڕین ڕۆحەکەیەتی" (ماگی،٢٠١٠، ٦٨). بەم پێیە وەزیفەی هەر ماتەریاڵێک دەرخەری بەهاکەیەتی. بەدیوێکی دیکەشدا لە ئاوێتەبوون یان تێکەڵاوبوونی دوو ڕەگەز یان ماددەدا، خەسڵەت و فۆرم و وەزیفەی دیکەی جیاواز بۆ ڕەگەزە بنەڕەتیەکانی ماددەی بەرهەم هاتوو دێننەئاراوە. ئەم شیکارییەی ئەرستۆ دۆزینەوەی چارەسەرە بۆ کێشەی گۆڕانکاری، چونکە بەلای ئەمەوە " گۆڕانکاری کاتێک ڕوودەدات، کە ئەو ماتریاڵەی بەشێک پێکدەهێنێت، دەبێتە خاوەن فۆرمێکی نوێ کە جاران نەیبووە" (ماگی،٢٠١٠، ٦٨).

جیاوازی نێوان ئەفلاتون و ئەرستۆ لەم چەند خاڵەدا بووە:

"ئەرستۆ بڕوای بە جیهانی بەرزو بیردۆزی نموونەیی نیە، ناوەرۆک لەبوون جیاناکاتەوەو فۆرمێکی هەمەکی پەتی نیە، بەڵکو یەکەیەکی هەمەکی و هەندەکیە. تاقیکردنەوە هەستەکیەکان گرنگن و زانیاریەکانیشمان بۆ ناسینی بابەتەکانی دەوروپشتمان پێویستن ئەمەش پێچەوانەی بڕوای ئەفلاتونە کە بانگەشەی بۆ بوونی جیهانێکی نموونەیی باڵا دەکردو ناوەرۆکی لە بوون جیادەکردەوەو لەجیهانی نموونەییدا داینابوو" (کەمال،٢٠٠٢، ٧١).

## ج/ فێرگەی ئەپیگۆرییەکان و ڕەواقیەکان

دوای سەردەمەکەی ئەرستۆ لە دونیای فەلسەفەی یۆناندا ئەپیگۆرییەکان و ڕەواقیەکانیش لە سەردەمی ئەسکەندەری مەکەدۆنیدا دروستبوون، کە بە سەردەمی هیلینی ناسراوە، هیچی نوێیان لەبارەی بوونەوە نەگوتوە بەدەر لەوەی بۆچوونە گەردوونیەکەی هێراکلیتۆس و دیمۆکریتیسیان وەرگرتوەو کاریان لەسەر کردووە. ئەبستمۆلۆژیا خاڵی هاوبەشی نێوانیانەو بڕوایان وابوە کە هۆش لەزکماکەوە هەڵگری زانیاری نیە، بەڵکو درککردنی هەستەکی هۆش دێنێتەکایەوە، بۆچوونێکی ماددییانەیان هەبووە. بۆ نموونە بەلای ئەپیگۆرەوە (بوون) لە ژمارەیەکی لەبن نەهاتووی ئەتۆم پێکهاتوە کە لەناو بۆشاییدا دەسووڕێنەوە، ئەمەشی ڕێک لە فێرگەی فەلسەفی ئەتۆمگەرییەکان وەرگرتوە. ئەپیگۆر بەتەواوی و ڕاستەوخۆیانە لەدژی بوونی خواو ئایین وەستاوەتەوەو بە لەمپەرێکی گەورەی بەردەم مرۆڤی لەقەڵەمداوەو دەڵێ:" ناسینی نەژادی بوون لەڕێگای کۆسمۆلۆژیەوە دەبێتە هۆی لەناوبردنی ترس و ئاڵۆزی لەدەروونی مرۆڤدا، کە لەڕێگای نەزانین و ئایین و ئەفسانەکانەوە پەیدا بووە. ئەگەر مرۆڤ بتوانێ بەهۆی زانستەوە ترسەکان لەناوبەرێت ئەوە دەتوانێت بە ئاسوودەیی و بەختەوەریی بژی… مرۆڤ بەبێ خواو بەبێ ئایین بەختەوەرترە" ( کەمال،٢٠٠٢، ٩١).

ڕەواقیەکانیش وەکو لەسەرەوە ئاماژەی پێدرا، بەکەمێک جیاوازییەوە بیرکردنەوەیان هاوشێوەی ئەبیگۆرییەکان بووە، بەتایبەت لەوەدا باوەڕیان بە بوونێکی میتافیزیکی هێزی ئەفرێنەر نەبووەو سەرچاوەی درککردن و هەست و هۆشیان لە قاڵبی مەعریفەی مرۆڤدا داناوەو ماددەیان بەسەرچاوەیەکی بنبەست گەیشتوو زانیوە. "بوونی ڕاستەقینە خاوەنی کیانێکی میتافیزیکی نیەو لە ڕێی هەستکردنەوە دەدۆزرێتەوە… ئەوەی هەستکردن پێمان ڕادەگەیەنێت بریتیە لە بابەتە ماتریالییەکان. هەر ئەم بابەتانەشە کە بوون پێکدەهێنن و ئەوەی هەیەو ئەوەی هەستی پێدەکەن تەنیا ماتریالە. تەنانەت خواو دەروونی مرۆڤیش هەر ماتریالین. شاگردانی ئەم فێرگەیە بڕوایان بەخوا هەیە، بەڵام خواو سروشت بەیەک شت دادەنێن لە یەکدیان جیاناکەنەوە" ( کەمال،٢٠٠٢، ٩٤).

## چ/ فێرگەی گومانکاریی

فێرگەیەکی دیکەی فەلسەفی کە فێرگەی گومانکارییە، لەمەوە هاتوە کە پێیوایە تواناو زانینی مرۆڤ ئەوەندە بڕناکا تابتوانێ حەقیقەتی بوون

ئاشکرا بکات و ئەوەی دەیزانین هەر گومانە بەتەنها. ئەم فێرگەیە هاوکات بووە لەگەڵ فێرگەی رەواقی و ئەپیگۆرییەکان، کاری رەخنەکردنی فێرگەکانی پێشخۆی بووە. کاری سەرەکییشی گومانکردن بوو لە هێزی ئاوەزی مرۆڤ، لەبەرامبەر بەدەستهێنانی زانیاری تەواوو بابەتی لەمەڕ راستی و سروشتی شتەکاندا. لەسەردەستی فورون (٣٦٥-٢٧٠پ.ز)بنیادنراوەو"ئەوەی پەیوەستە بە سروشتی شتەکانەوە لەڕووی ناسینیانەوە، دەبینین فورۆن و فێرگەکەی رەتیدەکەنەوە مەعریفەی هەستی و ئاوەزی هیچ بەهایەکی هەبێت بۆ گەیشتن بە زانینی راستیەکان یان راستی شتەکان" (بدوي، ١٩٧٠، ٧١). کەوابێ مرۆڤی بە گومان دەبێ هەر لە گۆمی وەستاودا بمێنێتەوە، چونکە گومان ناتوانێ بەرەو کەناری دڵنیایی ببات و ئەوەی دەشیزانێ و ئاشنای دەبێ تەنها ئەوەیە کە نایزانێ، دواجار ئەم جۆرە بیرکردنەوەو گوماناوییە ئاسۆی بیری مرۆڤ بۆ هەمیشە تاریک دەکەن.

## ١-٢-٣: تێڕوانین بۆ بوون لە سەدەکانی ناوەڕاستدا (فەلسەفەی نوێ)

زەمینەسازییەک گەر بۆ باسکردنی بوون لەئارادابووبێ لەسەدەکانی ناوەڕاستتدا، سەرچاوە بنەڕەتیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ بناغە فەلسەفیەکانی یۆنان. هەموو ئەو لێکدانەوەو بۆچوونانەی لەسەردەمی زێڕینی فەلسەفەدا لای یۆنانیەکان باسکراون و بوونەتە بنچینەی فیکریی دوای خۆیان، هەر لە تالیس و سوکراتەوە تاوەکو دوادوایەکانی رۆژگاری فەلسەفەی یۆنانی لە سەردەمی ئەسکەندەری مەکەدۆنی و دوای هاتنی ئایینەکان و باڵکێشانیان بەسەر بیرو هۆشی مرۆڤی ئەوسەردەمەدا بەگشتی. فەلسەفە لە هەموو قۆناغەکانی مێژوودا بەرگی جیاوازی پۆشیوە، واتە لەهەموو سەردەمەکاندا بوونی هەبووە، بەڵام بە گۆشەنیگای جیاجیا لێکدانەوەو هۆشی مرۆڤی داپۆشیوە.

سەدەکانی ناوەڕاست بە سەردەمی تاریکی ناوزەدکراون، بەتایبەت دوای بڵاوبوونەوەی مەسیحیەت و باڵگرتنی بەسەر هەموو پایەو کۆڵەگەکانی ژیانی مرۆڤداو لەوەش توندتر رەتکردنەوەی هەرجۆرە بیرکردنەوەو لێکدانەوەیەکی هۆشمەندیی و لۆژیکی، کە پێیانوابووە ئەم رێگەیە بەرەو بێ بڕواییان دەبات و گومڕادەبن. لەوسەردەمەدا بڕوا جێگای هۆش و درککردنی ئەقڵانی گرتەوە، بەبەکارهێنانی زەبروزەنگی کڵێساکان کۆتایی بە هەموو فێرگە فەلسەفیەکان هێنرا کە ئەوکات لەئارادابوون، بەئاشکرایی کەس لە

فەیلەسوف و رۆشنبیرو زاناکان نەیاندەوێرا بابەتە فەلسەفیی و زانستیەکانیان باس بکەن، کە راستەوخۆ رووبەڕووی کوشتن و فەلاقەو گرتن دەبوونەوە.

(بوون) وەکو وێستگەیەکی گەڕان و رامانی مرۆڤ لەهەردوو بوارەکەدا هەوڵی لێتێگەیشتنی دراوە، سەرەتا لەڕێگای فەلسەفەوەو دواتر لەرێگای ئایینەکانەوە، بەڵام بە رێگای تەواو جیاواز، لەرێگای یەکەمیاندا هۆش و بەڵگەی لۆژیکی بوونەتە رووگەو لەدوەمیشدا بڕوای مرۆڤەو بێ ئەوەی  پشتببەستن بە بەڵگەی لۆژیکی، کاتێکیش پێویستیان بەبەڵگە بوو، روودەکەنەوە رووگە فەلسەفیەکە بۆ سەلماندنی قسەکانیان، واتە ئەوەی لەبارەی (بوون)ەوە ئایین وباسیکردوە بەبەڵگەی فەلسەفی دەیچەسپێنن، ئەگەرنا بەبێ بەڵگەی لۆژیکی ئایینەکان کرچ وکاڵ دەردەکەون.

پێشەواو زاناکانی سەردەمی تاریکی گەیشتبوونە ئەو بڕوایەی کە فەلسەفە ناتوانێ مرۆڤ رازی بکات لەبارەی بوونی خواو بڕوای مەسیحیەتەوە، بۆیە دوو فێرگەی مەسیحی دامەزران، یەکێکیان بە فێرگەی ئەفلاتۆنی ناسراوەو دوەمیان فێرگەی ئەرستۆ-تۆمایی بوو. لە فێرگەی یەکەمیاندا قەشە (ئاگوستین) بیروباوەڕی ئەفلاتونی لەگەڵ ئینجیلدا رێکخستبوو، لای فێرگەی دوەمیش (تۆماس ئەکوینۆس) و (ئالبێرت)ی گەورە، بیروباوەڕی ئەرستۆو ئینجیلیان لێکدا.
(بوون) لای فەیلەسوفانی فێرگەی یەکەم کە قەشە ئاگوستین رابەرایەتی دەکرد لەروانگەیەکی دوالیزمییەوە سەیری جیهانی دەرەکی کردوە، چۆن؟ ئەوان بوونیان دابەشکردوە بەسەر دوو بووندا، یەکێکیان هەمیشەیی و ئەوی دی کات و شوێنی دیارکراوە، بوونی یەکەمیان " بەبێ هێزێکی دەرەکی دەجولێت و هەر بووەو سەرچاوەی هەموو جوڵانێکە، ئەمەش بوونی خوا دەگرێتەوە. دووەم بریتیە لەو بوونە کە خوا ئافەریدی کردوەو سەرەتاو کۆتایی بۆ داناوە" (کەمال، ٢٠٠٢، ل١٠٧).
بەپێی بنچینەیەکی ئایینی و فەلسەفی بیرڕاکانی داڕشتوون، ویستوویەتی بوونی خوا بۆ خەڵکی بسەلمێنێت و بە بوونی یەکەمی داناوەو هەروەها بە ئەفرێنەری ماتریالیش لەقەڵەمی داوە. بەرای ئەو ماتریال لە نەبووەوە هاتۆتە بوون و پێشتر بیرو فۆرمی ماتریال لای خوا بوونیان هەبووە، وەک ئەوەی پێش ئەوەی بتەوێ خانوویێک دورست بکەیت پێشتر بیری خانووەکە لەمێشکدا هەبێت."بۆناڤێنتۆرا کەشیشێکی سەردەمی ئاگوستینە پێیوابووە کە بوونی خوا پێویستی بە بەڵگە هێنانەوە نییە، چونکە زگماکیەو زانستی لاهوتی بە شای زانستەکان داناوە" (بدوي، ١٩٧٩، ٥)و

تەنانەت لەپێگەی بەرزتر لە فەلسەفەش دایناوە."ئەنسێلم کە بە دانەری بەڵگەی ئۆنتۆلۆژی دانراوەو دەڵێ مرۆڤ لەڕێی هۆش و بڕواوە دەگاتە یەقینی تەواو، واتە فەلسەفەو ئایین بەیەکەوە لێکبدرێن، ئینجا دەتوانرێ لەبوونی خوا بگەین" (کرم،٢٠١٤، ٧٩). کەواتە"خوا دەسەڵاتی رەهای بەسەر بوونەوە هەیەو خۆی بکەرو کارایە، هەرچی لەم کەونەشدا روودەدات هۆکارەکەی هەر ئەوەو هیچ بوونێک بەبێ بوونی خودا بوونی نیە" (قادم ، ٢٠٠٣-٢٠٠٤، ١٤)، هەروەها قەشە ئاگوستین ئاماژەی بەوە کردوە کە بوونی خودا لای مرۆڤ هەستێکی زگماکەو هۆش و بڕواهێنان یەکدی تەواو دەکەن. توانیویەتی"جیاوازی لەنێوان بیروڕاو جیهانی ئافەریدکراودا بکات، کە یەکەمیان وێنەی راستەقینەی گشت هەبووێکن، و دوەمیشیان بوونە راستەقینەکە خۆیەتی. ئەو هۆکارانەشی بوونیان لێپێکدێت ماتریاڵ و کات و فۆرمی بیروڕا ئەزەلیەکانن، کە خوا هەندێکیانی لە شێوەی رۆژی کۆتایی بووندا دروستکردون، وەکو فریشتەکان و گیان و ئەستێرەکان، بەشەکەی دیکەشی کە لەگۆڕاندایە، جەستەو فۆرمی زیندەوەران پێکدێنێت" (قادم ، ٢٠٠٣-٢٠٠٤، ١٤).

لە فێرگەی ئەرستۆ تۆماییدا هەریەک لە هۆش و بڕوا دوو وێستگەی جیا بوون بۆ لێکۆڵینەوە لە (بوون)، "هۆش لە رواڵەتی بوون دەکۆڵێتەوەو بڕواش وە یان ئایین راستەقینە میتافیزیکیەکان دەخاتەڕوو. هەر لەبەر ئەم هۆیەشە، کە بڕوا لە ژوور هۆشەوە دادەنرێت" (کەمال ،٢٠٠٢، ١١٣). جیاوازی ریشەیی لەنێوان پەیڕەوکەرانی فێرگەی تۆمایی و ئاگوستینییدا دەبینرێت، یەکێکیان هۆش لە پێناو بڕوادا دادەنێ کە ئاگوستینییەکانن و دوەمیش کە تۆماییەکانن هۆش و بڕوا بە جیا مامەڵەدەکات بۆ لێکۆڵینەوە لە بوونی ئەفرێنەر. تۆماییەکان " بوونی راستەقینەی فۆرمە هەمەکیەکانیان رەتکردەوە، هیۆلی و ناوەرۆکیان بە گرێیەکی توند بەیەکەوە بەستەوە، جگە لەبوونی خودا بڕوایان بە بوونێکی دی نیە، کە لەم دوو لایەنە پێکهاتبێت" (کەمال، ٢٠٠٢، ١١٤)، بەومانایەی ئەوان شوێن دوالیزمەکەی ئەرستۆ نەکەوتوون و بە تەواوی پشتیان بە ئینجیل بەستوە. لەلایەکی دیکەوە "دەبینین جەخت لەوە دەکاتەوە کە سنووری زانینی مرۆڤ و ئەوەی ئەقڵی مرۆڤ دەتوانێت درکی پێبکات سنووری جیهانی سروشتی تێپەڕناکا کە بە (تیۆلۆجیا- زانستی لاهوت) کۆتایی دێت و وایدادەنێت کە خوا بزوێنەری یەکەمینە، ئەم بۆچوونەیە مەودای تێگەیشتنی تۆماویەکان لەبارەی بوونەوە بە بۆچوونی ئەرستۆو گرێدەدات لەلایەکەوە، لەلایەکی دیکەشەوە بە بیروڕا باوەکانی سەدەکانی ناوەڕاست. بۆیە لەوباوەڕەدابوون کە دەتوانرێت

بوون وەکو هیولی (ماتریالی هەمیشەیی) ناسبکرێت کە ریشەو بنچینەی هەموو هەبووەکانە" (قادم،٢٠٠٣-٢٠٠٤، ١٦).

لە لایەکی ترەوە، لە رۆژهەڵات و لەناو ئایینی ئیسلامیشدا، چەندین بیرمەند بەهەمان تێڕوانینی تۆمایی و ئاگوستینیەکانی ناو ئایینی مەسیحی، هاتنە مەیدان، وەکو کیندی وفارابی و ئیبن سیناو...تاد. بە مەبەستی ئەوەی پەیوەندیی و رایەڵ لە نێوان ئایین و فەلسەفەدا دروست بکەن، هەروەها رەوتێکی نوێی ئایینناسی بێننەئاراوە، جیاواز لەوەی پێش خۆیان لەسەری رۆیشتوو. لە تەوەرەی داهاتوودا، وەکو پاشکۆیەک بۆ سەردەمی فەلسەفەی نوێ، بە سەربەخۆیی تیشکی دەخەینەسەر، بۆیە لێرەداو لەم تەوەرەیەدا، درێژە بە قۆناغی فەلسەفەی نوێ و دوای ئەم قۆناغە دەدەین و لە رۆژئاوادا، کە باوەشی بۆ قۆناغێکی نوێی فەلسەفی کردەوە، ئەویش فەلسەفەی هاوچەرخ بوو.

دوابەدوای ئەم فێرگانەو دوای تێپەڕینی سەردەمی تاریکیی کە بەهۆی شۆڕشە مەزنەکانی ئەوروپاو ئینگلتەراو لەسەردەمی ڕێنیسانسدا سەردەمێکی تازە هاتەکایەوەو سەرجەم کایەکانی گۆڕی و قۆناغ و سەردەمی جیاواز هاتنەئاراوە جیاواز لەوەی پێشتر لەئارادا بوون، شۆڕشی پیشەسازیی وشیارییەکی پێویستی هێنایە ئاراوە کە کۆتایی بەتاریکیی دەسەڵاتی کڵێسا هێنا. فەلسەفە لەم قۆناغ و سەردەمەدا بوژانەوەیەکی جۆریی بەخۆیەوە بینی و چەند فێرگەیەکی دیکەی فەلسەفی هاتنەکایەوە وەکو فێرگەی هۆشەکیی و فێرگەی هەستەکی یان فێرگەی ئەقڵانی و ئەزموونگەریی فێرگەی یەکەمیان بە رابەرایەتی(دیکارت) بوو(Rene Descartes-1650-1596) کە لەمێژوودا بە باوک و رابەری فەلسەفەی نوێ ناسراوە، فێرگەی دوەمیشیان (فرانسیس بیکۆن) رابەرایەتی دەکرد. دوابەدوای ئەمان چەندین فەیلەسوفی دیکە سەر بەهەردوو رەوتەکە هاتنە مەیدان و (لایبنیز و سپینۆزا) دیارترینی فێرگە هۆشەکییەکە بوون و ( بارکلی و جۆن لۆک و هیوم)یش لەفێرگەی هەستەکییدا ئەزموونیان هەبوو و پەرەیان بە بیرو تێڕوانینی ئەم فێرگەیە داو بەرەو پێشیان برد.

دیکارت بۆچوونێکی ئایدیالیستی لەمەڕ (بوون) خستۆتەڕوو، لەوەدا کە وەها لە بوونی مرۆڤی روانیوە کە بەهۆی هێزێکی میتافیزیکیەوە بڕیاری لەسەردراوەو هێنراوەتە بوونەوەو ناوەرۆکی پێش بوون داناوەو ناورۆکی مرۆڤیشی بە بیری ئادەمیزاد داناوە، کۆجیتۆکەی دیکارت کە دەڵێ:" من بیردەکەمەوە، کەواتە من هەم" (دیکارت، ٢٠٠٥، ٢١٧). بە بۆچوونی ئەو فەیلەسوفە "یەکەمین زانیاری لە درککردن لەرێگەی

هەستەکانەوە دەستدەکەوێ، لەگەڵ ئەوەی بەدەر لە هەستەکانمان ئێمە شتێکیین بیردەکەینەوە، بۆیە ئەوەی بە ڕوون و ئاشکرایی لە زەین و هۆشماندایە، راستییەکانن" (دیکارت، ١٩٨٨، ٢٦). وەکو ئەوەی بەهایەکی زیاتری بە کارە هۆشەکییەکان دابێت و زانیارییە هەستەکییەکانیشی لە ئاستێکی نزمتردا دانابێت، بەومانایەی هۆش لەئەقڵەوەو هەست لە دڵەوە یان هەستەوەرەکانی دیکەو خەیاڵەوەیەو پێگەی ئەقڵیی مرۆڤی بەرزتر نرخاندووە. لەلایەکی دیکەوە ئاماژە بە زانیارییەکی دیکە دەدات ودەڵێ "زانیارییە هەستەکیەکانمان نادروستترەو لە رێی ئەندێشەمانەوە دروست دەبێت، وەکو رووباری هەنگوین، ئەسپی باڵدار، کە لەراستیدا (واقع) نین و ئەندێشەیین ئەمەشی ناوناوە فانتازی(الافکار الوهمیة)" (کەمال، ٢٠٠٢، ١٢٠). دەروونیشی لە ئاستێکی بەرزدا داناوەو بە نەمری لەقەڵەمداوەو بە کۆڵەگەی بیرکردنەوەی داناوە. دەروون بریتی نیە لە ماتەریال، بەڵکو بیرکردنەوەو ویستە، بیرکردنەوە سنووردارەو زۆر بەردەوام نابێت، بەڵام ویست کۆتایی نایەت و سنوور نازانێت. دواجار"دیکارت سێ توخمی هەمیشەیی بۆ بوون دەستنیشان دەکات کە بریتین لە خواو دەروون و ماتریاڵ" (کەمال، ٢٠٠٢، ١٢٥). هەر سەبارەت بە بوونی توخم یان رەگەزی بوون، فەیلەسوفانی فێرگەی هۆشەکی نموونەی لایبنیز و سپینۆزا، روانگەیەکی دیکەیان نیشانداو جیاواز لەوانی دی توخمی دیکەی بوونیان دەستنیشانکردووە. لایبنیز، توخمی بوونی بە (مۆناد) ناوبردووەو بە سەرچاوەی بوونی داناوەو چەندین جۆری وەک مۆنادی خۆراکیی و هەستکەرەکان و گیانەکی یان هۆشەکی لێ دەستنیشان کردووەو " مۆنادی خوای بە گەورەو داهێنەر دادەنێت و دەڵێ ئەو مۆنادەکانی دیکەی دروستکردووەو هێزی ناوەکی پێبەخشیون و پڕیکردوون لە تواناو زانیاری، ئەم مۆنادە گەورەیەش دەتوانێت لەناویان بەرێت و تێکیان بشکێنێت" (کەمال، ٢٠٠٢، ١٢٧). هەرچی سپینۆزاشە دەروون و لەش بە بنچینەو پێکهاتەی سەرەکی مرۆڤ دادەنێت و بۆ پێکهاتەی خواش دەڵێ:"سروشت بەشێکە لە خوداو سروشت خوا نییە، بەڵکو بەشێکە لە خەسڵەتی جەوهەرە هەمیشەییەکەو بەبێ ئەو نابێت" (کەمال، ٢٠١٨، ١١٤)، واتە بۆچوونێکی سۆفیگەرییانەی لەوبارەیەوە هەبوەو بوونی هەموو شتێکی گەڕاندۆتەوە بۆ خواو مرۆڤی وەکو دەرکەوتووی جەوهەری یەکەم وێناکردووە. سەبارەت بە فێرگەی دوەمیش کە فێرگەی هەستەکییە ئەویش وەکو پێشتر ئاماژەی پێکرا لە ئەنجامی ئەو شۆڕشە مەزنانەی ئەوروپاو ئینگلتەرە لە سەردەمی رێنسانسدا روویاندا، بەرهەمەکەی ئەوەبوو کە تێڕوانین و بیروڕای

خەڵکی سەبارەت بە ئایین و کڵێسا بگۆڕێت و زانست بەرەبەرە جێی بە ئایین لێژدەکردو هێزە میتافیزیکەکان بە فیزیک وەڵامدەدرانەوە. لە ئینگلتەرە بەتایبەت بە ڕێنوێنی بیکۆن و هیۆم و لۆک و هۆبز ئەم گۆڕانکارییە دەبینرێت و شۆڕشێکی گەورەیان لەبەرامبەر ڕەوتە ئایدیالیستیە ئەفلاتۆنیەکە بەرپاکرد. ئەم کۆمەڵەیە پشتیان کردە درککردن و رووبانکردە ئەزموونە هەستەکیەکان و لە سروشتەوە بەرەو میتافیزیک رۆیشتن و زانیاریە زگماکیەکانیان رەتکردەوە. کردارە هەستەکییەکان لەپێش هۆشەکییەکانەوە کاری خۆیان ئەنجام دەدەن، واتە هەست پەیامی دەرەوە دەگەیەنێتە هۆش ئینجا هۆشی بە نۆبەتی خۆی بیر دروستدەکات. جۆن لۆک بوونی گەڕاندۆتەوە بۆ هێزێکی میتافیزیکی ئەگەرچی فەیلەسوفێکی هەستەکی بووە، پرسیویەتی " کامیان راستترە، ئایا ماتریال لە بیرەوە هاتووە یان بیر لە ماتریاڵەوە هاتووە؟ بێگومان بوونەوەری هۆشەکی پێش بوونەوەری ناهۆشەکی دەکەوێت" (کەمال ،٢٠٠٢، ١٤١).

بارکلی و هیومیش دوای لۆک هاتن و بۆچوونەکانی لۆکیان رەتکردەوە، بەومانایەی ئەو پایەو بنەمایانەی لۆک وەک سەرچاوەی زانین دایبابوون ئەوان رەتیان کردنەوە، لۆک خود و بیرو ماتریالی وەکو بنەمای زانین دانابوو، بارکلی ماتریال و هیومیش خودی رەتکردەوە."هۆبزیش فەیلەسوفێکی دیکەی هەمان فێرگەیەو بوونی گەڕاندۆتەوە سەر ئەتۆمەکان و بڕوای بە بوونی خوا نەبووەو پشتی بە هەستکردن بەستوە" (کەمال ،٢٠٠٢، ١٤٨-١٤٩).

## ١-٢-٤: سەردەمی فەلسەفەی هاوچەرخ

سەردەمی فەلسەفەی نوێ کە لە سەدەی یانزەوە دەستپێکردو تاوەکو کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەو ناوەڕاستی سەدەی بیست بەردەوامی هەبوو، دوای ئەوە سەردەمی فەلسەفەی هاوچەرخ هاتەئاراوە، کە بناغەکەی لە شۆڕشە یەک لەدوای یەکەکانی ئەوروپاو ئینگلتەرەدا دەبینێتەوە، لەوکاتەوە کۆمەڵێک گۆڕانی ریشەیی بەسەر بیروبۆچوونی فەیلەسوفاندا هات لەهەمبەر مەسەلەی مرۆیی و هەروەها مەسەلەی بوون و ئازادی و سەربەخۆیی مرۆڤ و چەندین فێرگەی فەلسەفی هاتنە ئاراوە، کە دیارترینیان فێرگەی پراگماتییکی (المدرسة الواقعية) کە جون دیوی و ولیەم جەیمس رابەرایەتیان کردوەو فێرگەی بوونگەرایی نیچە هایدیگەرو جان پول سارتەر و لە رابەرە دیارەکانی بوون، ئەگەرچی لەسەدەی نۆزدەدا لەلایەن کێرکیگۆرەوە بناغەکەی

داڕێژرابوو، فێرگەی بوونیادگەریی لەلایەن لیڤی شتراوس و دیسۆسێرو لاکانەوە دروستبووە.

ئەوەی لێرەدا پەیوەستە بە بابەتەکەی ئێمەوە، بەکورتی و بەپێی توانا تیشک دەخەینە سەری، کە بریتیە لە فێرگەی بوونگەرایی و سەردەم و قۆناغ و ڕێنوێنیکەرانی تێدا باسدەکەین.

بەهۆی زۆریی بیروڕای فەیلەسوفانی بوونگەراو جیاوازی بیروبۆچوونیان لەمەڕ فەلسەفەی بوونگەرایی بەئاسانی ناتوانرێ بەشێوەیەکی کۆنکریتی پێناسەیەک یان قاڵبێکی تەواوو یەکجارەکی بدرێت بە فەلسەفەی بوونگەرایی، چونکە فەلسەفەکە جۆرێک لە ئازادی دەخوازێت بۆ گەیاندنی پەیامەکەی، واتە دژی چوارچێوە پێدان و لەقاڵبدانە، بەڵام دەکرێ بەگشتی لەوەتێبگەین کە بوونگەرایی"بریتییە لە شێوازێکی بیرکردنەوەی فەلسەفی یان فەلسەفاندن (تفلسف) سەبارەت بە بوونی مرۆڤ (Existence)" (بەرزنجی، ٢٠٠٦، ٧)، کە بوونی مرۆڤ و خودی مرۆڤ و دیوی ناوەوەی مرۆڤ دەگرێتەخۆو ڕەخنەی بیرکردنەوەی فەلسەفیانە دەکات و بەشێوازێکی فەلسەفی لێی دەکۆڵێتەوە، پشتبەستوو بەوەی کە مرۆڤ تێکەڵەیەکە لە ئەقڵ و ژیریی و هەست وسۆزو ویژدان. کێرکیگۆری دانیمارکی ئەم فەلسەفەیەی وەکو "ئاقارێک بۆ دامەزراندنی فەلسەفەیەکی خودی" (عەبدولعەزیز، ٢٠٠٥، ١٤) داناوە، لەلایەکی دیکەوە هەندێ فەیلەسووفی دیکەی بوونگەرا پێناسەی چەند فەیلەسوفێکی ئەم فەلسەفەیە ڕەتدەکەنەوە بۆ نموونە:"بیردیاییڤ و یاسپرس پێناسەی هایدیگەرو سارتەر ڕەتدەکەنەوە، بەرای ئەوانە ئەم دوانەی دوایی ویستوویانە زاستێک بۆ بوون (Ontologie) دابمەزرێنن، بەم کارە بوون دەبێتە بابەتێک بۆ بیر، کە ئەمەش مەسەلەیەکە فەلسەفەی بوونگەرایی ڕەتیدەکاتەوەو نایەوێت" (عەبدولعەزیز، ٢٠٠٥، ١٤) تەوژمی ئەم فەلسەفەیە بەتەواوی لەدوای جەنگی جیهانی دووەمدا تاوی سەند، ئەگەرچی لەسەدەی نۆزدەدا فەیلەسوفی دانیمارکی کیرکیگۆر بە سەرمەشقی فەلسەفەی بوونگەرایی لەقەڵەمدراوە، بەڵام لەبناغەدا لەسەدەی شەشەمی پێش مەسیحەوە بەرلە سوکراتیش لەلایەن پارمەنیدسەوە باسکراوەو لەرێی قەسیدە درێژەکەیەوە خراوەتەڕووو باسی ئەوەیکردوە "بوون هەیەو نەبوون نییە" (کەمال، ٢٠١٨، ٢٨)، ئەمەش لەرێگەی هەستەکانەوە پەی پێنابرێت، بۆیە خەڵک بڕوا بە گۆڕان و سەیرورە دەکەن، مرۆڤ دەبێ لەرێگەی ئەقڵی رووتەوە بگاتە راستی یەکجارەکی کە (بوون)ە، بەم شێوەیە پارمەنیدس بوو بە دامەزرێنەری میتافیزیکا. سوکراتیش لەدوای ئەم کە بە باوکی فەلسەفە دادەنرێت و

توانراوە وەکو فەیلەسوفێکی بوونگەرا سەیربکرێ، چونکە رووگەی فەلسەفەی لەسروشتەوە گۆڕی بۆ لێکۆڵینەوە لە مرۆڤ و بە پێویستی زانی بڵێت ئەی مرۆڤ خۆت بناسە. بەپێی بۆچوونی هەندێک لە خاوەن بیرەکانی مەسیحییەت، بنچینەی پەیدابوونی بوونگەرایی لە تەورات و ئینجیلەوەیە، بەتایبەتی لەو ریفۆرمە ئایینییەی مارتن لۆتەر دەستیپێکردو لەهەوڵدابوو مەسیحییەت بگەڕێنێتەوە سەر شێوە روونەکەی خۆی، ئەمەش لەرێگەی زیندوو کردنەوەی نارەزایەتی پێغەمبەران کە لە تەورات و ئینجیلدا باسکراوە، روونتر بڵێین"لۆتەر دژ بە سیستمی بە پیرۆز راگرتن و رووکەشبازی وشکی سیستمی کڵێساو گەندەڵی ئایین دەوەستێتەوەو لەبری ئەوانە بەرگری لە هەڵبژاردن و ئازادیی مرۆڤی مەسیحی و بەرپرسیارێتی بوونی تاکەکەس لەناو کۆمەڵگای مەسیحیدا دەکات....ئەم بۆچوونەشی توخمێکی بوونگەرایانەی زۆر روونە لە دەستوورەکانیدا" (ماکواری، ٢٠٠٧، ٧٥). گەرچی ئەم کارەی پیاوانی ئایینی و تەنانەت ریفۆرمخوازانی ئایینی مەسیحییەتیش لەرێگەی بەڵگەی ئەقڵیی و لۆژیکییەوە نەخراوەتەڕوو، بەڵکو تەنها لەرێگەی باوەڕهێنانەوە پەیامی خۆیانیان بە خەڵکی راگەیاندوە. کاریگەری مێژووییش لێرەو لەوێ هەبوون بۆ پەیدابوونی فەلسەفەی بوونگەرایی کە بە هۆکاری مێژوویی دادەنرێن، لەوانە "جەنگە جیهانییەکان و، ئەو نەهامەتی و مەینەتی و ماڵوێرانی و قەیران و تەنگژانەی کە دووچاری مرۆڤ بوون" (عەبدولعەزیز، ٢٠٠٥، ٢٠). تێکڕای ئەمانە مرۆڤیان بۆ ئەو ئاقارە پەلکێشکرد کە بیرلە چارەنووسی خۆی بکاتەوەو لەبیرکردنەوەی رووت خۆی بپارێزێت.

مرۆڤ لەنێوان جۆری فەلسەفەکاندا جیاواز دەردەکەوێت، بۆنموونە لەفەلسەفە نوێکانی وەکو بوونگەرایی و ئەزموونگەراییدا جیاواز مرۆڤ دەخوێننەوە، "بوونگەرایی لە مرۆڤ ناکۆڵێتەوە بەو سیفەتەی حاڵەتێکی ئەزموونگەرایانەیە لە حاڵەتەکانی بوونی مرۆیی، بەڵکو ئەو بایەخ بە بوونی مرۆیی دەدات بەشێوەیەی کە لە بوونیادە بنەڕەتییەکەیدایە" (ماکواری، ٢٠٠٧، ٣٨)، لەبەرامبەردا فەلسەفەی ئەزموونگەریی بەهۆی رەهەندە ئەبستراکت و بابەتییەکەیەوە ئەو واقیعەی مرۆڤ هەیەتی تێکیدەشکێنێت و شیتاڵ شیتاڵی دەکات. کەواتە بەدرێژایی مێژوو لە فەلسەفەی کۆن و نوێدا مرۆڤ تەوەربووە. لەگۆشەیەکی دیکەوە، فەیلەسووفانی رۆژئاوا جیاواز لەیەکتر لەبارەی بوون و دیاردەو بابەتییەتی شتەکانەوە دواون، بۆ نموونە"هەریەک لە کانت و هۆسرل و هیگڵ بەشدارییانکردوە لە دۆزینەوەی پەیوەندی

نێوان جیهانی خود و جیهانی بابەت، کە کانت لە دابەشکارییەکەیدا بۆ بوون کردبووی بە جیهانی دیاردەکان (فینۆمینە)و جیهانی شت لەخۆیدا (نۆمینە)، پێیوابووە کە جیهانی دیاردەکان ئەو جیهانەی ئێمەیە کە تیایداین و درکی پێدەکەین، دواتر هاتن دوەمیان رەتکردەوە بەتایبەتی هیگڵ گەیشتە ئەو راستییەی کە جیهانی هەستپێکراو جیهانی ئایدیاکانی ئێمەیە لەبارەی دیاردەکانەوە، گوتی بوون بریتیە لە بیرو بیریش بریتیە لە بوون" (عەبدولعەزیز، ٢٠٠٥، ١٧)، بەڵام بەگشتی فەلسەفەی بوونگەرایی کاتێک دێتە مەیدان دژ بە رووگەو سیستمی ئەقڵگەراکان و سیستمەکەی هیگڵە، چونکە "بوون بۆ هیگڵ بووە بە ئاگامەندی و جیهانی دەرەکیش زادەی بیری ئاگامەندییەو راستەقینەیەکی سەربەخۆ نییە. ئەوەی هەیە ئاگامەندی و دیاردەکانی ئاگامەندییەو بزوتنەوەی دیالیکتیکیش بزوتنەوەیەکی ئاگامەندانەیە" (کەمال، ٢٠٠٤، ٢٧). سەرەتای ئەم فەلسەفەیەش لەلایەن سورین کیرکیگۆرەوە(١٨١٣-١٨٥٥) رەنگڕێژکرا کە لەشوێنی بابەتگەراییدا خودگەرایی دامەزراند، کە باوەڕێکی تەواوی بە ئەقڵی رەها هەبوو و پێیوابوو کە هەرچی لەبووندا هەیە بە پەیوەندییەکی لۆژیکی بەیەکەوە بەستراون و پێیوابوە کە مێژووی مرۆڤایەتی بێ مانایە گەرلە چوارچێوەی بیرۆکەی رەهادا نەبێت کە رۆحی رەها یان خوایە. فەلسەفەی کیرکیگۆر بەوە ناسراوە کە "فەلسەفەی بوونەوەری تاکە نەک فەلسەفەی بوون" (بەرزنجی، ٢٠٠٦، ٩) بوون وەکو هەڵبژاردن لێکدەداتەوەو ئەو ناوەرۆک و ماهیەت هەڵدەبژێرێت و بە نیگەرانیی و سەرکێشیی دەزانێت. ئاستەکانی بوون لای ئەو بریتین لە ئاستی جوانی، بوونەوەر تیایدا بەدوای چێژەکانیدا وێڵەو ئاستی ئاکاری کە بوونەوەر تیایدا ئاکارگەرا دەبێت و ئاستی سێیەمیش ئاستی ئایینی(سۆفییانەیە) ئەمە بەرزترینیانە، لەبەرئەوەی بوونەوەر تیایدا رووبەڕووی خوا دەبێتەوە" (بەرزنجی، ٢٠٠٦، ٩).

دوای کیرکیگۆر، فریدریک نیچە(١٨٤٢-١٩١٠) سەرچاوەیەکی دیکەی بوونگەراییە، پێیوابوو ژیان مانای هێزو ئیرادە دەگەیەنێ و مرۆڤ هەمیشە دەبێ لە هەوڵی ئەوەدا بێت بەرەو باڵایی هەنگاو بنێت، جیاواز لە بەهاکانی ئاکاری مەسیحیەت، دەیگوت مرۆڤ دەبێ لە هەوڵی خۆ پەروەردەکردندا بێت و ئامانجی بوون بە مرۆڤی باڵای هەبێت، چونکە کاراکتەری سەرەکی دروستکەری مێژوو تاکەکەسی باڵایە نەک مێگەل(عەوام)،"نیچە بایەخی بە چۆنیەتی دەرچوون لە مەسیحیەت ئەدا، لەبەرئەوەی بە بۆچوونی نیچە، ئیمانی مەسیحی خۆکوشتنێکی لەسەرخۆی ئەقڵە" (ماکواری، ٢٠٠٧، ٨٤).

لەدوای نیچە هایدیگەر(١٨٨٩-١٩٧٦) لەرێی نووسینەکانیەوە کە دیارترینیان (بوون، بوون وکات، ئۆنتۆلۆژیای بوون)ن و بەتەواوی تان و پۆی بوونگەرایی خستەڕوو. "هایدیگەر لە(ئۆنتۆلۆژیای بوون)دا سوودی لە فینۆمینۆلۆژیاکەی هۆسرل وەرگرت و بەسەر حاڵەتی (دازایین- بوون لەوێ یان لێرە)دا پراکتیزەی کرد. بوون لای هایدیگەر بوونە لە جیهاندا لەگەڵ بوونێکی باڵاو هەروەها کەوتن دەگرێتەوە" (بەرزنجی، ٢٠٠٦، ١٢). لەجیهاندا مرۆڤ بەبێ ئەوەی دەستی هەبێت هاتۆتە دونیاوەو بوەتە جیهانی تایبەتی خۆی، لە باڵاییشدا بوون خۆی لەتێپەڕکردنی خودی خۆیدا زۆرجار دەیەوێ ڕێچکەکەی بگۆڕێت، بەڵام دەگەڕێتەوە هەمان جیهانی تێیدایە، بەومانایەی هەندێجار مرۆڤ دەیەوێ لە بەرپرسیارێتی رابکات و دەیداتە دەورووبەر، دواجار هەردەگەڕێتەوە نێو قاڵبەکەی خۆی. دەبێ ئەوەش بگوترێت کە مرۆڤ کاتی هەیە، واتە بوونێکی کات دیاریکراوی هەیەو بە مەرگ کۆتایی دێت، کە لەدەستی مرۆڤدا نیە، بەڵکو قەدەرەکەیەتی، واتە کاتێک مرۆڤ دەفامێ بەرپرسیارە لە دروستکردنی مێژووی خۆی. لەبارەی کەوتنیشەوە بەومانایە دێت کە واتای کەوتنە دونیای مرۆڤەو بوونێکە لە جیهاندا (بوونی رەسەن و بوونی نارەسەن).

جان پۆل سارتەر(١٩٠٥- ١٩٨٠) کە کەوتبووە ژێرکاریگەری هایدیگەرو هۆسرلەوە، پێیوابوو بوون لەپێش ماهیەتەوەیە، دەیگوت مرۆڤ کاتێک دێتە جیهانەوە سەرەتا وەک بوون دەبینرێت، دواتر کارو کردەوەکانی ماهیەتی مرۆڤەکە دەردەخەن وخۆی دروستی دەکات، پێیوابوو گەرچی ئازادە، بەڵام بەرپرسیاریشە بەرامبەر بە خودی خۆی تاوەکو بوونێکی سەربەخۆو دیاری هەبێت و نموونە بێت. لای سارتەر بوون بە دووشێوە خۆی دەنوێنێت " بوون بۆ خۆی و بوون لەخۆیدا. ئادەمیزاد بوونە بۆخۆی، لەبەرئەوەی بوونی خۆی هەڵدەبژێریت و دەیخولقێنێت، بەڵام بۆ نموونە، دارێک بوونە لەخۆیدا، لەبەرئەوەی بوونی خۆی هەڵنابژێرێت. پاشان بوونی مرۆڤ بوونێکە لەگەڵ ئەوانیتردا، ئەم پەیوەندییەش پەیوەندییەکە بەردەوام ململانێ بەسەریدا زاڵە" (بەرزنجی، ٢٠٠٦، ١٤) شایانی باسە، سارتەر لەرێگەی کارە ئەدەبییەکانیەوە چەمکەکانی فەلسەفەو روئیا فەلسەفیەکانی رەنگیاندابۆوە، جگە لە کتێبە فەلسەفیەکانی کە راستەوخۆ بیروڕای بوونگەرییانەی خۆی بوون، بەناوبانگترینیان (بوون و نەبوون، ئۆنتۆلۆجیای فینۆمینۆلۆجیا، بوونگەرایی رێبازێکی مرۆڤدۆستانەیە، رەخنە لە ئەقڵی دیالیکتیکی..).

فەیلەسوفانی بوونگەرا لە هەڵوێستیاندا بەرامبەر بوونی خوا دابەشبوون بەسەر دوو کۆمەڵەدا، کۆمەڵەی یەکەم یان تەوژمی یەکەم کیرکیگۆرو یاسپرس نوێنەرایەتی دەکەن پێیانوایە " شیکردنەوەی بوونگەرییانە بە هەقیقەتێکی سەرتاپاگیرمان ناگەیێنێت" (عەبدولعەزیز، ٢٠٠٥، ١٦)، کە ئەمانە باوەڕدارەکانن، سارتەرو هایدیگەریش نوێنەرایەتی کۆمەڵەی دووەم دەکەن و بێباوەڕەکانن و هەموو هەوڵێکیان لەوەدا چڕکردۆتەوە تاوەکو زانستێک بۆ بوون (Ontologie) دابمەزرێنن. نابێ ئەوەش لەیادبکرێت کەهەوڵی دۆزینەوەی ئەم زانستەدا فەیلەسوفی گەورەی ئەڵمان (ئیدمۆند هۆسرڵ) لەرێی دیاردە ناسیەکەیەوە (فینۆمینۆلۆژیا) فەلسەفە بوونگەرایییەکەی هایدیگەرو سارتەری لەسەر بنیادنراو بیری بوونگەرایی کردە سیستمێک، " گەرچی هۆسرڵ خۆی بوونگەر نەبوو لە بنچینەگەلێکی تری جگە لە بنچینەکانی فەلسەفەی بوونگەرییەوە هەنگاو هەڵدەگرێت و قوتابی دیکارت و کانت بووە" (عەبدولعەزیز، ٢٠٠٥، ١٧).

## ١-٣: بوون و نەبوون لەروانگەی فەیلەسوفانی ئیسلامەوە

هەموو ئایینەکان بەشێوەیەکی گشتی بۆ وەڵامی پرسیاری بوون چییە؟! هاتوونەتە کایەوە، واتە پرسیارکردن لەبارەی جوڵێنەری بوون و سەرەتاو کۆتایی بوون. ئایین بوون وەک رەها دەبینێت و بەدوای سەلماندنی بووندا دەگەڕێ لەرێگەی باوەڕەوە پێچەوانەی فەلسەفەو زانست کە بۆ سەلماندنی تیۆرەکانیان رێگای جۆراوجۆری لۆژیکیان گرتۆتەبەر. فەلسەفەی ئایینەکان کە لقێکی فەلسەفەیە هەوڵدەدات " لێکدانەوەی فەلسەفیانە بۆ ئایین بکات، بۆیە هەمان خاسیەتی فەلسەفە وەردەگرێت و هەمەکیی و رووتە لەهەمانکاتتدا رەخنەییە ( پەیوەندی ئایین بە جۆری مەعریفەکانی وەک فەلسەفەو زانست دیاریدەکات ) هەروەها (لە چەمکی رووت پێکدێت کە ئایین پشتیان پێدەبەستێت ) و ( لە باشیی و خراپی بۆچوونی خەڵک سەبارەت بە ئایین پێکدێت" (خلیل، ٢٠٠٥، ٢٣)، دەگوترێ فەلسەفە تەواو لە ئایین جیاوازەو ناکرێ بە تەولە رێگایەکیش بچنەوەسەر یەکدی. بەڵام چەندین زانای ئایینی وەک ئەوەی مێژوو باسیان دەکات چ لە ئایینی مەسیحییداو چ لە ئایینی ئیسلامیشدا ویستوویانە پەیوەندیی و رایەڵە لەنێوان ئەم دوو جەمسەرەدا دروست بکەن و لە هەردوولادا رووبەڕووی ناڕەزایی بوونەتەوە، لە سەدەکانی ناوەڕاستتداو دوای لاوازبوونی فەلسەفەو زاڵبوونی دەسەڵاتی کەنیسە،

کاتێک قەشە ئاگوستین دوای ئەویش توما ئەکوینی کەهەریەکەو بەجیا و بەگرتنەبەری دوو تەوژمی جیای فەلسەفەی یۆنانی و لە نێویاندا ئەفلاتونی و ئەرستۆییان گرتەبەر بەئامانجی ئەوەی بۆ خەڵکی روون بکەنەوە کە دەتوانرێ فەلسەفەو ئایین تێکەڵاو بکرێن و سەلماندنی نزیکیی فەلسەفەو ئایین. فەلسەفەی ئیسلامیش کەخۆی لەژێر کاریگەری فەلسەفەی یۆنانیدا هاتۆتەکایەوەو بەهەمان شێوە گومانی تێدا نییە کە زانایانی سنووری دەسەڵاتی ئیسلام لەرێگەی دەسکەوتنی دەق و نووسراوەکانی ئەرستووەو وەرگێرانیان بۆ زمانی عەرەبی، هەوڵدراوە خوێندنەوەیەکی فەلسەفیانە بۆ ئایینی ئیسلام بکەن لەناو بابەتەکانیشدا بابەتی بوون، کە لەنێو فەلسەفەدا بە فەلسەفەی یەکەم دانراوەو بە میتافیزیک ناسراوە. لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە لەچەند رێگەیەکەوە زانایانی ئیسلام هەوڵیانداوە لێکدانەوەکانی ئەرستۆ بۆ مەسەلەی بوون بەدیوێکی تردا لە ئاییندا بدۆزنەوە، واتە پشت بەستوو بە فەلسەفەی ئەرستۆ، بەڵگەیان بۆ بوون و نەبوون هێناوەتەوەو بوونەتە چەند جەمسەرێک و بەپێی قۆناغ و کاریگەربوونیان بە فەلسەفەی رۆژئاواوە بیروڕای خۆیانیان باسکردوە، بەڵام ئەمەش بیریارە موسڵمانەکانی تووشی پرسیارو گومانی زیاتر کردووە، چونکە ئەوان نەیانتوانیوە بەتەواوی لەگەڵ فەلسەفەکەی ئەرستۆدا هەڵبکەن، کە لە بارەی بوونەوە دەیگوت" ئەگەر خوا ماتەر ئافەرید بکات، ئەوا دەبێ لە بوونی خۆیەوە بیهێنێتەکایەوە. بەڵام بوونی خوا، فۆرمی پەتییەو ماتەری لێوە پەیدا نابێت، کەوابوو خوا ماتەری لە ماتەرێکی دیکەوەو لەدەرەوەی بوونی خۆیدا ئافەرید کردووە، ئەم بۆچوونەش نادروستە، چونکە ئەگەر ماتەر هەبێت پێویست ناکا ماتەری دووەم ئافەرید بکرێت." (کەمال، ٢٠١٩، ٢٤٢)، لەبەرئەوەی ئەم بۆچوونە لەگەڵ دیندا نەگونجاو بوو، هەروەها لەگەڵ بیری ئەرستۆشدا نەدەهاتنەوە، ئەمە فاکتەرێک بوو تا بیریارە موسڵمانەکان هەوڵی دۆزینەوەی ئەڵتەرنەتیڤێک بدەن، بۆ ئەمە بیری ئەفلاتونیزمی نوێیان وەکو رێگای سێیەم هەڵبژارد کە بە رارەوی رێژەنگەری ناسراوە." لە رێژەنگەریدا، جیهان، بەو جۆرەی دۆگمای دین بۆی دەچێت لە دینەوە پەیدا نەبووەو لە بوونی خواوە دەرچووە. لەلایەکی دیکەوە، مادام جیهان رێژەن بووەو بەرجەستەبوونی خودایە، یاخود رووداوەو رووداویش سەرەتای هەیەو لەنێو کاتتدایە. ئەم راڤەکردنە بۆ پەیدابوونی جیهان لەگەڵ دۆگمای دیندا کۆکە" (کەمال، ٢٠١٩، ٢٤٣).

هەر لەسەرەتای بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلامەوە وەکو ئاماژەی پیدرا، کێشەی بوون پانتاییەکی فراوانی گرتوەو لەچوارچێوەیەکی مەعریفی تایبەتەوە لەبوون تێگەیشتوون، ئەمەش بەڕوونی لە تێڕوانیاندا بۆ بوون دەرکەوێت.( هەندێکیان لەوانە (کیندی ٨٠٥-٨٧٣ز) بۆجۆرێک بوونی لێکداوەتەوە وەک ئەوەی مانای پەیوەندی نێوان هۆکارو بەرکار (العلة و المعلول)بێت و بە تێگەیشتنی خۆی لێکدانەوەی بۆ پەیوەندی نێوان خواو جیهان کردوەو پێگەی هۆکاری بەرزتر لە بەرکار داناوە) (قادم،٢٠٠٣-٢٠٠٤، ١٦)، کیندی زۆر ستاییشی فەلسەفەی کردوەو بە پلەی باڵای زانینی داناوەو یەکەم کەسە هەوڵی گونجاندنی فەلسەفەو ئایینی داوە. ئەمیش میتافیزیکا دەکاتە هەقیقەتی یەکەم کە سەرچاوەی هەموو هەقیقەتێکە. "کیندی، وەک ئەرستۆ، لە میتافیزیکادا لێکۆڵینەوە لەبابەتی ئەو هۆکارانە دەکات، کە بۆ چوار هۆکار دابەشیان دەکات: رەگەز واتە مادده، شێوە، بکەر، دواجار ئامانج یان تەواوکار، ( ئەوەی لەپێناویدا شتەکە دروست بووە) " (ئیمام، ٢٠١٥، ٢١٩)، واتە زانینی هۆکاری بە باشترو باڵاتر داناوە لە زانینی بەرکار.

فارابی(٨٧٠-٩٥٠ز) هەوڵیداوە ئەو گرفتە فەلسەفییە ئاڵۆزە چارەسەر بکات کە خۆی لە پەیوەندی نێوان کرۆک و بووندا دەبینێتەوە. لەلای فارابی بوون دووشیوەی هەیە، ئەوانیش بوونی پێویست (واجب الوجود) و بوونی شیاو (ممکن الوجود)ن، بەم پێیە لە بوونی شیاودا بوون پێویستی بە هۆکارێک دەبێت کە مەبەست لە گەردوونەو لە بوونی پێویستیشدا بوون پێویستی بە هۆکار نییە بۆ بوونی، چونکە خۆی تەواوو کامڵەو لە ئەزەلەوە هەبووەو نەگۆڕە. " مانای هەبووی پێویست، لە خودی خۆیدا بەڵگەی ئەوە هەڵدەگرێت، کە ئەو دەبێت یەک بێت و هاوبەشی نەبێت، ناوی ئەم هەبووە یەک و یەکەمەش دەنێین (خودا )" (ئیمام، ٢٠١٥، ٢٢٢).

ئیبن سینا(٩٨٠-١٠٣٧ز) فەیلەسووف و ماتماتیکزان و پزیشک، بە شێخی سەرۆک ناسراوە، فەلسەفەی لە باڵاترین ئاستی مەعریفەدا داناوە، زۆر هەوڵی داوە ئایین وەکو فەلسەفە بە لۆژیک مامەڵەبکات، نەک هەر لەرێگەی بڕواوە وەکو ئەوەی ئایین لەسەری دەڕوا. تایبەتتر بایەخی تایبەتی داوە بە" بابەتی فەلسەفەی یەکەم کە بریتییە لە بوون، ئەو بوونەی هەیە، ئەو خەسڵەتە خودییانەی بوون کە پەیوەستن پێوەی وەکو ئەوەی هەیە، چەشنی یەکتایی و فرەیی و هۆکاریی و هی تریش. بوون یان ناوەرۆکە کە تەنها خودی خۆیەتی و لەگەڵ هیچی دیکەدا نییە، یانیش رواڵەتە کە لەگەڵ شتی دیکەدا دەردەکەوێت و بەتەنها خۆی

نییە. نموونە بۆ ئەوەی یەکەمیان وەکو مرۆڤ و ئەسپ و گوڵ و بۆ دوەمیش وەک رەنگ و قەبارەو کات و شوێن ...تاد" (بدوي، ١٩٨٤، ٤٥). وادەرکەوتوە ئیبن سینا بە ئاراستەی ئەرستۆ، هاوفیکر لەگەڵیدا رۆیشتوەو وەک زاناکانی دیکەی پێشخۆی هەمان پێناسەی بۆ بوون دووبارە کردۆتەوە کە لە پێناسەکەی ئەرستۆ بۆ بوون لاینەداوە، واتە بوون وەک میتافیزیکا زانستی یەکەم یان فەلسەفەی یەکەمەو پێیوابوە کە میتافیزیکا " ئەو بوونەیە خود بەخود پێویستە هەبێت، ئەم بوونە یەکە، چونکە هەبوویەکە هاوشێوەی نییە، یان هەبوویەکە بەشی نییە، ( هەقیقەت) و چاکەی پەتییە، لەیەک کاتدا ئەقڵ ئاقڵ و ماقووڵە (بەئەقڵ دەرکپێکراوە)، ئەو دەرک بەخۆی دەکات، کەواتە ئەو لەخۆیدا ماقوڵ و ئاقڵە" (ئیمام، ٢٠١٥، ٢٢٤). بڕوای رەهای ئەو بە میتافیزیکاو وردتر بڵێین، رۆیشتنی بە ئاراستەی ئەرستۆیانەی ئەو فەیلەسووفە وەکو وێستگەیەکی گرنگ بۆ فەلسەفەکەی دادەنرێت، چونکە وەکو پێشتر باسکراوە، سەرەتاو دەسپێکی فەلسەفە فەلسەفەی یۆنانییە، دواتر ئەوانی دوای خۆیان بیروبۆچوونی فەلسەفییانەی خۆیان لەسەر بنچینە بۆدارێژراوەکەی ئەوان دەربڕیوەو کاریان لەسەر کردووە. بۆیە دەتوانین بڵێین، ئیبن سینا ئەقڵگەراییەکەی کردۆتە پێش مەرجی قسەکردنی لەسەر بوون و لەڕێگەی ئاوەزەوە دیبەیتی لەگەڵ بەرامبەردا کردووە.

زاناو فەیلەسوفێکی دیکەی ئیسلامی ئیبن روشد (١١٢٦-١١٩٨ز)ە، لەرێگەی لێکدانەوکانیەوە بۆ شەریعەتی ئیسلام ناوبانگێکی زۆری پەیداکربوو تەنانەت بووەتە سەرچاوەی فەیلەسووفانی رۆژئاوا، کەتیایاندا بیروبۆچوونەکانی قبووڵبووەو هەشیانبووە رەتیکردۆتەوە، لەنێو ئایینی ئیسلامیشدا بەهەمانشێوە. پێگەی ناسراوی لە بواری فەلسەفەو هاتنەدەستی بۆ وەڵامدانەوەی ئەو فەتوایانەی لەبارەی فەیلەسوفانی ئیسلامەوە دەدران و تەکفیریان دەکردن. لەوانە ئیمامی غەزالی بوو، کە کتێبێکی بەناوی (تهافت الفلاسفة) نووسی و ئیبن روشدیش بە (تهافت التهافت ) وەڵامی داوەتەوە. ئیبن روشد لێکدانەوەی فەیلەسوف و زانایانی پێشخۆی بە باس و لێکۆڵینەوەی سادە ناوبردوون و پێیوابووە هیچیان نەیانتوانیوە رۆبچنە ناوەرۆکی فەلسەفەوەو شتی نوێی لێ هەڵێنجن تەنها گوتنەوەو دووبارەکردنەوەی قسەکانی پێش خۆیان بوون، بەڵام ئیبن روشد لەرێگەی بەرپەرچدانەوەی ئیمامی غەزالییدا چەندین پرسی گرنگی لەبارەی بوونەوە خستوونەڕوو، لەوانە:

" ١-دێرینی و هەربوویی گەردوون
٢-زانینی خودا بۆ هەندەکییەکان
٣-نکوڵیکردن لە زیندووبوونەوەی جەستە" (خليل، ٢٠٠٥، ٣١-٣٢)،

ئەمەش بەپێی ڕێسا ئاسمانییەکان لە نێویاندا ئایینی ئیسلام، تەواو پێچەوانەیە. لێرەدا بەکورتی ڕوونیاندەکەینەوە:

١-دێرینی و هەربوویی گەردوون: ئیبن روشدیش وەکو ئەرستۆ باسی دێرینی گەردوونی کردوەو بێ سەرەتایەو هاوکاتە لەگەڵ بوونی خودا، وەکو "هاوکاتی بەرکار بۆ هۆکار، ڕووناکی بۆ خۆر" (ئیمام، ٢٠١٥، ٢٢٦)، واتە خودا هۆکارەو گەردوون بەرکار. گەر بڕیاربێ خودا دروستکەری گەردوون بێ ئەوا وەکو بکەرو هۆکارو دەسەڵاتی ڕەها ڕۆڵی دەبێت. بەڵگەش بۆ چەمکی(کۆنسێپتی) هۆکارو بەرکاری خوداو گەردوون کە لە کتێبی دەروازەیەک بۆ میتافیزیکای ئیمام عەبدولفەتتاح ئیمام ئاماژەی پێدراوەو عەبدولرەحمان بەدەوی ڕوونیکردۆتەوەو تیشکی خستۆتەسەر:"

١-مەحاڵە سەرەتادارێک لە بێ سەرەتایەکەوە دروست ببێت.

٢-گەر خودا بە کات لەپێش گەردوونەوە بێت، مانای وایە کاتێکی دیکەش هەیەو ئەمەش ناگونجێ.

٣-گەردوون شیاوە بۆ بوون و هەمیشەش هەر هەبووە.

٤-هەر هەبوویێک ماددەیەک لەپێشیدا دەبێ هەبێت تاوەکو پەیدا ببێت، ئەمەش واتای ئەوەیە هەبوونی ماددە دێرینەو گەردوونیش هەر هەبووە." ( بدوي، ١٩٨٤، ٣١). وەکو هەر فەیلەسووفێکی دیکەی بواری ئۆنتۆلۆژیا کۆمەڵێک ئاماژەی ئاشکرای تێدایە کە سەرچڵی ئیبن روشد دەردەخەن، چونکە بۆچوونەکانی زانستیین و لەگەڵ بیروباوەڕی ئایینییدا دژواز هەڵدەکەون، لەم بەڵگەیەدا زێتر بۆچوونی ئیبن روشدو پوختەی فەلسەفەکەیەتی لەمبارەیەوە:" گەر جووڵەی تەنە ئاسمانییەکان —کەلەو جووڵانەوەیە سەریهەڵداوە- کردەی بوونێکی ئەزەلیی {خودا}بێت، بوونی خوداش لە ڕابردوویەکی دیاریکراودا نەبێت، پێویستە کردەکانیشی لە ڕابردوویەکی دیاریکراودا نەبێ" ( ئیمام، ٢٠١٥، ٢٢٧)، بەو مانایەی گەردوون لەخۆوەیەو سەرەتای دروستبوونی دیارنییە.

٢-زانینی خودا بۆ هەندەکییەکان:

ئیبن روشد زانینی مرۆڤ و زانینی خودای جیاکردۆتەوەو بە زانینی مرۆڤی گوتوە زانینی بەرکاری زانراوەکەو زانینی خوداشی ناوناوە هۆکاری زانراوەکەو لەهەمان کاتتدا فەیلەسووفان باسی زانینی هەندەکییەکان و هەمەکییەکانیان کردوەو لەبەرامبەردا ئیمامی غەزالی

ئەمەی بە هەڵە تەفسیرکردوەو فەیلەسووفانیشی بە کافر لەقەڵەمداوە. هەربۆیە ئیبن روشد بەرروونی وەڵامی داوەتەوە بەوەی کە" سەرچاوەی هەڵەکە لێرەدا دەگەڕێتەوە بۆ چواندنی زانینی خودای رسکێنەر بە زانینی مرۆڤ پێواندنی زانینێکیان بەوی دیکە. ئەمەش هەڵەیە لە چواندندا، لەبەرئەوەی زانینی خودا جیاوازە لە زانینی مرۆڤ ئەو فەیلەسوفانەی کە وتویانە خودا تەنها هەمەکییەکان دەزانێت و هەندەکییەکان نازانێت، هۆیەکەی ئەوەیە زانینی هەمەکییەکان ئەقڵە {بە ئەقڵ دەبێت} و زانینی هەندەکییەکان بە هەست و خەیاڵ." ( ئیمام، ٢٠١٥، ٢٢٨-٢٢٩).

٣-نکوڵیکردن لە زیندووبوونەوەی جەستە:

"لە شەریعەتی ئیسلامیدا هاتوە کە لەرۆژی دواییدا جەستەی مرۆڤەکان و کاروبارەکانیان زیندوو دەکرێتەوە لەلایەن خوداوەو لێپرسینەوەیان لێدەکرێت. فەیلەسووفانی ئیسلامیش ئەم برگەیەی شەریعەت بە نالۆژیکی لێکدەدەنەوەو پێیانوایە کە ئەمە سزاو پاداشتێکی رۆحییە بۆ خەڵکی و باشترە خەڵک سزاو پاداشتی جەستەیی وەربگرن" ( بدوي ،١٩٨٤، ٣٤-٣٥).

سوهرەوەردی (٥٤٩ک) یەکێکی دی لەو فەیلەسووفانەی ئیسلام، بە شێخی ئیشراق ناسراوە،"لە ئەسفەهان لەگەڵ (فەخرەدینی رازی) کە بە دژە فەلسەفە ناسراوە، خوێندوویەتی. تەمەنی تەنها ٣٨ساڵ بووەو خاوەنی ٥٠ کتێب بووە کە بە زمانی عارەبی و فارسی نووسیونی، بەناوبانگترینیان کتێبی (حكمة الاشراق)ەو ئەم کتێبە تایبەت بووە بە بیروباوەڕی ئیشراقییەکان"( خەلیل، ٢٠١٧/١/٢)، بە بیری خۆی لێکدانەوەی بۆ بوون کردووەو ڕێڕەوێکی تایبەتی گرتووە لە ئەنجامی رۆچوونە نێو ئایین و فەلسەفە. سوهرەوەردی راستی بە رووناکی دادەنێت و وەکو ئەفلاتون" لە میتافۆری ئەشکەوتدا، رووناکی دەکات بە راستەقینەی میتافیزیکی و فەیلەسوفی راستەقینە وەکو مرۆڤی خۆ-رزگارکەر لە دۆگمای نێو ئەشکەوتەکە پێی دەگات" ( کەمال، ٢٠١٩، ٢٦٦)، ئەفلاتوونی بە رابەری خۆی و بە یەک لە فەیلەسووفانی ئیشراق داناوە. لەلای سوهرەوەردی بوون رووناکییەو نەبوون تاریکییە، واتە سەرچاوەی بوون رووناکییە، بەڵام رووناکیی سەرچاوە جیاوازە لە رووناکییەکانی دی، بەومانایەی ئەوەی لە سەرچاوەکەوە دەرچووە رووناکییەو سەرچاوەکەش هەر رووناکییە، بەڵام بۆ جیاکردنەوەیان لەیەکتر، سەرچاوەکەی ناوناوە (نور الانوار- رووناکی رووناکییەکان).

سوهرەوەردی لەبەر رۆشنایی ئەم بیردۆزەیدا چوار جۆر رووناکی جیاکردۆتەوە:"رووناکی لە ماتەر بەدەر، رووناککراوەو ئەوانەی بە رووداو پەیدابوون و لەش" ( کەمال، ٢٠١٩، ٢٦٨)، خودی خواو گیان و زیندەوەران رووناکیی لە ماتەر بەدەرن و سەرچاوەیەکن بۆ رووناکییەکانی دیکەی بە رووداو پەیدابوون و بۆ لەش و هەروەها بۆ رووناککراوەکان. سوهرەوەردی پێیوابووە ئەوەی لە (رووناکی رووناکییەکان) دووربکەوێتەوە رووناکییەکەی کەم دەبێتەوە دواتر دەکوژێتەوە، مانای وایە گیان و هەرچی زیندەوەرانن و هەموو ئەو رووناکییەی هۆکاری رووناکیین بۆ ئەوانی دی، گەربێت و هەر کامێک لەرووناکییەکانی دی لەم خولگەیەدا نەمێنێتەوە، بەرەو نەمان دەچێت و تاریک دەبێ و واتە بوونی نامێنێ و بەرەو نەبوون دەچێت. بەتایبەت مەبەستی لە لەش و ماتەرە.

" لەجوولانی ژوورکێشی سیستمی مێتافیزیکیی سوهرەوەردیدا، دوا وێستگەو خالی جوولان هەیەو بە گەیشتن بە رووناکیی یەکەم، جوولان کۆتایی دێت" ( کەمال، ٢٠١٩، ٢٦٩)، ئەمەش کۆتایی بوونە ، یان ژیانە. ئەگەر وابێ، سوهرەوەردی رێک پێچەوانەی بۆچوونەکەی ئەرستۆ بووەو لە ئەفلاتۆنەوە زێتر نزیکبووە، بەوپێیەی ئەرستۆ گەردوون بە بێ کۆتاو نەبڕاوە دادەنێت و ئەمیش سەرەتاو کۆتایی بۆ گەردوون داناوە! لەکاتێکدا سوهرەوەردی بیرمەندێک بووە دۆگمای دینی رەتکردۆتەوەو لەگۆشەنیگای ئەفلاتۆنیزمی نوێوە روانیویەتە بوون و گیانی مرۆڤ، بەپێی ئەم تێڕوانینە" گیانی مرۆڤ راستەوخۆ لە خواوە (بنەمای یەکەم) رێژەن نەبووەو لە گیانی هەمەکییەوە دەرچووە، کە شوێنکەوتوانی ئەم فێرگەیەو دواتر فارابی و ئیبن سینا بە "هۆشی چالاک" ناوزەدیان کردووەو بە "جوبرەئیل" یان داناوە. ئافەریدکردنی مرۆڤیشی راستەوخۆ بە بوونی خواوە (رووناکی رووناکییەکان) نەبەستۆتەوەو چەندین نهۆم و بەرزەخی پلە جیاوازی لە نێوانیاندا داناوەو جوبرەئیلی کردۆتە سەرچاوەی گیانی مرۆڤ " ( کەمال، ٢٠١٩، ٢٧٠).

کەواتە بەگشتی لە ئیسلامدا ئەو زاناو بیرمەندو فەیلەسوفانەی باسکران بڕوایان بە یەک خودایی هەبووەو رەتیانکردۆتەوە بوونێکی دی هەبووبێت لەپێش بوونی خوداداو هەموان لەسەر ئەوە کۆکن کە بوونی گەردوون و بوونی خودا هاوکاتن و نە گەردوون لە پێش خوداو نە خوداش پێش گەردوون کەوتووە. بەلام لەلای موفەسیرانی دیکەی ئیسلام دەگوترێت خودا تاک و تەنهایەو کامڵ و نەگۆڕەو سەرچاوەی

گەردوونە و لە هیچەوە ئەم گەردوونەی بەدیهێناوەو خۆی لەدەرەوەی بوونەوەردایە. ئەمجۆرە تێڕوانینەش بەگشتی لە فەلسەفەی نوێدا بە چەمکی مۆنۆتەییسم (وحدانیة الاله- یەکخودایی) ناسراوە. بەومانایەی "بوونی خودا بوونێکی تاکانەیی (تاقانەیی) خودایانەیەو فۆرمی جیاوازی لە خۆی نەگرتووە" (قەزاز، ٢٠١٥/٢/٢٦) هەڵبەت دانانی ئەمجۆرە چەمکە بۆ گشت ئەو ئایینە ئاسمانییانەیە کە بەمجۆرەی باسکرا لە بوونی خوا دەفکرن و خودایان لەلا بێ نەزیرەو هاوتای ناکەن لەگەڵ بوونێکی دیکەی مرۆیی یان گەردوونییدا. " مۆنۆتەییسم لە دوو وشەی گریکی پێکهاتوە کە یەکەمیان (مۆنۆ) واتای یەک دێت دووەمیان (تیۆس) بە واتای خواوەند دێت" (قەزاز، ٢٠١٥/٢/٢٦). ئیسلام کە لەرێگەی پێغەمبەری ئیسلام محەمەدەوە بانگەشەی بۆ کراو لەسەر باوەڕی مۆنۆتەییسمی دامەزراو بە گرنگترین بنەمای ئیسلام وەک ئایین ناسێندرا. تەنانەت سوورەتی ئیخلاس کە باوەڕی مۆنۆتەییسمی ئیسلامی بە پوختی لەخۆگرتووەو کورتترین سوورەتە لە قورئاندا، کەچی بەهای ئەو سوورەتە لەبەر مۆنۆتەییسمی ناوەرۆکەکەی، یەکسان دەبێت بە یەک لەسەر سێی قورئان" (قەزاز، ٢٠١٥/٢/٢٦)، چونکە هەموو بایەخێکی ئایینی ئیسلام سەرەتا لە خولقاندنی وەها دۆخێکدا چڕکراوەتەوە، تا بەتەواوی لەلایەن پەیڕەوکەرانی ئایینی ئیسلامەوە بڕواو یەقینی رەها دروست ببێت بە بوونی خودایەکی بێ وێنەو تاک و باڵاترین بوون، ئینجا هاتۆتەسەر رێساو بابەتە دونیایی و دوارۆژییەکانی لە کاتی پێویست و رێکەوتی گونجاودا باسکردووە.

دەقی سورەتی ئیخلاس: بسم الله الرحمن الرحیم" "قل هو الله الاحد، الله الصمد، لم یلد ولم یولد ولم یکن له کفوا احد"

١-بێژە: ئەو خودایە تاکە.

٢-خودایەکی بێ نیازو جێ نیازە.

٣- کەس لەونەبوەو ئەویش لەهیچ کەس نەزاوە.

٤-هەرگیز کەسیش نەیتوانیوە هەمبەری بێ" (سورەتی ئیخلاس، ئایەتی١١٢).

## بەشی دووەم: لەبارەی نالییەوە:

## (ژیان و مردن، شیعر، فەلسەفە، ئایین)

### ٢-١: ژیان و مردنی نالی

### ٢-٢: دونیای شیعری نالی

### ٢-٣: فەلسەفە لەشیعری نالیدا

### ٢-٤: ئایینی ئیسلام و پەرستنی تایبەتییانەی نالی

## بەشی دووەم: لەبارەی نالییەوە: (ژیان و مردن، شیعر، فەلسەفە، ئایین)

سەرنجدان و وردبوونەوە لەو چەند ساڵەی دەکەونە نێوان هاتنەدونیاو مەرگی نالییەوە، گوزارشتن لە ژیان و گرنگترین ئەو وێستگانەی پێیاندا تێپەڕیوە، پشتبەستوو بە خودو ویستی خۆی، تا گەیشتۆتە ئامانجی سەرەکی ژیانی.

گەڕان و فێربوون و رامان و تێفکرین و رەتکردنەوەو رەخنەکردن و زۆری دیکەش، لای نالی ئەو رێگایانە بوون شایەنی ئەوەبوون ئاوارەیی لەپێناودا بچێژێ.

شاعیرانی کۆن زیاتر هونەرەکانی شیعرو رەوانبێژیی و فەلسەفەو وەکو ناوەرۆکیش گەلێک بابەتی وەک ستاییش و خۆشەویستیی و جوامێریی و لاوانەوەو مێژوویی و...تاد، لەنێویاندا مێژووی میللەتی خۆیانیان بەلاوە مەبەست بووەو کردوویانەتە هەوێن و سەرچاوەی شیعرییان. (نالی)یش شاعیرێکی ئەم رێبازە بووە، بەڵام ئەوەندەی ئەو جیادەکاتەوە لەوانەی پێشخۆی لادان و گرتنەبەری رێچکەیەکی تازەی شیعر بووە کە پێشتر کەس درکی پێنەکردووە یاخود بەکارینەهێناوەو ئاگادار نەبوون لەوەی کە دەتوانرێ رێگەیەکی تازەبێت بۆ نووسینی شیعر بە گشت جۆرەکانییەوە. بۆیە نالی وەکو سەرقافڵەی ئەم کۆمەڵە شاعیرەی پێش خۆی دەستی داوەتە نوێگەریی و سیماو خەسڵەتی دیکەی بۆ شیعر هێناوەتەئاراوە، لەوانەش زمانی نووسین کە پێشتر تەنها بەزمانی عەرەبی و فارسی و تورکی دەبوایە بنووسرێ یان بە شێوەزاری هەورامی، یان دەرچوون لەو قاڵبەی کە دەبوایە شیعر یەکیەتی بەیتی هەبێ نەک بابەت، هەروەها نووسینی بە شێوەزاری موکریانی و کرمانجی خواروو و ناوەراستیش، کە پێشتر هیچ یەکێک لەمانە لەئارادا نەبوون.

فارس و کوردو عەرەب هەرسێم بە دەفتەر گرتووە
"نالی" ئەمڕۆ حاکمی سێ موڵکە، دیوانی هەیە
(مودەریس، ١٣٩٦هـ، ٤٧٨)

بۆیە لەم پێناوەدا نالی زەحمەتی زۆری کێشاو هەورازو نشێوی زۆری هاتنەبەر تا بەتەواوی توانی بیسەلمێنێ کە شیعری ئەویش هیچی کەمتر نییە لە شیعری شاعیرانی فارس و تورک و عەرەب، بۆیە بەردەوام هەوڵیداوەو کۆشاوە تا لە خەڵکی بگەیەنێ کە ئەوەی ئەو دەستی داوەتێ دروستە؛ وەنەبێ نەبووبێ، بەڵکو ئەوەیە کە ئەو یەکەمین هەنگاوی ناوەو ئازایەتی نواندوەو بۆ بەردەوامی کارەکەی تابۆکانی

شکاندوون و زەمینەی بۆ ئەوانەی دوای خۆی خۆش کردووە، تاوەکو چون قوتابخانەیەکی نوێی شیعری جیاواز دانیپێدا بنرێت و بەردەوام بێ لەسەر داڕشتنی ئەدەبیاتێکی رەسەن و شیعری تەڕو پاراوو پڕ لە ناواخنی هەمەجۆرو پڕلە سەلیقەو جوانناسی و رەسەنایەتی بنووسێ.

کەس بە ئەلفازم نەڵێ خۆ کوردیە خۆ کردیە

هەر کەسێ نادان نەبێ خۆی تالیبی مەعنا دەکا

(مودەریس، ١٣٩٦هـ، ٨٢)

حیکمەت و بوێری نالی هەرئەوکاتە بەدەرکەوت کاتێک رەتیکردەوە وەکو خەڵکی ئاسایی لە نەخوێندەواریدا بژیەت و ژیانی رۆژانەی رووداوی دووبارەو چەند بارە بێت. دواجار شیعری نالی سنووری دەسەڵاتێک و مەملەکەتێک و زمانێک و نەتەوەیەک و دوانی تێپەڕاندو بووبە باڵوێزی شیعری کوردی رەسەن و بە پێز، هەروەکو هەڵگری ناسنامەو ئەدەبنمای شاعیرانی مەزنی وەکو حافزو سەعدی و مەولانای رۆمی و....تاد، لێی دەڕوانرا؛ سەرباری شیعرو ئەو ئەدەبیاتە مەزنەی خۆی. بەڵگەش بۆ ئەوە، بیروڕای چەندین نووسەرو شاعیری کوردن کە لەبارەی نالییەوە دواون، لەوانە ئەمین فەیزی لە ئەنجوومەنی ئەدیبانی کورددا لەبارەی نالی یەوە نووسیویەتی:" زەکای نالی ئینکار ناکرێ، لاکین ئەوەندەی سەنایعی لەفزییە ئیستیعمال کردووە، پیاو رەنگە بڵێ شیعری ئەو نەتیجەی عیلم و ئیشتیغالە" ، هەروەها پیرەمێردی شاعیریش سەبارەت بە نالی گوتوویەتی" ئەگەر شیعر بە غایە-وەسیلە نا- عەد بکرێت و ئەگەر شیعر عیبارەت بێ لە سەنعەتێکی بەرزی بەدیعیی و ئەگەر لە شیعردا ئیبداع شەرتێکی ئەعزەم بێت، بێ گومان "نالی" گەورەترین شاعیری کوردە" (مودەریس، ١٣٩٦هـ، ٥٩٧-٥٩٨.) نموونەی دیکە زۆرن کە لێرەدا وەکو پێویست ناتوانرێ ئاماژەیان پێبدرێ.

"نالی" ئیستە تاجی شاهیی و تەختی خاقانی هەیە

شەوکەت ئارا، موحتەشەم دیوانە، فیکرەت سائیبە

(مودەریس، ١٣٩٦هـ، ٣٢٩)

مەسعود محەمەد لە (چەپکێک لە گوڵزاری نالی) دا فەرموویەتی:"دەمێکە نالی خەلقی بەخۆیەوە خەریک کردووە." (محەمەد، ١٩٧٦، ٧)، هەڵبەتە ئەم قسەیەش لەخۆڕاو بێ بنەما نەکراوە، چونکە دەیان کەسی شارەزای بەلاغەو فیقهـ و زانستی کەلام و زمانزان و مێژووناس و شاعیری لەخۆی و شیعرەکانی کۆکردوونەتەوە، ئەمەش بەدرێژایی ئەو مێژووەی گوزەراندوویەتی. گەرچی تاوەکو ئێستا

نەتوانراوە وەکو پێویست و سەد لەسەد کارەکانی لێکدانەوەو ناسینەوەو جیاکردنەوەی تەواوی بۆ ئەنجامبدرێت، چونکە لەو سەردەمەی ئەوداو تەنانەت زۆریش دوای ئەو نەتوانراوە ئەرشیفکر بکرێن، ئەمە لەکاتێکدا نالی خۆی بە حوکمی ئەوەی لەیەک جێدا قەراری نەگرتووە، بۆیە نەتوانراوە کاری کۆکردنەوەو ساغکردنەوەی شیعرەکانی بەئاسانی تێپەڕێنرێت. جگەلەوەی خەڵکی دەروون نەخۆش و دەمارگیرو حەسوودیش لەلایەکی دیکەوە هەرچی پێیانکرابێ دەستیان نەپاراستووە لە شێواندنی شیعرەکانی. کارێکی ئەستەمە لەم دونیا رووناکەدا بەجیهان و مێژووەی نالی رابگەین و بتوانین تاریکی ژیان و دیوانەکەی نالی بڕەوێنینەوە، چونکە وەکو باسکرا کاری ساختەی زۆر لەگەڵدا کراوە. ئەوەندە نەبێ ئێمەش لەسەرزاری ئەو خەمخۆرو کەسە زاناو بەخشندەو خۆنەویستانە کە هەوڵیانداوە ژیان و ئابووری خۆیان بۆ دۆزینەوەی سەرەداوێکی راستەقینە سەبارەت بە نالی تەرخان بکەن، بنووسینەوە. لەلایەن هێمن عومەر خۆشناوەوە نامیلکەیەک بەناوی (نالی لەبەڵگەنامەکانی عوسمانیدا) لەساڵی ٢٠١٧دا بڵاوکرایەوە کەباسی هاوژین و ساڵی مردن و سەفەری حیجازو بەرهەمێکی نالی کردوە لەرێی ساغکردنەوەی چەند بەڵگەنامەیەکی سەردەمی ئیمپراتۆریەتی عوسمانییەوە کاری کردوە. لەم دواییانەشدا لە رۆمانێکی مێژوویی رۆماننووس (خوسرەو جاف)دا کە لە ساڵی ٢٠١٨دا لە هەولێر بڵاوکراوەتەوە. ژیان و گوزەران و مردنی نالی باسکراوەو گومانی زیاتر و زیاتر لەسەر دەق و ناوەرۆکی ئەو بابەتانە دروستدەکەن کە پێشترو لەلایەن کەسانی وەکو عەلی موقبیل و گیوی موکریانی و مارف خەزنەدارو کەمال فوئادو مامۆستایانی مودەریس و مەسعود محەمەدو دەیان خەمخۆری دیکە ئەنجامدراون، پەیدا دەکات و پێویستیی بە پێداچوونەوەو لێکۆڵینەوەی زێترو وردتر دەبێت.

## ٢-١: لەدایکبوون و مردنی نالی

گەر بمانەوێت لە شیعرو هۆکاری شیعرو ناوەرۆک و دونیای فکرو خەیاڵی نالی شاعیر تێبگەین و بەتەنیشت هەموو ئەو نووسین و لێکدانەوانەی دەربارەی شیعری نالی هاتوونە نووسین، پێویستمان بە گەشتێکی راگوزەرانە دەبێت بەنێو وێستگە جۆراوجۆرەکانی ژیانی نالیدا، بۆئەوەی لەگەڵ بوێریی و دانایی و دونیابینیی و دیندارییە تایبەتییەکەیدا بژین و داهێنانە شیعرییەکانی کە لەو نێوەندە هەمەجۆرانەدا لەدایکبوون، بناسینەوە؛ بەهۆکاری ئەوەی لەبابەتی

سەرەکی لێکۆڵینەوەکە دوورنەکەوینەوە، گەرچی زۆریشی لەبارەوە نووسراوە، وەلی دونیای نالی هەڵیدەگرێ.

له دیوانی (نالی) دا که لەلایەن مەلا عەبدولکەریمی مودەریس و فاتح عەبدولکەریمەوەو نووسراوەو محەمەدی مەلا کەریم پێداچوونەوەی بۆ کردوە هاتوە که "نالی ناوی خدر(خضر)ه، کوڕی ئەحمەدی شاوەیسی ئالی بەگی مکایەڵییە، لەگوندی (خاک و خۆڵ) له دەشتی شارەزوور هاتۆته دنیاوه" (مودەریس، ١٩٧٦، ٢٣). لەساڵی رابردوودا واته لەساڵی ٢٠١٨ دا (خوسرەو جاف) له رۆمانه مێژووییەکەی( شازادەو شاعیر) سەبارەت به ژیانی نالی نووسیویەتی روونیکردۆتەوەو دەڵێ:"خاک و خۆڵ تەنها هەوارگەیەک بووەو بەس، هەوارگەی ئالی بەگی مکەیاڵییەکان بووە، لەو هەوارگەیەیدا جگه له گەوڕی مەڕو ماڵات نەبێ، یەک کەس له عەشیرەتی مکەیاڵی لەوزەمانەیدا لەژێر بنمیچ و چوار دیواردا نەژیاون" (جاف، ٢٠١٨، ٦). بەم پێیەبێ خاک وخۆڵی نالی یەکەمجار هەوارگەیەکی دەوار نشینی خێڵی جاف و هۆزی مکەیاڵی بووەو لەئێستاشدا ئەو گوندەیه که دەکەوێته ناوچەی شارەزوور. بێگومان لەو بابەت و لێکۆڵینەوانەی لەبارەی نالییەوه هاتوونه بەرهەم، بەداخەوه زۆربەیان دانیان بەوەداناوه که پشتیان به هیچ بەڵگەیەک نەبەستووە، بەڵکو هەریەکەیان به مەزەندەو بێ گەڕانەوه بۆ ساغکردنەوەی تەواو ژیانی نالییان نووسیوەتەوە،

ئەمه سەبارەت به شوێنی لەدایکبوونی نالی، بەڵام لەبارەی کاتی لەدایکبوونی، بەداخەوه تاوەکو ئێستا هیچ بەڵگەیەکی ئەوتۆو یەکلاییکەرەوە لەئارادا نەبووەو نییە، تا رێکەوتی لەدایکبوونی نالییمان پێ بڵێت، ئەوەندە نەبێ هەر لێکۆڵەرێکی هاتووە به مەزەندەو لێکدانەوەی خۆی و به پشبەستن به بەشێک له هۆنراوەکانی کاری له مەسەلەکەدا کردووەو زۆربەشیان ئەوەی پێش خۆیان دووبارە کردۆتەوە. هەندێک له شاعیرانی کۆنی کورد، بەدیقەتەوه باسیان له ساڵی لەدایکبوونی خۆیان کردووە، وەکو ئەحمەدی خانی.

"

"لەوڕا کو دەما ژ غەیب فەک بوو تەئریخ هەزارو شەست و یەک بوو

ئیسال گەهشته چیل و چاران وی پێشڕەوێ گوناهکاران "

(خانی،١٩٨٩، ٢١٧).

لەبەرامبەردا لێکۆڵەر دووچاری دوودڵی و سەرلێشێوان نابێ و دەینووسێتەوە. هەرچی نالییە، مێژووی لەدایکبوونی خۆی

نەنووسیوەتەوە، ناچار بۆ ئەم مەبەستە لێکۆڵەر دەبێ پەنابەرێتەبەر مێژووی ناوچەکەو بە گومان و مەزەنە، کاری لەگەڵدا بکات.

محەمەدی مەلا کەریم دەڵێ: لە ئەنجومەنی ئەدیبانی ئەمین فەیزیدا نووسراوەکە "نالی لە ١٢١٥دا هاتۆتە دونیاوەو دوای ئەو مارف خەزنەدارو کەمال فوئادیش هەمان مێژوویان نووسیوەتەوەو کە بەرامبەر ١٨٠٠زاینییە. هەر لەبارەی ساڵی لەدایکبوونی نالییەوە عەلائەدین سەججادی فەرموویەتی ١٧٩٧ز لادایک بووە، هیچ یەکێک لەمانە بەڵگەی سەلمێنەریان نەخستۆتەڕوو" ( مەلا کەریم، ١٩٧٩، ١٠).

مەسعود محەمەدیش بۆ ڕێکەوتی لەدایکبوونی نالی ئاماژەی بەوە کردووە کە هیچ بەڵگەی ئەوتۆ لەبەردەستدانییەو هەرکەسێک ئەم ڕێکەوتانەی نووسیوون، ئەوا بەپێی بیرکردنەوەو تێگەیشتنی خۆی بووە، بۆیە ئەویش گوتوویەتی:" واگوتراوەو نووسراوە کە نالی لەساڵی ١٧٩٧ی زایینی ، لەگوندی "خاک و خۆڵ" ی شارەزووردا پێی ناوەتە ئەم جیهانە. نیسبەتی لەگەڵ "خاک و خۆڵ" جێی گومان لێکردن نیە، چونکە لەچەند شوێنێکی دیوانەکەیدا ئەم نیسبەتە مۆری بەراستگێڕانی لەلایەن نالییەوە لێ دراوە:

داخل نەبی بە عەنبەرو سارایی "خاک وخۆڵ"

هەتا نەکەی بە خاکی سولەیمانیا عبور (مودەریس،١٣٩٦، ١٤٦)

تر عینة الابدان من "خاک و خۆڵ"ە

تر مندل الاوراق من تۆزو گردە

(مودەریس، ١٣٩٦،٣٣١)

دیارە بەرلە هەموو ئەو لێکۆڵەرە ئەکادیمیانەی وەکو مارف خەزنەدارو کەمال فوئاد ئاماژە بە لێکدانەوەکانی کوردی و مەریوانی و موقبیل کراوەو لەسەر قسەو بۆچوونەکانی ئەوان بناغەی ئەم مێژووی لەدایکبوونەی نالی هەڵچنراوە، کاتێک " محەمەد ئەمین فەیزی و مارف خەزنەدارو کەمال فوئادیش پێیان وابوە لە نێوان ١٢١٥-١٢٧٣ک بەرامبەر ١٨٠٠-١٨٥٦ز دا ژیاوە، بەڵام عەلائەدین سەججادی دەڵێ، لە نێوان١٧٩٧-١٨٥٨ز ژیاوە. واتە بەپێی لێکدانەوەکانی کوردی و مەریوانی و موقبیل و سەججادی بێ نالی ٥٨ساڵ ژیاوە، بەڵام بەپێی جەدوەلی ڕۆژهەڵاتناسی ئەرمەنی سۆڤێتی یوسف ئەبکارە ڤیچ ئۆربیلی ساڵی ١٢١٥ک بە ١٨٠٠-١٨٠١ بەرابەر کردووە،" (مودەریس، ١٩٧٦،٢٥)، بەم پێیە و بەپێی قسەی کەمال فوئادو مارف خەزنەدار بێت نالی ١٨٠٠ لەدایکبووەو ٥٦ساڵ ژیاوە. بەبێ ئەوەی پشتیان بە هیچ سەرچاوەیەک

بەستبێ، تەنها لە لێکدانەوەی غەزەل و قەسیدەکانییەوە روانیویانەتە بەسەرهاتەکانی نالی.
قەسیدە عەرەبییەکەی نالی کەلە کتێبی (نزهة الفکر)دا کە لەساڵی ١٩٩٦دا بڵاوکراوەتەوەو ئاماژەیە بۆ ئەوەی نالی لە" حیجاز بووەو لای ئەمیری مەککە رێز لێگیراو بووە" (خۆشناو، ٢٠١٧، ٣٩). شیعرێکی موستەزادی نووسیووەو مامۆستا محەمەدی مەلا کەریم وەکو بەڵگەی چوونە سەر گۆڕی پێغەمبەر باسیکردووە،"بەڵگەش بۆ ئەوەی نالی حەجیکردووە لەسەر گۆڕی پێغەمبەر (د.خ) ئەم شیعرەی گوتووە:
ئەی تازە جەوان! پیرم و ئوفتادەوو کەوتووم          تاماوە حەیاتم
دەستێ بدەرە دەستی شکستەم، کە بەسەرچووم          قوربانی وەفاتم"
(مەلا کەریم، ١٩٧٩، ١٤).
لە کتێبی (نالی لە بەڵگەنامەکانی عوسمانیدا) ئاماژە بەوە دراوە کە گوایا" لەو سەفەرانەدا نالی تەنیا بووەو هیچ ژنێکی لەگەڵ نەبووەو، ئەمەش سەلمێنەری ئەوەیە نالی ئەوکاتەی هاتۆتە حەج ژنی لەگەڵ نەبووە، کەواتە زۆر لەگینە بڵێین زەینەب خەڵکی حیجاز بووە" (خۆشناو، ٢٠١٧، ٣١-٣٢). هەروەها هێمن عوسمان خۆشناو باسی ئەوەی کردووە کە کتێبێکی دیکە بە ناوی(عثمانلی مؤلفلری) ەو لە ١٣٣٨ک بەرامبەر ١٩١٩ز بڵاوکراوەتەوە، دەڵێ لەو کتێبەدا هاتووە:"نالی لە ١٢٩٠ی هیجری لە حەج گەڕاوەتەوە ئیستەنبول و دوای ماوەیەک کۆچی دوایی کردووە، کە دەکاتە ١٨٧٣و ئەگەریش لە سێ مانگەکەی کۆتایی ئەم ساڵەی هیجریدا بێت، ئەوا پێ دەنێتە ناو ساڵی ١٨٧٤ی میلادی" (خۆشناو، ٢٠١٧، ٣٤). نالی دوای سی ودوو ساڵ ئاوارەیی ناتوانێ بڕیاری گەڕانەوە بدات بۆ زێدی خۆی، چونکە هەروەکو مەسعود محەمەد باسیکردووە کە "نالی لە ١٨٥٣شام بووەو نامەی بۆ سالم ناردوە لەسەر بارودۆخی سلێمانی پرسیاری کردووەو گوتوویەتی ئاخۆ گونجاوە من بێمەوە یان نا؟!- ئەنجام سالم نائومێدی کردوە لە گەڕانەوەی بۆ وڵات(سلێمانی)." (محەمەد، ١٩٧٦، ١٨-١٩)، دیارە ئەمەش لەرێگەی وەڵامی قەسیدە دووروودرێژەکەی نالی کە لەبارەی بارودۆخی دوای نەمانی میرنشینی بابان بۆ سالمی ناردبوو، سالمیش بۆی نووسیبوو:"
توخوا بڵێ بە حەزرەتی نالی دەخیلی بم
بەم نەوعە قەت نەکا بە سولەیمانیا گوزەر
ئەم موڵکە نەزمی نابی بەبێ عەدلی واریسی
بێ ئەو بە قەسدی ئەم تەرەفە با نەکا سەفەر"

(مودەریس، ١٣٩٦هـ، ٢٩)

کەواتە نالی دوا ساڵەکانی تەمەنی لە ئیستەمبوولّدا بەسەربردووە.

نالی هێندەی ڕۆژو مانگ وساڵی لەدایکبوونی ئەستەمییان هێناوەتە ئاراوە، هێندە مێژووی کۆچی دواییکردنی سەرقاڵت ناکات، چونکە بەڵگەی دروست و بێ پێچ و پەنا پەیداکراون و هەوڵدەرانی جێگای دەستخۆشین. دواجار لە تازەترین لێکۆڵینەوەدا کە لەم بارەیەوە ئەنجامدراوە، لەدوو سەرچاوەی تەواوو باوەڕپێکراودا جەخت لە یەک ڕێکەوت کراوەتەوە کە نالی تێیدا گیانی سپاردووە، یەکێکیان لە کتێبی (نالی لە بەڵگەنامەی عوسمانی دا) باسکراوەو هاتووە کە" نالی لە ١١ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٢٩٣ی ڕۆمی کۆچی دوایی کردووە کە دەکاتە ١٨٧٧/١١/٢٣ی میلادی" (خۆشناو، ٢٠١٧، ٤٢)، هەروەها لە ڕۆمانی شازادەو شاعیردا کە گوزارشە لە ژیانی نالی، هەمان ڕۆژو مانگ وساڵ نووسراون. کەواتە ئەم لێکۆڵینەوانەی دوایی تەواو جێی متمانە پێکردنن و گومان هەڵناگرن، چونکە بەڵگەی پێویستیان لەگەڵ دان. لەکۆتاییدا بەهەموو پێوەرەکان تەمەنی نالی لە ٧٧-٨٠ساڵ بووە، واتە ١٨٠٠لەنێوان ساڵانی ز-١٨٧٧ز، یان ١٧٩٧ز-١٨٧٧ز ژیاوە.

ئینجا قسەکردن دێتەسەر شوێنی ئەسپاردە کردنی نالی و زۆر لەوانەی بە ژیان و مەرگی نالی یەوە سەرقاڵبوون. سەرەتا لە (ئەمین فەیزی)یەوە دەست پێیکەین لەبارەی شوێنی گۆڕەکەی نالی گوتوویەتی " تا نیهایەتی عومری لە ئەستەموولّ ماوەتەوە، مەدفەنی موبارەکی ئەوەتا لە ئوسکوداره" (فیضی، ١٩٢٠، ٥).

دوای ئەو لە کتێبی (عثمانلی مؤلفلری) کە نووسەرەکەی (محەمەد تاهیر بووسلری)یە، تێیدا هاتووە کە " نالی لە قەرەجا ئەحمەد ئەسپەردەی خاک کراوە" (خۆشناو، ٢٠١٧، ٤٣)، لەو نامیلکەیەی (نالی لە بەڵگەنامەکانی عوسمانیدا) هاتووە کە گیوی موکریانی باسی شوێنی ناشتنی نالی باسکردوەو گوتوویەتی لە ئەبا ئەیوبی ئەنساری نێژراوە. (خۆشناو، ٢٠١٧، ٤٣).

**٢-٢: دونیای شیعری نالی**

شیعر بەلای نالی یەوە بڵندگۆ بوو، شیعر زمانی قسەکردن و دەربڕینی ناخ و هزرو بیری نالی بووە، لەڕێگای شیعرەوە توانی ببێتە ئەو نالی یە، کە تاهەتایە ناوی لە نێوەندە ئەکادیمی و ئەدەبییەکاندا بە زیندوویی دەمێنێتەوە. نالی بۆچی شیعری هەڵبژارد؟ بۆچی ئەو ڕێگا بێ کۆتایی و دژوارەی دیاریکرد تا لێیەوە جارێکی دیکە لەدایک ببێتەوە؟

نالی سەرەڕای ئەوەی هەستی کردووە ئەو کارەی دەستی داوەتێ دووچاری گێژاوو ناڕەحەتی ژیانی دەکات، بەڵام لە هەوڵدان نەکەوتووە.

"بایەخی شیعری نالی لە ڕێی سیحری زمانەوەیە وە دیاردەکەوێت، هەر لە ڕێی گەمەکردنەوە لەگەڵ زماندا داهێنانەکانی ئافراندووە، شیعر گەمەکردن نییە بە زمان، بەڵکو گەمەکردنە لەگەڵ زماندا" (مەنتک، ۲۰۱۱، ۹۵).

هەڵبژاردنی مۆدێلێکی جیاوازی شیعر نووسین لەوەی پێشخۆی، بەکارهێنانی زمانێکی شیعری جیاواز لە زمانی شیعری سەردەمەکەی، ڕەتکردنەوەی ژیانی سادەو ساکاری ڕەوەندیی و بەکەم رازینەبوون لە زانست و زانیاری ئەو سەردەم، هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی خود و کارکردن لەو پێناوەدا، پرسیارکردن و وردبوونەوە لە وەڵامی نا لۆژیکی، هوشیاری گەڕان و ئەزموون پەیداکردن، هەڵنەخەڵەتان بە هاش و هوشی شێخ و سۆفی و مەلای ناحاڵی سەردەمەکەی، ئەمانەو زۆری تریش گەواهیدەری ئەو راستییەن کە نالی لە سروشتی خۆیدا بلیمەتێک بووەو نەیهێشتووە خودی خۆی و تواناکانی ون ببن و لەدەستی دەربچن و پەرەی پێداون و گونجاوترین ڕێگاش بۆ نالی بڵندگۆی شیعرو بەهرەو خورپەو ئیلهام و رامانەکانی بوون. شیعری نالی و" شەڕی نالی لە پێناو گێڕانەوەی جوانی فیترییە" (غەریب، ۲۰۱۱، ۲۵۲)، بە خەیاڵی فراوان و بیری وردو ئەزموونی زۆری لە مێژووی ئەدەبیاتی فارسی و تورکی و عەرەبیدا و لەنێو شاعیرانی کلاسیکی کوردیدا لە ئاستێکی بێ وێنەدا بینراوەو دەبینرێ، بەم هۆیەوە بووەتە رابەری شیعری کلاسیکی کوردی و دامەزرێنەری قوتابخانەیەکی نوێی شیعر، کە بە قوتابخانەی شیعری بابان ناسراوەو لەگەڵ هەردوو هاوەڵەکەی سالمی ساحێبقڕان و مستەفا بەگی کوردیدا، سێکوچکەی شیعری بابانیان پێکهێناوە. "نالی لە ناوەراستی نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەم دا، بۆتە ناوێک کە جێگەی بایەخی نووسەرانی ئەوکات بووە، نالی وەک زانایەکی بواری زمانەوانی و زانستە شەرعیەکان، ناوبانگێکی باشی پەیداکردووە، بەتایبەتی لەلایەن زانایانی وەک: (ئەحمەدی کوڕی محەمەدی ئەلحەزراوی ئەلمەکی ئەلهاشمی) لە کتێبی (نزهة الفکر) دا ژیاننامەی نالی نووسیووە، لە فەرهەنگستانی ئەلبابتین (معجم البابطین) بۆ شاعیرەکانی سەدەی نۆزدەهەم و بیستەم بە کورتەیەک باس لە ژیانی نالی دەکات، هەروەها لە کتێبی مێژووی ئەشرافەکانی حیجازدا لەماوەی ۱۸٤۰-۱۸۸۳دا، کە ئەحمەدی کوڕی زەینی دەحلان نووسیویەتی، باسی ۱۱٦ بەیتی نالی دەکات کە بۆ میر عەبدوڵڵای کوڕی

عۆن، كە میری شاری مەككە بووە نوسیوویەتی" (گەلاڵەیی، ٢٣-٤-٢٠١٩)، ئەمە ئەوە دەگەیەنێ نالی سنووری نێوخۆیی تێپەڕاندووە، وەکو پیاوی ئایینی و لەهەمان كاتتدا وەک شاعیرێكی مەزن لە تەواوی ناوچەكەدا گوێ بیستی شیعرو هونەرو بەرزیی شیعرەكانی بوون.

گوتاری نالی لەپێناو گۆڕانكارییەكی ریشەییدا بووە لە دونیای شیعرو دونیای ریاڵدا، چونكە وەكو باسكرا هەمیشە ژیانی واقیعیی سەردەمی خۆی رەتكردۆتەوەو هەوڵی گۆڕانكاریی داوە. كەواتە بە هەموو پێوەرێک ناتوانرێ نالی چ وەكو كەسێكی ئاسایی و چ وەک شاعیر بە كەسێكی سوننەتیی و شوێنكەوتەی ئەوانی پێشخۆی بناسرێ، بەڕوونی جیاوازییەكەی لەگەڵ شیعری شاعیرانی دیكەدا دەردەكەوێت كە "سەرتاپای شیعرەكانی شیعری تەوسیەیین، داوای شت دەكات" (غەریب، ٢٠١١، ٢٥٤).

بێ گومان لەرێگەی ئەفسوون و سیحری زمان و ناوەرۆكی بەرزیەوە لە خولگەی نەمریدا ماوتەوەو ساڵ لەدوای ساڵ و سەدە بە سەدە رەونەقی زێتر دەبێ، چونكە نالی داهێنەرانە لە مەیداندا بووەو لاسایی كەسی نەكردۆتەوەو بە شانازییەوە خۆی دانی پێدا ناوەو دەكرێ بڵێین كاریگەربووە بە حافزو سەعدی شیرازی و سائیبی تەورێزی و چەندانی دیكە:"

نالی حەریفی كەس نییە، ئیلف و ئەلیفی كەس نییە

بەیتی رەدیفی كەس نییە، هەرزە نویسە، گەپ دەكا"

(مودەریس، ١٣٩٦، ٧٧)

واتە نالی لە نموونەی كەس نییەو شیعرەكانیشی وەكو شیعری كەسی دی نین و وەكو بێزارییەک دەڵێ با شیعری من وەكو هەرزەنووسین بێ و ئەوەی هەیە هەر ئەمەیە...

(مێجەرسۆن) بۆ مەزنیی نالی نوسیویەتی:" نالی بەناوبانگترین شاعیری كوردی نیوەی یەكەمی سەدەی نۆزدەهەم لەقەڵەم دەدرێت" (خەیات،٢٠١٧، ١٥٤)، توانای جیاوازی نالی لە شاعیرانی پێشخۆی وایكردووە رۆژهەڵاتناسەكان بە شیعرەكانیەوە سەرقاڵ بكات و تەنانەت جیهانی دەرەوەش لە بوونی شاعیرێكی لەم چەشنەی كورددا رابگەیەنن، بۆنموونە رۆژهەڵاتناسی رووسی ڤلادیمێر مینۆرسكی (١٨٧٧-١٩٦٦) سێ بەیت لە شیعری نالی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی رووسی " لە كتێبی (كورد سەرنج و تێبینیەكان) باسی لە دەوڵەمەندی ئەدەبی میللی كوردی دەكات و نالی بە شاعیری هەست ناسک ناودەبات و بەراوردیشی دەكات بە شاعیری رووسی مەزن (ئەلیكساندەر پۆشكین)" (خەیات،٢٠١٧،

١٥٤)، هەروەکو خۆدزکۆش لەسەرزاری ئەحمەد پاشای بابانەوە، وەختێ چۆتە پاریس ناوبانگی نالی بۆ باسکردووەو بە شاعیرێکی بەتوانای داناوە.

هاوبۆچوونیش بووە یان لەوانەیە ئەزموونی شاعیرانی پێشخۆی بینیبێ کە مەلای جزیری و ئەحمەدی خانی بوون لە ئەدەبیاتی کرمانجیداو بێسارانی بووە لە ئەدەبیاتی گۆرانیدا، بەڵام ئەو جیاوازتر لەوانەی پێشوو دەستی داوەتە شیعرنووسین و شیعرەکانی گەواهیدەری ئەو راستیەن.

شیعری خەلقی کەی دەگاتە شیعری من بۆ ناسکی
کەی لە دیقەتدا پەتک دەعوا لەگەڵ هەودا دەکا
(مودەریس، ١٣٩٦،٨٣)

"بەو مانایەی شیعری من لەچاو شیعری خەڵکیدا، وەک تاڵی ئاوریشم وایە لەچاو پەتکدا، و پەتکیش هەرگیز ناتوانێ لە بارێکی و ناسکیدا بەربەرەکانێ لەگەڵ ئاوریشم بکا" (خەیات، ٢٠١٧، ٨٣).

هەر کەسێک گەر بەهرەیەکیشی ببێ، بێ گومان پێویستی بە هۆکارێک یان هاندەرو پاڵنەرێک دەبێ، پێشتر ئاماژەمان پێدا کە نالی زیاتر لە پاڵنەرێک هانیداوە تا شیعر بنووسێ، بەڵام هاندەرێکی سەرەکی ئەم شیعرە پاراوو پڕ سۆزو خەیاڵاویی و پڕ سیحرانەی نالی و چوون کانیاوی بەهاران تەقاندۆتەوە. گوایا نالی سەرەتای ژیانی عاشقانەی بە عیشقی کیژێکی قەرەداغی کە ناوی (حەبیبە) بووە دەست پێکردووە.

دەستم لە گەردنی خۆت هەڵمەگرە ئەی حەبیبە!
وەبزانە خوێنی خۆمە یا میننەتی ڕەقیبە
(نالی) لەبی حەبیبە، هەم تیبە هەم تەبیبە
خولاسەو لەبیبە، فەرمانبەری لەبی بە
پێم دەڵێن مەحبوبە خێڵ و قیچە مەیلی شەڕدەکا

خێڵ و قیچە یا تەرازووی نازی نەختێ سەردەکا..." (مودەریس، ١٣٩٦هـ، ٢٣)

لە باسکردنی مەعشوقی نالیدا کوردی و مەریوانی دواتر محەمەد ئەمین زەکی بەگ و عەلائەدین سەججادی لەبارەی حەبیبەوە دواون وجەختیان لە بوونی ( حەبیبە) یان (مەحبوبە)ی نالی کردۆتەوەو بە سەرچاوەی شیعری (نالی) یان لەقەڵەمداوە. تەنانەت عەلائەدین سەججادی باسی ئایشە ناوێکیش دەکات کە دۆستی نالی بووەو خەڵکی قەرەداخ بووە"نالی لە تەکیەی قەرەداغیش دۆستێکی تری بووە(ئایشە)ی ناو بووە، ئایشە هەموو جارێ خۆی بەوەوە هەڵئەکێشا کە دڵخوازی (نالی)

بووە، ئەم ئایشەیە تا ئاخرو ئۆخری سەدەی نۆزدەهەم مابوو، تەنانەت من ئەمەم لە مامۆستا (شێخ نووری بابە عەلی)یەوە وەرگرت کە خۆی ئایشەی دیبوو" (سەججادی، ١٣٩١هـ ، ٢٤٥)، لەکاتێکدا نالی بە هیچ شێوەیەک ناوی نەبردوە، بۆیە ڕێی تێدەچێت (حەبیبە- مەحبوبە) ناوی خوازراو بووبێ و لەبەر مەسەلەی ناوزڕانی دڵبەرەکەی ناوی هاتبێ، ئەگەرنا زۆر بەجوانی لەنێو ڕۆمانە مێژوویيەکەی (شازادەو شاعیر – ژیانی نالی )دا خوسرەو جاف ئەوەی ئاشکرا کردووە کە نالی تاکە خۆشەویستێکی هەبووەو دڵ و دەروون و هۆش و بیرو خەیاڵی نالی بردوە، ئەویش مەستورەخان (ماهـ شەرەف خانی ئەردەڵانی) بووە.

مەسعود محەمەد پێیوابووە، کە نالی ناوی حەبیبەی خواستوە تا مەرامی شیعری خۆی ئارایش بکات" نالی ژنی نەهێناوە، ئەو حەبیبە ناوەش ناوێکی خوازراو بووە" (محەمەد، ١٩٧٦، ٢٧).

ئەگەر شیعری خەڵکی ئامانجی خاڵی کردنەوەی ناخی شاعیر بێت و هەستێک بێت و ڕاگوزەر بێت و بڕوات، ئەوا شیعری نالی دوورە لەو جۆرە هەڵچوون و داچوونە، چونکە شیعری نالی ئەگەرچی زادەی خەیاڵێکی فراوانن، بەڵام ناواخن و ناوەرۆکەکەی بەدەر نین لە فەلسەفەو ئایینناسی و دونیابینی و فیقهـ و دەستووری ژیان کردن و بەو نوێگەرییەی گرتوویەتیەبەر لە شکاندنی تابوکانداو ئەوەی لای خەڵکی بە پیرۆزو ڕەها لێی ڕوانراوە، ئەو رووە ڕاستەکەی خستۆتەڕوو، هەر لە خستنەڕووی بیری دواکەوتوویی و نەزانی خەڵکی و کارو کردەوەی پیاوانی ئایینی لەوانە سۆفی و دەروێش و مەلا نەخوێندەوارو دواکەوتووەکان و... کەواتە دەکرێ وەکچۆن (ڕێبوار سیوەیلی) لە (نالی لە بەلاغەوە بۆ مۆدێرنێتە) ئاماژەی پێداوە " کە نالیش لەم بوارەدا شاعیرو مرۆڤێکە پڕە لە ڕۆحی بەرەنگاری و دژە نەریتی " (سیوەیلی، ٢٠١٨، ٢٤) بەهۆی ئەوەی جیاواز لەوانەی پێشخۆی شیعری نووسیوەو بەربەرەکانی بۆچوونە باوەکانی کردووەو نوێگەری خستۆتە نێو ئەو چوارچێوەیەی بۆ شیعر کێشرابوو، ناکرێ تەنها شاعیرێک بووبێت و تەواو، بەڵکو فەقیهێکی ڕاستگۆو فەیلەسووفێکی ڕاشکاوو دونیابینێکی سەرڕاست و زمانزانێکی بێ پێچ و پەناو دڵسۆز بووە. فرە ڕەهەندیی شیعرەکانی نالی، هۆکارن بۆ ئەوەی کەس نەتوانێ بڵێ من بەتەواوی لە نالی تێدەگەم!

(نالی)بەداوە شەعری دەقیقی خەیاڵی شیعر

بۆ ئەو کەسەی کە شاعیرە سەد داوی نایەوە

(مودەڕیس، ١٣٩٦، ٤٥٩)

تەحسین حەمە غەریب لە کتێبی (دڵ و چاو)دا دەڵێ:" دەبێ نالی لە مۆدێرنێتەدا زیندوو بکەینەوە" (غەریب، ٢٠١١، ٢٥٩). مانای وایە زۆر لەوانەی بە نالی ناسییەوە خۆیان خەریککردووە، درکیان بەوە کردووە کە ناکرێ لێکدانەوەی شیعری نالی لە ڕەوانبێژیی عەرەبیدا قەتیس و خەفە بکرێ، بەڵکو شایانی ئەوەیە بە دیدی مۆدێرنیتەوە لە خزمەت ماناو مەغزای تەواوی دیوانە شیعرییەکەیدا راوەستین، چونکە نالی وەکو ڕێبوار سیوەیلی لە کتێبی نالییدا ئاوڕی جیدی لێ داوەتەوە لەوەدا کە نالی بۆ شیعرنووسین سەرچاوەی ڕۆشنبیری دوورو ئامادەو بیسراوی هەبووەو لەسەرچاوەی یەکەمیاندا توانیویەتی بابەتگەلی میتۆلۆژیی وئایینی و چەمکی سەربە زانستی کۆن بێنێتەوەو بە مانای دیکە لە شیعرەکانیدا تەوزیفیان بکات و لەسەرچاوەی دووەمیشدا ئەو کەرەسەو بابەتانەن کە لەژینگەی ئەوسای نالییدا هەبوون و ئەزموونکراون لەبابەتی جیۆلۆجی و جوگرافی و عیرفان و تەسەوفداو راستەوخۆو وەکو خۆی دایناونەوە، لە سەرچاوەی سێیەمیشدا ئەو زاراوانەی تێکەڵ بە دەقە شیعرییەکان کردوون کە کە لەرێگای بیستن و دەماودەمەوە بەرگوێی کەوتوون. ئەمەی دواییان بناغەیەکی ئەقڵانی لەپشتەو دوورنییە لەگەڵ بەرەو پێشچوونی زانستدا مرۆڤ لە بوونیان دڵنیابکرێتەوە، وەکو زاراوەی کیمیاگەریی و بابەتی دیکەی فیزیکی. (سیوەیلی، ٢٠١٥، ١٨٥-١٩٠). دەتوانین بڵێین تواناو لێهاتوویی نالی لە بەکارهێنانی کەرەسەی شیعرییداو کێشانی چەندین وێنەی شیعریی بەهۆی کەرەسەی دووبارەوە دەرکەوتووەو یەکێکە لە خاسیەتەکانی لێهاتوویی و خەیاڵفراوانی لە تەوزیفکردنی کەرەسەیەکداو بەکارهێنانی بۆچەند مەبەستێک. ڕێبوار مەلا محەمەد بۆ مەبەستی خەیاڵفراوانی شاعیرو جیاکردنەوەی لەخەڵکانی ئاسایی گوتەیەکی هیگڵی بە نموونە هێناوەتەوە:" پێویستە ئەندێشەی هونەرمەند لە وێنای نیگەتیفی پەتی مرۆڤی ئاسایی جیابکرێتەوە، ئەندێشە ڕێگە بۆ هونەرمەند خۆش دەکات، عەقڵ مەندانە لە داکەوت و فۆرمەکانی بڕوانێت، لە زەینی خۆیدا شتە بینراوو بیستراوەکان بنەخشێنێت" (مەلا زادە، ٢٠١٦، ١٤٨).

مەهـ بەشەو هەڵدێ پەنا دەگرێت و دەنوێتن بەرۆژ

دا بگاتە سیرڕی پەچچەی پەرچەم و وەسفی برۆی

(مودەریس، ١٣٩٦، ٥٧٧)

خۆش لەسەر سینەی سەری هەڵداوە دووگۆی سەربەمۆر

مات و حەیرانم کە عەرعەر کەی هەناری گرتووە!

(مودەریس، ١٣٩٦، ٤٤٥)

لەبارەی زمانیشەوە، "نالی، یەکەم کەس بووە کە شیعری بە کرمانجی خواروو کردووە بە باو. بەرلەوەی، نالی ئەم جۆرە شیعرە ( کە تێکڕا لەسەر ڕێوشوێنی بابەکانی عەروز بەڕێوەدەچێ) لە کرمانجی خوارووودا بکا بە باو، شیعری فۆلکلۆری بەم دیالیکتە بووە" (خەیات، ٢٠١٧، ٨٢). لەمەشدا چەند مەبەستێکی هەبووە کاتێک زمانی کوردی لەبری زمانی عەرەبی و فارسی و تورکی بەکارهێناوە، یەکێک لەوانە بەرپاکردنی شۆڕشێکی کەلتووری بووە لەدژی ئەو کەلتوورە باوەی چەندین ساڵ پێش نالی لە ئارادا بووەو نەتوانراوە هەوڵبدرێ ئاراستەی زمانانی بێگانە بگۆڕن بۆ زمانی نەتەوەیی و بوونی خودی تاکی کوردی تێدا بەرجەستەببێ. سەرباری ئەوەش نالی چەتری کۆکەرەوەی دیالێکتە کوردیەکانی بووە بە نموونە: دیالێکتی کرمانجی خواروو، ناوەڕاست، موکریانی. نالی بەهۆی ئەوەی چەندین کەس و لە چەندین شوێندا سووکایەتی بەو ئەدەبە بەرزو شیعرە بێ وێنانەی دەکرا، چونکە پێیانوابووە کە نالی ناتوانێ بە زمانانی عەرەبی و فارسی و تورکی شیعر بنووسێ، بۆیە پەنای بردۆتە بەر زمانی فۆلکلۆر، لەبەرامبەردا نالی هەوڵیداوە بە شیعر وەڵامی ئەو هەرزەگۆیانە بداتەوەو توانستی خۆی لەمەڕ ئەم داهێنانەدا بەرز بنرخێنێ و حەسوودان و ناحەزانی مایەپووچ بکات.

یا لە مەیدانی فەساحەتدا بە میسلی شەهسەوار
بێ تەئەممول بەو هەموو نەوعە زمانی رادەکا
بێتە حوجرەم پارچە پارچەی موسوەدەم بکرێ بە رۆح
هەرکەسێ کووتاڵ و پارچەی بێ بەدەڵ سەودا دەکا
(مودەریس، ١٣٩٦، ٨٣)

خەزنەدار بۆ ئەم دێرە شیعرەی دوایی نووسیویەتی:" ئەم شیعرە بۆ دوو مەبەست گوتراوە:

١-ئەو هۆیەی نالی هانداوە زمانی کوردی هەڵبژێرێ و بیکا بە زمانی شیعر.

٢-بۆئەوەی مەدحی خۆی بکاو وا پیشان بدا کە کەس هاوشانی ئەو نی یە!" (خەزنەدار، ١٩٨١، ١١٨-١١٩).

نالی لە شانازی بەخۆوە کردندا دەستێکی باڵای هەبووەو غەزەل و قەسیدەکانی خۆی بەرابەر یان باڵاتر نرخاندوون لە شیعری شاعیران و بەرهەمی هونەری و ئەدەبی پێش خۆی. هەروەکچۆن ئەدەب دۆستانیشی ئاگادارکردۆتەوە کە غەزەل وقەسیدەکانی ئەو خوێنەرو لێزانی بەتوانای گەرەکەو هەر کەسێ بێ ناتوانێ لێکدانەوەیان بۆ بکات.

بەحری غەزەلم پڕ لە دوڕو گەوهەرە ئەمما
غەوواسی دەوێ یەعنی بە تەعمیقی بزانە
(مودەریس، ١٣٩٦، ٣٩٦)

(نالیا) ئەم غەزەلەت تازە بە تازە وتووە
بە دووسەد مەسنەوی و "لوبی لوباب"ی نادەم
(مودەریس، ١٣٩٦، ٢٥٢)

دەورانی یە وەک هێلەکی سەوداسەری گێژم
بۆیە بە دەقیقی مەسەلە هەرچی دەبێژم
(مودەریس، ١٣٩٦، ٢٢٤)

هەروەها لە ستاییشی خۆیدا خۆی لەبەرامبەر نەخش و نیگاری وێنەکێشی مەزنی ئێرانی (مانی)دا هاوتاکردوەو پێیوابووە ئەو بە وشەو خەیاڵی فراوانی شیعر دەنووسێ و مانیش بە فلچەو تێکەڵاوکردنی رەنگ تابلۆو نیگار دەکێشێ:

نووکی خامەی من کە بێتە مەعنائارایی کەمال
خەت بە خەت ئیزهاری نەقشی سوورەتی "مانیی" دەکا
(مودەریس، ١٣٩٦، ٧٩)

گوتراوە کە نالی لاسایی کەسی نەکردۆتەوە، لەبەرامبەردا نالی لە پەسندێتی شیعرەکانی راماوەو درکی بەوە کردوە خەڵکانێک دەیانەوێ لاسایی بکەنەوەو دزی شیعریی لێ بکەن:

ئەو گەوهەری نوکتە کە لە (نالی) دەدزن خەڵق
ئاوی نییە وەک ئاگری بێ شەوقی دزانە
(مودەریس، ١٣٩٦، ٣٩٧)

لە کورتبڕیشدا توانیویەتی زۆرترین ماناو مەبەستی شیعری لە کەمترین و کورترین جوگرافیای شیعرییدا چێبکات و مەبەستی خۆی بپێکێ.

(نالی) عەجەب، بە قووەتی حیکمەت ئەدا دەکا
مەعنایی زۆر گەورە بە لەفزی کەم و بچووک
(مودەریس، ١٣٩٦، ٢١١)

هەروەک لە پێشتردا باسکرا، حەزرەتی نالی شیعری بۆ هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵ نووسیوە لە هەر بوارێکی ژیاندا بووبێت، گرنگ ئەوەیە ریتمی شیعرەکانی زیاتر بەلای ئامۆژگاریی و راستکردنەوەی تێڕوانینەکان لەمەڕ دین و دونیا بە هەموو جنجاڵییەکیەوە. بۆ نموونە کاتێک وەسفی وشکە سۆفی و شێخی ریش پان دەکا، یان ستاییشی کەر(گوێ درێژ) دەکا. هەڵبەت ئەمەشی لە جوانبینییەوە ئەنجامداوەو ویستویەتی خەڵکیش وەکو ئەو درک بەجوانیەکان بکەن و گرنگ بە مەعنەویەتی شتەکان بدەن. ئەو هەمیشە

لەئاستێکی بەرزی ئیستاتیکییەوە شیعری هۆنیوەتەوەو ئەم لایەنەی فۆرمی شیعری هەرگیز وەلا نەناوە.

هەی کەرێکم بوو، چ پەیکەر؟ تەی کەری هەورازو لێژ
سینە پان و مووچە کورت و شانە بەرزو گوێ درێژ
(مودەریس، ١٣٩٦، ١٨٣)

مەلایەک کە تەنها زانستی کەلام و ئوسوڵی ئاینی ئیسلام وبەلاغەی خوێندبێ، کەچی دەستی بۆ بابەتی گەردووناسی وئەستێرەناسی و کیمیایی و بایەلۆژی و فیزیاییەکان و تەنانەت ئەندازەییەکانیش بردوە، کەوابێ نالی ئینسکلۆپیدیا یان بانکی زانیاری و فەرهەنگی وشەو گەنجینەیەکی پڕاوپڕی ئەدەبی بووە.

چ میعمارانە بۆ تەعمیری کەعبەی دڵ دەچێتە حەج
خودا یارو مەدەدکارو نیگەهداری عەمارییی بێ
(مودەریس، ١٣٩٦، ٥٢٦)

تیژاوی سوروشکم وەکو ئیکسیری سوهەیلە
روخسارەیی زەردم وەکو ئەوراقی خەزانە
(مودەریس، ١٣٩٦، ٣٩٤)

مونەججیم کەرگەس و لاشەی لەلا شەیئێکە، نەیزانی
کە ئەم ئەفلاکە چەند لاکە، کە ئەم گەردوونە چەند دوونە
لەدەورانی تەبیعەتدا لەگەڵ سەوری فەلەک جووتە
لە ملیا چەمبەری دەوران و طەوقی چەرخی گەردوونە
(مودەریس، ١٣٩٦، ٤٣١)

نالی لە شیعر نووسیندا ویستوویەتی بگات بە کەماڵ لەرێگەی ئەوین و شیعرەوە ویستوویەتی کەلێنەکانی رۆحی پڕبکاتەوەو بگاتە ئەو کەماڵەی بەختەوەری بۆ دێنێت، وەکچۆن ئەرستۆ ئاماژەی پێداوە :" ئێمەی مرۆڤ کەماڵی خۆمان هەیەو کەماڵی ئێمەش بەختەوەریمانە، کەواتە بەختەوەری ئامانجی ئێمەیە، چیش ببێتە هۆی دروستبوونی ئەو کامڵبوونە دەوترێت (خێر) هەرچیەکیش رێگیرە لەرێی دروستبوونی ئەو کەماڵەدا ئەوە (شەڕ)ە." (غەریب، ٢٠١١، ٢٧٥)

عومرێکە بە میزانی ئەدەب توحفە فرۆشم
زۆرم وت و کەس تێی نەگەیی، ئیستە خەمۆشم
(مودەریس، ١٣٩٦، ٢٢٨)

رێگەو زمانی ئەو شیعرەکانی بوون، لەرێگەی هونەری شیعرەوە توانیویەتی ئیستاتیکاو رۆحی شیعرەکانی وەکو نموونەیەکی باڵا پێشکەش بکات. خولقاندنی فەزایەکی لەم شێوەیەو بەهەند وەرنەگرتنی، بە هەر کلۆجێک بووبێ، مانای ئەوە دەگەیەنێ کە نالی زۆر لەپێش

میللەتەکەیەوە بووەو لەئاستێکی ئێجگار جیاوازدا بوون، بۆیە ئەو زمانەی ئەو بەکاری هێناوەو ئەو فەلسەفەو شاکارە ئەدەبییانەی ئەو، وەرگێڕان و گواستنەوەیەکی دیکەی پێویست بووە تا وەکو خۆی بگاتە خەڵکی، بۆیە خامۆشی بۆ ماوەتەوەو نەیتوانیوە لەو چوارچێوە دۆگمایەدا کە چینی خوێندەوارو نەخوێندەوار ویستوویانە بۆی بکێشن، دەرنەچێ و چیدی قەراربگرێ، بۆیە ژیانی ئاوارەیی بۆ ئەو زۆرتری فێرکردو پەنجەرەیەکی دیکەی بەڕووی نالییدا خستەسەرپشت، چونکە ئیدی ئەو گەیشتە ئەوانەی بەهاو نرخیان بۆ ئەدەبی بەرزی ئەو داناو، وەک گوتراوە قەدری زێڕ لای زەڕەنگەرە.

پێشتر نالی لە شارەزوورو سلێمانی و تەنانەت شارەکانی دیکەشدا، بەم هەموو دانایی و دەستپێشخەرییەیانەوە کە لەبواری زمان و ئەدەب و دونیای شیعردا هەنگاوی بوێرانەی بۆ هەڵێناون، لەبەرامبەردا پشتگیرییەکی ئەوتۆی چنگ نەکەوتووە تا بتوانێ لەو ناوەندەدا بەردەوام بێ و ئەفراندنی زیاتر بکات، بگرە بەپێچەوانەوە هەمیشە چاوی بڕیوەتە ئەوەی بگاتە شوێنێک پارچەو بابەتە شیعرییەکانی بەرز بنرخێنن.

بەڵام خۆشبەختانە دوای دووسەدە زمان و شێوەزاری نالی بوونەتە زمانێکی ئەدەبیی و لە ناوەندە ئەکادیمیی و زانستییەکاندا کاری پێدەکرێت و خوێندنەوەو وردبوونەوەی بە بڕشت لە تەواوی ناوەندە ئەدەبیی و ئەکادیمییەکاندا لەسەر شیعرو مەغزاو ماناکانی نالی و قوتابخانەی شیعری بابان ئەنجام دەدرێن، واتە توحفە ئەدەبییەکانی ڕەواجیان لەبرەودایە.

### ٢-٣: فەلسەفە لەشیعری نالیدا

فەلسەفە وەک لەبەشی یەکەمدا باسکراوەو تیشکی خراوەتەسەر، کە کردارێکی زەیینی و ئەقڵییەو پشت بە لۆژیک دەبەستێ و بۆ تێگەتشتنە لە دیاردەو تەواوی شتە هەستپێکراوەکان بەدیارو نادیارییەوە. زادەی بیری شارستانیەتی کۆنی مرۆڤایەتییە. زۆر لە زانایان و فەیلەسوفان بە زانستی زانستەکان ناودێریان کردووەو لە لووتکەدا مامەڵەیان لەگەڵدا کردووە، چونکە فەلسەفە کاری توێژێکی وشیارو ئاگای کۆمەڵ بووەو کەسی ئاسایی دەستی بۆ نەبردووە! هەروەکچۆن ئەدەبی کلاسیکیش هەر بەم شێوەیە بۆ کەسانی ئاسایی و ڕەشۆکی نێو کۆمەڵ نەهاتۆتە کایەوە، بەڵکو لەپێناو خۆ دەرخستن و

لاف لێدان بووه بەوەی کە هەر کەسێک توانای خۆی لەبارەی ئەدەبیاتدا تاقیبکاتەوەو لەگەڵ بەرامبەرەکەیدا ململانێی داهێنان بکەن.

زانراوه فەلسەفە دووجۆرە، تیۆریی(جەوهەر-کرۆک) و پراکتیکی(ماددی)؛ باسی ئەوەشکرا کە لە تیۆرییەکەدا دۆزینەوەی رێگایەک بە کاری خۆی دەزانێ بۆ وەدەستهێنانی زانیاریی و سەلماندن و ئەزموونکاریی و بە ئەبستمۆلۆژیا ناوبراو دووەمیشیان لە سروشت و بوونی هەر شتێک رادەمێنێ و دەپرسێ و بە ئەنتۆلۆژیا ناسراوە، هەروەها فەلسەفە چەند لقێکیش لەخۆدەگرێ تا لێکۆڵەرانی بواری فەلسەفە وریابن لە ناسینەوەو کار لەسەر کردنیان، وەک فەلسەفەی ئاکارو سیاسی و ئیستاتیکاو فەلسەفەی ئایینی... بەمەبەستی بەکارهێنانی رێگای گونجاوو دروست بۆ ناسینی فەلسەفە هەریەک لە دیالیکتیک و میتافیزیک بەکاردەبرێن تاوەکو تێکەڵاوی لە تایبەتمەندییێتی هیچ کامیاندا روونەدات.

بەرلە پەیدابوونی فەلسەفە، میتۆلۆژیا(ئەفسانە) رۆڵێکی گەورەی گێڕاوە لە گواستنەوەو وەرگێڕانی دەروون و خەیاڵی مرۆڤ و هەرچی گوتراوەو نووسراوەتەوە لە بابەتە جۆراوجۆرەکان و دیاردە سروشتی و دەسکردەکانیش تەنانەت، بەرگێکی ئەفسانەییان کردۆتەبەرو پەخشاندوویانە، لە شیعری کلاسیکی کوردیشدا نالی هەندێ وشەو زاراوەی کە تایبەتبوون بەمیتۆلۆژیا، بەکارهێناون و بۆ مەبەستی شیعری سوودی لێ بینیون:

لە ئەشکەنجەی شکەنجی زولفی ئەو بێ وەعدە مورغی دڵ
دەناڵێنێ وەکو بلبل لە سوبحی کازیبی شەودا
(مودەریس، ١٣٩٦، ٦٦)

مورغی دڵ یان هەندێجاریش مورغی رووحی بەکارهێناوە
بۆ نشینگای مورغی رووحی ئەو کە عالی فیترەتە ...
(مودەریس، ١٣٩٦، ٣٠٥)

ویستوویەتی وەستایی خۆی لەو پاشخانە زۆرەی هەیبووە لەبارەی ئەفسانەوە بخاتەڕوو، شیعرەکانی ئەو هاوێنەیە بوون کە ناخی نالی ویستوویەتی. باسکردنی مورغی روح یان دڵ وەکو دکتۆر مارف خەزنەداریش ئاماژەی پێداوە "ئەو باڵندە ئەفسانەییەی کە لەئایینی کۆن و لەناو کۆمەڵی کوردەواریدا گوتراوە کاتێک مرۆڤ دەمرێت ئەم تەیرە ئەفسانەییە لە دەمی دێتەدەرێ، ئەمەش گیانەو دەردەچێ" (خەزنەدار، ١٩٨١، ١٩٨)، یاخود ئەو رۆحە کە خۆشەویست یان مەعشوقەکەی بووە لەدڵی خۆیدا دایناوەو بەمەش تەوزیفکردنی ئەو زاراوانەی لە ئەفسانەو

داستانە کۆنەکاندا بەکارهاتوون، وەکو چەمک دەرکەوتوون و لە چەندین شیعرداو بە مانای جیاجیا بەکارهاتوون.
ئەگەرچی ژیانی نالی و هوشیاری نالی بەپێی هیچ پێوەرێکی فەلسەفی رێک نەخراوە، واتە خۆی بڕیاری لێ نەداوە، بەڵکو بابەتیانە کەوتۆتە ناویەوە، بۆیە گەر ئاستی تێبینییکردن و هوشیاری نالی بە فەیلەسوفێکی وەکو کێرکیگۆر بەراورد بکەین دەبینین جۆرێک لە وێستگەکانی وەرگرتن و دانەوەی هۆشیاری لای مرۆڤ تەریبن بەیەکتر، بۆ نموونە لای کێرکیگۆر مرۆڤ بە سێ ئاستی هۆشیاریدا تێپەڕدەبێ، هۆشیاری ئیستاتیکی و هوشیاری مۆراڵی و هوشیاری ئایینییە، لە ئاستی یەکەمیاندا زیاتر بیر لە خۆشی و چێژو جوانیەکان دەکەیتەوەو خۆت لە ناخۆشی بەدووردەگریت، دواتر کارەساتەکانی ژیان وا لە مرۆڤ دەکەن فراژووبێت و لەناخیدا رەنگبداتەوەو ئەمەش دەیگەیەنێتە ئاستی ئیتیکی و ئەخلاقی، کە تیایدا رووبەڕووی چەندین چەمکی نا دادپەروەریی و نایەکسانی دەبیتەوە، بەرەبەرە بەرەو فراوانبوون دەچێت و ئەمەش وادەکات هۆشیارییت فراون بێت و لەوێشەوە دەگەیتە ئاستێکی دی لە هۆشیاری کە ئاستی ئایینییە، ئەمە بەو مانایە نایەت کە ئاستێکی ئایینی و مەبەست لێی خودا پەرستی بێ، بەقەدەر ئەوەی هەڵگری رەهەندێکی فەلسەفیانەو رۆحیانەیە، بۆ رۆچوونەنێو خودو گەڕانە بەدوای ئارامیی و رامان. رووی لێکچوونی دیدی ئەم فەیلەسووفە لەگەڵ بیرو ئەدای نالییدا زۆر نزیکن بەڕاددەیەک وەکو ئەوەیە نالی دەستی هەبووبێ لە داڕشتنی ئەم بنەما فەلسەفیانەی کیرکیگۆردا، چونکە نالی هەمیشە ئەوەی دووپاتکردۆتەوە کە مرۆڤ پێویستی بە خۆشیی و چێژوەرگرتنە لە ژیان، وەک لە چەندین غەزەلییدا هاتووە. نەهامەتیی و ئاڵۆزیی و نادادیی و نەبوونی یەکسانیی و بە کەم روانینی بەرامبەرو زۆری تریش مرۆڤ سووردەکەن لەپێناو گەیشتن بە وەدەستهێنانی وشیارییەک تا بتوانێ بگاتە ئاستێکی مۆراڵی، ئەمەش کاتێک بوو کە لەو مزگەوت بۆ ئەو مزگەوت و لەم شار بۆ ئەو شار لەبەر بێ دادیی و نەزانیی و... دەڕۆیشت و بەدوای ئەڵتەرنەتیڤی گونجاوتردا دەگەڕا. ئینجا هەنگاوی ناوە بۆ وەدەستهێنانی پلەی زانستیی و ئایینی و تا رۆبچێتە نێو قووڵایی مەعریفەو رۆحی لەرێگەی رامانەکانییەوە ئارام بگرێ و وەڵامی گونجاو بۆ پرسە فەلسەفی و پرسیارەکانی نێو خەیاڵدانی خۆی بدۆزێتەوە. وەزیفەی نالی تەنها بۆ ئەوە نەبووە لەرێی ریزکردنی وشەو بەکارهێنانی هونەرەکانی بەلاغەوە شیعری کێش و سەروادار بهۆنێتەوە، بەڵکو وەک لە پێشتریشدا باسکراوە کە جیهانبینی و خەمخۆریی و

پەیامەکانی هۆشیارکردنەوەی لەرێی وێنە شیعرییە باڵاکانییەوە گەیاندوونەتە گوێی خەڵک، بەرهەمی لێکدانەوەو بیرتیژیی و خەیاڵی فراوانی نالی جۆرێک لەو گرێیانەی فەلسەفەی تێدا باسکراون کە بەدرێژایی تەمەنی فەلسەفە فەیلەسوفانی خولیای دۆزینەوەی وەڵام کردووە. "مایەو کرۆکی فەلسەفیی، بەشێکە لە هزرینی نالی، چونکە نالی هەمیشە قووڵتر لە ئایین و بەرینتر لە ئەدەب، بیردەکاتەوە. کەمتر روانگەی ئەو، بۆ نموونە: بۆ مرۆڤ، لەگەڵ روانگەی دیندا دەگونجێت" (سیوەیلی، ٢٠١٨، ٣٦٧)، تەنانەت راستەوخۆ ناوهێنانی (حیکەم -کۆی وشەی -حكمة- زاراوەی فەلسەفی ولۆژیکی) ئاگایی شاعیر لەو بابەتەدا دەردەخات و لەشیعردا گومان و بەڵگەی بەرامبەر دەورووبەر دەربڕیوەو زاراوەی فەلسەفی بەکارهێناوە، چونکە ئەو فەیلەسووف بووەو دەقە شیعرییە فەلسەفییەکانی بەڵگەی حاشا هەڵنەگرن:

لەکن ئەو جەوهەرە فەردە لە هەیولا نییە باس

لە حییکەم پەروەرییی بو عەلی سینا نییە باس

(مودەڕیس، ١٣٩٦، ١٩٠)

"بەپێی ئەم بۆچوونە زانستییە جەوهەری فەرد بچوکترین یەکەی مادەیەو ناتوانرێ بۆ یەکەی تر دابەش بکرێ، لەئەنجامی بەیەکەوە لکانی دوو جەوهەری فەرد خەت دروست دەبێت، کە دوو دووری هەیەو لە سێ جەوهەری فەردیش جیسم دروست ئەبێ کە دەبێتە خاوەنی سێ ئەبعاد، ئیتر ئەمەی کە نالی ئاماژەی پێکردووە هەر لەکۆنەوە جێگای کێشمە کێشی فەیلەسوفەکان بووە" (مەلا زادە،٢٠١٦، ١٢٩)، کاتێک ناوی عەلی سینا کە مەبەستی ئیبن سینای گەورە زاناو فەیلەسووفی ئێرانی و لە بەشی یەکەمدا تیشکی خراوەتەسەر، نالی دەیەوێ پێمان بڵێ کە ئەو زاتەی ناسیوە لەبەر ناوبانگ و زانایییەکەی، هەروەها بەکارهێنانی وشەکانی وەک (جەوهەر- هەیوولا- حیکەم) گەواهیدەری ئەو راستییەن کە نالیش وەکو فەیلەسووفانی دیکە دەستی بۆ زاراوە فەلسەفییەکان و ناوەرۆکی فەلسەفە بردوەو مێشکی ئەویش وەکو ئەوەی لەپێشدا باسکرا سەرڕێژبووە لەپرسیارو گومان سەبارەت بە هەموو شتێک کە بوونێکی هەبێ. لە بەشی سێیەمدا وردتر باسی لێوەدەکەین و لەم بەشەدا تەنها خستنەڕووی مەیل و ئەندێشەی فەلسەفیانەی نالی بەگشتی باسکراوە.

زەرراتی عوکوسی کەششی میهری جەلالن

وادێن و دەچن سەر زەردە سولطان و شەهەنشا

(مودەڕیس، ١٣٩٦، ٥٦)

بەمانایەی کەسانی گەورەو خاوەن پایە بێ دەربەستانە دێن و دەچن، ئەگەر لوتفی خوا نەبێ لەبەرامبەریاندا ئەوانە هەروەکو ئەو گەردو تۆزە دێن و دەچن کاتێک دەکەونە بەر تیشکی خۆرو دیارن، لێرەدا بڕوایەکی موتڵەقی نالی بە خودا وەکو هێزێکی میتافیزیک و نەگۆڕ دەردەکەوێت و گەورەیی و هێزی دیکە ڕەتدەکاتەوەو پێی وابووە کە هەر هێزێکیش هەبێ لەژێر سایەو ڕەحمەتی خودا دایە.

تەحسین حەمەغەریب لە کتێبی (دڵ و چاو) دا باسدەکات کە لە فەلسەفەدا سێ شتمان هەیە: شت هەیە بەڵگەی قبووڵەو شت هەیە لە بەڵگە هەڵدێت واتە نە هەڵیدەگرێ و نەدژە بەڵگەیە، شتی تریش هەیە بەڵگە ڕەتدەکاتەوەو پێچەوانەی ئەقڵیشە. ئەو پێی وایە بابەتە ئایینیەکان لە جۆری دووەمن. (غەریب، ۲۰۱۱، ۲۲۱) ئەو بابەتانەی لێکۆڵەران دەستنیشانیان کردووە تاوەکو بزانن نالی لەگەڵ کامیان بووەو کامیانی ڕەتکردۆتەوە وەکو نەتەوە، ستاییش، نیشتمان، زمان، ئایین، لاواندنەوە، پیاهەڵدان، داشۆرین... پێدەچێت لە هەندێکیاندا وەکو ستاییش و زمان و نیشتمان بەبەڵگەوە دەرکەوتوون لە شیعرەکانیداو هەن. بابەتی وەکو نەتەوەش نە ڕەتیکردۆتەوەو نە باسی کردووە...لە داشۆرینیشدا وەکو سەپان کوردی باسی کردووە ئەو دێڕەی کە وەڵامی موفتی زەهاوی داوەتەوە غەزەلێکە " پڕە لە زاراوەی زانستی فەلسەفەو کەلام، وە دەکرێ بەڵگەبێ بۆ ئەوەی کە (نالی) نە وەک موعتەزیلە باوەڕی بە ئیختیاری موتڵەق بووە، نە وەک ئەشعەرییەکان باوەڕی بە جەبری موتڵەق بووە:

ئەحوەلی تەفرەقەی نەزەر، تەقوییەتی سەبەب دەکا

عاریفی وەحدەت ئاشنا لەم قسەیە ئەدەب دەکا"

(مودەریس، ١٣٩٦، ٧٤)

نالی چەندین دێڕە شیعری نووسیون کە جەخت لە خاوەن بڕیاریی و هۆشمەندی و دانایی خۆی دەکاتەوە، کە کەسێک بووە ملی بۆ نادادیی و سەپاندنی ستەم نەداوەو هەمیشە قسەی خۆی هەبووەو پەیامی خۆی لە ڕێگەی شیعرەکانییەوە گەیاندۆتە یاران و نەیارانی، بۆیە زۆر کەس پێیان وابووە نالی سەر بە ڕەوتی قەدەریەکانەو گەرچی پێچەوانەکەشی سەلمێنراوە کە لە هیچ لایەکدا ساغ نەبۆتەوە، ڕەئوف عوسمان و محەمەدی مەلا کەریم لەمبارەیەوە دواون و محەمەدی مەلا کەریم پێی وابووە کە نالی سەر بە ڕەوتی جەبریەکان بووەو ڕەئووف عوسمانیش ڕەتیکردۆتەوەو گوتوویەتی نالی هەرگیز ناکرێ سەر بەو ڕەوتە بووبێ، بەڵکو سەر بە ڕەوتی قەدەرییەکان بووەو مامۆستا

مەسعود محەمەدیش جەختی لەم خاڵە کردۆتەوە بەوەی شیعرەکانی نالی گەواهیدەری ئەم راستییەن. "نالی بایەخی بە ئەقڵانیەت داوەو زۆر دژی سۆفی و شێخ و بەناو پیاوانی ئایینی ساختەچی و دوورِوو وەستاوە لە شیعرەکانیدا، ئەمەش بەڵگەن بۆ بیرو فکر رۆشنی و ئەقڵانیەتی نالی و رەتکردنەوەی شتی سەپێنراو بەسەریدا" (عوسمان، ١٩٨٤، ٢٣-٢٤). بەم شێوەیە نالی بەشیوەیەکی رێژەیی و بە پێی حاڵەت هاتۆتەدەنگ، نەک بەپێی شەرع و عەقیدە، یان عەقڵ و مەنتیق، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ جگە لە بوونی خوا هیچ شتێکی دیکەی بە موتڵەق دانەناوە.

تا بەکەی وەک راوییەو وەک سانییەی سێ پەل شکاو
بێ تەواف و سەعی و عەمرە هەر بخەوم و هەر بخۆم
من لەوانەم چی کەوا ئەهلی وەسیلەو مەسئەلەن
عامیل و ناچارو مەعزوور ئەر بڵێین هەر بێنە بۆم
(مودەڕیس، ١٣٩٦، ٢٤٧)

نالی وەکو زاناو فەیلەسوفانی دیکەی ئیسلام باجی رۆشنفیکری و رەتکردنەوەی تەقلیدی بە قورسی داوەو لەلایەک ئیختیاری رەهاو لەلایەک جەبری رەهای رەتکردۆتەوە، لەکاتێکدا مەلایەکی تەواو بووەو وەکو باسکرا شارەزاییەکی ئەوتۆشی لە زانست و ئوسوڵی دینی ئیسلامیدا هەبووە، کەچی نەیتوانیوە درۆ بکات و ناخی راستەقینەو یەقینی خۆی بشارێتەوە لەبارەی شتێکەوە کە ناتوانێ سەداسەد بڕوای پێ بێنێ، هەروەکچۆن فەیلەسووفانی ئیسلام وەک کیندی وفارابی و ئیبن سیناو ئیبن روشد... کە بە رادەیەک سەرسامی فەلسەفەبوون و کاتێک سەیریانکرد ئایینی ئیسلام رێگرە لەبەردەم فەلسەفەدا ویستیان دەرچەیەک بدۆزنەوەو هاوبەشییەک بێننەکایەوە، وەک چۆن لە ئایینی مەسیحداو لەسەردەستی تومائەکوینی هاتەئاراوە، بەڵام بەداخەوە ئەوان لەبەر توندوتیژی دەسەڵاتدارانی ئەوسای ئیسلام نەیانتوانی ئەم ریفۆرمە بێننەئاراوەو ئەو رایەڵە دروست بکەن کە پێیانوابوو لە نێوان فەلسەفەو ئاییندا بوونی هەیە.

دەمێنێتەوە بڵێین نالی وەکو شاعیرێکی ئاگادار لە فەلسەفەو بنچینەکانی فەلسەفە توانیویەتی لەرێگەی فەلسەفەوە ئەوە رەتکاتەوە کە ئایین بەسەریدا سەپاندبوو، واتە ئەقڵ مەندانە رەفتاری کردوە.

گوتاری نالی بۆ سەپاندنی رەوتێکی ئایینی یان فەلسەفی نەبووە، هێندەی ویستوویەتی دەست وپەنجەی لەگەڵ تەواوی مەعریفەی مرۆییدا نەرم بکات و شیعر وەکو کەرەسە بەکاربێنێت لەپێناو گەیاندنی پەیام و

دیدو بۆچوونەکانیدا، هێندە قووڵ لە بوون و مەردومی روانیوەو راماوە لێی کە فەیلەسووفانیش هەر ئەو بوێرییەیان هەبووە. ئەوەی پێی گەیشتووە لەتەک ئیحساسە قووڵەکەیدا بیرۆکە شیعرییەکەی پێ هۆنیویەتەوەو دیمەن و وێنەی شیعریی لێ خولقاندوون.

لەگەڵ ئەوەی نالی بەوپێیەی مەلا بووەو خواناس بووە، شیعری ئایینیشی زۆرن و خودای پەرستووەو خۆشەویستی وریزی تایبەتی بۆ پێغەمبەری ئیسلام هەبووە، بەڵام نەیتوانیوە رێگە لە زانینی زیاتر بگرێ کە لە کلاورۆژنەی فەلسەفەوە داباریوە بۆی، هەندێجار دیالیکتیکانە دەردەکەوێت و هەندێجاریش میتافیزیکانە، واتە لە هەردوو دیوەکەدا هاموشۆی کردوەو توانیویەتی رێبوارێکی پشوو درێژبێ... لە پەراوێزی هەموو هەڵچوون و داچوونێکی دەروونی نالییدا جۆرێک شیعری لەوانی دی نەچوو دەرکەوتووە، فەرزەندی شیعری بە خۆراکی جیاجیا پەروەردە کردووە، تا فراژووبوون و گەیشتنە مەنزڵ بێ وچان لە خزمەت هەر وشەو دێڕێکییدا بووە، لە بەشی سێیەمدا باسیدەکەین.

## ٢-٤: ئایینی ئیسلام و پەرستنی تایبەتییانەی نالی

لەنێو کۆمەڵی کوردەوارییدا سەردەمێک گوزەرا کە خوێندنی ئایینی تاکە سەرچاوەی فێربوونی زانست و زانیاری بووەو لەوێوە ئیدی هەرکەس خرابێتەبەر خوێندن یەکەمجار ئەلف و بێی ئیسلام و زمانی عەرەبی پێ رەوانکراوەو لەوێوەو دوای زانستەکانی ئوسووڵ و فیقهـ وکەلام و بەلاغە و...تاد کەوتووەو، ئاسۆی بیری فراوانکردووەو ئاستی خوێندەواریی و رۆشنبیریی و داهێنانی لە بوارێکی تایبەتتدا دەرکەوتووە. لەگەڵ ئەوەی ئایینی ئیسلام بە هەموو کون و قوژبنێکی کوردستاندا بڵاوبۆوە، بەڵام لە نێو کۆمەڵی کوردەوارییدا" رەسەنایەتی کەلتوورو فەرهەنگ و نەریتی دیمۆگرافیاو بنچینەی خۆی هەر لەدەست نەداوە" (خەیات، ٢٠١٧، ١٤٨)، بەڵگەش بۆ ئەم قسەیە ئەو رۆشنبیرو شاعیرو روناکبیرانەی نێو کۆمەڵی کوردەوارین، کە لە هزرین و بیرکردنەوەیاندا ئەم حاڵەتە رەنگیداوەتەوە، نالی بەنموونە.

نالی ئەو فەرزەندە کوردەی دەست و پەنجەی لەگەڵ خوێندنی نێو حوجرەو لەسەر دەستی مەلاو شێخەکانی سەردەمی خۆیدا نەرم کردووە، بووبوو بە سوختەیەکی زیت و وشیارو هەمیشە بەدوای فێربوونی زێتردا وێڵ بوو، تا دواجار بووبە مەلایەکی وەکو دەڵێن دوانزە عیلم و شارەزاییەکی تەواوی لە زانست و مێژووی ئەو ئایینەدا پەیداکردو وەکو فەقیهێکی ئیسلامی ومەلایەکی زرنگ وانەی بە فەقێیان

دەگووتەوە، لەپاڵ ئەوەشدا، پێشتر ئاماژە درا بەوەی کە لە هەرەتی لاوێتییدا و زووتریش هەوڵی نووسینی شیعری داوە، وەلێ بەربەست و کێشەی زۆری دەهاتنەپێش و تووشی دوودڵیی و دڵەڕاوکێیان دەکرد، بەڵام ئەوە بۆ ئەوێک کە کانیاوێک لە شیعرو شانامە لە هزرینی ئەودا پەنگیان خواردبوو، بەهایەکی ئەوتۆی نەبوو و نەیانتوانیوە لە شیعرنووسین و لەو جۆرە تایبەتەی ئەو دەستی دابۆیە ساردی بکەنەوەو دووریخەنەوە. لێرەدا قسە لەسەر ئەوەیە کە ئایا نالی لەچ گۆشەیەکەوە لە ئایینی روانیوەو چۆن و لە چ فۆرمێکدا بەرجەستەی کردووە!؟ چونکە ناکرێ مەلایەکی شەرعزان و خوداناس خودان دیدی فەلسەفی و رۆشنفیکرو دونیابین، وەکو کەسێکی ئاسایی شێوازێکی سوننەتی پەیڕەوبکات بۆ خوداپەرستی. ئایینناسی نالی لە لەبەرکردنی دەقی ئایینی و پەیڕەوکردنی پایەکانی ئیسلام قەتیس نەبووە، بەڵکو قوڵتر لە زانایەکی ئایینی هاوشێوەی کە دەڕوانێتە ئایین بە گشتی، روانیویەتی. سەپان کوردی دەڵێ:" نالیی، وەکوو هەموو تاکێکی موسڵمانی کورد لەسەرەتای گەنجی و لاوەتی دا وەشوێن خوێندن کەوتووە، بە باوەڕێکی زۆر قایم و قوڵەوە خۆی فێری خوێندن و کتێبە ئایینی یەکان و قورئان و حەدیس کردووە، بەڵام بە پێچەوانەی زۆرێک لە سەیدو مەلاو شێخەکان باوەڕی بە خورافات و خۆ هەڵخەڵەتاندن و لە خشتەبردنی مرۆڤی ساویلکەو خۆشباوەڕ نەبووە، بەڵکو زۆر زانایانە لەدژیان وەستاوە، سەرکۆنەو لۆمەی کردوون" (حسینی، ٢٠١٣، ١٠٤).

لەگەڵ ئەوەدا کە هەر کەسێکی باوەڕدار لە جیهانی ئیسلامییدا مەرجی سەرەکی باوەڕهێنانی سەرەتایی لەوەوە دەست پێدەکات کە باوەڕی بە خواو پێغەمبەری ئیسلام و تەواوی حەدیسەکانی پێغەمبەرو پایەکانی ئیسلام هەبێ و بەهیچ شێوەیەک ناگونجێ هاوبەش بۆ گەورەیی خواو پەیامبەرەکەی بهێنرێتەکایەوە، لەکاتێکدا موریدو شێخ و سۆفی و هەندێکیش لە مەلای ناحاڵی پێیانوابووە کە ئەوان هێزی خوایان لە جەستەدایەو عیلمی غەیب دەزانن، ئەم کردەوەو بۆچوونەی ئەوان وای لە نالی کردووە کە بڵێین "لە ئیسلامەتی "نالیی" دا پیرۆزیی(تەقەددوس و قودسیەت) تەنیا بۆ خواو پێغەمبەرو قورئان دەگەڕێتەوەو بەس! هەرئەوەش وای لێ کردووە تا گاڵتە بەو شێخ و مەلاو سۆفیانە بکا، کە بە درۆی خۆیان بەڕۆژوون و دەیان هەوێ بە ئاوی کەوسەر(کوثر) تینوێتی خۆیان بشکێنن" (حسینی، ٢٠١٣، ١٠٤).

بە نەهری کەوسەرو شیرو عەسەل چەند تینوە سۆفی
لەبی"نالی" دووچەندان بۆ لەبانی لەعلی موشتاقە

(مودەریس، ١٣٩٦، ٣٧٧).

نالی لەگەڵ ئەوەدا نەبووە کە سۆفی و شێخەکان دەرحەق بە گەوجاندنی خەڵکی ئەنجامیانداوە لە نمایيشی حاڵگرتن و ریش بەردانەوەو خۆ دەوڵەمەندکردن لەسەر بژێوی خەڵکی، بەڵکو ویستویەتی مرۆڤ ئاسایی بژی و راستگۆ بێت، بڕوای بەتینی ئەو تەنها بە خوداو پێغەمبەرو قورئان بووەو هیچی تر. ناشکرێ بە چاوی ئێستا لە نەریتە ئایینیەکانی سەردەمی نالی بڕوانین، لەبەرئەوەی پێشتر باسکرا کە نالی هەرگیز وەکو خەڵکی ئاسایی مەلاو شێخ و سۆفیەکانی ئەوکات خۆی بە شتی بێ ناوەرۆکەوە نەدەخافڵاند، بەڵکو گرنگی بە کرۆکی بابەتە ئایینیەکان داوەو بەربەستی زۆری بڕیون، بە بەراورد بە ئێستا لەوانەیە زیادەڕۆیی نەبێ گەر بگوترێت نالی شۆڕشێکی کردووەو گەر لە ئێستادا بووایە بێگومان بە زەندیق و لە ئایین بەدوور تاوانبار دەکرا.

مورادم زیللەت و پڕانەوەی حاڵە، نەوەک نەعتە

بە چەند بەیتێکی کوردانە، کە قورئانت سەنا خوانە

(مودەریس، ١٣٩٦، ٤٢٧)

دەگوترێ نالی هەردوو دونیاکەی بەلاوە شیرین بووە، لەکاتێکدا بەپێی پایەکانی ئایینی ئیسلام و وەکو ئایین پەروەرێک داوای لە پەروەردگار کردووە لێی خۆشبێت و بەبەهەشتی شاد بکا، لەلایەکی دیکەوە خۆشگوزەرانی و چێژو لەزەتی دونیای بەهەند وەرگرتووە، واتە خۆشی و لەزەتی دونیاشی رەتنەکردۆتەوە، بەپێی ئەوەی لەو ئایەتە قورئانییەدا هاتووە:" ولا تنسى نصيبك من الدنيا"، واتە هەردوو ئاراستەی دین و دونیای بەیەکەوە بڕیون، وەکو کەسێکی ئاسایی و دوورلە خۆبەزل زانیی و خۆسەپاندن. بۆیە دەکرێ بڵێین لەیەک کاتتدا "نالی باوەڕداریش بووەو جۆرە عیلمانیەتێکیشی تێدا بووە " (خەیات، ٢٠١٧، ١٥٣)، ئاسوودەیی رۆحی خۆی بەلاوە گرنگ بووە لەپاڵ خوا پەرستییەکەیدا نەیتوانیوە تەرکی دونیا بکات و چێژی ژیانکردن لەدەستخۆی بدات. بە دیوێکی تردا، نالی ژیانی لە پێناو مردندا دانەناوە، بەڵکو ویستوویەتی لە ژیانەوە فێری خۆڕاگریی ببێت، مردنیشی وەکو واقیعێکی حەتمی زانییە، بەڵام نەیویستووە بەخەیاڵی مردنەوە ژیان بەڕێکات.

خۆشا رەندێ لە دونیا بێ موبالات و موجەڕڕەد بێ

بەرۆژ زیندەی جەماعەت بێ، بە شەو مات و موجەڕڕەد بێ

(مودەریس، ١٣٩٦، ٥٢٤)

حوسنی نەزەر ئەسڵی نەزەر حوسنە بە عیسمەت

سۆفی کە دەکا تەرکی بە ئینسانی مەزانە

(مودەریس، ١٣٩٦، ٣٩٧)

دیاردەیەک لەسەردەمەی نالییدا لەئارادا بووە، کە دیاردەی ناکۆکی نێوان سۆفی و شێخان بووەو لەرێگای دوو تەریقەتەوە (قادری، نەقشبەندی) رۆڵیان هەبووە لە شێواندنی ئارامی ئەوسای میرنشینی بابان دا، قادرییەکان بە سەرپەرشتی شێخ مارفی نۆدێی و نەقشبەندییەکانیش مەولانا خالیدی نەقشبەندی رابەرایەتی دەکردن، ریشەی نەقشبەندییەکان بۆ " شێخ شەهابوددینی کوڕی شێخ زەینەدین کوڕی شێخ رەزا موعینوددین کاکۆ زەکەریا (١٠٠٣-١٠٧٢ ک) لە ناوچەی هەورامان شێخایەتی کردووەو بە شێوازی هەورامی شیعری وتووە" (مودەریس، ١٣٩٦، ١٦١) دەگەڕێنەوە. نالی لەو نێوانەدا، نەیویستووە ئاگری هیچ کامیانی پێ تاوبدرێت، بەڵکو دوورەپەرێز خۆی لێ پاراستوون، گەرچی هەردوو تەریقەت بەهۆی لێهاتوویی و جوامێریی نالی یەوە رێزو پێزانینیان بۆی هەبووەو لە رووی خزمایەتیشەوە خزمی مەولانای نەقشبەندی بووەو لەگەڵ شێخانی قادریشدا زۆر تێکەڵاوبووە، بەڵام ئەمە کاریگەری نەبووەو، نەبووە بە ماڵ بۆ هیچ کام لەو تەریقەتانە. لەگەڵ ئەوەدا لێکۆڵەران بەپێی بۆچوونی خۆیان جارێک بە قادریی و جارێک بە نەقشی ناساندوویانە لەگەڵ ئەوەی هەردووکیانی رەتکردۆتەوە، تەنانەت گوایە هەندێک لەو شێخ و سۆفی مەلایانە نارەزایەتییان هەبووە بەرامبەر نالی لەبەر چەند هۆیەک: لەسەر زاری عەتا قەرەداغییەوە، ئازاد تۆفیق خەیات لە کتێبی بەراوردی نێوان (نالی و دانتی، وێکچوونێکی فرە رەهەند) دا، دەڵێ:" نالی زۆر بلیمەت بووەو لە پێشەنگی داهێنەرانی قوتابخانەی شیعری کلاسیکی کوردی بووەو یەکێک بووە لەوانەی کودەتای سپیان بەسەر قوتابخانەی شیعری کوردی بە شێوەزاری گۆرانی یان هەورامیدا کردووە" (خەیات، ٢٠١٧، ١٧٤)، لەبەرئەوەیە کەوا لە لایەن شێخ و سۆفیانی تەریقەتی قادری و نەقشی یەوە بەربەرەکانی کراوەو ئەویش لە شیعردا هیچیانی نەبواردووەو هەموویانی هەجوو کردووە. خاڵێکی دیکەش ئەوەیە، کەوا نالی بوێرییەکەی وای لێ کردووە دان بە جەرگی خۆیدا بنێ و لۆجیکیانەتر لە دین و لە دونیا بڕوانێ، کە ئەوان ئەو ئازایەتییەیان نەبووەو لەهەمان کاتیشدا ئەو بلیمەتی و رۆشنفیکرییە لە فەرهەنگی ئەواندا نەبووەو نالییەکی زانستخوازو دانا، وەکو خۆی گوتەنی:

کەی لە دیقەتتدا پەتک دەعوا لەگەڵ هەودا دەکا...

هەڵبژاردنی تەریقەت لە کۆمەڵی کوردەواریدا بەپێی قسەی دکتۆر خەزنەدار بێ ماڵوێرانی و تەمەڵیی و تەوەزەلی و دووبەرەکی و ئاژاوەی لێکەوتۆتەوە، بۆ میللەتانی دیکەش بەتایبەت میللەتانی ئیسلامی رۆژهەڵات، لەرێگەی شاعیرە هەڵکەوتووەکانییەوە غەزەل و قەسیدەو مەسنەوی وایان دارشت کە ناکرێ لە ئەدەبی تەریقەتدا قەتیسی بکەیت، بەڵکو ئەدەبی عیرفانییان نووسیەوەو بوونە شاکاری مەزن! لەوانە شاعیرانی فارس شەمسی تەبریزی و عەتتارو حافزو سەعدی شیرازی و هەروەها مەولانا جەلالەدینی رۆمی، کە بە مەولانای بەڵخیش ناسراوە.(خەزنەدار، ١٩٨١، ٦٩)، ئەمە جگە لە باباتاهیرو عومەری خەیام، دواتر ئەم ئەدەبی عیرفانییە شاعیرانی کوردیش بە شێوەزارە جیاوازەکانەوە پەیرەوییان کردوە، نموونەی مەلای جزیری و مەولەوی و مەحوی. لەبابەتی ئەو تەریقەیەی نالی پەیرەوی کردووە، مەسعود محەمەد گوتوویەتی: "نالی قادری بووە نەک نەقشی، هەرچەندە لای مەولانا خالیدی نەقشبەندی خوێندوویەتی، بەڵام دوای مەولانا لە سلێمانی چووەتە خانەقاکەی" (محەمەد، ١٩٧٦، ٣١). لەو سەردەمیشدا کۆمەڵی کوردی کوێرانە شوێن دیاردوە کەسەکان کەوتوون! بێ گوێدانە ئەوەی ئەم لاف لێدان و شوێنکەوتنە کوێرانەیە بەرەو کوێیان دەبات؟!

نالی نە نەقشی بووەو نە قادری، واتە نە سۆفی خانەقا بووەو نە شێخی تەکیە، چونکە ئەگەر لەگەڵ هەریەکێکیاندا بوایە ئەوی دی لێ دەبوو بە دوژمن، ئەمە لەلایەک، لەلایەکی دیکەوە نەیویستووە تواناو هێزی داهێنانی بگوشێت و بیخاتە ژێر رەحمەتی ئەم و ئەوەوەو تێگەیشتووە لەوەی ئەو ئازادییەی هەیبووە لەدەستیدەچێت و دەبێتە سووتەمەنی ناکۆکی و ململانێکانی نێوان هەردوو تەریقەت، بۆیە نەیویستوە لە ئاراستەکی خۆی لابدات. " نهێنی ئەوەی نالی نەچۆتە ژێرکاریگەری هیچ یەکێک لە مەزهەبە فیقهی و کەلامیەکان یاخود تەریقەتەکانی تەسەوفەوە، کە ئەوکاتە تەریقەتی نەقشی و تەکیەش هەبووە، خۆی بەتەنها دەرِوات و رێگەی خەرابات دەگرێتەبەر هەتا رەسەنانە بژی" (غەریب، ٢٠١١، ٣٤٢)، چونکە هەر لە زووەوە خۆی بۆ کارەکەی خۆی تەرخانکردوو هەموو ئەو بەربەست و تەنگژانەی دەهاتنەرێی، بە لێزانیی و پشوو درێژییەکەی خۆی دەیتوانی وەکو بەردەبازی رێگە بەسەریاندا هەنگاوەکانی وردتر بکاتەوە.

ئەگەر تەکیە، ئەگەر شێخە، هەموو داوی عەلایق بوون

بڵا(نالی) بچێ مەستی خەرابات و موجەرڕەد بێ!

(مودەریس، ١٣٩٦، ٢٥٢)

واتە ژینی سەربەخۆو بێ لانی و نەبوونی هەڵبژاردووەو مەستانەو بێ دەرەتانانە ڕێگەکەی خۆی گەرچی دژواریش بووە چێژی زیاتری لێ بینیوە. لە سوچێکی دیکەوە، هەمیشە شیعرەکانی خۆی وەکو ئەوەی جگەرگۆشەی خۆی بن بە بەرزییەوە باسی کردوون، تەنانەت کاتێک قسە دێتەسەر ئەدەبی بەرزو مەسنەوی و مەعنەوی مەولانای رۆمی کە عاریفێکی بێ وێنەبووەو لە جیهاندا ناسراوە، نالی شیعری خۆی بەلاوە بەهادارترو بڵندتر وێناکردووە:

"نالیا" ئەم غەزەلەت تازە بە تازە وتووە

بە دوسەد مەسنەوی و" لوببی لوباب" نادەم

سۆفی خانەقاو شێخی تەکیە لەلای نالی بەمانای وشە کەسانی نەشیاو بوون و لە چەندین دێڕە شیعریدا هێرشی کردۆتەسەر وشکە سۆفی و شیخ و مەلاکانی سەردەمی خۆی و بەساختەچی و تەڵەکەباز ناوی بردوون و خەڵکی لێ ئاگادار کردوونەتەوە کە ئەوانە لە ریاکاری نەبێ کاری دیکەیان نییەو دوو ڕوون.

"نالی" کە ویقاری نییە بێ باکە لە خەڵقیی

سۆفیی کە سلووکێکی هەیە عوجب و ریایە

(مودەریس، ١٣٩٦، ٤٦٨)

شوناسنامەی نالی کەسییەتی و دیدو بۆچوونەکانی بوون و لە بەرهیچ و بەهیچ کلۆجێک نە تەڵەکەو نە فێڵی لەخۆی و بیرو باوەڕی خۆی نەکردووە. لەبارەی شێخەوە:

ئەو شێخە بە کەم مەگرە کە پەشمینە موریدە

ئەو ریشە بەسەردارو رەئیسێکی بزانە

(مودەریس، ١٣٩٦،٣٩٥)

سەردەمانێک لە کۆمەڵی کوردەوارییداو لەوانەشە لەنێو زۆربەی نەتەوەکاندا ریشی درێژو سپی ڕێزو مەقامێکی بۆ خاوەنەکەی دەسەبەرکردووە، جا جیاوازی تێڕوانینی نالی لەوەدا بووە کە ئەو وەکو خۆی لەو باوەڕەدا بووە ریشی درێژ مانای نزیکیی لە خواو ڕێگەی دروست ناگەیەنێ بەڵکو سەرلەبەری بە ریایی و بانگەشەکاری زانیوە.

"لەراستیدا سۆفێتی لە هەردوو سەدەی (١٢)و(١٣)ی زایینیدا پەیدابوو، تا راددەیەکیش بە خەڵوەتگەریی و رەبەنکاریی چەرخی ناوەڕاستی ئایینی فەلەکان دەچوو" (خەیات، ٢٠١٧، ل١٥١).

وەکو هەر تەوژم و رەوتێکی دیکە کە لە دونیادا هاتۆتەکایەوە سۆفێتی کۆمەڵێک خەسڵەت و بنەمای تایبەتی خۆی هەبووە، گەیشتبێتە نێو هەر میللەتێکیش بێگومان تایبەتمەندیی ئەو میللەتەشی چووەتەسەرو

بەمجۆرە بوەتە بەشێک لە کەلتووری سۆفییەتی، بۆ نموونە دەست لەخۆبەردان و تەرککردنی کەس و کارو نەریتەکانی ژیان و مردن و ...تاد،

ریشەکەی پان و درێژە، بۆ ریا خزمەت ئەکا

زاهیرە هەر کەس لە توول وعەرزی ڕیشیدا

(مودەریس، ١٣٩٦، ١٠١)

ئاشکرایە، سەرچاوەی عاشقبوون دڵە، جا ئەو عەشقە عەشقی مەجازی بێ یان حەقیقی، واتە لە دڵەوە شەبەنگدەدات، گەرچی هەموو لایەک دەزانن نالی عاشق بووە، بەڵام عەشقەکەشی لەعەشقی ئەوانی دی ناچێت، چونکە وەکو خەڵک لەدڵەوە عاشق نەبووە، بەڵکو لەڕێی چاوەوە عاشق بووە، واتە "سەنتەری مامەڵەکردنی نالی بریتییە لە (چاو)ی" (غەریب، ٢٠١١، ٢١٣)، ئەو حەشارگەیەکی دیکەی بۆ عەشق دۆزیوەتەوە، بەو مانایەی چاوی نالی ئەو شوێنەیە یان ئەو ئەندامەیە کە یارەکەی پێ دەبێنێ و سوکنایی پێبەخشیوە.

خەراباتی دڵی "نالی"مەفەرموو: خاڵییە نایەم

بە مەرگی تۆ قەسەم چاوم بە زیکرت بەیتی مەعموورە

(مودەریس، ١٣٩٦، ٣٣٧)

ئەمەش بەڵگەیە لەسەر نالی کە نالی متەسەوف نەبووە، بەڵکو تەنها فەقیهێک بووە، چونکە متەسەوف عاشقە، عاشقێکی خودایی حەقیقی و بێ گومان دڵ بەکاردێنێ بۆ ئەم عیشقەو تاکە ئارامگای ئەم عیشقە، دڵی عاشقە. گەرچی نالی لە دڵیش دانەبڕاوە لە شیعردا چەندینجار لەرووی زاراوەساییەوە کەوتۆتەنێو بەحری تەسەوفەوەو بەباشی توانیویەتی وێنای ناخی بکات، بەڵام شاعیر تەسەوفی بەسەردا نەبڕاوە، واتە توانیویەتی ئەمەش تاقیبکاتەوەو لە دەریای تەسەوفییشدا وەنەبێ نەیتوانیبێ مەلەوان بێ!

عیشقی نالی رۆحیی نەبووە وەکو متەسەوف و عارفەکان، بەڵکو مامەڵەی لەگەڵ خەیاڵدا کردووە، واتە وەکو خۆی وتەنی عاشقێکی مەجازی بووە نەک حەقیقی، بەو مانایەی لەزۆربەی غەزەلەکانیدا پێدەچێت پەیکەرێک لەخەیاڵی بۆخۆی دروست کردبێ و هەرجارەی لەژێر ناوێکدا خۆشەویستیی و عیشقی خۆی بۆ بەیان کردبێ، بۆ عیشقی خوداییش هەر لەسەر هەمان ریتم بووەو خەیاڵی خستۆتە خزمەت خۆشەویستیی و ستاییشکردنی خوا پێغەمبەری ئیسلامەوە.

عیشقت کە مەجازیی بێ خواهیش مەکە ئیللا کچ

شیرین کچ و لەیلا کچ و سەلما کچ و عەذرا کچ...

(مودەریس، ١٣٩٦، ١٢٦)

چونکە نالی لەزۆربەی ئەو غەزەلانەیدا کە بۆ ستاییش و گەورەیی خودا نووسیونی هەروەها بۆ ئەوانەش کە تێیدا باسی پێغەمبەری ئیسلامیان تێدایە، ئاشکران.

بەسەر هاتوومە ئەو خاکەی کە هەر مسقالە زەڕڕێکی
بە میزانی شەفاعەت کێوی حیلم و بەحری غوفرانە
(مودەریس، ١٣٩٦، ٤٢٨)

لە لایەکی دیکەوە دەکرێ بڵێین نالی چەندە هەوڵی بۆ بەهەشتی ئەو دونیا داوە، هێندەش خەریکی رێکخستنی بەهەشتی دونیایی بووە، ئەویش لەبەر سایەی ئەو جیهانە پڕ لەزەت و خۆشی ئاوەرەی بە خەیاڵ دروستی کردووەو سەری لە مەردووم شێواندووەو کەس بە تەواوی درک بەوە ناکا ئاخۆ ئەم هەموو خۆشەویستیی و هونەرە بەرزەی شیعری لە خزمەتی کێدا بووە؟!

" مەرج نییە بواری هونەرو ئەدەب و جیهانی دنیەوی لەگەڵ لاهوت و سۆفیزم و جیهانی دینیدا یەکبگرێتەوە، چونکە دوالیزمەیەکی، یاخود دوو جیهانی جیاوازن" (خەیات، ٢٠١٧، ١٥٣)، چونکە هەریەکەیان کەرەسەو زەمینەو پێوەری تایبەت و سنووری خۆیانیان هەیەو ئەوەی بتوانێ لەسەر یەک هێڵ یاری لەگەڵ ئەم دوالیزمەدا بکات، بێ گومان دوچاری گێژاوو ئاڵۆزیی دێت، بەڵام بۆ نالی مەلەکردن هەمیشە لەگۆمی قووڵدا هوونەریتر بووە!

ئەگەرچی کوردی دەوری شارەزووری قەسوەتم ئەمما
وەسیلەم تیبەو حیلمی شەفیع و فەزلی مەننانە
(مودەریس، ١٣٩٦، ٤٢٧)

نالی وەکو خوێندەوارو شەرعزانێکی سەردەمەکەی شیعرەکانی زیاتر ویستوویەتی ئامۆژگارییان پێوەدیاربێ و هەستی کردووە ئەرکێکی قورسی لەسەر شانە، کە ئەویش وشیارکردنەوەی کۆمەڵە، بۆیە هەوڵیداوە لە بنچینەوە واتە لەناخەوە سروشتی مرۆڤەکانی دەوروبەری یان تەواوی ئەوانەی گوێیان بۆ شلکردووە بگۆڕێت، ئەم جۆرە رەفتارەش رەفتاری کەسانی ئاینییە. بەڵام دواجار لەم کارەش بێ ئومێد بووە.

مومکین نییە جەلبی دڵی خوبان بە من و تۆ
نەمبیستوە تەسخیری مەلایک بە مەلایێ
(مودەریس، ١٣٩٦، ٥٨٧)

لەباسی مەیخانەو خانەقادا ویستوویەتی ستاییشی مەیخانە بکات و فەزلی ئەوەی داوەتێ کە شوێنێکی نایابەو خۆشی بەخشە، هەرچەندە پەیوەندییەکی لەنێوانیاندا دۆزیوەتەوە کە هەردوو جێی کۆبوونەوەن،

بەڵام لە یەکێکیاندا جێگایەک بۆ خۆشییەکانی دونیاو ئەوی دی بۆ دونیاکەی تر، مەیخانەکەی بە سوودبەخش داناوەو خانەقاشی بە شوێنێکی بێ سوود لەقەڵەمداوە! (خەزنەدار، ١٩٨١، ل٦٧)، کاتێک بەراورد لەنێوان مەیخانەو خانەقادا دەکات ویستوویەتی پێمان بڵێ کە هەردوو بیرکردنەوەکە لەئارادان، هەن لەپێناو ژیاندا دەمرن، هەشن ژیان لە پێناو مردندا دادەنێن! بە خەیاڵی ئەوەی ژیانێکی ئاسوودەترو چێژبەخشتر لەدونیاکەی دی چاوەڕوانیانە!

خانەقاش هەروەکو مەیخانە کە هەر ئاوا بێ
مەجلیسێکی هەیە ئەمما گەپ و گۆبەندی نییە
واقیعەن خانەقا خۆش زەمزەمەیێکی تێدا
یە بەڵا قەندی هەیە، گەندی هەیە، ڕەندی نییە

(مودەریس، ١٣٩٦، ٤٩٣)

بۆ ئەوەی لای تەواوی خەڵکی ئاشکرا ببێ نالی لە هەر کات و شوێنێکدا سەرچاوەو سەرەتای بوون و هێزی یەکەمینی گەڕاندۆتەوە بۆ خوداو بەچەندین شێوە باسیکردووە، دکتۆر خەزنەدار لەمەڕ بیروباوەڕی نالیی و تاکە سەرچاوەی پەرستنی نالی باسی ئەوە دەکات کە نالی لە باسی هێزی خواوەندا لەسەر زەوی نموونەی بە کێوی توور هێناوەتەوەو هەروەها لە پیشاندانی دەسەڵاتی رەهای خواوەندیشدا کاری نیگارکێشێکی مانی بێ بەها دەکاو پێ ی گوتووە کە کێشانی وێنەی ئەبرۆی یار لە دەسەڵاتی ئادەمیدا نییەو کاری خودایە بە تەنها: (خەزنەدار، ١٩٨١، ٢٣١)

دڵم بەردە ئەگەر شاخە بە چاوی سووکی مەنواڕێ
بە خۆڕایی نەسووتاوە، ئەمیشە کێوی تووریکە

(مودەریس، ١٣٩٦، ٣٧٨)

"مانیی" نییەتی قووەتی تەسویری برۆی تۆ
ئەم قەوسە بەدەستی موتەنەفیس نەکشاوە

(مودەریس، ١٣٩٦، ٤٤٢)

داهێنانێکی بەرپرسیارانەو تەوزیفکردنی ئەرکێکی ئەخلاقییانە لە شیعردا، هەڵبەت نیازپاکی و گەورەیی ئەو شاعیرە دەردەخات کە کارەکەی ئەنجامداوە، بۆ نموونە، " گەورەترین مەرام و ئامانجی ( عیرفانی ئیسلامی ) بریتی بووە لەوەی کە بابەتە ئەخلاقیە وشکەکان لە بابەتی بکەو مەکەو خێرو چاکەوە بەرزدەکاتەوە بۆ بابەتی جوانبینی، (نالی) ئەم بابەتەی تەوزیف کردووە، خۆی دەڵێت من هەر دەڵێم خەڵکی لێم تێناگەن" (غەریب، ٢٠١١، ٢٩٦-٢٩٧)، گەر هاتباو مرۆڤەکان هەموویان بە چاوێکی ئیستاتیکییەوە لە تەواوی بوون و دیاردەو حاڵەتە سروشتیی و

دەستکردەکانیان روانیبا، بێگوومان ئەرکی کەسانی وەکو نالی سووکتر دەبوو، گەر لەگۆشەی جیاجیاشەوە بە دیدێکی جوانناسییانە بیانڕوانیبا، جیاوازییەکە ئەوەندە زۆرو بەرچاو نەدەبوو، بەڵام ئاراستەی قەدەر بە ویستی کەس و دوو کەس نەنووسراوەتەوە!

عومرێکە بە میزانی ئەدەب توحفە فرۆشم

زۆرم وت و کەس تێی نەگەیی، ئێستە خەمۆشم

(مودەریس، ١٣٩٦، ٢٢٨)

ئەمە خۆی ناوەرۆکی ویستی شیعرەکانی نالی بووە، کە زۆرجار بۆ وشیارکردنەوەی خەڵک ئەنجامی داوە. نەک هەر ئەمە، بەڵکو لە روانگەی مرۆیی و ئاییناسیی خۆیەوە خۆی تووشی بێ چارەیی و بێ ئاکامیی بۆتەوەو لە سایەیدا دووچاری بێ ئومێدیی بۆتەوە.

پێی وابووە کەسانی بەناو ئایینپەرست رێگەیەکی ترسناکییان گرتۆتەبەرو بە خوارو خێچی خەڵکی عەوام ئاراستەدەکەن. شایانی باسە، زاهیدو عارفەکانی بەشێوەیەک وێنا کردوون کە خەڵکی گومڕا دەکەن و دەیانشێوێنن، و مەزاجی خەڵکی لە خۆشییەکانی ژیان تێکدەشکێنن (غەریب، ٢٠١١، ٦٦):

زاهید مەکە مەنعی دڵ، بۆتۆ نی یە وەسڵی گوڵ

خاکت بەسەر ئەی غافڵ، کەوتوویە چ سەودایە

(مودەریس، ١٣٩٦، ٤٦٥)

کاتێک وەکو کەسێکی ئیمانداریش دەرکەوتووە هەڵبەت لەڕێی شیعرەوە، لێکۆڵەران وەها ناویانبردوە کە وەکو متەسەوفێکی راستەقینە توانیویەتی ئەم جۆرەی شیعرنووسینیش تاقیبکاتەوەو سەرکەوتووبێت تیایدا. لەباسی شەوی ئیسراو میعراجدا بەباشی کاراکتەری خۆی ئارایش کردووە تا وەکو کەسێکی متەسەوف شیعرەکە بنووسێ:

بەهەرچی چاوی دینی عیشقی تێدا شاهیدی صیدقە،

بەهەرچی دیدەیی عەقڵی تیا شەو کوێرو حەیرانە

موخەسسەس بوو، مورەخخەس بوو بە ئەسرارێ کە تەقریری

ئەجەلل و ئەعظەم و ئەعلا لە تەعبیری سوخەندانە (مودەریس، ١٣٩٦، ٤٢٦)

یان کاتێک باسی پێغەمبەری ئیسلامی کردووەو ستاییشی زانایی و گەورەیی ئەو زاتەی کردووە، وەکو کەسێکی ئایینخوازو رابەرێکی ئایینی توانیویەتی ئامانجی خۆی و یەکێک لە پایەکانی ئیسلام کە حەجکردنە، جێبەجێ بکات و لەسەر گۆڕی پێغەمبەری ئیسلام لاوانەوەیەکی بێ هاوتای هۆندۆتەوە:

ئەی تازە جەوان پیرم و ئوفتادە کەوتووم پیرم وفانی

دەستی بدەرە دەستی شکەستەم        قوربانی وەفاتم

(مودەریس، ١٣٩٦، ٢١٥)

لێم حەرامە دانەوو ئاوی حەماماتی حەرەم

من کە باری دیدە بازم نەک شەوارەی دەستەمۆم

(مودەریس، ١٣٩٦، ٢٤٦)

نالی سەربارى شاعیرییەتی هەمیشە هەستی بە بەرپرسیاریێتی کردووە لەبەرامبەر دەسەڵاتداران و هیچ کات هەوڵینەداوە کەس لەخشتە بەرێت و چاوبەستەکییان بەناوی ئایینەوە لێ بکات وەکو مەلای خەتێ ئەنجامی دا (عوسمان،١٩٨٤، ١٩-٢٠).

وەکو باسکرا، لە دیدو ڕوانینی مرۆییانەی نالییدا و لە ئایینناسییە تایبەتییەکەیدا، ئەو مەسەلانەی تەوزیف کردوون کە پێیوابووە پێویست و هەنووکەیین و کێشەی ریشەیین، وەک مەسەلەی نەتەوەو ئایینپەروەریی دروست و پەیوەندی کۆمەڵایەتیی و قەدرزانیی کەسانی باڵاو پلەبەرز، بۆیە زێترو وردتر لە ئایینناسییەکەیدا قووڵبۆتەوە تاوەکو بە ئایین شەرعی کەم وکوڕییەکانی نێو کۆمەڵ و میللەت و نەتەوەکەی بکات. گەرچی چەمکی نەتەوە لەگەڵ مۆدێرنێتە هاتەئاراوەو سەردەمی نالی پێش مۆدێرنێتە بووە، بەڵام لایەنی ستاییشی نالی بۆ نەتەوەو دەسەڵاتتداران و فەرمانڕەوایانی ئەوکاتە گەواهیدەرن کە نالی بۆ لایەنی نەتەوەیی و چەمکی نەتەوە پێش قۆناغی خۆی کەوتووەو ئەم هەستکردنەی بە کارێکی ئەخلاقی و ئایینی داناوەو کاری لەسەر کردووەو بە هیچ شێوەیەک نەیویستووە نێوانی میرو پاشاکان تێکبچێت و زۆر خەمی ئەزموونەکەی بووە. ئەمەش وەکو باسکرا نالی چەکی ئایینی لەبەرامبەر خەڵکەکەی خۆی بەکارهێناوەتەوەو ویستوویەتی ئاشتیی و ئارامیی کۆمەڵایەتی لەم رێگایەوەو لەنێویاندا بەرپابکات، کە بەداخەوە کەس بەهەندی وەرنەگرتوە ئەمڕۆشی لەگەڵدابێ! لەگەڵ ئەوەی ئاگاداری کێشەکانی نێوان ئەمارەتەکانی وەک ئەردەڵان و بابان، بابان و سۆران، بووە، بەڵام لەبەر پاراستنی سەنگی نەتەوەیی و لەبەر بەرژەوەندی هەموان و لەپێناو ئەو خۆشەویستییە تایبەتییەی بۆ خودا هەیبوە باسی نەکردووەو ئاگری نێوانیانی خۆشتر نەکردووە، بەومانایەی نەبووەتە شاعیری دەربارو ویژدانی خۆی لەپێناو مشتێک دراودا نەفرۆشتوە، چونکە ئاشکرابووە لای ئەو کە رابەری ئایینی دەبێ بەر لە هەموو کەس دەست و دەم و داوێن پاکبێ و نموونەی رەوشت بەرزیی و ئایینپەروەریی بێ.

له تەوەرەی پێشوودا، باسی ئەوە کرا کە نالی لە تێڕوانینی هەندێکدا وەکو کەسێکی جەبری دەبینرێ و لای هەندێکی دیکەش وەکو کەسێکی قەدەری، دیارە ئەم دوو ڕەوتە لە ئیسلامدا لەسەردەمی ئومەویەکاندا سەریانهەڵداوەو هەریەکەیان بە جۆرێکی جیاواز لە دەسەڵات و حوکمی خوایان ڕوانیوە. "ڕەوتی فیکری قەدەریەکان پێیانوابوو کە هەر کەسێک خۆی خاوەنی ڕەفتارو ئاکاری خۆیەتی و خۆی لە کارو کردەوەی خۆی بەرپرسیارەو پەیوەندی نییە بەوەی کە خوا پێشتر بڕیاری لەسەر دابێ، واتە مرۆڤ لە کردەوەی خۆیدا تەواو ئازادە. لە بەرامبەردا جەبرییەکان تەواو پێچەوانەن و دەڵێن مرۆڤ تەواو بێ دەسەڵاتە لە بڕیاردان و هیچ بڕیارێکی لەدەستی خۆیدا نییە و ئەوەی لێی داواکراوە ئەوەیە دەبێ ئەنجامی بدات لە چاکەو خراپە" (العتيبي، ٢٠٠٩، M.noor.com). لە نێو کۆمەڵگای ئیسلامیدا، جەبریەکان بە نەشیاوو بەد تەماشا کراون، لەبەرئەوەی هەرچی کارێکی کردبێتیان لەسەر ئەستۆی خۆیانیان لابردووەو خستوویانەتە ئەستۆی خواو پێیانوابووە لەژێر فشاردا کاری نامۆو ناچیزە ئەنجام دەدەن، لە بەرامبەردا قەدەریەکان ڕەتیانکردۆتەوە گشت کارە خراپ و ڕەفتارە نەشیاوەکانی مرۆڤ پێشوەخت دەستنیشانکرابن و مرۆڤ تەنها داردەست بێت، چونکە گەر وابێ پەروەردەو ڕێنوێنی ئایین و ( الامر بالمعروف والنهي عن المنكر) بێ بەها دەبن، کە لەقورئاندا ئاماژەی پێدراوە. بۆیە نالی وەکو موسڵمانێک ڕاستگۆیانەو بێ ئەوەی ئەم و ئەو هەڵخەڵەتێنێ و تاوەکو لەگەڵ خودای خۆیشیدا ڕاستگۆ بێ، ڕەتیکردۆتەوە دەستەوەستان بێ بەرامبەر قەدەری خۆی و زۆر شێلگیرانە کاری کردوە تا قەدەری خۆی گۆڕیوەو خۆی ڕێگا خۆی هەڵبژاردوە، ئەمە لەلایەک، واتە بڕوای بە قەدەرێک نەبووە کە دەستکردی خۆی نەبووبێ، لە لایەکی دیکەوە، هەرگیز ناتوانین بڕوا بەوە بکەین کە نالی ناخ و هەستی نا پەسەندی خۆی وەکو ئەمری واقیع قبوڵکردبێ، چونکە هەمیشە لە هەوڵی خۆ قوتارکردندا بووە لەو نەزانیی و بەدبەختییەی میللەت تێی کەوتبوو. بۆیە دەکرێ نالی وەکو مەلایەک بەباشی ئاگاداری ئە م دوو ڕەوتە فیکرییەی ئیسلام بووبێ و نەچووبێتەژێر کاریگەری بۆچوونەکانیان، واتە لە حوکمی خودا کە پێیوابووە ڕەهایەو نموونەی نییە، هیچ هێزێکی دی لە ئارادا نییە ئەو دەسەڵاتەی هەبێ. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، نالی لە هەندێک لە شیعرەکانیدا ئەوەی نەشاردۆتەوە کە نالی بەجۆرێکە! بەڵام زۆرجار مرۆڤ بۆ ڕزگاربوون لە سروشتی نەخوازراوی خۆی یان کارێک کە کردوویەتی خۆی تاوانبار بکات و خۆی سەرکۆنە بکات و ببێتە مایەی

ئەزموونێکی باش لە داهاتوویدا، نالیش بەهەمانشێوە هەستێکی وای هەبووبێ و ویستی ئەوەی بووبێ کە لەگەڵ واعیزو دەوروبەردا بگونجێ:

مەشرەبی نالی گەلێ ئابی و ترشە، بەڵێ

موعتەریفە خۆی دەڵێت: چا نییە ئەتواری من(مودەریس، ١٣٩٦، ٢٧٥).

ئەگەرنا وەکو لە تەوەرەی پێشوودا باسکراوە نالی ڕێژەییانە بڕیاری داوەو بەپێی دۆخەکە پەیڤیوە، واتە نە جەبری بووەو نە قەدەری، بەڵکو موسڵمانێکی ئەقڵگەرابووەو بە لۆژیک بڕیاری داوە.

قوربان مەحاڵە پێکەوە بن صەبرو ئیشتیاق

خاریج لە نەصصی ئایەیە تەکلیفی (لا یطاق)

(مودەریس، ١٣٩٦، ٢٠١)

واتە خودا شتێک لەسەرووی توانای مرۆڤەوە داواناکات، بۆیە بیرکردنەوەی نالی لەمەڕ ویستی خودا بەمجۆرە بووە.

ژیاندۆستی نالی وایکردووە بە پێچەوانەی ویستی خودا و فەرموودەکانی پێغەمبەر بکەوێتەوەو لێکبدرێنەوە، چونکە بە پێی دەقی قورئانی و فەرموودەی پێغەمبەر بێ، بە هیچ شێوەیەک پێچواندن یان یەکسان کردنی مرۆڤ لەگەڵ ئاژەڵدا ڕێگە پێدراو نیەو تەنانەت لە فەرموودەیەکیدا پەیامبەری ئیسلام دەڵێ: "( لعن الله من شبه الانسان بالحیوان)" (سیوەیلی، ٢٠١٨، ١٧٩). لەگەڵ ئەوەشدا، مەلایەتی نالی جێی گومان نییەو باش ئاگاداری قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەر بووە، کەچی هەندێجار لە شیعرەکانیدا خۆی بە سەگ داناوەو لەگەڵ کەرەکەیدا خۆی هاوتا کردووە:

"نالی" کە وا سەگی سەگی ئەو مەرزو بوومەیە

ئەمما سەگی موعەللەمی بێ دەنگ و بێ وەڕە

(مودەریس، ١٣٩٦، ٣٤٤)

چەندە پێم خۆش بوو، زوبانی دەیوت "نالیا"

هەردوو حەیوانین، ئەتۆ گوێ کورت و ئەمنیش گوێ درێژ

(مودەریس، ١٣٩٦، ١٨٦)

چونکە مرۆڤ بە پێی قورئان لەنێو بوونەوەرەکاندا لە چینی باڵایەو ناکرێ ئەمە بشێوێنرێ. هەروەها لە قورئاندا ئاماژە بەوە دراوە کە گشت بوونەوەران لە ئاو ئەفرێنراون " والله خلق کل دابة من ماء فمنهم من یمشي علی بطنه، ومنهم یمشي علی رجلین ومنهم یمشي علی اربع یخلق الله ما یشاء ان الله علی کل شيء قدیر (النور٤٥)". بەو پێ یە گەروایە هەموو بوونەوەران خۆ هەر خواش ئەفراندوونی و گەر

یەکێکیان پیرۆز بێ دەبێ هەموو پیرۆز بن، ئەگەرنا پێشێلکاری لەکاری ئەفراندن و یاسای بووندا روودەدات، واتە نابێ یەکێ بەرزو یەکێ نزم تەماشا بکرێت. چونکە ئەمە دەبێتە مایەی بەهەند وەرنەگرتنی سەرەتای دروستبوونی هەر بوونەوەرێک و دژوازی روودەدات لەو نێوەندەدا. رێبوار سیوەیلی لە کتێبی ( نالی لە بەلاغەوە بۆ مۆدێرنێتە)دا باسی ئەو پێچواندنە یاساغانە دەکات کە لە لایەن نالیەوە ئەنجامدراون و بەپێ ی یاساکانی شەرع لە ئیسلامدا لێ پرسینەوەیان لەگەڵدا دەکرێت و سەرزەنشت دەکرێن. کەواتە نالی ئەم پێچواندنەی بە ویستی خۆی کردوەو لە کاتێکدا ئاگاداریش بووە لە یاساغییان و ئەو حوکمە رەهایەش کە لەبەرامبەر ئەنجامدانیدا دانراوەو کەچی لەبەرامبەردا پێچەوانەکەی ئەنجامداوە. (سیوەیلی، ٢٠١٨، ١٧٩)

## بەشی سێیەم: دیالیکتیکی بوون و نەبوون لە شیعری نالیدا

۳-۱: نالی و ئاوێتەکردنی رەگەزەکانی بوون و نەبوون بە شیعر (فەلسەفەی کلاسیک)

۳-۲: رەنگدانەوەی (میتافیزیکا ، جەوهەرو بیرکردنەوە) لە شیعرە فەلسەفییەکانی نالیدا (فەلسەفەی نــوێ)

۳-۳: دیدی بوونگەراییانەی نالی لە شیعردا (فەلسەفەی هاوچەرخ)

۳-٤: فەلسەفەی بوون و نەبوون لە شیعری ئیسلامگەراییانەی نالی

## بەشی سێیەم: دیالیکتیکی بوون و نەبوون لە شیعری نالیدا

پێشتر باسی ئەدەبی فەلسەفی کراوە لای نالی و تیشکیش خراوەتە سەر چەند نموونەیەکی شیعری نالی، پێویستە ئەوەش بزانین کە ئەدەبی فەلسەفی" بەشێکە یان نیشانەیەکی ترە لە جۆریکی ئەدەب، نەک رەگەزێکی تازەی ئەدەب بێ، ئەو نیشانەیە یا ئەو تایبەتمەندیە نییە لەهەندێ ئەدەبی مەزن و نەمردا هەیە، نالی هەمان تێڕامان و بۆچوونی هەیە بەرامبەر بە بەرهەمی مەزن و نەمر، کە تەنیا بە هێزی حیکمەت لەدایک دەبێ "(مەولود، ٢٠٠٧، ١٤٣).

هەردوو چەمکی بوون و نەبوون لەنێو دەقی ئەدەبیدا، ئەسەتەمە راستەوخۆ بتوانرێ پەیان پێ ببرێت، وەکو ئەوەی لەدەقێکی فەلسەفیدا دێنەگۆ. چونکە لە تێکستی ئەدەبیدا چ شاعیر بێ یان نووسەر، ئەم چەمکانە تێکەڵاو بە خەیاڵ و ئەندێشە دەکەن و لەگەڵ وێنەی ئەدەبیدا ئاوێتەی دەکەن. ئاراییشکردنی ئەم دوو چەمکە یان هەر چەمکێکی دیکەی فەلسەفی، لێزانیی و دەسەڵاتی تەواوو دیقەتتدانی وردی خاوەن دەقی گەرەکە.

لێرەدا و لەم لێکۆڵینەوەیەدا، کە تایبەتە بە دۆزینەوەی ئاماژەو روانینە تایبەتەکانی نالی، لەمەڕ پرسی بوون و نەبوون و ئەو دیالیکتیکەی نێوانیان کە بە درێژایی مێژووی ژیانی شیعریی نالی، لە زەیینی خاوەن بیرو رۆشنفیکرێکی وەکو نالی ئامادەیی هەبووە. بۆیە مەبەستمانە سەرەداوێک لە داوە شیعری دەقیقی خەیاڵی شیعری نالی بدۆزینەوە، تابەرەو قووڵایی هۆشیاریی و لێهاتوویی خۆیمان بەرێت، بەتایبەت ئەو بوون و نەبوونەی لە چەندین فۆرمداو بەچەندین وێنەی شیعری باسیکردوون. ئەگەر دیقەت لە شیعرە فەلسەفییەکانی نالی دەدرێت، لەزۆر شوێندا، تەنها باسی بوون، یان نەبوون دەکات، بە ئاشکرا یان یان پەنهان، بەڵام زۆرجار هەدووکیان بەیەکەوە دەردەکەون، زۆرجاریش بە جیاوازییەوە دەردەکەون، یان کاتێک باسی بوونی کردووە، بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیک بە دیوەکەی تردا نەبوونیشی

سەلماندووە. لە نموونەو شرۆڤەکردنیاندا، بەگوێرەی توانا تیشکیان خراوەتەسەر.

فرە رەهەندی شیعرەکانی نالی و هاتووچۆکردنی بیرو خەیاڵ و باوەڕی ئەو شاعیرە لەنێوان دین و دونیادا، ئاسان نابێت بۆ هیچ کەسێک پڕاوپڕی دەقە شیعرییەکان، روانینێکی هێرمۆنیتیکیانەی دروست و تیوار (شەفاف) بڕەخسێنیت.

هەڵبەتە نالی بۆ سەر لێ شێواندن ئەم کارەی نەکردووە، ئەگەرچی بەهۆی دانایی شیعرییەوە، هەروەها بە هۆی ئەو هونەرە بەرزەی پەی پێبردوە، گەلێک لەوانەی بەهەڵەدا بردوون کە کاری لێکدانەوەو خوێندنەوەیان بۆ دەقە شیعرییەکان کردوە، وەکو لەبەشی دووەمدا باسکرا، ئەمەش وایکردووە تامەزرۆیی بۆ بەدواداچوونی زیاتر لای خوێنەری شیعرەکانی بێتەکایەوە، بەڵام لێرەدا مەبەست ونبوونی نالی خۆی نییە، بەڵکو ئاستە جیاوازەکانی هۆشیاریی نالی پێیاندا تێپەڕیوە، وا دەکات شاعیر لە چەند دیمەنێکدا دەرکەوێت.

بەحری غەزەلم پڕ لە دوڕو گەوهەرە ئەمما

غەوواسی دەوێ یەعنی بە تەعمیقی بزانە

(مودەریس، ١٣٩٦، ٣٩٦)

بۆیە گەر نالی جارێک وەکو کەسێکی بە کەیف و سەفاو جارێک وەکو بیرمەندو خاوەن کەسێتییەکی ئەخلاقی و دواتر وەکو ئایینپەروەر دەرکەوتووە، مانای ئەوەیە نالی خەریکی گەڕان بووە بەدوای خۆیداو هەوڵی داوە ئاستەکانی هۆشیاری لەسەرەتاوە تا کۆتایی تاقیبکاتەوەو ئەزموونیان بکات، وەکو لە بەشی دووەمدا تیشکی خراوەتەسەر.

ئەم دەرکەوتنە شیعرییەی نالی بەشێوەیەک دەخوێنرێتەوە، کە بوونێکی دژوازی هەبووبێت و ناکۆکی لە نێوان قۆناغەکانی بیرکردنەوەو دونیای شیعری ئەودا دروست کردبێت، ئەمەش گەواهیدەری ئەو راستییەیە کە شیعری نالی ناتوانرێ لە راستەڕێدا درکیان پێ بکرێت، بەڵکو پێویستی بە گەڕان و سەلیقەو ماندوو بوونی زێتری کەسانی پسپۆرە، تاوەکو ئامانج و دەرخستنی ناوەرۆک و ماکی مەبەست و هزریین و پەیامەکانی نالی بۆ، هەموو شەیدایانی شیعری نالی روون ببنەوە:

"دەورانییە وەک هێلەکی سەودا سەری گێژم

بۆیە بە دەقیقی مەسەلە هەرچی دەبێژم "

(مودەریس، ١٣٩٦، ل٢٢٤)

ئەم ناکۆکییە ئاشکرایەی نێو شیعرەکانی نالی دیالیکتیکیان لە نێوخۆی شیعرە فەلسەفییەکانی و هەروەها لەنێو خوێنەرو لێکۆڵەرانی دەقە شیعرییەکاندا دروستکردووەو گفتوگۆی چڕ لەخۆیاندا هەڵدەگرن و بازنەی جەدەل و دوان فراوانتر دەکەن.

بە مەبەستی کاری لێکۆڵینەوە لەبارەی دیالیکتیکی بوون و نەبوون لە شیعری نالی دا جووڵەیەکی ئاسۆیی و ستوونییمان پێویستە، تاوەکو ئەو چەمک و رەگەزانەی فەلسەفەی بوون و ناوەرۆک و مەبەستە شیعرییەکانی نالی خاڵی بەیەکگەیشتنیان دەرکەوێ، چونکە گەر لایەنی تیۆری فەلسەفەی بوون لەگەڵ شیعرە فەلسەفییەکانی نالی خاڵی بەیەکگەیشتنیان نەبێ و هاوتەریب بن بەدرێژایی لێکۆڵینەوەکە، مانای وایە، بابەتەکە نە سەرەتای دەبێ و نە کۆتایی!

ئەگەر سەیری دونیای شیعری نالی بکەین، دەبینین لە کۆی غەزەل وقەسیدە فەلسەفییەکانی، گشت قۆناغەکانی فەلسەفە (کلاسیک، نوێ، هاوچەرخ) لەمەڕ بابەتی بوون و نەبوون باسکراون و رەنگیانداوەتەوە! وەنەبێ نالی بەپێی قۆناغە فەلسەفییەکان شیعری نووسیبێ، نا! چونکە ئەمە بە هیچ پێوەرێک گونجاو نییە. راستییەکە ئەوەیە، کە دەتوانرێ نموونەی شیعری بۆ قۆناغەکانی فەلسەفە، لەوێشەوە بۆ فەلسەفەی بوون لە دیوانەکەیدا هەڵێنجین.

جەدەل و بەڵگەو بیانووی زۆر، لە شیعرەکانی نالی دا لەسەر بابەتگەلی جیاجیا دەبینرێن ، ئەوەی لێرەدا بە کاری خۆمانی دەزانین، بوارو لایەنی فەلسەفی شیعرەکانی نالی یە، کە دەتوانرێ بە پێ ی قۆناغبەندی فەلسەفەی بوون کاری تێدا بکرێت. بۆ نموونە، گەر باسی فەلسەی بوون لە قۆناغی کلاسیکییدا بکەین، دەبینین نالی باسی رەگەزەکانی بوون (کاتیگۆریەکان) ی کردووە، کە هەڵگری سیفەتی هەمەکیین و راستەوخۆ ئاماژەی پێداون، بەڵام بەشێوەیەکی راست و رەوان پێمان ناڵێ، باسی رەگەزەکانی بوونم کردووە، بەڵکو کاری لێکۆڵەرو شیکەرەوانی دەقە شیعرییەکانە بیدۆزنەوە. گەر زیاتر بڕۆین دەبینین لەگەڵ ئاراستەی فەلسەفەی نوێشدا رۆیشتوەو لەچەندین دێڕە شیعردا، بە ئاراستەی ئەو قۆناغە فەلسەفییە شەنی کردووە، کە لەبارەی پەروەردەکردنی خودیی و هۆشیاربوونەوە بەرامبەر ئاستەکانی پێگەیشتنی مرۆڤ و رەتکردنەوەی دۆگمایی دین و داب و نەریت و کەلتوورو گومانکردن و بیرکردنەوە، ئەمەش نزیکمان دەکاتەوە لە فەلسەفەی دیکارت و کۆجیتۆی دیکارت (من بیردەکەمەوە کەواتە من هەم!). هەروەها لە بوونیادی خۆیدا هەڵگری ئەو ئاراستە دژە بووە کە

سەردەمی ئەو لە ئارادا بووەو بە هەموو توانایەوە ویستوویەتی لەبەرامبەریان بوەستێت و کار بۆ ئەوەی پێویستەو بە گرنگی دەزانێ بکات، وەک ئازادی و بوونی رەسەن و نارەسەن، سەلماندنی خودو بوون بە خۆت نەک ئەوی دی و نیگەرانیی و بەرپرسیارێتی و... چەمک و بابەتی تریش کە ئەمانە هەموو لە فەلسەفەی بوونگەراییدا وەکو پایەو کۆڵەگەی گرنگ لەقەڵەم دەدرێن. هەروەها دیدو تێڕوانینەکانی بیریارە موسڵمانەکان یان دونیای ئیسلام سەبارەت بە فەلسەفەی بوون و دواتر تەوزیفکردنی ئاماژەو چەمک و بیردۆزە فەلسەفیەکانی ئەو بیریارانە بۆ شیعری نالی. دواجار نالی بە هەوڵ و ململانێ و سووربوونی خۆی، هەوڵیداوە بۆ دۆزینەوەی وەڵامی پرسیارە رادیکاڵە فەلسەفیەکان و نێو فەلسەفەی بوون، بەشوێن وەڵامدا بگەڕێ... هەربۆیە ئەم بەشەمان کردووە بە چەند تەوەرەیەکەوە:

## ٣-١: نالی و ئاوێتەکردنی رەگەزەکانی بوون و نەبوون بە شیعر (فەلسەفەی کلاسیک)

(ئاو، ئاگر، خاک، هەوا) وەکو رەگەزەکانی بوون (کاتیگۆریەکان) ، کە هەڵگری تایبەتمەندی گشتیین، لە مێژووی فەلسەفەی کلاسیکداو بۆ بابەتی بوون و نەبوون، وەکو بنچینەی ئەو فەلسەفەیە باسکراون. بەدرێژایی هەموو شارستانیەتەکانی مرۆڤایەتی بەجیا بووبێت یان هەموویان بەیەکەوە وەکو سەرچاوە یان رەگەزی پێکهێنەرو کارای بوون، تەماشا کراون.

ئەم رەگەزانەی بوون بە فلتەری خەیاڵی نالی دا گوزەریان کردووەو لە شیعرەکانیدا هەڵگری چەندین رەهەندن.

تێکەڵکردنی ئەم رەگەزانە بە شیعر، کە پێشتر کەرەسەی میتۆلۆژی بوون و دواتر فەلسەفەی بوونیان تەنیوە، تایبەتتر فەلسەفەی پێش سوکراتیان بۆ گەڕان بەدوای بوون و پێکهێنەرو بزوێنەرو جەوهەری بوون و فۆرم و ناوەرۆکی بوون، تاقیکردۆتەوەو گۆڕان و ئەو هارمۆنیەتەی لە نێوانیاندا بەدیکراوەو ئاوهاش لە دیدو خەیاڵی نالی دا ئامادەییان هەیە. ئەگەر باسکردنی ئەم رەگەزانەی بوون بۆ فەلسەفە بە کارێکی لەپێشینەو بنچینەیی دابنرێن و هۆش و درککردنی مەردومی داپۆشیبێ، وەکو گاستۆن باشلار گوتەنی:"(ئاو، ئاگر، خاک، هەوا) لە ویژدانی مرۆڤدا رەنگدانەوەی قووڵ و بە مانایان هەیە، لەلای شاعیریش، خەیاڵ دەورێکی گرنگ، لە ئاشکراکردنی ئەم رەنگدانەوەیە دەگێڕێ" (سیویلی، ٢٠١١، ٦٧). لەبەرئەوەی زمانی ئاخاوتنی شاعیر لەگەڵ

دەورووبەر بێ گومان لەڕێی شیعرەوە بووەو شیعریش بەرهەمی خەیاڵ و ئەندێشەیەکی رەوانە، بۆیە پەنابردنی نالی بۆ روونکردنەوەو بەڵگە هێنانەوە لەبارەی ئەوەی کە کەسێکی ئاگا بووەو پاشخانی مەعریفی لەم بابەتانەدا هەبووە، بە بەڵگەی ئەوەی لە شیعرەکانیدا بە هونەرەوە لێیان دواوەو لەگەڵ ویستی ناخ و هۆشیدا، رێکی خستوون.

ناسینی رەگەزەکانی بوون و نەبوونەکانی بوون و ئەو دیالیکتیکە ئاشکرایەی لەنێو فەزای بیرو هزری نالی دا لەم بارەیەوە ئامادەگییان هەبووە، خوێنەر لەڕێی شیعرەکانیەوە دەیەوێ پەیان پێ بەرێت، هەرچەندە کارێکی ئاسان نابێت بۆ لێکۆڵەر کە تەئویلی دەقە شیعرییەکان بە رەهایی ئەنجامبدات و کەشفی ئەودیو خەیاڵ و هزری نالی بکات و بە ئاسانی لێکیان بداتەوە، چونکە بابەتەکە ئەگەرچی بە فۆرم دەقی شیعریین، بەڵام لە ناوەرۆکدا هەڵگری پەیامی فەلسەفیین، بەو مانایەی" هێرمۆنیتیکای فەلسەفی، چ وەک تیۆرو چ وەک هونەری تێگەیشتن لە دەق، پرۆسەیەکی جیاوازی قەبوولکەرە، پێشبینی مەرگی لێکدانەوەکان و بەتاڵبوونەوەی تەئویلی نەوەکان دەکات، بەڵام مانای دەق بە کراوەیی دەهێڵێتەوە"(سیویلی، ٢٠١١، ٢٣)

تەوزیفکردنی ئەم رەگەزانە وەکو کەرەسەی شیعری هێندەی دیکە نالی بەرەو قوڵبوونەوە لە بیرکردنەوەو ناکۆکی و لێکدژییەکان دەبەن.

ئەو دیالیکتیکەی لە دەقە شیعرییەکانی نالی دان بیرکردنەوەی نالی تۆختردەکەنەوە، بە بەڵگەی ئەوەی، نالی لەکاتێکدا وەکو کەسێکی فەلسەفەناس و بە قووڵایی هزری خۆی شیعر دەنووسێ و کەرەسەو بابەتی تایبەت بە دونیای فەلسەفە بەکاردێنێ، لە هەمان کاتدا هەر ئەو کەرەسانە دەبەستێتەوە بە سەرچاوە خواناسییەکەوە (تیۆلۆژیا)، واتە لە دوو جەمسەری جیاوە یاری بەم رەگەزانە کردووەو وەکو تان و پۆی چنینی خەیاڵی خۆی پنتێکی نەهێشتۆتەوە، کە وەکو خاڵی لاواز دەربکەوێت.

نالی، بەپێی لێکدانەوە میتافیزیکەکەی ئەفلاتون و پێش ئەویش کە پارمەندیس پێشەنگی هەمووانی کردووە لەم بابەتەدا، شیعری نووسیوە، هەروەها بەپێی پێوەرو لێکدانەوەکانی ئەرستۆ بەهەمان شێوە. بگەڕێینەوە پێش ئەو سەردەمە کە هیراکلیتس (فەیلەسوفی گۆڕان) گوزارشی پێ لە بوون و نەبوون کردووەو لەلای نالی بەشیعر رەنگیداوەتەوەو ویستوویەتی گۆڕانەکانی بەسەر ماددەدا دێن و لە فۆرمێکەوە دەیگۆڕن بۆ فۆرمێکی دیکە باسبکات، وەکو تاقیگەیەک

شیعرەکانی بۆ تاقیکردنەوەو گۆڕانی ئەم توخم و ماددانەی کە لە ڕەگەزەکانی بوونەوە( ئاو، خاک، هەوا، ئاگر) وەریگرتوون، تەرخان بکات.

لێرەدا دەکرێ نالی وەکو شیکارێکی فەلسەفی و توانایەکی بواری تاقیگەیی و فەقیهـ و تەنانەت موتەسەوف و شاعیرێکیش، بناسین. واتە نالی جیا لەوەی خاوەنی جەهەرێکی مرۆیی بووە، لەهەمانکاتدا و لە خۆیدا هەڵگری چەندین جەوهەری دیکە بووەو شیعرەکانی گەواهیدەری ئەم ڕاستییەن.

لەم تەوەرەدا، لەسەر زاری نالی و بە پێوەری فەلسەفەی بوون وباسکردنی توخمەکانی بوون یان ڕەگەزەکانی بوون، دەقە فەلسەفییەکانی نالی دەدوێنین. تاوەکو پانتایی ئەو دیالیکتیکە زۆرەی بەدیدەکرێن، بنووسینەوەو ڕوونکردنەوەی لەسەربدەین.

## دەقە شیعرییەکان، لێکدانەوەو شیکاریی

"خاکی بەری پێت هەم گڵ و هەم گوڵ بە سروشکم

وەقتی غەم و شادی ئەوە کردوومـــە بەســـــەردا"

(مودەریس، ١٣٩٦، ٥٨)

لە خوێندنەوەو لێکدانەوەکانی مەلاکەریمی مودەریس و فاتیح عەبدولکەریمدا کە لەدیوانی نالی دا هاتووە، ئەم دێڕە شیعرە وەکو ئاودانی باغچەو دروستکردنی قوڕو لیتە بە فرمێسکی شاعیر وێناکراوە کە هەندێکجاریش بوەتە مایەی ئەوەی گوڵ بڕوێنێ و بۆ کاتی خۆشی بیدات لەسەری و کاتی نەهامەتییش قوڕەکە بکا بەسەرخۆیدا. لێرەدا نالی باسی ( خاک و ئاو)ی کردووە، ئەم دوو ڕەگەزەی وەکو بنەڕەتی بوون وێناکردوون. ئاوو خاک هەبووێکی ماددین و خەسڵەتی دینامیکیانەیان داوە بە بوون. نالی لە ڕێگەی گۆڕینی فۆرمی ماددەکەوە لە (خاک)ەوە بۆ قوڕو لیتەو بەهۆی فرمێسکەوە (ئاو)، هێنانەبەری گوڵ، ویستوویەتی پێمانبڵێ ئەم ڕەگەزانە لە لێکدان و تێکەڵبوونیان ژیان و سەر لە نوێ بوون بەرهەم دێنن و شانبەشانی ئەمەش لە توخمێکەوە دەبن بە توخمێکی دی، ئەمەش گۆڕانەکەی هیراکلیتسە! لە فەلسەفەکەیدا باسی ئەوەی کردووە سیستمی بوون خاوەن بنەڕەتێکی دیالیکتیکییەو توخمەکانی بوون لە گۆڕاندان. لێرەدا دەتوانین نالی وەکو فەیلەسوفانی کلاسیک و تایبەتتر ئەوانەی سەربە فێرگەی ئەیۆنی بوون، وێنا بکەین ؛ بەبێ ئەوەی لە فێرگەیەکی فەلسەفیدا وانەی پێدرابێت، خۆی خاوەنی ئەم بیروبۆچوونە بووە، کە دەکرێ توخم و ڕەگەزەکانی بوون بەشێوازێکی داینامیکی و بەهۆی کاریگەریی یان فشارێکەوە بگۆڕێن بۆ توخم و

ڕەگەزی دیکە، ئەم کاریگەرییەش گەرمی هەست و داباریینی فرمێسکی نالی یە بەسەر خاکی بەرپێی یارو گۆڕانی ڕەگەزەکانن لە فۆرمێکەوە بۆ فۆرمێکی دی، لەهەمان کاتتدا ماتەریش وەکو فۆرمەکە دەگۆڕێ. لێرەدا کاتێک باسی ڕەگەزە بنەڕەتیەکانی بوون کراوە، لەهەمان کاتتدا، ڕەگەزی ئاگر وەکو باسکراوە ڕەگەزێکە دۆخێک لەناو دەبات و بەرەو نەبوونی دەبات، و لە هەمان کاتتدا پرۆسەکە بەردەوام دەبێ و ئەو ڕەگەزە جارێکی دی دەڕواتەوە بەرەو بوون و بەمجۆرە...

"بۆ ماچی دەمی ڕەنگە لە عیشوەی خەمی ئەبرۆی

جـۆیــایی بەقــا خۆی لــەدەمــی تیغی فــەنــا دا"

(مودەریس، ١٣٩٦،٦٤)

لە دیوانەکەدا بەمجۆرە لێکدراوەتەوە: نازو غەمزەی ئەبرۆی کەوانی ئەوەندە دڵ ڕاکێشەرە، لەوانەیە ئەوەی بەتەمابێ بگاتە کانی ئاوی حەیات (کە دەمی یار)ە، تالێی بخواتەوەو نەمرێ، گوێ نەداتە ئامانجەکەی خۆی کە نەمردنەو بۆ گەیشتن بەو کانییە خۆی بداتە بەر تیغی برۆی یارو لە پێناوی ژیانا بمرێ. لێرەدا نالی باسی ئاوی حەیات دەکات، کە وەدیهێنەری نەمریی و ژیانێکی هەتاهەتاییە، ئەم ئاوە لە دوو لاوە وەکو بناغەی بوون و هێشتنەوەی هەبوویێک ڕۆڵی هەیە، بە دیوێکدا ڕەگەزی بوونە، بە دیوەکەی دیکەدا، وەکو جەوهەری نەمریی و نهێنی ژیانی هەتاهەتاییە. بۆیە جارێکی دی، نالی وەکو ئەو فەیلەسووفانە کە کاریان ڕامان و وردبوونەوە بووە لە بوون و نەبوون و گەردوون و ژیان و مردن و خواو ئادەمیزاد...تاد، هەمان ئەرکی خستۆتەسەر شانی خۆی و ئەم وێڵبوونەی بە بەشێک لە هەوڵەکانی داناوە، بە مەرامی ئەوەی شاعیرێکی نەوعی بێت و پاشخانێکی مەعریفی لەگەڵ شیعرەکانیدا بخاتەڕوو. مرۆڤ دووجۆر ژیان بەڕێدەکات ژیانێک لەپێناو مردندا کە زۆربەی بۆ جیهانێکی دی کە بەپێی ڕوانینی ئەفلاتونیانە جیهانی باڵایەو بەپێی ئایینەکانیش ڕۆژی قیامەتە، کە لە باوەڕبوون بە هەر ئایینێکەوە سەرچاوە دەگرێ، جۆرەکەی دیکەش، مردن لە پێناو ژیانە، ئەمجۆرەشیان لە لووتکەی هەستکردن بە تام و چێژی ژیانەوە پەیدا دەبێ، نالی لێرەدا جۆری دووەمی هەڵبژاردووە، لەلایەک ویستوویەتی ئاوی حەیاتی لە لێوانی یار بمژێ، لە لایەکی دیکەوە تیغی برۆی یار، کە چەشنی ئەو مارەی لە داستانی گلگامشدا ڕێگربوو لەبەردەم وەگیرخستنی ئاوی حەیات و ئاوەکەی خواردەوە، نالی لێرەدا خۆی وەکو پاڵەوانی ئەم داستانە وێناکردووەو تیغی ئەبرۆی وەکو ئەو مارە داناوە بۆیە نەیتوانیوە بگاتە ئاوی حەیات و لەپێناو نەمرییدا، گیانی

بەخشیوە. بۆیە نالی ویستوویەتی ژیان و هەوڵدان لەپێناوی مانەوەدا بە بنچینەی بوون و نەهێشتنی بیرکردنەوە لە نەبوون دابنێ، بۆیە لە پێناو گەیشتن بە سەرچاوەی خۆشەویستی یار، گوێی بە لەناوچوون نەداوەو لەو پێناوەدا ژیانی داناوە. لەهەمان کاتتدا نالی گەیشتن بە لێوی یار بە شوێنی پیرۆز دادەنێ و" گەیشتنەوە بە سەرچاوەی پیرۆزیش دەلالەت لە بەدەستهێنانی نەمری دەکات، ئەمەش هەمان پرۆسەیە کە خدر دەیەویست بەهۆی دۆزینەوەی (ئاوی حەیات) یەوە نەمری بەدەست بهێنێت" (سیوەیلی، ٢٠١١، ١٠٢).

"گریانی من و خەندەیی تۆ ئێستە دەشوبهێن

بەو مەوسیمی بارانە کەوا خونچە دەپشکوت

بەپێی لێکدانەوەی مەلا عەبدولکەریمی مودەریس: گریان و فرمێسک رشتنی من لەدەردی دووری تۆو گوێ نەدان و پێکەنینی بێ باکانەی تۆیش بەمن، لەوکاتە ئەچێ کە بەهاران باران ئەبارێ و خونچە ئەپشکوێ "(مودەریس، ١٣٩٦، ١٢٢). گریان بەرهەمی گەرمیی ناخ و دەروونی مرۆڤەکانە، کاتێک فرمێسک لەچاودا سەردەکا، چەشنی ئاسمانە لەرشتنی دلۆپی باراندا، باران بەهۆی بە هەڵم بوونی ئاوی دەریاو رووبارەکان دروستدەبێت، واتە لەرێی بەرزبوونەوەی پلەی گەرمییەوە، چوون ناخی مرۆڤ. بۆیە نالی لەرێگەی دەربڕینی شیعرییەوە جەختی لەوە کردۆتەوە کە گۆڕانی ئاو بەهۆی گەرمیی ئاگرەوە بۆ هەڵم و لەویشەوە جارێکی دی بوونەوە بە ئاوو رۆچوونە ناو خاک، بەڵگەی بەهێزن بۆ بە بنەڕەت ناساندنی رەگەزەکانی بوون و پێکهێنەری سووڕی ژیانن و هەموو ئەم رەگەزانەی باسکران هەبوون و بنەڕەتی بوونن. لەلایەکی دیکەوە، کۆکردنەوەی خۆشی و ناخۆشی خەندەو گریان، مانای تەواوکۆیی بوونن و بوون خاڵی نییە لەم دیاردانە. دەکرێ بگوترێ نالی هاوشێوەی هۆمیرۆس و هزیود لایەنی چاکەو خراپەو خۆشی و ناخۆشی لە مرۆڤدا بەرجەستەکردووە، بەوپێیەی ئەمەش جۆرێک بووە لەخواناسی و لە قۆناغەکانی خواپەرستییداو لە ئایینە جیاجیاکاندا دووبارەبۆتەوە، هەروەها گەرچی تێڕوانینی لەم شێوەیە گومانی تێدا نییە کە بەرەو نەریتی میتافیزیکی و بەرلە ئەویش بەئاراستەی دیدێکی میتۆلۆژیمان دەبات، بەڵام دواجار ئەم دیدو تێڕوانینانە، بە دەسپێک و سەرەتای بیری فەلسەفین و لەوێشەوە روانگەی ئۆنتۆلۆژییان بەرهەمهێناوە. نالی لەنێوان گریان و خەندەدا خاڵی هاوبەشی دۆزیوەتەوە، ئەویش هەریەک لە فرمێسک و بارانە، کەهەردووکیان دوو فۆرمی ئاون، راستە لە جەوهەردا ئاون، بەڵام

یەکێکیان گەرم و ئەوی دی سارد، دۆزینەوەی هاوسەنگی لەنێوان گەرمی و ساردی، دۆزینەوەی ئەو دیالیکتیکەیە کە لە بوونی ئاودا بەرجەستەبووە، گۆڕان و قۆناغی گۆڕان و قەتیس نەبوونی لە فۆرم و ماتەری دیاریکراودا، ئەمانە لە خەیاڵی نالییدا گوزەراون و دیمەن و تێڕوانینی لەمەڕ بوون و نەبوون لە وێنەیەکی بچووککراوەی شیعرییدا خستۆتەڕوو.

"وەک ئاهەکەم دەوان بە هەتا خاکی کۆیی یار

وەک ئەشکەکەم رەوان بە هەتا ئاوی شیوەسوور"

(مودەریس، ١٣٩٦، ١٤٣)

لە دیوانەکەی نالییدا: دەوان ئەوەیە بە راکردن دەڕوات، کۆ: بەردەرگای ماڵە، رەوان مانای جاری و رۆیشتوو دەگەیەنێ. واتە: هەناسەی ساردی درێژم بە پەلە برۆ تا دەگەیتە بەر دەرگای ماڵی دۆست و وەک فرمێسکم جاری ببە تا ئەگەیتە ئاوی شیوەسوور. بەکارهێنانی هەناسە وەکو (با- هەوا)و فرمێسک وەکو ئاوو خاک، ئەشکیش باسکردنی ئاگری ناخە بە شێوەی ناڕاستەوخۆ، دووپاتکردنەوەی ئەم چوار رەگەزە بە راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ، سەلمێنەری ئەو راستییەن، کە نالی وەکو کۆڵەگەو بنچینەی بوون تەماشای کردوون و تان و پۆی چەندین دێڕە شیعر بوون بۆ ئەوو کۆمەکی بە نرخ و بەهای هەریەکێکیان کردووە.

لەو نێوەندەدا، بە کۆکردنەوەی هەناسەی ساردو ئەشکی گەرم، خاکی بەرماڵی یارو ئاوی شیوەسوور، کە بابەتی جیانەکراوەن لە شاعیرو بەڕاددەیەک نزیکن لێوەی و بوون بە بەشێک لە بوونی خۆی و خودی خۆی وەک بوونێکی کۆسمۆلۆژی وێناکردووە، بە هەبوونی هەرچوار رەگەزەکەی بوون و مامەڵەکردن لەتەکیاندا. لەهەمانکاتتدا، بەکارهێنانی دوالیزمەی ساردو گەرم و (خاک و ئاو)وشک و تەڕ، نیشانەی مەرگ و ژیانن، لەوێشەوە جارێکی دی، نالی وەکو دەرخەری تایبەتمەندیی بوون، لەرێگەی ناوهێنان و نیشاندانی وەزیفەی هەریەکێک لە رەگەزەکانی بوون، دەرکەوتۆتەوە. خۆ ئەگەر بای خۆش مروور بە پێی راسپاردەکانی نالی نەڕوا ئەوا بەرەو نەبوون دەڕواو لای نالی ئەوەی هیواکەی بۆ بەدی بهێنێ، بوونێکی رەهای هەیەو بەپێچەوانەوە، گەر وانەبێ نەبووەو باسی ناکا.

"کانی دەزێن بە ئاوو درەخت ئاوسن بە با

شایی بەهارە بولبولە دامادو غونچە بووک

له دیوانی نالی دا، ئەم دێڕە هۆنراوەیە بەمجۆرە لێکدانەوەی بۆکراوە، کە نالی بەهاری کردووە بە شایی و لەم شاییەدا بولبولی کردووە بە زاواو خونچەی بۆ کردووە بە بووک، بای دارئاوسی دوارۆژەکانی زستان و درەخت تەڕایی تێکەوتووە، وەشی هێناوە بۆ پیشاندانی وێنەی ئاوسبوونی بووک پاش گواستنەوەی و تەقینی کانی و ئاوی زۆر پیاهاتنیشی کردووە بە منالەکەی کە ئەیبێ"(مودەریس، ١٣٩٦، ٢٠٩)

نالی زەماوەندی سروشت و ئادەمیزادی لەسەر یەک هێڵ داڕشتووە، بەومانایەی چۆن لە سروشتدا بەهاران زیندەوەران بە گیانەوەرو رووەکەوە هەڵپەی زاوزێیانە و خۆیان ئامادەو سازدەکەن بۆ پرۆسەی یەکگرتن و سەرلەنوێ ژیانەوەو لەدایکبوونی نوێ، مرۆڤیش لەپێناو مانەوەدا دەستی بەمجۆرە کارەوە گرتووە. ئاشکرایە مرۆڤ لاسایی سروشت دەکاتەوە، بەڵام ئێمەی مرۆڤ هەمیشە خۆمان سەنترالیزە دەکەین، چ جای نالی کە خۆی وەکو تەوەرەی سەرەکی لە هاوکێشە ژیارییەکان نیشانداوە. دواتر لە بوونگەرییدا باسیدەکەین.

باسکردنی ئاو وەکو سەرچاوەی ئەفرێنەری بوون، هەروەها با وەکو یاریدەدەری بەڕێوەچوونی گۆڕانەکانی ناو بوون، کە رووەک بە مانا گشتی یەکەی بە تۆو ئاوسدەکات و دواجار لخی تازەو گوڵی تازە دەخەنەوە.

کانی و تەقینەوەی کانیاویش لە بەهاردا، بەهەمان شێوە وێنەی لەدایکبوونی نوێ نیشاندەدات. لەلایەکەوە ئاو رەگەزێکی بوونە، لەلایەکی ترەوەو لەم دێڕە هۆنراوەیەدا وەکو فەرزەندە وێناکراوە کە لە کانییەوە دەزێ، کەوابێ لەیەک کاتتدا ئاو لە دوو فۆرمدا دەرکەوتووە سەرەتا وەکو بنەڕەتێکی بوون دواتر، وەکو هەبوویەک، واتە پێکهاتەو پێکهاتووە! دەتوانین بڵێین فۆرمێکی ماتەرداره. ئەمەش ئەو بیردۆزە بیردەخاتەوە کە لای ئەرستۆ باسکراوە لەبارەی"جەوهەری یەکەمەوە، کە هەبووێکی فۆرم و ماتەردارە"(کەمال، ٢٠١٨، ١٠٥).

نالی هێزو پێگەو کاریگەری ئاوی لە دیاردەی بووندا، لەئاستێکی باڵادا داناوە. هەربۆیە ئەم جەدەلەی لەبارەوە دروستکردووە.

"رایێڵ و تارو پۆیی کولووی بەفرە ئابشــار

با بایەدات و ماسی پێدادێ وەک مەکووک"

(مودەریس، ١٣٩٦، ٢١٠)

لەدیوانی نالی دا هاتووە کە: ئابشار بەرامبەر بە تاڤگە دانراوەو مانا گشتییەکەشی بەمجۆرەیە: تاڤگەکان بوون بە رایەڵ و تان و

پۆکەشیان کولووی بەفرە کە با رای ئەماڵێ و ئەیدا بەناویاندا وەک لە هەردووکیان قوماشێک بچنێ. مەکۆی ئەم جۆلایی کردنەش ماسییە کە بە ناو تان و پۆکەدا ئەڕوا.

ئەم دیمەنەی نالی وێنای کردووە، هێڵی ئاسۆیی و ستوونی گەردوونەو تان و پۆی ئەم گەردوونە ماجەرای هەسارەو ئەستێرەکانن و مرۆڤیش وەکو مەکووک بۆ زانینی هەواڵ و وەرگرتنی وەڵامی پرسیارە زۆرو زەوەندەکانی دەربارەی بوون و نەبوون هاتوونە گۆ، لە هاتوچۆدایە. ئاوو با وەکو دوو رەگەزی بنەڕەتی بوون، لێرەدا بزوێنەرو ئەفرێنەری ژیاریین بە هەموو بابەتێکیەوە، وەکو بناغەی سەرەتایی دروستبوونی گەردوون رۆڵیان هەیە. نالی راستەوخۆ نەیویستووە پێمان بڵێ ئەمە سووڕی گەردوونە، بەڵکو کاری ئەویش نەبووە، ئەوەندە نەبێ، نەیتوانیوە ئاگایی خۆی لەهەمبەر سروشت و پێکهاتەو بنەڕەتەکانی بوون پەنابکات. بۆیە لەبارێکدا کە ئەو پێی ئاشنابووە دەریبڕیوەو ئاشنایانی بە دیوی ناوەوەی ناساندووە، کە خۆی لە پاشخانە مەعریفییەکەیدا دۆزیوەتەوەو دیارە ئەوەشی لەم سروشت و دیمەنە بەدەرە نەبوونەو پێچەوانەی ئەو بوونەیە وا باسی کردووە، باسنەکردنی نەبوون، خۆبەخۆ ئەوەمان پێدەڵێت کە بوون هەبوو نەبوون نییە، وەکو وتەکەی پارمەنیدس، کە پییوابووە بوون هەیەو نەبوون نییە!

"ئەی شەمسی مایە پەروەرو ئیکسیری قەلبی خاک

بنــوارە حــاڵی هالیکی ئــەم خــاکە ئــەحقــەرە"

(مودەریس، ١٣٩٦، ٣٥٥)

ئەم دێڕە شیعرەی نالی لە دیوانەکەیدا بەمجۆرە لەلایەن مامۆستایانی مودەریسەوە لێکدراوەتەوە: ئیکسیر کە ماددەیەکی کیمیاییە دەتوانێ دۆخی ماددە بگۆڕێ، وەک گۆڕینی مس بە زێڕ یان جیوە بکاتە زیو. کاتێکیش ئەم ماددانە گۆڕان بە ماددەی دی، ئەوە مانای وایە بوونی خۆیان و تایبەتمەندی بوونی ئەوەڵیان لەدەستدەدەن و پێشتر دەبنە نەبوو ئینج دواتر ماددەی دیکە دروستدەبێ.

نالی داوای لە پێغەمبەر(د.خ) کردووە، کە چۆن بیروبۆچوون و دەروونی خەڵک پەروەردەدەکەیت و دەیانگۆڕی بەرەو باشە، ئاوهاش کارێک بکە تا حاڵ و گوزەرانم باش بکەیت، یان بیرێک لە حاڵی ئەم میللەتە فەوتاوە بکەوەو بیکە بە وڵاتێکی پایە بڵندو پیرۆز. خاک وەکو رەگەزی بوون، لەهەمان کاتتدا وەکو کەرەسەیەک کە بتوانێ بگۆڕدرێ بۆ رەگەزێکی بەهادارو پڕ بایەخی وەکو ئەوەی نالی داوای دەکات. لە پێکهاتەی خاکدا بڕێکی لە ژماردن نەهاتووی توخم هەن، بەهادارو بێ

بەهایان تێدایە، نالی گەرەکییەتی ببێت بە توخمێکی بەهادار لەرێگەی گۆڕانەوە، ئەو گۆڕانەی هیراکلیتس باسیکردووەو بڕوای وابووە کە توخمە کۆسمۆلۆژیەکان لە گۆڕانی بەردەوامدان. بێ گومان گۆڕینی ئەم توخمانە لە فۆرمێکەوە بۆ فۆرمێکی دی، بەهۆی ئاگر یان ماددەیەکی کیمیایی دی دەسگیردەبێت، کە کارلێک دروستدەکات، ئەمە لە رووی ماددییەوە، بەڵام لە رووی مەعنەوییەوە، کە نالی هانای بۆ پێشەوای ئیسلام بردووەو وەکو فریادڕەس داوای لێدەکات، پاکی بکاتەوە لەو کەم و کوڕیی و گوناهانەی فریای بکەوێ، تا نەگەیشتۆتە حاڵەتی نەبوون. واتە لەو خاکە کە رەگەزی بوونە دەیەوێت هەبووێک بێتە بەرهەم، کە نالی یە لە فۆرمێکی دیکەداو ماتەرو وەزیفەو ئاکاری جیاواز دەردەکەوێ، لەوەی پێشووتری هەیبووە.

" دنیا بووە بە تاوەو سەحرا بە ژیلەمۆ
دنیا دەڵێن کە ئاگرە ناری سەمەندەرە

لە دیوانەکەی نالییدا ئەم دێڕە وەکو رۆژی دوایی وێناکراوە کە دونیا دەبێ بە تاوەی سەرنراوەو ئاگری لێ دێ و دەرو دەشت وەکو ژیلەمۆ دەبێ و مرۆڤیش وەکو گیای سەمەندەرن، هەرچەندە لە ئاگرەوە نزیک بن، ناسووتێن"(مودەریس، ١٣٩٦، ٥٨).

نالی یەک پارچە دونیای وەکو تۆپەڵەیەک لە ئاگرو کڵپە دەرخستووە، لەکاتێکدا ئاگری وەکو توخمی بوون داناوە، لەهەمان کاتتدا وەکو سەرچاوەیەکی ئەهریمەن ئاسا بۆ سووتاندن و لەناوبردنی گەردوون بە هەموو پێکهاتەیەکییەوە، نیشانداوە، واتە وەک هۆکارو هۆکرد. کەوابێ بیرکردنەوەیەکی میتافیزیکیانە لەپشت بۆچوونەکەی نالی دەردەکەوێت، کە بەشێوەیەکی خودنەویستانە رۆڵ و کاریگەری هۆکاری یەکەم و ویستی ئەم هۆکاری یەکەمە، کە (خودا)یە لە کۆتاییهاتنی دونیاو هاتنی رۆژی دواییدا دەردەخات. ئەمە ئەو دیالیکتیکەیە کە لە روئیای نالی داو لەنێوان هێزی میتافیزیکاو ئۆنتۆلۆژیادا دەبینرێت. جارێک لەگەڵ پەرەسەندن و گۆڕانی توخم و رەگەزەکانی بووندایە، جارێکیش بەشێوەیەکی رەها قسە لەسەر میتافیزیکاو بوونی رەهاو دەسەڵاتی رەهای هۆکاری یەکەم (خودا)دا دەکات.

"سروشکم ئاب و دانەی نارە، کێ دی
بەگەرمی داوەرێ ئەم تەرزە تــەرزە

بۆلێکدانەوەی ئەم دێڕە، سەرەتا لە دیوانەکەیەوە دستپێدەکەین، نالی باسی فرمێسکی خۆی دەکات و دەڵێ کەوا فرمێسکم ئاوو ئاگرە،

یان سووره وەکو دەنکی هەنار، ئینجا ئەمەیێ و ئەبێ بە تەرزە، کێ دیویە تەرزە بەگەرمی بباریێ؟! چۆن دەبێ شتێک لەیەککاتتدا سپی بێت و سووریش بێت! ئاو بێت و ئاگریش بێت! گەرم بێت و لەهەمان کاتتدا ساردیش بێت، شل بێ و بێتەخوار، مەیبێ و بەستبێتی"!؟ (مودەریس، ١٣٩٦، ٣٦٩)

لێرەدا ئاو بەهێزی گەرمی بووەتە دانەی ئاگرین و سووربووە وەکو دەنکە هەنار لەبەر بێ دادی و زۆری خەم و خەفەت و حەسرەتی نالی، فرمێسکی گەرم کە لە ئاوێکی سازگارەوە هەڵچووەو بە چاواندا هاتۆتە خوارێ، لەبەر ساردی هەناسەی لەنێوان دووری چاوو رووومەتەکانیدا دەیبەستێ و دەبن بە تەرزەو چرپییەکەی دەگۆرێت. رەنگەکەی لە سورەوە دەبێتەوە بە سپی کە پێشتر هەمان رەنگی هەبووە. ئەمەش ئەو بوونەیە کە تالیس ئاماژەی بۆکردووەو گوتوویەتی:" هەموو شتێک ئاوەو لەوەوە دەردەچێت و بۆی دەگەڕێتەوە "(حەوێزی، ٢٠١٩، ٢٤).

ئەم دەربڕین و پێزانینە بۆ سوورِی بوون، لە هزری نالی دا نەبێ چۆن دەتوانرێ کۆببنەوە؟!

واتە پرۆسەی گۆڕانی رەگەزە بەراییەکانی بوون، لای نالی بە چەندیین شێوازو فۆرمی جیاجیا گوزارشیان لێ کراوەو هەرگیز بەتەنها بە دیمەنێکی شیعری یان دەربڕینێکی فەلسەفی کۆڵینەداوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەتا لەم دێڕەدا بەجۆرێکی ترو بە خەیاڵێکی دی لەمەسەلەی رەگەزەکانی بوون دەدوێ:

"لەبن خاکی مەغاکی ئاتەشینی لەعلی لەب توشنە

لەسەر ئابی سەرابی سەروی سێرابی موغەیلانە"

(مودەریس، ١٣٩٦، ٤٠٦)

لە دیوانەکەدا هاتووە کە نالی باسی رێگای حیجازی کردووەو ئەم ژینگە وشک و بێ ئاوەی بەجۆرێک نیشانداوە، وەکو ئەوەی تەماشای تابلۆیەکی شێوەکاری نایاب بکەیت وایە! نالی باسی سەرابی بیابانی کردووە کە وەکو ئاو دەردەکەوێ و لەوێ مرۆڤ درکی موغەیلانی لێ دەبێ بە سەرووی تێراوی قەراغ ئاو، ئەمەش تراویلکەی بیابان دروستی دەکات!

ناوهێنانی ئاوو خاک و ئاگر تاراویلکە کە وەکو هەڵمێک دەردەکەوێت، کۆکردنەوەی ئەم چوار رەگەزە بۆ خستنەڕووی بوونی بیابانە، کە ئەویش ژینگەیەکی سەربەخۆیەو لە ژینگەکانی دی جیاوازە. باسکردنەوەی بەردەوامی نالی بۆ ئەم چوار رەگەزە، پێماندەڵی نالی وەکو فەیلەسووفانی کلاسیک لە قۆناغێکی تەمەنی شیعرییدا جەوهەری

بوونی لەم چوار ڕەگەزەدا بینیوەتەوە، بەبێ جیاوازیی بەکاریهێناون، ئەگەرچی هەندێکجار یەکێکیانی بەسەر ئەوی دیدا زاڵکردووە، بەڵام دواجار هەموو ڕەگەزەکانی بەهەند وەرگرتوون، چوون فەیلەسووفانی پێش سوکرات و سەردەمی سوکرات. کە ڕەگەزەکانی بوونیان وەکو هەبوویەک مامەڵەکردووەو لەپێناو سەرەتاو بنەڕەتی بووندا خستوویاننەڕوو.

"سۆزی دڵــمە باعیسی تاوو کوڵی گریــان

مەعلوومە کە ئاگر سەبەبی جۆششی ئاوە

بەمجۆرە لە دیوانەکەی نالی دا خوێندنەوەی بۆکراوە: سۆزی ئاگری عەشقی دەروونمە بووە بە هۆی تاوی گەرم و بەکوڵی گریانم، ئەمەش شتێکی سەیر نییە: چونکە هەموان ئەزانن ئاگرە ئەبێ بەهۆی هاتنەکوڵی ئاو" (مودەریس، ١٣٩٦، ٤٤٤). نالی ئاسا ئاو کە ئاگری خرایەژێر دێتەکوڵ و هەر لە دۆخی ئاودا نامێنێتەوە بەڵکو دەبێتە هەڵم، پێشتریش دۆخی ئاوەکە لە ساردەوە بووەتە گەرم، چڕییەکەی دەگۆڕێت و هەرگیز وەکو خۆی نامێنێتەوە، وەکو ئەوەی هیراکلیتس باسی کرد کە مرۆڤ ناتوانێ لە ئاوی ڕووبارێکدا دووجار مەلە بکات! چونکە لە گۆڕانی هەمیشەییدایە. بەدیوێکی دیکەدا، کاتێک هەست و سۆزی نالی دەگەنە پلەی وروژانی خۆشەویستی و ناتوانێ بەرگەی ئەم سۆزە هەڵچووە بگرێت کە لە قووڵایی دڵیەوە سەردەکاو بە چاوانیدا دێنەخوار. لەم نمایشی عیشقەیدا نالی وەکو تالیس پێمان دەڵێ :" هەموو شتێک هەوایە یان ئاگرە، یان گەردیلە" (حەوێزی، ٢٠١٩، ٢٤). گەرمی ئاگری ناخی نالی بووەتە هۆی خاڵیکردنەوەی ناخی و ڕشتنی دەردەڵی خۆی لەڕێی فرمێسکەوە، ئەمەش بێگومان بەرەو ئاسوودەیی بردووە، گیانێکی ئاسوودە بەبەر نالی دەکات و نوێ دەبێتەوە، بۆیە نالی لەخەمی خۆی بەشوێن ئاسوودەییەوە بووە، تا خۆی لەم ئاگرەی ناخی دوورخاتەوە، چونکە ئاشکرایە ئاگر فەوتێنەرەو وەکو کاریگەرترین ڕەگەزی بوون دەردەکەوێت لەپێناو ڕاگرتنی بوون دا لە هەمان کاتیشدا هۆکارێکە بۆ دوورکەتنەوە لە بوون. واتە پۆلێنی نالی بۆ ڕەگەزەکانی بوون کە لە چوار کاتیگۆریەکەدا (ئاو، هەوا، خاک، ئاگر) دەردەکەون، زۆرجار سەرنجی زیاتری خستۆتەسەر ئاو یان ئاگرو بەگرنگتر لەوانی دی وەسفی کردوون، لەکاتێکدا ئاگرو ئاو بەهۆی باوە یان هەواوە کاریگەرییان زیاد دەکات، خاکیش وەکو شانۆی ڕووداوەکان بۆ هەموویان شیاوەو لەگەڵ هەموویاندا هەڵدەکا.

گەرچی رەگەزەکانی بوون بەلای فەیلەسوفانی دیکەی وەکو ئەرستۆو ئەفلاتونەوە جۆرێکی دیکەن، بەڵام ئەوانیش واتە ئەفلاتون وئەرستۆ لەسەر بنەمای ئەم رەگەزانە رەگەزەکانی خۆیان دارِشتوە، کە لە بەشی یەکەمدا باسکراون. نالی بەبێ ئەوەی درک بکات وەکو فەیلەسوف هەڵس وکەوتی لەگەڵ ئەم رەگەزانەدا کردووە، بەڵگە شیعرییەکانی گەواهیدەری ئەم راستییەن.

کاتێک باسی بوون دەکرێ دیوەکەی تری کە نەبوونە دەرناکەوێ، چونکە مەحاڵە بتوانی هەردووکیان لەیەککاتدا کۆبکەیتەوەو هەمیشە وەکو دوالیزمی دژبەیەک یان پێچەوانە دەبینرێن.

" لــەم فەیزی نووره هەرچی کەوا نارە مردووە
بەم نەفخی سوورە هەرچی کــە خاکــە ژیایەوە

بەمجۆرە لە دیوانەکەیدا لێکدراوەتەوە: لەم وەرزی بەهارەدا بە هێزی لێشاوی نووری خودا، هەرچی ئاگرەو لە سروشتی ئاگردایەو سەرکەشە، ساردبوونەوەو مردوون. هەرچی خاکیەو سروشتی خاکییە ئەبوژێتەوە“ (مودەریس، ١٣٩٦، ٤٥٥). (فەیزی نور)و(نەفخی سوور) ئاماژەی دونیاو قیامەتن. (فەیزی نور) کاتێک دادەگیرسێ”ئاماژەیە بۆ ئەو ئاگرەی کە لەسەر گۆڕی حەزرەتی مەسیح (عیسا) (خ) لەلایەن بەتریرکەوە دادەگیرسێ و رۆژێکی مەزنی مەسیحیەکانەو جەژنی لێ خۆشبوونی ئەرسەدۆکسییەکانەو لە کەنیسەی قیامەتی شاری قودس مەراسیمی ساڵانەی بۆ رێکدەخرێت و بە پەرجوو لەقەڵەم دراوەو دەدرێت“(VOL NEWS، ٢٧-٤-٢٠١٩)، نالی سوودی لەم بیرۆکەیە وەرگرتووە، کاتێک ئاگری کوژاوە باسدەکات لەگەڵ ئەوەی دەبووایە باسی ئاگری داگیرساوی کردبا، چونکە باسی فەیزی نووری کردووە، واتە لەگەڵ ئەوەی کە دەبوایە چراخانی رووناکی بوایە، کەچی هەرچی تروسکەی ئاگری ئەو شەمعانەی (فەیزی نوور)ە، دامرکاون! واتە ئاگرەکانی زستان کوژاونەتەوە. هەروەها سوودی لە (سورەتی الزمر– ئایەتی ٦٨) ی قورئان وەرگرتوە( ونفخ في الصور فصعق...)، کاتێک باسی نەفخی سووری کردووەو ئیسرافیل فوو بە شەیپورەکەیدا دەکات و بانگی رۆژی قیامەت لێدەدات، لەکاتێکدا، لێرەدا بانگەشەی ژیانی نوێ دەکرێت! ئەم بابەتەی نالی بەجۆرێک لێکدراوەتەوە کە تەواو پێچەوانەکەی راستە، چونکە فەیزی نوور کە دەبێ داگیرسێ کوژاوەتەوەو نەفخی سوور کە دەبێ دونیا کۆتایی بێ سەرلەنوێ دەژیەتەوە! لێرەدا، نالی جارێکی دی لەرِێی بەکارهێنانی سیفەتی ئاگرو خاکەوە ئاماژە بە بوون و نەبوون دەکات، کە هۆکاری تەواوی بۆ

فەراهەم کردوون وروونی کردۆتەوە، کاتێک رەگەزێکی بوون دێتەپێش، بەناچاری یەکێکی دی دەچێتە دواوە، واتە هەردوو بەیەکەوە ناتوانن هەڵبکەن.

"دایەی زەمین کە حامیلی ئەبنایی مەحشـەرە

هەر تۆوێکی تـــیا کە ئەمانـــەت بوو دایەوە

لەدیوانەکەیدا بەمجۆرە لێکدراوەتەوە: دایکی زەوی کە ئاوسەو تۆوی هەموو جۆرە رووەکێک لە سکیایە، وەک چۆن زەوی رۆژی مەحشەر ئەم هەموو خەڵکەی لە توێدایە، هەموو ئەو تۆوانە ئەداتەوە کە بە ئەمانەت لای دانراون، وەک چۆن زەوی رۆژی مەحشەر هەموو مردووەکانی ناوی هەڵئەداتەوە بۆ سەر زەوی"(مودەریس، ١٣٩٦، ٤٥٦). نالی لەم دێڕەدا (دایەی زەمین)ی بەرامبەر بە خاک داناوە، خاکیش ژیان و نوێبوونەوە دەداتە بوونەوەران. خاک ئەگەرچی جێگای شاردنەوەی جەستەی مردووانە، بەڵام جەستە وەکو مادده، دواتر ئەم ماددەیە فۆرمێکی گیانەکی وەردەگرێت و لەرۆژی قیامەتتدا ژیانێکی نوێی بەبەردا دەکرێتەوە. ئەم پرۆسەیە لای ئەفلاتون وەکو دۆنادۆن (تناسخ الارواح) باسکراوە. دیارە ئەم دۆنادۆنیە لە زۆرێک لە ئایینە جیاجیاکاندا بوونی هەیە، نموونەی هیندۆسی و بودایی و تاوی و...تاد. مردنیش لەلای ئەفلاتون بوونی نییەو ئەوەی هەیە گواستنەوەی گیانی مرۆڤە، لە جیهانێکی ماددیەوە بۆ جیهانێکی رۆحی. نالی دوای شەن وکەو کردنی هەموو ئەوەی لەسەر مردن و ژیانەوەو هۆکارو بنەڕەتەکانی بوون بیستوونی، دواجار لەغەزەل و قەسیدەکانیدا، بە بۆنەو فۆرم و مەبەستی جیاجیا بەیانی کردوون، ئەم دێڕەش نموونەی ئەم بیرە قووڵە بەرهەم هاتووەیە!

"ناری سینەم گەر نەبێ، غەرقم ئەمن

ئاوی چاوم گەر نەبێ، سووتاوم ئەز"

(مودەریس، ١٣٩٦، ١٨)

لەدیوانی نالی دا بەمجۆرە روونکراوەتەوە، کە نالی پێ ی وابووە ژیانی لەسەر دوو شتی دژی یەک وەستاون، ئاگرو ئاو. ئاگری سینەو ئاوی چاو، دەڵێ، گەر ئاگری سینەم نەبوایە کە ئەوەندە بەتینە تەنانەت بەری ئاویشی پێ ئەگیرێ، لەبەر فرمێسکی زۆری چاوم ئەخنکام و ئەگەر ئاوی چاوم نەبوایە کە ئەوەندە بەهێزە هەر ئاگرێکی بێتە پێش ئەیکوژێنێتەوە، بە ئاگری سینەم ئەسووتام.

ئەم دێڕ لە شیعرە فەلسەفیەکانی نالی دا خوێندنەوەی تایبەتی بۆ کراوە، لەلایەک ئاو و ئاگر دەبنە دوانە بۆ راگرتنی هاوسەنگی ژیانی

شاعیرو لەلایەکی دیکەوە، یەکێکیان دەبێتە میملّی ئەوی دیکە، بەو مانایەی ئاوو ئاگر هەریەکەیان بەجیا هەوڵی مانەوەی خۆی دەدات و لەناوبردنی ئەوی دیکە بە کاری خۆی دەزانێ. هەموو ئەمەش لەپێناو پاراستنی نالی دا ئەنجام دەدەن. واتە هێشتنەوەی وەکو هەبوویەک لە نێو بووندا، ڕێکخستنی ئەم کێ بەرکێیە کە دواتر بە ئاراستەی جەدەلێکی نەبڕاوە دەچێ، گەر نالی ڕێگای بۆ خۆش نەکا، چۆن ڕێکدەکەوێ!؟

عەبدوڵلا خدر مەولود لە کتێبی (لێکۆڵینەوەیەک لە شیعرە ئایینی و سۆفیگەری و فەلسەفیەکانی نالی دا) دەڵێ: " نالی بە دوو ڕەگەزی ژیان بوون (نار، ئاو) وێنەیەکی هونەری یەکجار بەرزی داهێناوە، لەو ئاستەنگ و دژواری دژایەتییە، ژیانەکە ماوەو بەردەوامە، بەڵام ژیان و بەردەوامییەکە سروشتی نییە، وەک ئەوە وایە نالی منداڵدانێکی دروست کردبێت و زلفی ئەویش وەک وێڵداش بە (ئەو)ی بەستۆتەوەو بۆیە هیچ ئاگاداری بوون و بوونەوەرێک نییەو لە هەموو شتێک پچڕاوەو تەنیا بە ئەو بەستراوە، مان و بوونی بەو تاڵە مووەی زلفەکەی بەندە، کاری گەورە یا (کاری هونەری راڤەی شتەکان دەکات، بەڵام بە شێوازی تایبەتی خۆی" *[1] (مەولود، ٢٠٠٧، ١٤١).

"هەوای سەیری بەڕو بەحر ئاگری بەرداوەتە عومرت
کە تۆزی مونعەقید خـــاکی دلۆپی مونجەمید ئـــاوی"
(مودەریس، ١٣٩٦، ٥٦٨)

لێکدانەوەی ئەم دێڕە بەپێ ی دیوانەکە بەجۆرێکە، کە نالی قسە لەگەڵ خۆی دەکات و بەخۆی دەڵێ: تۆیێ کە ئەوەندە ناچیزی، لە تۆزی خاکی بەیەکەوە نووساوی بەقوڕ بوو و لە دلۆپی ئاوی مەیوو پەیدا بووی، ئارەزووی گەشتی وڵاتان، عومری بە فەتەرات بردووی و ئاگری تێ بەرداوە. چیت داوە لەم ئارەزوو بازییە، لەجێی خۆت داکەوە بیرێ لە خوای خۆت بکەوە. دیارە نالی لەبەر بێزاری ڕێگەو هیلاکبوونی خۆی لە ڕێگای حیجاز ئەم غەزەلەی گوتوە، کە بۆچی هێندە بەدوای ئارەزووەکانیەوەیەتی بۆ لە جێگای خۆی قنیات ناکات و سوکنایی نایەت؟! هەر چوار ڕەگەزەکەی بوونی تێدا کۆکردۆتەوە (هەوا، بەڕ_خاک، بەحر-ئاو، ئاگر). بەدوای یەکدا هاتنی ڕەگەزەکانی بوون لە سیستمی بوون دا و ئەو گۆڕانەی بەسەر توخمە ماددەکاندا هاتووە،

* لەم لێکدانەوەیەدا لێکۆڵەر دێڕەکانی دیکەی ئەم غەزەلەی لەگەڵ ئەم دێڕەدا باسکردووە، ئەوەی ئێمە مەبەستمان بوو، تەنها ئەو دێڕەیە کە نووسیومانە.

لەپێناو ڕەخساندنی هەلی بەردەوامیدان بە بوون، لەهەمان کاتتدا خولگەی بوون بە نەپچڕاوی دەهێڵێتەوە.

شاعیر خۆی وەکو ناچیز دادەنێ، بەوەی کە هیچ دەسەڵاتێکی نییە، تاوەکو ئەزموونی بکات و دەستی هەبێ لە بوون و نەبوونی خۆیدا، لەکاتێکدا نالی لە زۆر شوێندا، خۆی وەکو کەسێکی بەدەسەڵات و خاوەن ڕۆڵ لە بونیاتی خۆیدا نمایشدەکات( لە بونیادگەرییدا باسی دەکەین). بەڵام لێرەدا، ئاگر کە خووێکی ئەهریمەنانەی هەیەو لەڕێگەی باوە دروست بووە، واتە با هەناسەی داوەتە ئاگر تاوەکو داگیرسێ، ئەم دووە لێرەدا کۆمەکی بە نەبوون و لەناوچوون دەکەن، لەکاتێکدا ڕەگەزی بوونن! نالی گوتەنی بابایەکەو بەرهەمی دلۆپێ ئاوە، ئاوی ( مونجەمید). خاکی (مونعەقید) یش کە بەهۆی ئاوەوە کراوەتە قوڕو بەشەری لێ هاتۆتەدی. کەوابێ نالی لێرەدا دوو ڕەگەزی کردووە بە بنەڕەتی بوون( ئاو، خاک) و دوانیش بە بنەڕەتی نەبوون (هەوا، ئاگر)! بۆیە لێرەدا بەئاسانی هەست بە جەدەلی نێوان بوون و نەبوون دەکەین کە نالی لە هۆشی خۆیدا بەرهەمی هێناوەو بە شیعری فەلسەفی دەربیبڕیوە.

" کە خاکی خاکی دامەن بە، وەگەر نە تۆزی بەربـادی
کە ئاوی ئاوی گەوهەر بە، وەگەر نە بڵقی سەر ئاوی"
(مودەریس، ١٣٩٦، ٥٦٨)

ئەوەی لێرەدا پێویستە ئەوەیە سەرەتا لەدیوانەکەوە دەست پێبکەین و مەبەستی شاعیر بزانین بەپێی تێگەیشتنی مەلا عەبدولکەریمی مودەریس نالی لێرەدا ڕێنوێنی و ئامۆژگاری مەردوم دەکاو پێی دەڵێ: مادەم تۆ لە تۆزی خۆڵ و دلۆپی ئاو دروستکراوی و خاک و ئاوی، فیز مەکەو خۆت بە زل مەزانەو ئەو خاکە بە کە ئەنووسێ بە داوێنی خەڵکەوە، ئەگینا نابی بە هیچ و یا ئەتبا وەک تۆزو ئاوێکی بەنرخیش بە، وەک ئەو دلۆپە ئاوەی ئەچێتە ناوسکی سەدەفەوەو ئەبێ بە دوڕی یەکتا، ئەگینا هیچ نیت و بڵقی سەرئاویت و پووچیت و هەراکو تەقیتەوەو بووی بە هیچ. بۆ لێکدانەوەی سەرەتایی ئەم دێڕە، سەرنجدەدەین کە لەم دێڕەدا نالی باسی لە بوونێکی ڕەسەن کردووە، (لە بوونگەرییدا باسی دەکەین). لێرەدا نالی باسی بوونێک دەکات کە جگە لەوەی ئاماژە بۆ چۆنیەتی بوونەکە دەکات، کە بوونێکی ڕەسەنە، ڕاستەوخۆیانەش باسی دوو ڕەگەزە بنەڕتیەکانی بوونی کردووە، کە ئەوانیش (خاک ، ئاو)ن، خاک وەکو هێمای پتەویی و ئاو وەک هێمایەک بۆ ئەبەدیەت. هەر هەبووێک لەڕێگای هۆشەوە پێش ئەوەی ناوەڕۆک

یان ماتەری دیاری بکەیت، ئەوە ئاشکرا دەبێ کە چ جۆرە مرۆڤێکە؟ واتە خاکی یە یان لووت بەرز، دڵسۆزە یان بەد! نالی کەسی بەرامبەر دەدوێنێ و دەگاتە ئەوەی کە راستە وەکو جەوهەر هەبووێکی (مرۆڤ)یت، و فۆرمی تۆ پێمان دەڵێ لە خاک و ئاو دروست بوویت، بەڵام ئەوەی دواتر روودەدات سروشتی تۆیە. دوایی دێتەسەر جۆری خاک و ئاوەکە ئاخۆ کامیان باشترن!؟ ئەم بابەتە دوورماندەخاتەوە لە بنەڕەتی بابەتەکە، ئەوەندە نەبێ باسی بوون دەکات و بنەڕەتی بوون دیاریدەکات. نالی لە بەکارهێنانی رەگەزەکانی بوون (ئاو، خاک، ئاگر، هەوا) دا مەبەستی بووە دیدە فەلسەفییەکەی لەو نێوانەدا بخاتەڕوو. هەرچەندە" ئەو توخمانە ماتەرن و لەو دیو هەبووەکانەوە نیین"(کەمال، ٢٠١٨، ٣٣)؛ ئەویش وەکو بنەڕەتی بوون نەک راستەوخۆ وەک بوون باسی کردوون.

## ٣-٢: رەنگدانەوەی (میتافیزیکا ، جەوهەرو بیرکردنەوە) لە شیعرە فەلسەفییەکانی نالیدا (فەلسەفەی نـــوێ)

### ٣-٢-١: میتافیزیک

هەرچەندە میتافیزیکمان لەم تەوەرەیەدا داناوە، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ میتافیزیک تەنها لە فەلسەفەی نوێدا بینراوە، بەڵکو پێشتریش باسمان کردووە کە لە سەردەمی پارمەنیدسەوە هاتۆتەکایەوەو بە گوتەی زۆرێک لە فەیلەسووفان تاوەکو سەردەمی نیتشە درێژەی کێشاوە، کە سەدەی بیستەم بووە. بۆیە لێرەدا وەکو ناوەندێک بۆ قۆناغە فەلسەفیەکان و کۆلکەی هاوبەشی فەلسەفەی بوون لە سەردەم و قۆناغە یەک لەدوای یەکەکان خستوومانەتە تەک ئەم تەوەرەیە.

نالی لەزۆربەی هەرە زۆری شیعرە فەلسەفیەکانیدا نەریتی میتافیزیکانەی بەسەر زانستی بوون (ئەنتۆلۆژیا)دا زاڵکردووە، بەومانایەی نالی لەگەڵ هەبووەکاندا دواوەو تێکەڵی کردوون بە بابەتی شیعرەکانی، چ وەکو بابەتی زانستی، چ وەکو بابەتی خواناسی ( تیۆلۆژی). ئەمە وایکردووە بەپێی بۆچوونەکەی محەمەد کەمال لە کتێبی (فەلسەفەی بوون) ئاماژەی پێداوە کاتێک" میتافیزیک کە بووە بە نەریتێکی زاڵبووی فەلسەفی (هەبوو) لە جێگەی (بوون) بە بنەڕەت دادەنێت و لەبوون ناکۆڵێتەوە" (کەمال، ٢٠١٨، ٩). ئەرستۆش فەلسەفەی بە زانستی بوون داناوە، بەڵام وەکو ئاشکرایە زانست وەکو بوارێکی ئەزموونی کاردەکات و کار لە هەبووەکاندا دەکات، بەو پێیە بێ ئەرستۆش بەهەمانشێوە میتافیزیکی بووە نەوەک فەلسەفی و کاری بۆ

گەڕان بەدوای بووندا نەکردووەو جەوهەرگەرا بووە، بۆیە نالی لە بەشێکی شیعرەکانیدا شوێن پێی ئەوانی هەڵگرتووەو زێتر لە نەریتە میتافیزیکەکە نزیک بۆتەوە، ئەوەندە نەبێ نالی قەتیس بوون لە فەرهەنگیدا نەبووە، ئەوەشی بەجێهێشتووە.

میتافیزیک لەسەردەمی پارمەنیدسەوە بناغەی بۆ دانراو لەو کاتەوە کە وتە بەناو بانگەکەی باسی ئەوە دەکات کە (بوون هەیەو نەبوون نییە)، واتە بوونی بە وەستاو داناو دیالیکتیکی ڕەتکردۆتەوە، پێی وابووە "بوون گۆڕانی بەسەردا نایەت، چونکە نەبوون یان لایەنی دژوەستاو بۆ بوون نییە" (کەمال، ٢٠١٨، ٩.)، واتە شتێک نییە ناوی نەبوون بێت، ئینجا دوای ئەو ئەفلاتون و دواتر ئەرستۆو هیگڵ و دیکارت و بەم شێوەیە... هەروەها لێرەدا دەمەوێ بڵێم بەدرێژایی مێژووی فەلسەفەو بە دیاریکراوی دوای پارمەنیدس میتافیزیکا شوێنی ئەنتۆلۆژیای گرتۆتەوەو کونجێک نەماوەتەوە باسی بوونی تێدا بکرێ، ئەوەی هەیە باسی میتافیزیکایەو هەموان گەیشتوونەتە ئەو بڕوایەی، بوون بڕاوەیەو بەشێوازێک لەبەرامبەر ئەو بابەتەدا گەیشتوونەتە یەقین. لەبەشی یەکەمدا وردتر باسمان کردووە. بۆیە میتافیزیکامان خستۆتە ئەم تەوەرەیەوە چونکە وەکو ناوەندێکی ژمارەیی بۆ نێوان قۆناغە فەلسەفیەکان شیاوەو ناوبەناو لەگەڵ قۆناغەکانداو شانبەشانی جەوهەرو ڕەگەزەکانی بوون و کۆجیتۆی دیکارت و دازاینی هایدیگەر دێتەوە بەرباس، واتە وەکو خاڵی هاوبەش لەگەڵ قۆناغەکاندا دەڕوات.

بێینەوە سەر بابەتە سەرەکییەکە کە شیعری نالی و میتافیزیکایە، بێ گومان ناتوانین بە ڕەهایی حوکمی نالی بە کەسێکی دۆگما بدەین، لەبەر بیروباوەڕە چەسپاوەکەی لەمەڕ بوون و نەبوون، خواو سروشت و گەردوون و ژیان و مردن..تاد. چونکە وەک پێشتر ئاماژەمان بەوە داوە کە نالی جەدەلێکی زۆری هێناوەتە نێو بیری ئەنتۆلۆژیانەو هەروەها بیری میتافیزیکی خۆی، بەو مانایەی نەیتوانیوە لە چوارچێوەیەکی دۆگماو داخراودا بمێنێتەوەو هەوڵی زیاتر نەدا بۆ دۆزینەوەی وەڵامە بێ پرسیارەکانی لەبارەی بوون و نەبوونەوە وروژێنراون، هەروەها بەتەواویش پشت بکاتە ئەو فەرهەنگ و کەلتوورەی لە وێستگەکانی ژیانیدا لە چاڵاوی ئەزموونەکانیەوە، هەڵیهێنجاون.

بۆ ڕوونکردنەوەی دیدی میتافیزیکانەی نالی چەندین دێڕە شیعر دەکەینە بەڵگەی قسەکانمان:

"بنــواڕە بوونی ئەووەڵــت و چـــوونی ئــاخـــــــرت

هاتی چ رووت و قووت و هەڵاتی چ لووس و پووس

لە دیوانەکەدا وەها لێکدراوەتەوە کە نالی مرۆڤ دەدوێنێ و پێی دەڵێ کە تۆی لەخۆبایی و بە رووت و قووتی لەدایکبووی و بەرووتکراوی وتاڵانکراوی رۆیشتیە دەرێ لەم دونیایە، کەوابێ دونیا شوێنێ نییە پشتی پێ ببەستی"! (مودەریس، ١٣٩٦، ١٩٤). ( بوونی ئەووەل و چوونی ئاخر) بۆ مرۆڤ فۆرمێکی نەگۆڕە، چونکە رووت و قووت و بێ سەرمایە دەمێنێتەوە. کەوابێ مرۆڤ ئەو بوونەوەرە نییە، بتوانێ بیر لە رەوتی رووداوەکان بکاتەوەو بیەوێ، بە ئاراستەی خۆی بگۆڕێت، بەڵکو بێ دەربەستەو ئەوەی دەبێ رووبدات روودەدات و ناگۆڕێ. کەواتە نالی بە باوەڕێکی میتافیزیکانەو تا ئاستێکی بەرز ئایدیاڵیانە باسی دەسەوەسانی مرۆڤی یەکلایی کردۆتەوەو بە مرۆڤی گوتووە، خۆت بۆ جیهانی ئایدیاڵ ئامادە بکەو ئەم جیهانە ماددیە وەرگیراوە ناتگەیەنێتە هیچ! ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بیری میتافیزیکیانەی ئەفلاتون کە باسی دوو جیهانی کردووە: جیهانی ئایدیاڵ و راستەقینە، ئەمەی دواییان پەیوەستە بە کات و شوێنەوەو یەکەمیشیان بە کات و شوێن ناپێورێ و هەتاهەتاییە. بۆیە نالی وەکو ئەفلاتون مرۆڤ لەوە ئاگادار دەکاتەوە کە ئەم جیهانە ماددی و راستەقینەییە تەواو دەبێ و پێویستە لەسەرت بەهەندی وەرنەگریت و خۆت بۆ جیهانی ئایدیاڵ سازو ئامادە بکەیت. چونکە ئەوەی دەمێنێتەوە بۆ تۆ نییە! بۆیە کاتێک پێشتر بوونت هەبووە، ئەوا دوای نەمانت بوونت نامێنێ. کەواتە هۆشداری داوە لەبارەی نەبوونەوە!

لەدێڕێکی دیکەدا نالی باسی عالەمی باڵا دەکا کە لای ئەفلاتون بە جیهانی ئایدیاڵ وەسفکراوە:

"تا سونبولی زولفت لە نیهالی قەدت ئاڵا
من دوودی هەناسەم گەییە عالەمی باڵا"

(مودەریس، ١٣٩٦، ٨٩).

بابەتی ئێمە خوێندنەوەو لێکدانەوەی هەست و سۆزی نالی نییە بەرامبەر بە دولبەر، هێندەی مەبەستمانە تیشک بخەینەسەر ناوەرۆکە فیکری و فەلسەفییەکەی. نالی نیگەرانە لە تێک ئاڵانی زولفی یارو قەدی نەومامی یار، خۆی وەکو کەسێکی بێداد دەنوێنێ، خەم دایگرتووەو بێ دەسەڵات وەستاوەو ناخی سووتاوی دوکەڵی لێ بەرزبۆتەوە بەوەو ئاسمان. (مودەریس، ١٣٩٦، ٨٩). هەناسەی گەرمی نالی وەکو گیان دەرچوون کە دوا هەناسەی ژیانە، بەرەو ئاسمان بەرز بۆتەوە، چونکە روحەکان بۆ عالەمی باڵا دەڕۆن، بەڵام جەستە وەکو لایەنە ماددییەکەی

مرۆڤ بەرەو خوار دەبێتەوە، واتە بە ئاراستەی خاک، کە نەمامەکەی تێدا نێژراوەو دەبێتە بەشێک لە نەمامەکە. میتافیزیکای نالی ئەم دێڕە ئەوەیە، نالی بەشێوەیەکی نەگۆڕ باوەڕی خۆی لە هەمبەر چارەنووسی فۆرم و ناوەرۆکی بوون و لەوێشەوە ژیان و مردن نووسیوە، کە ئیدی ئەوە چارنووسی کۆتاییەو هەردەبێ رووبدات و هەمووان بگەڕێنەوە بۆ جیهانی نموونەیی و باڵا.

" لاکین ئەمە دونیایە گەهێ سوورە گەهێ شین

لا یســـال من عاش و من مــــــات و من فـــات"

(مودەریس، ١٣٩٦، ٨٩).

لێکدانەوەی دیوانەکە: ژیان گاهێ شینەو گاهێ شایی، ژیان و مردن بەدەست خوایەو کەس لێی ناپرسێتەوە کێ ژیاو کێ مردو کێ لە کیس چوو؟. تاڕاددەیەک لەگەڵ ئەو لێکدانەوەیەین لە دیوانەکەیدا بۆی ئەنجامدراوە، لەوێدا باسی لەو بڕوایە جێگیرو نەگۆڕەی مرۆڤ کردووە کە دەبێ بە خوداو رۆژی دوایی هەبن و لەرێی پرسیارکردن و بیرکردنەوەوە گەر بوونی خۆی بدۆزێتەوە ئەوا لە هەمان کاتتدا، هەر بەم دوو کەرەسەیەی هۆش پێویستە بگاتە یەقینێک کە ئەگەر لەسەر زەوی وەکو هەبوو بوونی نەمێنێ، ئەوا بە نەبوو دادەنرێت، واتە بوونە بەرجەستەییەکەی لەدەستدەدات و دەبێتە جۆرێک لە نەبوو، ئەمەش وەکو ماتەر، چونکە هەندێکی وەکو ئەرستۆ بوونی ماددی بە بوونی راستەقینەو بێ گومان دادەنێن. بەڵام پرسیار نەکراوە نالی بۆ ئەم بڕواو قەناعەتەی لا دروست بووە؟! لە کاتێکدا نالی ئاسان نەبووە بۆی وەکو خەڵکی ئاسایی بیربکاتەوەو بڕیاربدات؟! بێ گومان نالی وەکو پەیڕەوکەرێکی نەریتی میتافیزیکی دەرکەوتووە، لە میتافیزیکاشدا ئەگەرچی"گرفتەکانی گۆڕاون و بەپێی هەموو سەردەمێک چەندین گرفتی نوێ سەریانهەڵداوە، بە دڵنیاییەوە ئەمە لەپاڵ ئەوەدا کە میتافیزیکا بە درێژایی مێژووەکەی گرنگی بە کۆمەڵێک گرفتی تایبەت داوە، وەک: گرفتی دەروون و پەیوەندی بە جەستەوە. گرفتی بوونی خوداو بەڵگەی جیاواز لەسەر بوونی، گرفتی کات و شوێن، جەوهەر، ماددە، هۆیەتی (هۆکارو بەرکار)، هەمەکی و هەندەکی..." (ئیمام، ٢٠١٥، ٥١-٥٢)، بەڵام خاڵی گرنگ لێرەدا ئەوەیە، نالی لەبەرامبەر دەسەڵاتی خوا، بە پێی ئەوەی لە ئایینی ئیسلامدا هاتووە، دەسەڵاتی رەهای هەیەو نالیش لەم بەستێنەوە باوەڕی پتەوی خۆی لەبەرامبەردا دەربڕیوەو دیدێکی جیای نەبووەو نەیویستووە گۆڕانی تێدا بکات، یان بیری لە چارەنووسێکی جیا لەوەی هەیە، نەکردۆتەوەو سەری رەزامەندی بۆ دانەواندووە!

" خاڵی نییە (نالی) دڵەکەت ساتێ لە هیجران
تا تاری وجوودت نە پسێنێ مەلەکولمەوت"

(مودەریس، ١٣٩٦، ١٢٣).

لەدیوانەکەدا دووجۆرە لێکدانەوەی بۆ کراوە، بەتایبەت بۆ وشەی (مەلەکول مەوت): یەکێکیان فریشتەی گیان کێشان واتە ئیزرائیل و ئەوی دیکەش ( ملی کەل مووت)واتە ملی وەک موو باریکت! هەموو بەگشتی واتە: تا فریشتەی گیان کێشانی بەنی ژیانت نەپچڕێنێ، بە یار ناگەیت و دڵت تاوێک لە خەمی دووریی یار خاڵیی نابێ.

میتافیزیکا لێرەدا ئەوەیە، نالی گەیشتۆتە یەقینێک کە یار بەهایەک بۆ بوونی نالی دانانێ و هەمیشە جێیدەهێڵێ، ئەمەش بووەتە خوو و مایەی مشتومڕکردن نییە. ئەمە شوناسی کەسێتی یاری نالی یە، کە بەهەموو شێوەیەک نالی ڕەت کردۆتەوەو وەکو نەبوونێک سەیری کردووە، لەبەرامبەردا نالی تارۆژی گیان کێشان و نەمانی بێ هوودە بەتەمای دووشەشە! هەمیشە یار هەبوونی نالی ڕەتکردۆتەوەو وەکو نەبووێک لێیڕوانیوە، ئەمەش وایکردووە نالی چاوەڕێی بوونێکی گیانەکی بکات، کە لە واقیعداو لە ماددیەتدا نەبووە، بەڵام میسالییەت جەختی لێکردۆتەوە کە بوونێکی دیکەو هەتا هەتاییەو لەوێدا کۆتایی بە نەبوونی دێت!

"بابێکی هەیە دونیا بۆ عەشقی مەجازی بەس
(نالی)چییە ئەو بابە ئادەم کوڕو حـەووا کـچ"

(مودەریس، ١٣٩٦، ١٣١).

لە دیوانەکەدا بۆ لێکدانەوەی ئەم دێڕە، باسی یەک ڕێڕەوی عیشقی مەجازی کردووە

کە دەبێ لە نێوان کچ و کوڕ دابێ، چونکە ئێمە نەوەی ئادەم و حەووایین و بە پێچەوانەوە، پەیوەندییەکی نادروست پەیدا دەبێت و نەگونجاوە!

هەڵوەستەکردنی نالی لەسەر پەیوەندی خۆشەویستی مەجازی لەنێوان کچ وکوڕو خەمخۆریی نالی بۆ پاراستنی بەها بەرزەکانی کۆمەڵی مرۆڤایەتی بەگشتی و کۆمەڵی کوردەواری بە تایبەتی دەردەخات. شاعیر بەجۆرێک وابەستەیە بە بەرز ڕاگرتنی ئەم شێوازی پەیوەندییە، کە بەرەو میتافیزیکای بردووە. بەپیرۆزکردن و تەقدیسی پەیوەندی نێرومێ ی مرۆڤی بەیەکەوەو بەمجۆرە خستۆتە چوارچێوەیەکی میتافیزیکەوە. بوونی پەیوەندی سێکسی لە نێوان کوڕو کوڕی سەردەمی خۆی بە بەهانە زانیوە، تا دیدی میتافیزیکانەی خۆی

لەمبارەیەوە بخاتەڕوو. وەکو ئاماژەمان پێدا، گرفتەکانی میتافیزیک، یان تەوەرەکانی میتافیزیک بەدرێژایی مێژوو گۆڕانیان بەخۆوە بینیوە، بۆیە کیشەیەکی دەروونی یان جەستەیی، یان شوناسی کەسی ... ئەمانە هەموو لە پرسە میتافیزیکییەکانن و جێگیرکراون. زانراوە میتافیزیک واتای سەروو یان ئەودیو سروشت دەگەیەنێ، شتێکیش لێرەداو لە ژێر رۆشنایی بۆچوونی نالی دا سروشتی نەبێ، مانای وایە خۆبەخۆ دەبێتە بابەتێکی ئەودیو سروشتی.

"قەترێکە لە بەحری کەرەم و رەحمەتی فەتتاح
نەک ئارەقی کەرمی عینەب و شەربەتی توففاح"

(مودەریس، ١٣٩٦، ١٣٣).

بەپێ دیوانەکە: مانای ئەوەیە، کە وا تێنەگەن ئەو مەیەی یار بەو دەست و پەنجانەی ئەیگێڕێ ئارەقی ترێی رەزە مێوو شەربەتی سێوە، وانی یە. دڵۆپێکە لە دەریای میهرەبانیی و رەحمەتی خوا کە دەرگای خێرو خۆشی بۆ هەموو خەڵک کردووەتەوە، یا دەرگای بۆ هەمووان لەسەر پشتە. نالی خودا بە هۆکاری میهرو خۆشەویستی بۆ هەمووان داناوەو ئەمە وایکردووە مرۆڤ کەیف خۆش و سەرمەستی ئەم هەموو خۆشەویستیە بێت، کە لە لایەن خوداوە پێیدراوە.

بەم هۆیەش، لێرەدا مرۆڤ بووەتە بەرکار، چونکە ئەو مەیەی کە لە لوتفی خوای گەورە هاتۆتە بەرهەم، هەموو ئەو رۆزیەیە کە خودا بۆ بەندەکانی رسکاندوویەتی، بەوهۆیە مرۆڤ بووەتە بەرکارو مەیەکە دەخواتەوە. میتافیزیکا لەم دێڕە شیعرەدا باسکردنی ئەو هۆکارو بەرکارەیە کە بووەتە کاڵای پڕ بە باڵای خوداو بەندەکانی. خودا وەکو هۆکاری سەرەکی یان یەکەمی بوون، هەمیشە لە ئەندیشەی نالی دا بووە، مرۆڤیش وەکو هەبووێک دواجار وەکو بەرکارێک بوونی هۆکاری یەکەمی سەلماندووە.

"لەم گەردشی مینایە کەوا دەورە نە جەورە
ساقی کەرەمـــی سـایقە( نالی ) مـەکە ئیلحاح "

(مودەریس، ١٣٩٦، ١٣٤).

بەپێی خوێندنەوەی مامۆستایانی مودەریس واتاکەی بەمجۆرەیە: چەرخی گەردوون چۆن بۆ بنیادەم دێتە پێشەوە ستەم نییە، چونکە هەر کەس سەرەی خۆی هەیەو خوا خۆی ئەزانێ چی ئەکا. هەرچیەک بکەیت دادت نادات تا بە ویستی خودا، نەبێ کارەکەت بۆ نایەتە پێش. یان یار کەی زانی پێویستە شەرابت بۆ بێنێ بۆت دەهێنێ و پێویست ناکا زۆری

لیٚ بکەی. ئەگەر میتافیزیکیانە لە بوون بکۆڵریٚتەوە، بیٚ گومان گۆڕان لە روئیای بوون بەرامبەر بە بوونی خوا نەگۆڕە، بەڵام ئەو گرفتانەی میتافیزیکا گرتوونیەتە خۆ گۆڕاون، بۆ نموونە ئەم دیٚڕە شیعرییە، دڵنیاکردنەوەی بنیادەمە لەوەی، کە خودا وەکو هۆکاری یەکەم بەرپرسیارە لە پیٚدان و پیٚنەدانی پیاڵەی شەراب بە بەندەی خۆی، بەو مانایەی ئومیٚدو هیوایەکانی بیٚنیٚتەدی و خۆشبەختی بکات، چونکە خۆی خاوەنی دەسەڵاتیٚکی رەهایەو ئەم دەسەڵاتەش لە سنووری بازنەی تواناکانی مرۆڤ بەدەرەو مرۆڤ پیٚویستە ملکەچ بیٚ و رازی بیٚ بە ویستی خودا.

"دەلیلی رۆشنە بۆ بەدء و عەودو کورتیی عومر
تەنی هیلال کە بە تەلعەت جوان، بە خەلعەت پیر"

(مودەریس، ١٣٩٦، ١٧١)

لیٚکدانەوەی دیوانەکە پیٚمان دەڵیٚ کە بەپیٚی (سورەتی ئەعراف، ئایەتی ٢٩)( کما بداکم تعودون) نالی ئەم دیٚڕە شیعرەی ریٚکخستووە. واتای گشتی ئەوەیە کە مانگی یەکشەو لەسەرەتای مانگدا هەڵدیٚتەوە، وا دیٚتە پیٚش چاو نویٚ بیٚ؛ کەچی لە راستیدا، پیرەو هەر ئەو مانگەیە کە شەوی پیٚشوو، بە نیسبەت مانگی رابردووەوە لە چلەپۆپەی پیریدا بوو. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا عومریٚکی زۆر کەمی رابواردبوو کە سی رۆژە. واتە عومری ئادەمیزاد لە دونیادا زۆر کورتەو ئەو خوایەی لە نەبوون دروستی کردووە، لەو دنیاش دروستی ئەکاتەوە، وەک چۆن مانگی بەسەرچوو هەڵدیٚنیٚتەوە. دیدیٚکی میتافیزیک هەیە لەبارەی چارەنووسی هاتن و رۆیشتن یان بوون و نەبوونی مرۆڤەوە، ئەم تیٚڕوانینە ئەنجامی کۆتایی داوەتە دەست مرۆڤ کە ئەو بوونیٚکە، بەبیٚ ویستی خۆی هاتووەو بیٚ ویستی خۆشی ئەم دونیایە جیٚدیٚڵیٚ. یەکیٚکی وەکو نالی وەکو هاودیدی پاسکاڵی فەیلەسوفی فەرەنسی دەرکەوتووە کە لەبارەی ئەوەی لەبەرامبەر بوون و بوونەوەراندا روودەدات فاکتن و دەڵیٚ:" کەشتیەکە بەرەو دەریای بردووین، هیچ شتیٚکی دیکەمان بۆ ناکریٚ جگە لەوەی لەگەڵیدا برۆین" (ئیمام، ٤٥، ٢٠١٥). ئەمە کۆتایی چیرۆکی بوونە لە تیٚڕوانینە میتافیزیکییەکەی نالی دا دەرکەوتووە.

نالی لەم موستەزادەدا ستاییشی پیٚغەمبەری ئیسلامی کردووەو بە هەمان شیٚوەی پابەندبوون و دەستگرتنی بە خۆشەویستی خوداوە، پیٚشەوای ئیسلامیشی لە پیٚگەیەکی بەرزی مرۆڤایەتیدا داناوە:

"ئەی مەتڵەعی ئەنواری هەموو قاسی یو دانی
شەمسی سەمەدانی

وەک زەڕڕەیی بێ جیلوە نە مەوجوود و نە مەعدووم
جۆیایی بەراتم "

(مودەریس، ١٣٩٦، ٢١٩)

بەپێ ی دیوانەکە، ئەم خوێندنەوەیەی بۆ کراوە: تۆ ئەو کەسەی رووناکی بۆ دوورو نزیک، هەمووی لای تووە هەڵدێت! ئەی خۆری خواکرد بۆ رۆشن کردنەوەی جیهان! منی نابووت وەک تۆزێکی بێ مایەو هیچ و پووچ وام لەبەر تیشکی خۆری تۆدا بۆ ئەوە ناشێم نە بە بوو و نە بە نەبوو دابنرێم. چاوەڕوانی خەڵات و بەراتی تۆم بمگرێتەوە. لەبەر رۆشنایی ئەم لێکدانەوەیەی لە دیوانەکەدا کراوە، پێغەمبەر (د.خ) وەکو هەبوویەک لای نالی پایەیەکی بڵندی هەبووە، شوناسی پێغەمبەرایەتی وایکردووە، وەکو کەسێکی جیاواز دەرکەوێت، لەکاتێکدا ئەویش بەرکارە هۆکارێک لەپشت بە بەرکاربوونیەوە هەیە، بەڵام هەموو ئەوانە وایانکردووە، تیڕوانینێکی میتافیزیکانە لەبەرامبەر بوونیدا دروست ببێت و وەکو هێمایەکی بەرزی مرۆڤایەتی قبووڵکراوە، ئەمەش لە سۆنگەی پەرۆشی نالی یە بۆ ئەو زاتە. دەکرێ وەکو جەوهەر لەگەڵ مرۆڤ هەژمار بکرێ، بەڵام ئەو جەوهەرە فۆرم و ماتەردارە، هەڵبەت ماتەرەکەی ئەو جیاوازییەی دروستکردووە، وەکو چۆن جەوهەرێکی بارهەڵگرە، واتە پێغەمبەرایەتی جیای کردۆتەوە لە تەواوی مرۆڤەکانی دی، ئەمەش وایکردووە میتافیزیکانە مامەڵە لەگەڵ بوونیدا بکرێت.

"بۆ دەکەی تەکلیفی رەسمی ئولفەت و یاری لە من
کەی بە سوحبەت ئاشنایە سالیکی رێگەی عەدەم "

(مودەریس، ١٣٩٦، ٢٥٣).

خوێندنەوەی لێکۆڵەری دیوانەکە بۆ ئەم دێڕە شیعرە بەمجۆرەیە:
بۆچی داوای ئوسوڵی ناسیاوی و دۆستایەتیی لەمن ئەکەی؟ من رێبواری رێگای نەبوونیی و مەرگم و کەسێکیش رێبواری رێی نەبوونیی و مەرگ بێ، شارەزای هاوڕێیەتیی نییە. لەم دێڕەدا نالی خۆی وەکو کەسێکی بێ کەڵک وێناکردووە کە بە کەڵکی هیچ نایەت! ئەمجۆرە هەستکردنەی نالی لە دەروونێکی ماندوو و هەستکردن بە بێ بایەخبوونیەوە سەرچاوەی گرتووە، لەکاتێکدا نالی بەمجۆرە دەدوێ رووبەڕووی دۆخێکی میتافیزیکی وەستاوە بەرامبەر بە خودی خۆی، کە دووچاری نەخۆشییەکی دەروونی و ناتەواوییەک لە رۆحیدا پەیدا بووەو پێیوابووە، ئیتر ئەم حاڵە گەیشتۆتە بنبەست و بێ دەربەستانە هاوڕێیەتی رەتکردۆتەوە. ئەمەش هەمووی لە خوێندنەوەی بۆ نەبوونەوە دروستبووە، چونکە ئەو یەقینەی نالی، کە لەبەرامبەر نەبوون

هەیبووە، کۆتاییەکەی روون و دیار بووە لەلای. واتە نالی لەپێناو بوونی خۆی هیچ بەرەنگارییەکی نیشان نەداوەو بەتەواوی ملکەچی نەبوون بووە، وەکو راستییەکی بێ چەندو چوون لێی ڕوانیوە!

"من سەروی رەوانی چەمەنی عالەمی بالاَم

(نالی)بە توفەیلی بووەتە سایە لەدوو من

(مودەریس، ١٣٩٦، ٢٧٢).

لێکدانەوەکەی لە دیوانەکەدا بەمجۆرەیە، یار دەڵێ: من سەروێکی قنجی بالا بەرزی جیهانی بەرزی گیانم و خەڵکی ئەم دنیایە نیم. جینسی لەتیفم؛ سێبەرم نییە، نالی بەمە نازانێ، هەر لەرووی خۆ پیا هەڵواسینەوە خۆی کردووە بە سێبەرم و کەوتۆتە شوێنم.

نالی لەسەر زاری دڵبەرەوە بەرامبەر دەدوێنێ، کە تیایدا یار فەزڵی ئەوە بەسەر نالی دا دەدا کە ئەو رۆحێکی بەرزی چوون عالەمی بالای هەیەو نالی ناتوانێ شان لەشانی بدات. بە بەکارهێنانی (عالەمی بالا)، نالی دەیەوێ پێمان بڵێ کاری ئەو هەر پاشکۆیی بوون بووە بۆ یارو بەم هۆیەشەوە بۆچوونی نالی و سۆزو گرنگی دانی بەیار، کە زۆر ئاشکراو روونە، نەگۆڕی روانینی نالی لەم سۆنگەیەوە هەڵبەتە شاعیری بەرەو میتافیزیک بردووەو شایستەیی چوون بەرەو عالەمی بالای لەبەرامبەر یاردا، بە شایستەی خۆی نەزانیوە، چونکە یاری لە خۆی خۆشتر ویستووە.

"بڵێ (نالی) بە ئەربابی وەفا بێن

هەموو موحتاجی خاک و بێڵ و پاچین"

(مودەریس، ١٣٩٦، ٢٨٦)

واتە: نالی! بە خاوەن وەفاکان بڵێ با لەناو خۆماندا بەوەفا بین؛ چونکە دنیا ئەوەندە ناهێنێ و هەمووومان بەرەو مەرگ ئەچین و پێویستمان بە بێڵ و پاچە گۆڕی پێ هەڵکەنین بۆ خۆمان و خاکمان ئەوێ پاش مردن تیا بنێژرێین. نالی لێرەدا بانگەوازی زیندوکردنەوەی هۆشی مرۆڤایەتی دەکات کە بە بڕوای ئەو نوستووە، لەلایەکی دیکەوە گرفتی لەگەڵ بنیادەم ئەوەیە دەڵێ ئەگەر جەوهەری ئێوە مرۆڤە، واتە بە فۆرم و ناوەرۆک دەچنەوەسەر رەگەزی مرۆڤ، ئەوا پێویستە باوەڕ بەمە بێنن، کە هەموان یەک چارەنووس کۆمان دەکاتەوە، ئەویش مردنە! لێرەدا نالی جارێکی دی جەخت لە روئیای میتافیزیکانەی خۆی دەکاتەوە، بەوەی کە ئەگەر بڕیار بێت ئەو بوونەی هەیە لە نەبوونەوە هاتبێ، ئەوا هەر دەچێتەوە بەرەو نەبوون، چونکە لە مەرگدا بوونەوەران ئازاد نین! بەدیوێکی دیکەدا، نالی بەپێی ئەو ئایەتە (کل نفس ذائقة

الموت) سورەتی ( العنکبوت ٥٧) ئەم بانگەشەی مردنەو گەڕانەوەیەی بۆ سەرچاوەی نەبوون کردووە، بۆیە وەکو زانراوە مردن خاوەن سروشتێکی هەمەکییەو هاوسەنگی لەنێوان هەمووانداندا بەرقەرار دەکات!

"هەرچەندە کە عومری خزرو جامی جەمت بوو

چونکە ئەمەلت زۆرە چ عومرێکی کەمت بوو

واتە: هەرچەندە عومری خدری زیندەشت بۆ بنووسرێ و وەک جەمشید خاوەن شکۆو پایەبی، هیواکانت زۆرن و نابڕێنەوەو هەمووی نایەنەدی، عومرت کەمە، عومری درێژ ئەوەیە مرۆڤ بە هەموو ئاواتەکانی بگات، ئەمەش نایەتەدی" (مودەریس، ١٣٩٦، ٣٠٠)، وەکو دیقەتمان داوە نالی لە زۆر شوێن لە غەزەل و قەسیدەکانیداو لەو نموونانەی وەکو بەڵگە هێناومانەوە لەم تەوەرەدا کە باسی مەرگ و رۆژی دوایی... بیان کردووە، حاڵەتە دەروونی و نیگەرانییەکەی نالی بەرامبەر بەم بابەتە، مایەی هەڵوەستە لەسەر کردنە، چونکە نالی پێدەچێت دووچاری خەمۆکی بووبێت، هەرچەندە ئەم شیتەڵکارییە لە بنەڕەتی بابەتەکەمانەوە دوورە، بەڵام وەکو تێبینییەک بە پێویستمان زانی ئاماژەی پێبدەین!

فەنتازیای نالی لەم دێڕەدا، بەرەو ئەو شوێنەمان دەبات کە مرۆڤ ئەو هەبووەیە لەرێگەی هۆشیەوە توانای قوڵبوونەوەی هەیە بەنێو ئەندێشەو خەیاڵاتیدا، بۆیە هەرگیز لە خوازیاریی و چاوچنۆکی خۆی ناکەوێ، ئەمەش وەکو شوناسێکی مرۆڤ رۆڵی خۆی بینیوە، بۆیە دەکرێ ئەمە وەکو میتافیزیک لێی بڕوانرێ، چونکە وەکو گرفتێکی تایبەت بە شوناسی کەسی کاری خۆی کردووە، بەتایبەتی بۆ نالی و بۆ مرۆڤیش بەگشتی.

" فەرشی پەڵاسە دۆشەکی خاکە سەرینی بەرد

بێ تووک و رووت و قووت و فەقیرو قەلەندەرە"

(مودەریس، ١٣٩٦، ٣٤٥)

پەڵاس: فەرشێکی رەنگاورەنگە، کوڵکی نییە، بەکراسی ئەستوورو زبری دەروێشانیش دەگوترێت. قەلەندەر: ئەو کەسەی پەیوەندی بە دونیاوە نەبێ.

لە دیوانەکەدا لێکدانەوەی بۆ نەکراوە، بەڵام من وای تێدەگەم لەم دێڕە شیعرەدا نالی مەبەستی لە مرۆڤ بێ کاتێ دەخرێتە گۆڕەوە. مرۆڤ کاتێ دەخرێتە گۆڕەوە بەخام دایدەپۆشن کە دەکەوێتە ژێرو سەری مردووەکە، واتە هەم فەرشی زبرو بێ تووکی لەژێرەو هەم خاکیش وەکو دۆشەک بۆی رادەخرێت، ئینجا بەردێکیش دەخرێتە ژێر

سەری و بۆی دەبێ بە سەرین! بەتەنها دەخرێتە ناو ئەم ماڵە نوێیەی وەکو کەسێک نە کەسی هەبێ و نە هیچ شک بەرێ، بەم شێوەیە مرۆڤ وەکو قەڵەندەر دەردەکەوێت. نالی بە هەموو توانایەکییەوە هەوڵیداوە ئەو بیرە میتافیزیکە لەبارەی گەڕانەوەی گیانەکی مرۆڤ و هەمەکی بوونی سروشتی مردن باسبکات و تیشکی بخاتەسەر کە کەس توانای ئەوەی نییە بەربە گەڕانەوە بۆ نەبوون بگرێت. لە لایەکی دیکەوە باوەڕی پتەوی نالی بە پایەکانی ئیسلام، خۆی هەڵگری نەریتێکی میتافیزیکانەیە. نموونە شیعرییەکانی لەم بارەیەوە گەواهیدەرن.

"ئەو سێبەرە کە مەزهەری حوببی خودایيە

کەنزی موتەلسەمی نەزەری حەییی ئەکبەرە

حەییی ئەکبەر: خودا. واتە: سێبەری پێغەمبەر مەیدانی دەرکەوتنی خۆشەویستی خوایە بۆی، ئەو گەنجینەی ئەفسووناوییەیە کە بەر روانینی لوتفی خوا کەوتووە " (مودەریس، ١٣٩٦، ٣٤٩). نالی چ وەکو شاعیر چ وەکو فەقیهێک و پیاوێکی ئایینی پابەند بە ئایینەکەیەوە، نەیویستووە رواڵەتیانە خۆی دەرخات و جەوهەر وەلانێت و بە پێچەوانەی ویستی ئایین دەربکەوێ، کە داواکراوە بەوەی گرنگی بە دەروون و دڵی بدات نەک سیماو رووخسار، تاوەکو باوەڕی پتەوبێت. نالی لەسەرووی باوەڕی پتەوییەوە بە خواو پێغەمبەری ئیسلام، ئامانجێکی دیکەی هەبووە، ئەویش گەیشتن بووە بە یەقیین و بەدوای تیرکردنی ئەقڵەوە بووە، تاوەکو بتوانێ تایبەتمەندییەکانی حەقیقەت و رواڵەت بناسێت و لەوێوە وەکو هاوکێشەیەکی ماتماتیکی نەگۆڕ باوەڕی نەگۆڕی لەلا دروست بێت و بەو یەقیینە بگات کە لە رێگای هۆش و ئەقڵەوە هەوڵی بۆ داوە. ئەمە نالی لەپیاوێکی ئایینییەوە، کردووە بە فەیلەسوفێک کە زانستیانەو ئەقڵانیانە چێوەی چالاکییە زەینییەکانی خۆی لەمبارەیەوە فراوانتر کردوون، تاوەکو بگاتە دوا مەنزڵی حەقیقەت، بەو مانایەی گەر وەکو هەر بابایاکی ئایینی هەوڵی دابا بۆ گەیشتن بە حەقیقەتی کۆتایی، پێویستی بەم هەموو شێرو رێوی هێنانەوە نەدەکردو راستەوخۆ لەرێگەی شایەتمان و باوەڕهێنانی بە پایەکانی ئیسلام یەقینی دەهات.

گەر بێینەوە سەر ئەم دێڕە شیعرییە، دەبینین نالی بە شێوازێکی میتافیزیکیانە هەوڵی بۆ ناساندنی خودا داوەو بەڵگەی جیاجیای لێرەو لەوێ خستوونەڕوو، هەروەها بۆ جیاکردنەوەی پێغەمبەر(د.خ) لە کەسانی ئاسایی و هێشتنەوەی وەکو رزگارکەرو هەڵگری ناسنامەی

جەوهەری مرۆڤایەتی، بەم ڕێگایەی باسمان کرد، لەبارەی خستنەڕووی حەقیقەت و ڕەتکردنەوەی ڕواڵەت، توانیویەتی بگاتە دوا حەقیقەت.

### ٣-٢-٢: جەوهەرو بیرکردنەوە:

دیوێکی شیعری نالی وەکو ئەوەی وێناکراون، پێکهاتوون لە وەسف و پیاهەڵدان و سەرزەنشتکردن..تاد. بە دیوێکی دیکەدا، چییەتی یان جەوهەری نالییان وەکو تەوسیەکارێک نیشانداوە، بە بەڵگەی ئەوەی نالی هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدابووە ئەو شەبەقەی بەهۆی دواکەوتوویی و نەزانی و نائاگایی خوێندەوارو ئاییناسان و بەناو عاریفەکان تێی کەوتوون، کەم بکاتەوەو هەوڵی گرتنی بدات. نازانرێت ئاخۆ ئاگاداری فەلسەفەی نوێ بووە یاخود نا!؟ بەڵام لەلایەن خۆیەوە لەڕێی بیرکردنەوەوە ویستوویەتی ناوەرۆکی قەسیدەو غەزەلەکانی، هەروەها سەرسامی خۆی لەبارەی جەوهەری ئەو پەیامەی لەفۆرمی شیعردا نواندویەتی (بوون و نەبوون) نیشانبدات. ڕاستەوخۆ بووبێت یان ناڕاستەوخۆ، جەوهەری باسکردووەو وێنای کردووە، بیرکردنەوەی بۆ سەلماندنی بوونی هەموو هەبووە هەندەکی و هەمەکییەکان تەرخانکردووە. ویستوویەتی پێشمەرجی هەبوونی جەوهەر بە هەبوونی خەسڵەت و بنەمای تایبەت بۆ دۆزینەوەی خۆی دەستەبەر بکات.

زۆرجار گوتراوە کە ئەفلاتون و ئەرستۆ و پاشان دیکارت و هاوڕایەکانی لەهەمبەر فەلسەفەی بوون دا، نەیانتوانیوە بە دوای بوون و سەرچاوەی بوون دا بگەڕێن، بەڵکو هەموویان بەشوێن هەبوونەوە بوون، چونکە بوون پرۆسەیەکە بەرەو گۆڕان و پەرەسەندن ڕۆیشتوەو دەڕوات، نەک نەریتێکی میتافیزیکانە بێت و دوا حەقیقەت باس بکات، بەڵام لای ئەو فەیلەسووفانەی کە بە جەوهەرگەرا ناسراون گەیشتوونەتە بیرێکی میتافیزیکانەو بە شێوازی تایبەت بە خۆیان شرۆڤەی جەوهەری بوونیان کردووە. لای نالیش دیوە پەرەسەندوو دیالیکتیکەکەی بوون و نەبوون، هەروەها دیوە میتافیزیکەکەشی ئامادەن لە شیعرە فەلسەفیەکانیدا.

نالی، بە لێکدانەوەو تێفکرینەکانی، دواجار سەلماندوویەتی کە بە شوێن ونبوویەکدا یان نادیارێکدا گەڕاوە، ئەویش، بوونەو بەدیوکەی تردا نەبوونە. دیکارت دەڵێت: "بیرکردنەوە بەڵگەیە بۆ سەلماندنی بوون، بوونیش بناغەیە بۆ بیرکردنەوە" (کەمال، ٢٠١٨، ١٢٧)· بۆیە نالی لێرەدا، ویستوویەتی وەکو ڕەگەزی بوون، دەست بۆ بیرکردنەوە بەرێت و کۆی

کۆدو پرسیارو گومانە بێ وەڵامەکان لەم ڕێگایەوە جارێکی دیکە بەشیعر بنووسێتەوەو جەوهەری بوون وەک بیرکردنەوە لە هەبووەکان، دەستنیشان بکات. لەگەڵ دیوەکەی تری بوون، کە نەبوونە، ئینجا دیالیکتیکی نێوانیان لەم ڕێگایەوە بخاتەڕوو.

چەند دێڕە شیعرێکی نالی، دەکەینە نموونە بۆ ئەم دیدە فەلسەفیانەی لەبارەی جەوهەرو بیرکردنەوەوە، لەسەر زمانی فەیلەسووفانی کلاسیک و نوێ، کە بناغەیەکی پتەوی فەلسەفەی نوێن و تۆمارکراون. تا بزانین نالی شاعیر چۆن چۆنی لە فەنتازیاو ئەندێشەی خۆیدا تەوزیفی کردوون؟

**-دەقە شیعرییەکان:**

"ئیسباتی خەت و خاڵە بەسەد شوشتن و گریان
ناچیتەوە ئەم نوقتە لەنیو دیدەیی تەڕدا"
(مودەریس، ١٣٩٦، ٦٠)

(خەت و خاڵ)لە دیوانەکەدا، بە خەتی جەوهەری و خاڵی جەوهەری، واتە جەوهەری فەرد، لێکدراونەتەوە. خەتی جەوهەریش لە زانستی کۆسمۆلۆژیدا ئەو خەتانە یان هێڵانە دەگرێتەوە کە بە خولگەی قرژاڵ و کارژۆڵە ناسراون و لە دەوری گۆی زەوین و بە چاو نابینرێن. جەوهەری فەردیش گەردیلە یان ئەتۆمە کە بە چاو نابینرێ. نالی باڵای یاری وەکو خەتی جەوهەری و دەمیشی وەکو جەوهەری فەرد ناساندووە، بەڵام لێرەدا بە پێچەوانەی زانستی کیمیاو گەردووونناسی بیری کردۆتەوەو ئەنجامی ئەزموونکاریی زانستی ڕەتداوەتەوە، لەوەدا کاتێک دەڵێ خەت و خاڵی یار لەبەرچاوانم ون نابێ، واتە هەردووکیانی بینیوە لە یاردا!

باسکردنی دەمی یارو باڵای یار، کاتێک یار هەبوویەکی هەندەکییەو لە فۆرمی مرۆڤدایە، جەوهەری مرۆڤبوون لەهەمان کاتتدا، خۆشەویستی نالی، دەرخستووە.

"تۆ کە حۆریت وەرە نێو جەننەتی دیدەم چ دەکەی
لـــەم دڵـــەی پڕ شــەرەرو سینــەیــی سۆزانمــدا

لە دیوانەکەدا بەمجۆرە لێکدراوەتەوە: تۆ حۆریت؛ جێگەت ئەبێ بەهەشت بێ. کەواتە چی ئەکەی لەناو دۆزەخی دڵەی پڕ لە بڵێسەی ئاگرو سینەی گڕ تێبەربووی مندا. وەرە ناو بەهەشتی چاوەکانم کە بەهۆی فرمێسکەوە هەمووی بووە بە باخ و گوڵ و گوڵزار" (مودەریس، ١٣٩٦، ٦٨).

به بۆچوونی نالی یار جەوهەرێکی هەمەکی خاوەن فۆرمەو لە نێو عالەمی باڵادایە، کە بەهەشتە! ئەم بەهەشتەش چاوەکانی نالین. قسە لەگەڵ جەوهەری یار دەکات، وەکو جەوهەری گیانەکی و بیرکەرەوەی لای دیکارت، داوای لێدەکات بیربکاتەوەو بڕیاربدات، لەنێو دڵی سوتاوی نالییەوە کۆچ بکا بەرەو چاوی، کە پارێزراوەو جێگای عیشقی نالی بووە، نەک لە دڵیدا بمێنێتەوە، کە شوێنێکی گڕتێبەربووە. هەڵبەت یارەکەی نالی خاوەن فۆرم و ماتەریش بووبێ، واتە خاوەن جەوهەرێکی هەندەکیش بووبێ، لەلای نالی وەکو جەوهەری هەمەکی ناسراوە، لەرێگەی ئەم وەسفەی بۆی داتاشراوە لەلایەن شاعیرەوە.

" رۆژپەرستی رووتە (نالی) بۆیە دائیم وەک غولام

زەرد و گەردن کەچ لە دەرگات حازرە دەستەو نەزەر

بەپێی دیوانەکە بەمجۆرە لێکدراوەتەوە: زەردی رووم و مل کەچیم هی ئەوەیە، رووی تۆ وەک خۆر وایەو منیش وەک گوڵە رۆژگارپەرست وام بۆ رووی تۆو گوڵە رۆژگار پەرستیش هەم زەردو هەم مل کەچیشە. وەک چۆن نۆکەر هەمیشە هەم رووزەردەو هەم لە دەرگای ئاغایدا مل کەچ ئەوەستێ چاوەڕێی فەرمانە" (مودەریس، ١٣٩٦، ١٦٦).

نالی وەکو هەبوویەکی هەندەکی خاوەنی جەوهەرە، کە شاعیر بوونییەتی، بەڵام نالی وەکو غولام جەوهەری هەمەکی داوەتەخۆو دەچێتە خانەی جەوهەری دووەمەوە، لەگەڵ ئەوەی وەکو مرۆڤیش ئەم جەوهەرەی هەیە! هەروەها هەڵگری تایبەتمەندی کەسێکی رۆژپەرست و غولامە، واتە رەتیکردۆتەوە خودی نالی خۆی بێت و ویستوویەتی چییەتی خۆی دەسکاری بکات. بەڵام بە رەهایی نەیگوتووە نالی غولامە، کەوابێ جەوهەری نالی وەکو شاعیر ئامادەگی زێترەو نەیتوانیوە خۆی لە جەوهەری خۆی بێبەری بکات بە تەواوی، بەڵکو بۆ چەند ساتێک ویستویەتی کاراکتەری خۆی بگۆڕێت.

"شەوی بەهاری جوانیی خەوێ بوو پڕ تەشویر

لە فەجـری پاییــزی پیریــی بەیانــی دا تەعبیر

لە دیوانەکەدا هاتووە: تەمەنی جوانیی کە وەک شەوی بەهار درێژو خەو تیا خۆش ئەهاتە پێش چاو، خەونێکی خۆش بوو دیمان و تەعبیرەکەی لە بەرەبەیانی پاییزی پیریدا دەرکەوت..." (مودەریس، ١٣٩٦، ١٦٧).

نالی چییەتی بوونی خۆی باسدەکات، کە وەکو هەبوویەک هەیبووەو چواندویەتی بە وەرزی بەهارو پاییز. لەوەدا کە بەهاری

تەمەن لەوپەڕی گەشانەوەو برەودایەو کاتێک تەمەن بە پاییز دەبێت، چێژو خۆشیەکانی تەمەن دەپوکێنێتەوەو ئیدی تەمەنی رابردوو وەکو خەونێکی لێدێت. ئەمەش لە خۆیدا جەوهەری سروشتە، سروشتیش وەکو چۆن سپینۆزای جەوهەرگەرا لێکیداوەتەوە" هەموو شتێک، کە سروشتیش دەگرێتەوە، بەشێکە لە خوا، یان خەسڵەتی دەرکەوتووی ئەوە. سروشت خوا نییە، بەڵکو بەشێکە لە خەسڵەتی جەوهەرە هەمیشەییەکەو بەبێ ئەو نابێت"(کەمال، ٢٠١٨، ١١٤). بۆیە لێرەوە نالی دوو نیشانەی بە بەردێک پێکاوە، یەکێکیان تەمەنی مرۆڤ و ئەوی دی سووڕی گەردوونی و دروستبوونی وەرزەکانی ساڵن.

"دەورانییە وەک هێڵەکی سەودا سەری گێژم

بۆیە بە دەقیقی مەسەلە هەرچی دەبێژم

مانای دەقەکە لە دیوانەکەدا بەمجۆرە لێکدراوەتەوە کە: سەری گێژم وەک هێڵەکی بەدەستەوە خولاوە، چۆن هەمیشە هەروا ئەخولێتەوە بە دەوری خۆیاو ئەو بیرانە لە تەتەڵە ئەدا، کە بە مێشکیا دێن و پڕو پووچیان لەیەک جوێ ئەکاتەوە! " (مودەریس، ١٣٩٦، ٢٢٤)

ئەم دێڕە بەپێی کۆجیتۆی دیکارت ( من بیردەکەمەوە، کەواتە من هەم!)، لێکبدرێتەوە، رێک وەکو ئەوە وایە نالی ئاگاداری ئەمە بووە کە دیکارت گوتوویەتی! و نموونەی بۆ هێنابێتەوە، چونکە نالی تاوەکو بوونی خۆی بسەلمێنێ ئەوەتا دەڵێ مێشکم بەدەست بیرکردنەوە هەراسانەو وەکو هێڵەکی ئەو ئاردبێژانەی لێهاتووە، تاوەکو بەهۆیەوە چاک و خراپ لەیەک جوێ بکاتەوە، بێ گومان ئەمەش بە بیرکردنەوە مەیسەر دەبێ! دواجار ئەمە جەوهەری نالی یە کە کەسێکە بە تایبەتمەندییەکانی کە لە کەسی دی ناچن، جیاکراوەتەوە.

"هەم واریسی فەرهادم و هـەم نائیبی مەجنوون

وا تێ مەگـە قوربان کە گــەدا بولهــەوەسێکــم"

(مودەریس، ١٣٩٦، ٢٣١)

عەشقی راستەقینەو بێ گەردی نالی، وای لە نالی کردووە خۆی وەکو فەرهادو مەجنوون نا موراد پێناسە بکات. بۆیە لە فۆرمی عاشقێکدا دەرکەوتووەو ئەمەش جەوهەری راستەقینەی نالی بووە، کە یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی مرۆڤ و فۆرم وماتەری نالیش، وەکو مرۆڤ، جەوهەرێکی هەمەکی هەیە، بەڵام وەکو عاشق جەوهەری هەندەکییە، ئەمە بەگوێرەی روانینی ئەفلاتون و ئەرستۆ بۆ جەوهەر، هەروەکو باسکرا. بەڵام بە گوێرەی بیرکردنەوەی دیکارت بێ، کاتێک بیرکردنەوەی بە ناوەرۆکی جەوهەری بوون داناوەو وەکو بنەمای بوون

سەیری کردووە، ئەوەیە کە نالی بە یار دەڵێ بڕوا بەوە بکە، کە من ڕاستگۆم و هەوەسبازێک یان لات و پاتێکی قەلەندەر نیم. واتە بیری خۆت و هۆشی خۆت بخەگەڕ لە پێناو ناسینی جەوهەری نالی، چوون عاشقێکی وەک مەجنون و فەرهادو لەپێناو سەلماندن و دەسەبەرکردنی بوونی خۆیدا، بێ گومان هانای بۆ جەوهەری یەکەم بردووە، کە خوایە. تاوەکو جەوهەری خوا لە جەوهەری خۆیدا دەربخات یان دیوێکی جەوهەری خوا لە بوونی خۆیدا ڕابگەیەنێ و نەبوون ڕەتبکاتەوە.

"کەوکەبەی تەلعەتی شاهانەیی تۆم بورهانە

کە لەسەر موددەعی سوڵتانی موبینە جەدەلم

بەگوێرەی دیوانەکە بێت واتە: بەڵگەی زاڵیی قسەی من بەسەر قسەی بەدکاری ناحەزدا ئەو شان و شکۆو پایەی بەرزەیە کە تۆ هەتەو لەسایەی منی هوما ئاساو وەک بازی سپییەوە دەسگیرت بووە" (مودەریس، ١٣٩٦، ٢٣٦).

بوونی نالی وەک باڵندەیەکی پیرۆزی وەک هوما، یان بەرامبەرکردنی ئەم باڵندەیە لەگەڵ خۆیدا، کاتێک دەبێتە فاکتەری بەهێزی نالی بۆ ئەوەی بە خۆشەویستی خۆی بڵێ، من بوومەتە سایەو شکۆی تۆ، تاوەکو لەبەردەم بەدکاردا پایەتان بەرزبێت، بەهۆی ئەوەی نالی وەکو هوما بەسەر سەری یارەوە نیشتۆتەوە، ئەمەش بووەتە مایەی ئەوەی نالی جەهەری خۆی لە یاردا بەرجەستە بکات! ئەم لێکدانەوەیە بەرەو ئەو ئاقارەمان دەبات کە نالی خۆی بە جەوهەرێکی هەمیشەیی دانابێت و ئەو هەیبەت و سوڵتانەی یاریشی وەکو جەوهەری کاتی و ئەفرێنراوی دەستی خۆی وێنا کردووە، کە بووەتە بناغەی یان بنەڕەتی جەوهەرە کاتییەکە. لەلایەکی دیکەوە، ئەم فۆرمەی نالی لە یاردا بەرجەستەی کردووە، لەهەمان کاتتدا جەوهەری بوونییەتی و بووەتە تایبەتمەندی بۆی، بەبێ ئەو بێگومان ئەم بوونەی لە دەستدەدات و بەرەو نەبوون دەڕوات. شایەنی باسە، نالی خۆبەخۆ باسی جەدەلی کردووە، کە لە نێوان خۆی و بەدکارەکانیدا هاتۆتەکایەوە، بە ئامانجی ئەوەی سووربوونی خۆی لەسەر شکۆو پایەی خۆی و دواتر یارەکەی بەگوێی بەرامبەرەکەیدا بدات و بیرۆکەکەی خۆی بە فەرمی ڕابگەیەنێ.

"بۆ دەکەی تەکلیفی ڕەسمی ئولفەت و یاری لە من

کەی بە سوحبەت ئاشنایە سالیکی ڕێگەی عەدەم

لە دیوانەکەدا بەمجۆرە لێکدراوەتەوە کە، بۆچی داوای ئوسووڵی ناسیاوی و دۆستایەتیی لە من ئەکەی؟ من ڕێبواری ڕێگەی نەبوون و مەرگم و کەسێکیش ڕێبواری ڕێی نەبوونی و مەرگ بێ، شارەزای

هاوڕێیەتی نییە" (مودەریس، ١٣٩٦، ٢٥٣). ئەو تایبەتمەندییە میتافیزیکییەی نالی هەڵگری بووە، وایکردووە، هەمیشە بیر لە مردن و ڕێگەی مردن بکاتەوە، بەمەش جەوهەرێکی هەمیشەیی لە هۆکاری یەکەم وەرگرتووە، کە ڕێبوارێکی ڕێگەی مەرگە. گەڕانەوە بۆ دونیای عەدەم، جەختکردنەوەیە لە نەبوون، لەکاتێکدا هەبوویەکە لەنێو بووونداو دواجار هەردەبێ بگەڕێتەوە بۆ نەبوون. لە جەوهەرگەرایی ئەفلاتوندا هاتووە، کە گەڕانەوەی جەوهەری یەکەم بۆ ناو فۆرمە لە ماتەر بەدەرەکە، مانای ئەوەنییە نامێنێت، بەڵکو ئەوەیە کە لە عالەمێکی بەرجەستەوە دەچێتەوە بەرەو جیهانە نموونەییەکەو بە هەمیشەیی دەمێنێتەوە، بەڵام بۆ ماددیەکان ئەمە نەبوونە. هەروەها دیکارتیش ئەمەی ناوناوە فۆرمی گیانەکی. کەواتە نالی لێرەدا، سەرەڕای ئەوەی جەوهەرێکی هەندەکی هەبووە، باسی ئەوەشی کردووە ڕێبواری ڕێگای عەدەمە، ئەمە خۆی لەخۆیدا دەمانگەیەنێتە ئەوەی جەوهەرێکی دیکەی نالی لەئارادا بووە، کاتێک خۆی وەکو بابایەکی بێ کەس و بێ پاشەرۆژ ناوزەد کردووەو بە بەرامبەری گوتووە، ئیدی ڕێگای من عەدەمە، واتە گەر جەوهەرێکی هەندەکیشم هەبێ وەکو هەبوویەک، جەوهەری نەبوونیشم لەخۆمدا هەڵگرتووە! بەکورتی گەر ئێستا بوونێکم هەبێ وەکو هەبوو، نەبوونیشم لەگەڵدایە... لێرەدا ئەو دیالیکتیکەی بوون و نەبوونی نالی، بە چڕی دەرکەوتووە.

"هەموو زەڕڕاتی میهری رووتە باقین

خودامان بۆ بەقایـــە لێرە لاچیـــن

واتە: هەرچی زەڕڕەی خۆشەویستی بەڕووتەوەیە، هەموو لەگەڵ رق و کینەو تورەییدایەو لەوانەیە ئێمەشی بەرکەوین، بەڵام ئێمە خوامان بۆ ماوەتەوە یاریدەمان بداو بتوانین لەبەر ئەم رق و کینەیەی رووی تۆدا لاچین"(مودەریس، ١٣٩٦، ٢٨٥). بەگوێرەی دیوانەکە بێت جۆرێک لە دژیەکی لە لێکدانەوەکەدا گوتراوە، لەنێوان (میهر) (قین) دا، کە دوو دیوی یەک کەسن، بەڵام کێشەکە لێرەدایە چۆن گونجاو دەبێ، کاتێک رووخساری پڕ میهربێ، بەڵام رەشەبای تووڕەیی لەم روخسارەوە هەڵبکات؟!

لەم دێڕە شیعرەدا بەکارهێنانی وشەی (زەڕڕات)، (خودا) (بەقا) لێرەدا هەموو وەکو چەمکی فەلسەفی بەکارهاتوون، (زەڕڕات) کە لە لای فێرگەی ئەتۆمگەریی بە بنەڕەتی بوون دانراوە، (خودا) لای ئەرستۆ هۆکاری یەکەمی بوونەو لای دیکارت و سپینۆزاو لایبینیز... جەوهەری بوونە. (بەقا) هەرچی بمێنێتەوە لە خولگەی (بەقا)دا، ئەوە بەدیدی

ئەفلاتون مانای وایە لە جیهانی باڵادایە، کە بە جیهانی فۆرمە هەمەکییەکان ناسراوەو دەبێتە خاوەن جەوهەری گیانەکی لە لای دیکارت. لەمەوە ئەوە دێتەدی کە ئەم فۆرمە هەمەکییە دەبێتە مایەی هاتنەئارای فۆرمی هەندەکی کە لە ناو جیهانی ماتەریاڵ دان و پەیوەست دەبن بە کات و شوێنەوە، لێرەدا ئاماژە بە درێژکردنەوەی کاتی بەقاو مانەوە کراوە، ئەمەش بەڵگەیەکی دیکەیە کە مرۆڤەکان هەبوویەکی کات و شوێنین. نەبوونیان لەگەڵ بوونیاندایە.

"ساقی قەدەحی گەردشی گەردوون دەشکێنێ

باری کە دەبێ موعتەقیدی گەردشی ئەو بە "

(مودەریس، ١٣٩٦، ٣٢١)

نالی لەو بڕوایەدا بووە، کە هەموو دەسەڵاتێکی رەها بەلای خواوەیەو خۆی چەرخی گەردوون هەڵدەسوڕێنێ و خۆشی دەتوانێ بیوەستێنێ. بۆیە ئەمە جەوهەری هۆکاری یەکەمی بوونی ئەرستۆو جەوهەری دیکارت و سپینۆزایە. سپینۆزا بانگەشەی بۆ پانتیزم کردووە،" ئەم چەمکە لە زمانی یۆنانیدا (پان)واتە هەموو،(تییزم)یش خوایە، پانتیزم واتای یەکانەکی خوا، یان (خوا هەمووە) دەبەخشێت" (کەمال، ٢٠١٨، ١١٣-١١٤). ئەمەش مانای وایە، خوا سەنتەری گشت تەوەرەکانەو پێویستە لەسەر مەردووم رێز لەگەورەیی خوا بگرێ و بە هەندی وەربگرێ. بەلای فەیلەسوفانی قۆناغی فەلسەفەی نوێ، جگە لە خوا کە هەمیشەیی و ئافەرید نەکراوە، هیچ هەبوویەکی دی جەوهەر نییە، خوا تاکە جەوهەرە بەلایانەوە، کە بۆ بوونی پێویستی بە جەوهەرێکی دیکە نابێ و تەنها پشت بەخۆی دەبەستێ. نالیش لە فۆرمی شیعرییدا دووپاتی کردۆتەوە! واتە نالی لە چەشنی بیرکردنەوەی فەیلەسووفانی فەلسەفەی نوێدا، ویستوویەتی بڵێ، خودا سەرچاوەی ئافەریدکردنی بوون و نەبوونەو خۆی ئافەریدنەکراوە!

"خۆشترە عوزری گوناهکاران لەسەد زیکری ریِیا

ئەم بە نەرمی عەفوە عەفوە ئەو بە توندی عەف عەفە!

شێخی سەر لنگە دەستارێ بە دەستارێ بوزورگ

رەندم و دەستارێ کەللەی من دەفە نەک میندەفە"

(مودەریس، ١٣٩٦، ٣٧٢)

نالی باش لە ریاکاری بەناو موسوڵمانان تێگەیشتووە، کاتێک دەستی نزا بەرزدەکەنەوەو لەقاپی خودا داوای لێخۆشبوون دەکەن! تایبەتمەندی لالانەوەو کڕوزانەوەی ئەو ریاکارانەی خستۆتە کەوانەوەو لەگەڵ کڕوزانەوەی سەگ و تولەسەگدا بەراوردی کردوون. تۆبەکردنی

گوناهکارانیشی بەلاوە پەسەندتر بووە، کاتێک بە نەرمی داوای لێبوردن دەکەن لە خوا. هەروەها لە دێڕی دووەمدا کە هەر رەخنەگرتنە لەم چینە بەناو موسوڵمانە، بەڵام بە دیویێکی تردا، پێیاندەڵێ تەنها بۆ چاوبەستەکی کردن لەخەڵکی ئەم سەرومێزەرەتان بەستووە، منیش دەفم ناوە بەسەرمەوە، بە پێچەوانەی ئێوە کە (میندەف)، واتە گۆزی هەلاجییتان لەسەرناوە. بەپێی ئەم لێکدانەوەیە بێت، نالی بە دەرخستنی سروشتی خۆی و سروشتی کەسانی ریاکار لەم فۆرمەداو باسکردنی باری چۆنیەتی و ناوەرۆک، جەوهەری راستەقینەی هەردوو لایەنەکەی بۆ دەرخستووین. بوونی مرۆڤ لەم دوو فۆرمەدا (ریا)و (راستی) وەکو خاوەن جەوهەرێکی کاتی دەرکەوتووە. ئەم دەرکەوتنی فۆرمانەش دەرخەری ناسنامەی تاکەکانن، لەهەمان کاتتدا جەدەلی نێوان جەوهەری هەبووەکانن.

" مەڵێ دەشتە بلێ دنیا هەموو خانێکە ئەم حەوشە

چ حەوشێکە کە ئافاتی حەسار ئەفلاکی سەربانە"

(مودەریس، ١٣٩٦، ٤٠٥)

لەم دێڕە هۆنراوەیەدا بەپێی تێڕوانین و لێکدانەوەکانی مەلا عەبدولکەریمی مودەریس بێ، نالی باسی رێگەی حەجی کردووەو لەوێدا وێنەیەکی بچووککراوەی گەردوونی نیشانداوە. نووسینی ئەم دێڕە شیعرەی نالی، بە هەڵکەوت نەبووە، بەڵکو ئەنجامی گەڕان و پشکنینی نالی دەرخستووە، کاتێک لە وێستگەکانی ژیانیدا و لەو شار بۆ ئەو شار، لەم وڵات بۆ ئەم وڵات سەفەری کردووەو ئاشنابووە بە گشت ئەو دیاردەو بوونەوەرو ژینگە جیاوازانەی لە بووندان. دواجار لە روانگەیەکی فەلسەفییەوە روانیویەتییە هەبووەکان. لێرەدا نالی زەوی و ئاسمان، سروشت و ئەستێرە و هەموو گەردوونی لە بۆتەی رێگەی حەجدا داناوە، وێنەیەکی بچووککراوەی گەردوونی نیشانداوە. نالی ئەو بابەتانەی باسی کردوون دەسکاری جەوهەری فۆرمەکانی کردووە، چونکە لە فۆرمی هەمەکیی و هەمیشەیی و کۆسمۆلۆژیەوە گۆڕیونی بۆ فۆرمی هەندەکی و کاتی. بۆ نموونە، جیهانی کردووە بە خانوو، ئاسۆی دووری کردووەتە شوورە، ئاسمانەکانیش سەربانن. واتە فەزای بوونی تەسککردۆتەوەو گۆڕیویەتی، ئەمەش خۆی لەخۆیدا، هێنانەئارای جەدەلە لەبووندا.

"سوروشکی من کە لێڵاوە غوباری کۆە و هاموونە

وەرە سەرچاوەکەم بنواڕە وەک ئاوینە چەند روونە"!

(مودەریس، ١٣٩٦، ٤٣٠)

له دیوانەکەدا چەند لێکدانەوەیەکی بۆکراوە، بەڵام ئێمە لەگەڵ ئەمەیاندا کۆکین: نالی گلەیی لە چەرخی گەردوون دەکات، کە بنیادەمی پاک و خاوێن بەهۆی تێکەڵی پیاو خراپانەوە بەدناو ئەبێ و ناتۆرەی خراپی شوێن ئەکەوێ. بەم پێیە مەبەستی لە فرمێسکی سەرچاوە روون، جەوهەری مرۆی چاک و مەبەستی لە تۆزو گەردی رێگاوبان ئەو هاورێی خراپ و کەندو کۆسپانەیە لە ژیانا دێنەرێی بنیادەم.

نالی جەوهەری منی بیرکەرەوەو ئاست بەرزو پایە بڵند، لەگەڵ جەوهەری دواکەوتوو و نارۆشندا بەراورد دەکات، لە ئاکامدا، دەخوازێ مرۆڤ هوشیار بێ و بەر لە بیرکردنەوە لەبارەی جەوهەرو تایبەتمەندی کەسەوە بەبێ بنەما بڕیارنەدات. ئەمەش لەپێناو ئەوەدایە، تاوەکو بیسەلمێنێ کە بیرکردنەوە جەوهەری بوونەو پێچەوانەکەشی دووپاتکەرەوەی نەبوونە.

"خەلعەتی تەشریفی هەرکەس بێ چییە غەیری کەفەن

هەر ئەوە هەم فاخیرەو بۆ ئاخیرەو یەکجارییە"

(مودەریس، ١٣٩٦، ٤٨٠)

نالی بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش، باسی بەرگی دوایی دەکات، کە کفنە؛ وەک ئەوەی باسی پارچەی ئاوریشمی و حەریر بکات وایە! (بۆ ئاخیرە)، لێرەدا چوونی مرۆڤ بەرەو رۆژی قیامەت، وەکو رێگایەکی بێ چەندوچوون دانراوەو مامەڵەی لەگەڵدا کراوە، بووە بە دیدێکی میتافیزیکیانە. گۆڕانی فۆرمی مرۆڤ لە فۆرمێکی ماتەردارەوە بۆ فۆرمێکی گیانەکی، خۆی لەخۆیدا هەڵگری ئەو بارودۆخەیە مرۆڤ پێیدا تێدەپەڕێ، لە هەبوونەوە بۆ فەنابوون. لەبەرئەوەی جەوهەر دۆخی مرۆڤ رەچاو دەکات و ئەم دۆخە بوونی مرۆڤ وەک هەبوویەک دەخاتەڕوو. هەروەها نالی وێنەیەکی خستووینەتە بەرچاو، کاتێک باسی گواستنەوەی مرۆڤ دەکات لە جەوهەری یەکەمەوە بۆ جەوهەری دووەم، لەکاتێکدا مرۆڤ وەکو فۆرمێکی هەمەکییەوە بووەتە هەندەکی، بەمانایەی لە جەوهەری دووەمەوە جەوهەری یەکەم هاتۆتە ئاراوەو بەم رێڕەوە دیالیکتیکییەدا تێپەڕیوەو تێدەپەڕێت.

"ئەشکم کە لەگەڵ عەشقمە تیفلێکی فەهیمە

هۆشم کە لەگەڵ خۆشمە پیرێکی نەزانە"

(مودەریس، ١٣٩٦، ٣٩٤)

بیرکردنەوەی لەمجۆرەی نالی دەرخەری فۆرمی جەوهەری نالی یە، ئەمەش بە بنەمای بوون دادەنرێ. دانانی ئەشک کە لە ئەنجامی عەشقێکی قووڵەوە سەردەکا، وەکو هاوڕێ و تێگەیشتوو (فەهیم) لە

بارودۆخی نالی دەرکەوتووە، هەروەها هۆشی کە لەگەڵ هاتنە دونیاوە لەگەڵ بنیادەمدایە تاوەکو دەمرێت، کەچی بە نەزانی داناوە! ئەمە لێرەدا گرێیەکی دروستکردووە، حاڵەتێکی دژ بەیەکی خولقاندووە. لەکاتێکدا کەسی پیر وەکو خاوەن ئەزموون دەرکەوتووە، هۆش وەکو پیرێکی نەزان وێناکراوە! منداڵ کە لە سەرەتای تەمەندایە، وەکو کەسێکی حاڵیی دەرکەوتووە! نالی ئەقڵ و دەروونی خستۆتە تەرازووەوە، ئەوێکی پڕ سۆز بێ گومان زیاتر گوێ لە دەروون دەگرێ، چی لە هۆش بکات، کە ناتوانێ چێژی پێ ببەخشێ؟! کێ بەرکێی نێوان دڵ- دەروون و هۆش، کە هەردووکیان ماتەری مرۆڤ سەرچاوەیانە، لەبوونی هەندەکییدا کە فۆرم و ماتەردارەو جەوهەری یەکەمە، تایبەتمەندییەکی جەوهەری مرۆڤەو لەم رێگایەوە مرۆڤ و ئاژەڵ لەیەکدی جیادەبنەوە، ئەویش هەبوونی هۆش و بیرە! دواجاریش هۆش وەکو هێمایەک بۆ بیرکردنەوە دەبێتەمایەی ئەوەی بوونی پێ دیاری بکرێت و دەروون و گیانیش بەبێ ماتەر، مانای چوونە بەرەو فەنا بوون، یان دیوەکەی تری بوون کە نەبوونەو خاڵی دەسپێکە.

عەشق وەکو منداڵێک پێویستی بە پەروەردەکردنە، هەرچی هۆشە پێویستی بە سەلیقەو دیقەتە، کاتێکیش تەمەن بەرەو خەزان دەڕوا ئەو وریایی و دیقەتە لەدەست دەدات، بۆیە نالی تای تەرازووەکەی بەلای عەشقدا، لارە!

## ٣-٣: دیدی بوونگەراییانەی نالی لەشیعردا (فەلسەفەی هاوچەرخ)

نالی وەکو مرۆڤێکی شاعیر، فەنتازیای شیعریی لە زۆرێک لە غەزەل و قەسیدەکانیدا، بۆ گەڕان بەشوێن بوونی خۆیدا تەرخانکردووە، لەپێناو سەلماندنی بوون و شوناسی خۆی وەکو هەبوویەکی سەربەخۆو بوون بە خۆو بە کەسی تر نا! هەوڵی بێ وچانی داوەو سەرکەوتوو بووە. نالی رێگر بووە لەبەردەم هەر هەوڵێکدا ویستبێتی بوونی داگیربکات و لە کاروانی داهێنان دایبڕێ، چونکە مرۆڤی خاوەن بیرو هوشیار بەشوێن کەم و کوڕیی و ناتەواویەکانیەوەیەتی و ئومێدی ئەوەی هەیە رۆژێک بە تەواوکۆیی خۆی بگات و سەربەخۆیی خۆی وەکو هەرێمێکی مرۆیی رابگەیەنێت. ئەگەرنا وەکو نەبوویەک دەبێت، بۆیە هەمیشە مرۆڤی ئاگا، هەوڵیداوە لە جەدەلی نێوان بوون و نەبوونی خۆیدا، پاڵ بە هێزی نەبوونەوە بنێ بۆ دەرەوەو بوونی خۆی بسەلمێنێت.

مرۆڤی داهێنەر لەهەربوارێکدا، بەوە لە مرۆڤی ئاسایی جیادەکرێتەوە، کە هەمیشە هەوڵی دۆزینەوەی نوێتر دەدات و نوچ نادات و ناکەوێ، تاوەکو نەبوونیی و کەمی خۆی تەواو دەکات. ئەم خولیایەشی بۆ داهێنان لەسەرەتاوە یاوەری دەکات، تاوەکو ببێتە بوونەوەرێکی داهێنەرو کاراو لێهاتوو، نالی نموونەی زیندووی ئەم هاوکێشەیەیە.

وەکو بیرهێنانەوەیەک، کە لە بەشی یەکەمدا باسکراوە، بوونگەرایی وەکو فەلسەفەی بوون لە سەردەمی پارمەنیدسەوە ئامادەیی هەیەو دواتر لەسەدەی نۆزدەدا لەلایەن کیرکیگۆرەوە بوو بە فەلسەفەیەک کە تایبەتمەندییەکی خودی وەربگرێت، ئینجا لە سەدەی بیستەمدا و لەسەردەستی نیتشە و هایدیگەرو سارتەردا وەکو فەلسەفەیەک تایبەت بە بوونی مرۆڤ و خودی مرۆڤ، لەناوەندەکانی فەلسەفەدا ئەسپی خۆی تاوداوە. هەموو خەمێکی ئەوە بووە، مرۆڤ لە باڵاترین ئاستەکانی بووندا دابنێت و بە مرۆڤ بڵێت تۆ بە باهاترینی. تەنانەت دەگوترێت کە" وشەی (بوون) لە وشەی بوونگەراییدا تەنها بەوجۆرەی بوون دەڵێن کە تایبەتە بە مرۆڤ... درەختەکان و شاخەکان و کارگەکان و رێگا گشتیەکان و دەکرێ بڵێین خواو فریشتەکانیش هەموو (هەن) و حەقیقەت و بوونیان هەیە، بەڵام بە پێی زاراوەکانی بوونگەرایی، ئەمانە وەکو مرۆڤ بوونیان نییە" (ماکواری، ٢٠٠٧، ١٠٠). لەبەر رۆشنایی ئەم بیرهێنانەوەیەدا، دەکرێ نالی وەکو بنیادەمێک وێنا بکرێت، کە ویستوویەتی سەرەتا مرۆڤبوونی خۆی وەکو کەسێکی خاوەن جەوهەر، بناسێنێ و بەهای خۆی بزانێ. بێگومان لەرێگای هونەری شیعرییەوە، دواتر وەکو هەر کەسێکی دی هەستی بە کەم و کوڕیی لەخۆیدا کردووە، چەندین رێگای بۆ کەمکردنەوەو نەهێشتنی کەم و کوڕییەکانی خۆی گرتۆتەبەر، لەترسی سەلماندنی نەبوونیدا. لەمبارەیەوە محەمەد کەمال لە کتێبی ( فەلسەفەی بوون) دا نووسیویەتی:" تاکو نەبوونی لە بوونی مرۆڤدا هەبێت، مرۆڤ لە هیچ قۆناغێکی بوونیدا خۆی وەکو هەبوویەکی پڕ تەواو نابینێت و هەوڵدەدات نەبوونیەکەی تێپەڕکات"(کەمال، ٢٠١٨، ٢٢٤). کەواتە، لە فەلسەفەی بوونگەراییدا، دیلیکتیکەکە گوازراوەتەوە بۆ نێو مرۆڤەکان و بە هەموو بارێکدا، هەر مرۆڤ دەدوێنێ و سەنترالیزەی دەکات. نالی وەکو تەواوی ئەو مرۆڤانەی هوشیاریی ئەوەیان هەبووە، کە مرۆڤ تا لەژیاندا بمێنێت، پێویستی بە گەڕان دەبێت بە دوای هۆکاری ناتەواوییەکانی، لە هەوڵی خۆ تەواوکردندا بووە. کەواتە بوونگەرایی گرنگیدانە بە گشت ماناکانی

بوونی مرۆڤ، وەکو: ترس ،بێ ئومێدی، نیگەرانی، ئازادی رەها، لە پێناو بنیادی کەسی و مرۆڤی هوشیارو سەربەست، هەروەها خۆ دەربازکردنە لە گشت بیری کۆنی دۆگماجیانە، جا سەرچاوەی ئەم دۆگمایە ئایینی، داب و نەریت یان مۆراڵ بووبێ. کاتێک نالی بە هەموو پێوەرەکانی بوونگەرایی، لەگەڵ تان و پۆی فەلسەفەکەدا رۆیشتووە، بەڵام وەکو بەشێک لە فەیلەسووفانی بوونگەرا، بوونی رەهای رەتنەکردۆتەوە، بەو مانایەی کاتێک ئەم بوونە بە تەواوی رەتدەکرێتەوە، ئیدی ژیان بە بێ واتایی دەردەکەوێت و لەولاوە مرۆڤ دەبێتە تاکە دەسەڵاتداری ئەم بوونەو هیچ دەسەڵاتێک لەسەروو دەسەڵاتی ئەوەوە بوونی نابێ، دەمانەوێ بڵێین، نالی ئەگەر بوونگەراش بووبێ، بوونگەرێکی بێ باوەڕ (ملحد) نەبووە ، لە چەشنی نیتشەو سارتەر، بەڵکو وەکو یاسپرس و کیرکیگۆر باوەڕی تەواوی بە بوونی رەها (خوا) هەبووە.

سەبارەت بە نەبوونیش، لە بوونگەراییدا "وا سەیری ناکرێت کەوا دووردەکەوێتەوە لە بوون، بەڵکو بە پەیوەندییەک بە بوونەوە دەبەسترێتەوە"(حەوێزی، ٢٠١٩، ١٥)، راوبۆچوونی فەیلەسوفانیش لەنموونەی کیرکیگۆر کە پێیان وابووە "ناسینەوەی نەبوونییەکە هەست بە گوناهکردن لە مرۆڤدا دروستدەکات و لەرێگەی دوودڵییەوە، کە روو لە داهاتوو دەکات، مرۆڤ دەتوانێت بە بوونی خۆی بگات" (کەمال، ٢٠١٨، ٢٣١). ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە مرۆڤ دوودڵەو لەوێوە هەست بە گوناهـ دەکات، کاتێکیش ئەم حاڵەتە لە مرۆڤدا روودەدات، ئاستی ئاگایی مرۆڤەکە لە بەرامبەر نەبوونی خۆیدا ئاشکرا دەبێت، لێرەدا مرۆڤ هەوڵدەدات نەبوونی یان ناتەواوی لەخۆیدا نەهێڵێت. لەلایەکی ترەوە، هایدیگەر لە بنەڕەتدا لەگەڵ ئەم بۆچوونەدا نییەو "هەستی گوناهکردن بە بیرۆکەی سەرکێشی ئادەم و ئایینەوە گرێنادات. کاتێک مرۆڤ هەست بە گوناهکردن دەکات و تووشی ئازاری ویژدانی دەبێت، کە بوونی داگیرکراوی خۆی بناسێتەوەو بزانێ نامۆیە، رێگەی پێ نەدرێت سەربەستانە روو لە داهاتووی بکات، پرۆژەکانی هەڵبژێرێت و بە بوونی خۆی بگات" (کەمال، ٢٠١٨، ٢٣١). مەبەست لێرەدا ئەوەیە، کە کاتێک بەتەواوی هێزێکی رەهاو دەرەکی لەدەرەوەی خۆی حوکمی بکات و سەروەیی و سەربەستییەکانی قۆرخ بکات، مرۆڤەکە ئەمە ببینێت و قسەی بۆ نەکرێ و نەتوانێ بۆچوونی هەبێ لەم بارەیەوە، ئەمە نەبوونی مرۆڤەکە دەگەیەنێ، نەک هەستکردنی بە گوناهـ بۆ کارێک کە ئەو

نەیکردووە! چونکە ئەگەر ئادەم بوونی تەواو بوایە، بە شوێن نەبوونی خۆیی و تەواوکاریی خۆیەوە نەدەبوو.

لەم بەستێنەوە، دەکرێ بڵێین جیهانبینی نالی سەرریێژبووە لە دوودڵیی و نیگەرانی، ئەمەش وایکردووە لەبەرامبەر هەستکردن بە گوناهدا، خۆی بە نەبوو دابنێ، چونکە لەچەندین دێڕی شیعرییدا، هەستکردنی بە گوناهـ و پاڕانەوە بۆ لێ خۆشبوون، وایکردووە، نالی لە ناخدا وەکو بنیادەمێکی نەبوو یان پڕ کەم و کوڕی دەربکەوێ و هەوڵ بدات ئەم کەمییەی خۆی چارەبکات. ناتوانین بە رەهایی بڕیار لەسەر ئەوە بدەین، کە نالی کەسێکی نەبوو، بووە، بەڵکو لە چەندین غەزەل و قەسیدەدا بوونی خۆی باڵا بینیوە! هەرچەندە ئەو لەگەڵ بیرەکەی هایدیگەردا چوون یەک نەبوون، بەڵکو لەگەڵ کیرکیگۆردا هاوبۆچوون دەرکەوتووە. هەر ئەوەندەش نەبووە، بەڵکو پەرۆشی نالی بۆ ئازادی تاک و بەرپرسیارێتی و پابەندبوون و هەروەها یاخیبوون و لەسەرووی هەمووشیانەوە نیگەرانییەکەی، وایکردووە، (بوونی لەخۆدا)ی بەرجەستەکردبێ، ئەم جۆرە بوونە، لای سارتر، باڵاترین بوونەو لەوێدا مرۆڤ پڕە، بەڵام لەدوو جۆرەکەی دیکەیان کە بریتین لە ( بوون بۆ خۆ- بوون بۆ ئەوی دی )دا، مرۆڤ هەوڵی پڕکردنەوەی خودی خۆی دەدات و لە جۆری سێیەمیشدا، بوونێکە لەپێناو ئەوی دی و ژیانی لەپێناو ئەوی دی دەبێت. بەدیوێکی تردا ئەم جۆرانەی بوون خۆیان لە هەردوو جۆرە سەرەکییەی بووندا کە پێهاتوون لە بوونی رەسەن و بوونی ناڕەسەن دا دەبیننەوە، ئەگەر دەقاو دەقیش وەکو یەک نەبن ئەوا نزیکیی و هاوشێوەییان لەنێواندایە. یەکەمیان" بوونی رەسەنە، بوونێکی خۆناس و خودئاگاو داگیرنەکراوە، خود هەست بە تاکێتی خۆی دەکات و لەوانی دی دابڕاوە" (حەوێزی، ٢٠١٩، ٤٣-٤٤)، جۆری دووەمی بوونیش بوونە لە جیهانداو لەگەڵ ئەوی دی دایەو بە بوونی ناڕەسەن دانراوە کە" خۆ نەناس و نامۆیە، ئەو بوونەیە کە کۆمەڵێک کارتێکەری دەرەکی پێکی دەهێنێت، ئیدی ئەوانە بارودۆخ بن یان یاسای ئەخلاقی و دەسەڵاتی ئایینی یاخود سیاسی و شتی تر" (حەوێزی، ٢٠١٩، ٤٥).

بۆ زیاتر ناسین و چوونە نێو دونیای شیعری نالی و تەوزیفکردنی هەندێک لەو چەمکانەی بوونگەرایی، چەند دێڕە شیعرێکی نالی وەک نموونەی شاعیرێکی بوونگەرا، باسدەکەین. ئەمەش بە پێی هەندێک لەو چەمکانەو بەتایبەتیش ئەوانەی ئێمە لە دیوانی نالی دا بەدیمان کردوون، بەپێی توانا، دەخەینەبەر کڵاورۆژنەی لێکدانەوەیەکی بوونگەرایی.

**دەقە شیعرییەکان**

"قەللابی جیهان نەقدی عەیاری نییە قوربان
(نالی)مەحەکی هیممەتی کردوویە موجەڕڕەب"

(مودەریس، ١٣٩٦، ١٠٧)

لە لێکدانەوەی نێو دیوانەکەدا باسی بێ باریی و ناجێگیریی گەردوون کراوە، کە بەهۆی پێگەکەیەوە هەمیشە لە جووڵاندایەو لەسەر یەک بار ناوەستێ و نالی لەگەڵ خۆیدا بەراوردی کردووە، کە ئەو کەسێکی یەک رووەو بەلایەکدا ساغ بۆتەوە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە نالی بوونێکی رەسەنی لە خۆیدا هەڵگرتووەو خودی خۆیەتی بەتەنهاو لەگەڵ ئەوی دیدا بەراورد ناکرێ. بەو مانایەی، خۆی ناسیوەو هەستی بە بوونی خۆی کردووەو بارودۆخی خۆی نیشانداوە.

"رەقیبی جوفتەلیی نابێتە نەخچیرت کە خەر کوڕە
ئەلیفی چایرە دائیم لە قەشقەی کەردڕو جەودا"

(مودەریس، ١٣٩٦، ٦٥)

لە دیوانەکەدا باسی کەسی ناڕەسەن کراوە، کە لەپێگەی کوڕی کەردا وێنای کردووەو بە کەسێکی لاسارو لاپرەسەنی داناوەو بە شایستەی ئەوەی نەزانیوە کە لێت نزیک ببێتەوە، بەڵکو ئەو تەنها شایەنی ئەوەیە، ئالیک بخواو لە لەوەڕگای خۆیدا بێ. وشەی (قەشقە) لە دیوانەکەدا گوتراوە کە نەتوانراوە روونبکرێتەوە، بەڵام ئێمە وای بۆ دەچین ئەم وشەیە بەرامبەر وشەی (کاشکێ)ی بادینی و (قەشقێ)ی تورکی یە، کە مانای (خۆزگە، بریا، ئارەزووکردن) دەگەیەنێ و لە دەستووری زمانی کوردیشدا، وەکو ئامرازێک بۆ سیغەی ئینشائی بەکاردێت (کاشکێ، بریا، خۆزگە) کەواتە واتاکەی بەمجۆرەی لێ دێت: (بەدکاری جووتە هاوێژ نابێتە نێچیرت و بۆت دەستەمۆ ناکرێ. لەکاتێکدا کە ئەو کوڕی کەرە، هەمیشە بەتاسەی لەوەڕگای سەوزەوەیەو هەمیشە خۆزگە بە لەوەڕگایەکی سەوزەوە دەخوازێ لەداخی کنگرە کەرەو جۆ. نالی بەرامبەرەکەی لەوپەڕی ناڕەسەنیدا داناوەو بە شایستەی ئەوەی نازانێ وەکو کەسێکی ئاسایی لە ئاستی ئەودا بێت، چونکە لەپێناو ئەوی دیدا دەژی و خۆی بە کاری ئەوانی دیکەوە سەرقاڵ کردووەو خۆی نەناسیوەو بەخۆی نامۆیە.

"عاجز مەبە هەرگیز لەدرۆو ئیفکی حەسوودان
دونیایە دەبێ سەگ بووەڕێ شیعە بکا سەب"

(مودەریس، ١٣٩٦، ١٠٦)

بەشێوەیەکی گشتی، لەم دێڕانەی کە تایبەتن بە نیگەرانیی نالی و لەنێو دیوانەکدا دەستنیشانمان کردوون، مەبەست لێی نیگەرانی زەینییە، نەک دەروونی، بۆ ئەوەی لەگەڵ بابەتە دەروونییەکاندا تێکەڵاو نەبن!

ئەم دێڕەی نالی قسە لەگەڵ ئەو کەسانەدا دەکات، کە زوو نیگەران دەبن و ترسی ئەوە دایاندەگرێ، کاتێک کە دەبێ رووبەڕووی حەسوودان ببنەوە، بۆیە دەڵێ نیگەران مەبە لەوەی کە کەسێکی بەهرەمەندو پاک بیت و رووبەڕووی قسەو تانەی کەسانی حەسوود ببیەوە، نالی دەڵێ ئەوەتا حەزرەتی عائیشە خوا لە قورئاندا پاکانەی بۆ کردووە، کەچی شیعەکان تانەو تەشەری لێ دەدەن. هەمیشە نیگەرانی مرۆڤ ترسە لە شتێکی نادیار، واتە دیارینەکراوە هۆی ئەم ترسە لەبەرامبەر چی دایە؟! حەسوودیش کە دەروونێکی نەخۆشی هەیە، نازانرێ کەی و چۆن و لە کوێ، بەرامبەرەکەی نیگەران دەکات، بۆیە بەرامبەرەکەی هەمیشە بە دڵێکی نیگەرانەوە دەژین. ئەمە دیوێکی بوونگەرایی نالی یە، کە مرۆڤ هەمیشە لەو نیگەرانی و ترس و دوودڵییەدایە، تا ئەو شوێنەی مرۆڤ بە بوونی خۆی دەگات و نەبوونی لەخۆیدا دەخاتە دەرەوە.

"لەرووت و قووتی وەک من روو مەپۆشە

کە وەسڵی تۆیە قووتی عاشقی رووت" (مودەریس، ١٣٩٦، ١١٨)

نالی لەم دێڕەدا، ویستوویەتی پەرۆشی بۆ گەیشتن بەیار، وەکو تاکە هۆیەکی ژیانی باس بکات، چونکە بەدەست جیاوازی چینایەتی و نەخۆشیی هەژارییەوە بێ دادی دەربڕیوەو نیگەرانی ئەوەشە کە یار ئیدی رووی خۆی لێ بشارێتەوەو بە بینینی شاد نەبێ. وەکو باسکرا، مرۆڤ نیگەرانی شتێک دەبێ کە هێشتا نەیدیوە، ئەمیش داوادەکا، بەڵام نازانێ ئاخۆ یار بەڵێنی پێ دەدات یان نا؟! لێرەدا هەستی بەو بوونە ناتەواوەی خۆی کردووەو ویستوویەتی بە داواکردنی لە یارو نیگەران بوونی لە هەستی شاراوەی یارەوە بیانوویەک بۆ گەڕان بە دوای بوون و مانەوەی خۆیدا بدۆزێتەوە، وەگەرنا، کەسێکی نەبووەو لەو کەسانە هەژمار دەکرێت کە هەست بە تاوانێک دەکەن، لەبەرئەوە نەبوونی خۆیان بە چاوی خۆیان دەبینن، تاکە تاوانی نالیش لێرەدا ئەوەیە، کە نەبووەتە جێی رەزامەندی یار!

"ئێستەش مەکانی ئاسکەیە کانیی ئاسکان

یاخۆ بووە بە مەلعەبەیی گورگ و لوورەلوور"

(مودەریس، ١٣٩٦، ١٥١)

نالی بەدرێژایی ئەم قەسیدەیە، نیگەرانییەکی قووڵی لە دەروونیدا هەڵگرتووە، بەرامبەر بارودۆخی ناوخۆی شاری سلێمانی کە پایتەختی ئەمارەتی بابان بووەو جێی شۆڕەسوارو پیاوی ئازاو کیژی شۆخ و نازدار بووە، دەپرسێ ئاخۆ (کانیی ئاسکان) ئێستاش بەهای خۆی ماوە یان ئەم بەهایەی ونکردووە؟ کاتێک کیژانی شۆخ دەچوونە سەر کانیی، هەر لەوێشدا مەیدانی رمبازی رێکدەخراو...تاد، ئایا ئێستا بەمجۆرە ماوە یان بووەتە گاڵتەجاڕیی و گورگە عوسمانلییەکان تێیدا دەلووڕێنن ؟! نیگەرانی نالی لەمەڕ بارودۆخی نیشتمانە بە گشتی و سلێمانییە بە تایبەتی، نازانێ ئاخۆ ئەوەیانە یان ئەمەیان! چونکە دەپرسێ، بۆ شتێک کە وەڵامەکەی دەست نەکەوتووە هێشتا! بۆیە ئەمەش دیوێکی دیکەی نیگەرانییەکانی نالی یە، وەکو مرۆڤ کە خەمی قەوارەی خۆیەتی و نیشتیمانیشی بە بەشێک لەخۆی داناوە. لەبەرئەوە، پرسیاری لە بوونی وەها حاڵەتێک کردووە، چونکە ئەو ئەمەی بە نەبوونی خۆی زانیوەو ویستوویەتی بگەڕێ و بپرسێ بەشوێن هەواڵێکی دڵخۆشکەردا. نالی بەهۆی جێهێشتنی نیشتمان، هەستی بە تاوان کردووە، ئەمەش هەمیشە نیگەرانی کردووەو بە کەسێکی نەبوو خۆی بینیووەو هەوڵی داوە بۆ شاردنەوەی ئەم کەمییانەی لەبوونیدا بوون، ڕێگای خۆ تەواوکردن بگرێتەبەر.

"لە شەرحی هەیئەتی مەتنی بەدەن کە هەر جوزئی
سەقیمە، عاجزە تەسحیح و رابیتی تەدبیر"

(مودەریس، ١٣٩٦، ١٧١)

بە پێی ئەو لێکدانەوەیەی لە دیوانەکەدا بۆ ئەم دێڕە شیعرە کراوە، نالی ویستوویەتی خۆی وەکو کتێبێکی پڕ هەڵەو کەم و کورتی باسکردووەو هەروەها ویستوویەتی خۆی وەک کەسێکی نەخۆش و بێ چارە دەربخات، کە بە هیچ کلۆجێک ناتوانرێ لەم گەرداوە دەربهێنرێ! ئازار زۆریی بۆ هێناوەو بێ ئومێدی کردووە. هێندە بێزارو نیگەرانە، کە پێیوایە هەرگیز هیچ شتێک نایخاتەوە سەر ڕێچکەکەی جارانی، کە کەسێکی پتەوو بوێرو ساغ وسەلیم بووە، نیگەرانی بیرکردنەوەی تەنیوەو ڕۆشنایی لە بیرکردنەوەی بەدی ناکرێ. بە تەواوی بوونی خۆی داوەتە دەست نەبوون.

"بە هاوین جەستە خەستەی دەردی گەرمام
بە زستان دڵ شکستەی بەردی سەرمام
لە هێلانەی زەمیندا وەک شتور مورغ
منی قودس ئاشیان بێ باڵ و پەڕ مام "

(مودەریس، ١٣٩٦، ٢١٢)

ئەم دوو دێڕەی لەم غەزەلەی نالی دا وەکو نموونەی نیگەرانی باسدەکرێن، کە ماناکانی زۆر لەیەکەوە نزیکن و هەردوو دێڕەکە بێ دادی و نیگەرانی بەرامبەر بەبێ دەسەڵاتی و نەبوونی نالی دەردەخەن. نەبوونی کات و شوێنی پێویست، بۆ هێنانەدی مەرام و پەیامە مرۆڤایەتییەکانی، هەروەها بێ دەسەڵاتیی و بێ دەربەستی و بێ خەمی دەوروبەرەکەی کە پێزانینیان نەبووە بۆی، وایکردووە، نەتوانێ بە پێی ئەو تواناو لێهاتووییەی هەیەتی، پێگەیەکی لواوو شایستە بەخۆی هەبێ. بۆیە نالی، لەکاتێکدا چاوەڕێی ژیانێکی شاهانە هاوتەرازی کردووە بە پێگەو داناییەکەی، کەچی لەبەرامبەردا، دەڵێ( منی قودس ئاشیان بێ باڵ و پەڕ مام). واتە نەبوونی خۆی ئاشکراکردووەو دانی پێدا ناوە، لەکاتێکدا چاوەڕێی بوونێکی پڕی کردووە، لەبەرامبەردا پێچەوانەکەی ڕوویداوە. لێرەدا نەبوونی نالی بەسەر بوونیدا باڵا دەرکەتووە.

"گەر دەپرسی من لەبەرچی کەم دەخۆم

من بە برسی قەت مەزانە غەم دەخۆم"

(مودەریس، ١٣٩٦، ٢٤١)

ژیانی نالی وەکو لەم دێڕەدا تیشکی خراوەتەسەرو باسی کردووە، خەم و ناسۆری زۆری چەشتووە لەپێناویدا. لە لێکدانەوەو خوێندنەوەی دیوانەکەدا ئاماژە بە غەمخواری نالی دراوە، لەپای نەبوونی هوشیاریی و راستگۆیی و نا بەرابەری و ناهاوسەنگیی و زۆری تریش لەو کێشە ژیارییانەی نالی تووڕەکەی غەمی لێ پڕ کردوون و داویەتی بە شانی داو ڕۆژانە و ژەم بە ژەم خۆراکی بووە. ئەو لە ڕێگەی غومخوارییەوە پێماندەڵێ، من کەسێکم هەم، لەوەدا بوونی خۆی دۆزیوەتەوە، کاتێک لێیدەپرسن بۆچی کەم دەخۆی؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە، بە بەرامبەری گوتووە، کە ئەو لەبەر بێ نانی نییە، بەڵکو لەبەر غەمخوارییە، کە هەمیشە تێرم. کەسێک ویژدانی زیندوو بێ، دیارە هەمیشە هەست بە کەم و کوڕیەکان دەکات، ئەمە بوونی خۆی تێدا دەبینێتەوە، کاتێکیش ئاراستەی کارەکانی لەدەست خۆیدا نەبن و نەتوانێ کار بۆ بەدیهێنانیان بکات، ئەوا دوچاری نیگەرانیی دەبێت و نەبوونی خۆی دێتەبەرچاو، بەرامبەر هەر کارو بڕیارێک کە پێویست بێ ئەنجامی بدات یان بەدی بهێنی. کەوابێ نالی لەهەوڵدا بووە، ڕێگری لە نەبوون بکات و هێزی بوونی کاراتر کردووە..

"هەرچەندە گوناهی دەمەکەت بارە لەسەر لێو

حەددی چییە(نالی) کە بڵێ ماچە کەفارەت"

(مودەریس، ١٣٩٦، ١١٧)

لێکدانەوەکانی بۆ ئەم دێڕە شیعرە کراون لە دیوانەکەدا، تێکڕایان نالی وەکو کەسێکی هەستکردوو بە بەرپرسیارێتی لە قەڵەم دەدەن، چونکە کاتێک مرۆڤ خەتایەک لەرێی زمانەوە دەکات، ئەوا لە لێوەکانیەوە دێنەدەرو دەبیستریێن، بۆیە ئەم خەتایە وەکو باری سەر لێو دەمێنێتەوە. کاتێکیش قسە دێتەسەر ئەوەی مرۆڤ(یار) چۆن باجی ئەم خەتایە بدات، نالی لەوپەڕی متمانە بەخۆبوون و هەستکردنی بە بەرپرسیارێتی، رایدەگەیەنێت، کە ئەو نالی نییە داوای باجدانت لێ بکات، لەبەرامبەر ئەو گوناهەی کردووتە، بەڵکو دەستبەرداری ئەم حوکم و چێژوەرگرتن و سزادانەی یار دەبێت و یار ئازاد دەکات. ئەمەش راگەیاندنی بوونە لای نالی، چونکە مرۆڤی بوونگەر هەستکردن بە بەرپرسیارێتی بەرامبەر بەو کارەی پێویستە بیکات و ئازایی و ئاگایی خودی لەبەرامبەریدا، بە جەختکردنەوە لە بوونی خۆی، لەقەڵەمی دەدات، بۆیە نالی رایگەیاندووە، کە ئاستی خۆی بۆ چێژێکی کاتیی دانابەزێنی، تا بوونی خۆی لەدەست نەدات.

"واسیل بکە عەبیری سەلامم بە حوجرەکەم
چی ماوە چی نەماوە لە هەیوان و تاق و ژوور"

(مودەریس، ١٣٩٦، ١٥٨)

مانای ئەم دێڕە روون و ئاشکرایە، کاتێک نالی فەقێ بووەو لە حوجرەدا خوێندوویەتی، یادو یادەوەرییەکانی بۆ ئەم جێگایە، بۆ دارو دیوارو هەیوان و تاق و ژوورەکەی، سۆزی دڵیان جووڵاندووەو پرسیاری لە بارودۆخیان کردووە. دەربڕینی ئەم خۆشەویستی و سۆزەی نالی، لە لوتکەی هەستکردنیدایە بە بەرپرسیارێتی، چونکە نالی ئەم حوجرەیەی بە شوێنێکی نزیک لە دڵ و دەروونی خۆی وێناکردووەو هەروا ئاسان نەبووە بۆی بتوانێ دەسبەرداری یادەوەرییەکانی بێت، بۆیە کاتێک هەواڵی ئەم شوێنەی لە (سالم)ی شاعیر پرسیوە، مەیلی بۆ ئەو حوجرەیە هەرماوەو، وەکو شتێکی بەنرخ و بەهادار پرسیاری کردووە، ئەم جۆرە خەمخوارییەش دەچێتە هەستکردن بە بەرپرسیارێتی، چونکە مرۆڤێک هوشیاری ئەوەی هەبێت و بزانێت قۆناغەکانی تەمەنی چۆن بەڕێکردووەو لەکوێ و لەگەڵ کێ دا بوون، ئەوا، هەڵبەت بوونی خۆی لەو هەنگاوو قۆناغانەدا بینیوەتەوە. بۆیە کاتێک نالی باسی ئەم حوجرەیە کردووە، وەکو بەشێک لە پێکهاتەی بوونی خۆی سەیریکردووەو بەشێک بووە لە ئەو. پرسیارکردنی لە وێسگەیەکی ژیانی خۆی، کە گرنگ بووە لە لای، نالی

وەکو کەسێکی بەرپرسیارو بە ئەمەک لە بەرامبەریدا، دەستنیشان دەکات، ئەم سیفەتەش لە کەسێکی وەکو نالی دا، ڕاگەیاندنی ڕەسەنایەتی و بەرپرسیارێتیین و لەوێوە، نالی بەرەو بوونگەری ڕۆیشتووە، کاتێک ئەم هەڵوێستەی نواندووە. لەلایەکی ترەوە، نالی چاوەڕوانی وەڵام بووە، بەڵام پێناچێ، وەڵامەکەی دڵخۆشکەر بووبێ! ئەمە نالی دوچاری هەستکردن بە نەبوونی کردووە. بۆیە لێرەدا، دەکرێ بڵێین نالی خەم و نیگەرانییەکانی بۆ ئەم شوێنە دێرینەی خۆی، گەڕانێک بووە بە شوێن خۆیدا، تاوەکو بوونی خۆی پێ تەواو بکات. لەبەر ئەم هۆکارانە بوونێکی پڕو تەواوی نییە، لێرەدا.

"وەک مـــاه و ستارەت کـە ببێ مەیـلی هــەڵاتن

سەرکردەیی ڕۆژ ڕەهرەوی شەو ڕەهزەنی خەو بە"

(مودەریس، ١٣٩٦، ٣٢٣)

پێشتر باسی ئەو لایەنە شیعرییەی نالی کراوە، کە نالی کەسێکی تەوسیەکار بووەو تەنها هەر شاعیرێکی ئاسایی نەبووە، ئەم دێڕە شیعرە بەڵگەی ئەوەمان پێ دەدات. لێرەدا، نالی بەگشتی و بەتایبەت باسی کەس ناکات، بەڵکو خەمی ئەو بۆ ڕێنوێنی کردن، چاوکرانەوەی خەڵک بووەو هەبوونی دیدی بابەتیانەی تاکی بە گرنگ زانیوە لە هەمبەر پرس و گوفتارو هەڵوێستی دروستتدا. بە بەڵگەوە ڕێککەوتین لەسەر ئەوەی نالی مرۆڤێک بووە خاوەن ڕەسەن بووە، مرۆڤی ڕەسەنیش، بە خۆ زرنگ کردنی خودی خۆی بە تەنها دانامەزرێ، بەڵکو دوورتر دەڕوا لە خۆی و ئەوەی دەسەڵاتی هەبێ و نەبێ بەسەریدا، ئەو پەیامی خۆیان پێ دەدات. لەم دێڕەدا، شاعیر ڕێگاکانی سەرکەوتن و درەوشانەوەمان پێ دەناسێنێ، وانەی ئەوەمان پێ دەڵی، چۆن کات ببڕین پێش ئەوەی بمانبڕیت، شەوو ڕۆژ بخەینەسەر یەک، تاوەکو بەدیهێنانی ئومێدەکان. بەم شێوەیە گەر مەیلی هەڵاتنت هەبێ وەک مانگ و ئەستێرە، ئەوا پێویستە ئەو ڕێگایە بگریتەبەرو وریابیت. نالی لە ڕێگای شیعرەوە ئەوەی دووپاتکردۆتەوە، کە مرۆڤی وریاو دروست ئەوانەن بیربکەنەوەو هەوڵبدەن بە لۆژیکی بوونی خۆیان بسەلمێنن، بەومانایەی کەس نەبێ بە پاشکۆی کەس و خود هوشیاربێ و خۆی بڕیار لەبارەی خۆیەوە بدات، بەمجۆرە، ڕێگای گەیشتنی بەو کەماڵەی پێویستیەتی بۆ نزیک دەبێتەوەو ئەمەش دواجار بەرەو بوونێکی ڕەسەنی دەبات و سارتەر وتەنی، دەبێتە خاوەن بوونێکی لەخۆدا هەبوو. ئەمە ماکی بوونگەرایییە.

بەوپێیەی نالی سروشتێکی ڕەسەن و خاوەن بوونێکی تەواوکۆ بووە لەخۆیدا، ویستوویەتی بەرامبەریش لەوە تێبگەیەنێ، کە ئاسۆکانی

پێگەیشتن ئەم جۆرە ڕێکردنەی گەرەکەو بە پێچەوانەوە، مرۆڤێک نابی بوونت ببێ و ببیتە جێی سەرنجی ئەوانی دی. ئەوەش ڕەت ناکرێتەوە، کە نالی لە قۆناغێک لە قۆناغەکانی ژیانیدا ئەو بوونەی نەبووە، بەڵکو لەپێناو ئەو بوونەیدا شەڕی قەدەری کردووە، تا پێی گەیشتووە. واتە هەمیشە جەدەلی نێوخۆیی لەئارادا هەبووە، بۆ بەلاداخستنی بوون و نەبوونی نێو خودی نالی.

"میهری بێ میهری ڕوخت گیراوە

لەمنی سایە سیفەت چوو بە عەبەس "

(مودەریس، ١٣٩٦، ١٢٤)

لەم دێڕەدا نالی خۆی و خۆشەویست و بەدکارەکەیانی لە خولگەیەکی گەردوونیدا داناوەو، خۆی وەک گۆی زەوی و ڕووی یار وەکو خۆرو بەدکاریش لە چەشنی مانگدا دەرخستووە! شاعیر بوونی خۆی وەکو سایەو سێبەری ڕووی یار وێنا کردووە، کاتێک مانگ لەنێوان زەوی و خۆردا دەبێ و سێبەری مانگ دەکەوێتە سەر زەوی، خۆر لەسەر زەوی نابینرێت (خۆر گیران). نالیش ئەم دیمەنەی لە فەنتازیای خۆیدا بە دیارنەمانی ڕووی یارو بوونی خۆی لەم نێوانەدا، وەک تەنها سێبەرێک داناوە. کەواتە نالی لێرەدا، خۆی نییە، بەڵکو سێبەری خۆیەتی، ئەم وێناکردنەشی لە هەستکردنی بە کەمییەکانی خۆیەوە سەرچاوەی گرتووە، بۆیە هەوڵی داوە ببێت بە خۆی و لە کەسی دی نەچێت، لەبەرئەوە بە شوێن تەواوکردنی خۆیدا گەڕاوە.

لە چەندین دێڕە شیعردا نالی، خۆی ستاییشی خۆی کردووەو بوونی خۆی لەوەدا سەلماندووە کە بوونێکی ڕەسەنی هەبووەو لەهەمان کاتیشدا، بوونی لەخۆیدای ئەو، وایکردووە سێبەری کەس نەبێ. لێرەدا جەدەلێکی ئاشکرا دێتە پێشەوە، لە نێوان ئەو بوونەی لەم دێڕەدا هەیەتی و ئەو بوونەی لە چەندین غەزەل وقەسیدەی دیکەدا گوزارشی لێ کردووە کە بوونێکی ڕەسەن و ئازادو سەبەخۆ لەخۆداو پڕو تەواوکۆ بووە، نموونەی ( تەبعی شەککر باری من...، نالی ئەو غەزەلەی تازەت وتوە...، نالی ئەمڕۆ حاکمی سێ موڵکە...تاد).

" گریانی من و خەندەیی تۆ ئێستە دەشوبهێن

بەو مەسیمی بارانە کەوا خونچە دەپشکووت "

(مودەریس، ١٣٩٦، ١٢٢)

گریان و خەندە دوو حاڵەتی مرۆڤن، تیایدا هەڵچوونە دەروونییە خۆش و ناخۆشەکانی، وەردەگێڕێتە سەر زمانێکی دی، ئەویش خەندەو گریانە. گریان لێرەدا بۆ کەمییە لە خۆدا، نالی بێ دەسەڵات و کەساس و

قەلەندەر، لەبەر بێ دەسەڵاتی خۆی دەگری، لەبەرامبەردا یار بەم گریانە، پێدەکەنێ. ئەم کارەی یار بە دووریی لە نالییەوەو گوێنەدان پێی، کاردانەوەی ئەوەی لێ کەوتۆتەوە کە بگریەت، گریانیش لێرە مانای کەمییە، دواجار خۆشەویستی نالی بۆ یارەکەی کەمییەکی لە بوونی نالییدا دروستکردووەو دەیەوێ بە گەیشتن بە یار پڕیبکاتەوە." کەمی واتە نەبوونی جەوهەرێکی پڕ، محەمەد کەمال ئەم کەمییە لە مرۆڤدا بە سەرچاوەی داهێنان و ناوەرۆک بەخشین بە بوونمان دەناسێنێت؛ چونکە مرۆڤ بێ ناوەرۆکەو هەوڵی تەواوکۆیی دەدات" (عوسمان، ٢٠١٧، ٧٤). نالی بە دیوێکی دیکەدا موخاتەبەی یارەکەی کردووەو لەڕێی خەیاڵ و فەنتازیای خۆیەوە بە یاری گوتووە، هەردووکمان وەکو یەک هاوسەنگییمان ڕاگرتووەو بۆیەک و بەیەکەوەین، نالی هەوڵیداوە، داردەست و زمان و هەڵوێستی نالی لە گوتارە شیعرییەکانیدا بەرجەستە بکات، بەومانایەی ئەگەر لە جیهانی ریاڵیشدا، بە ئاواتەکانی نەگات خۆ دەتوانێ لە جیهانە خەیاڵییەکەیدا بەرجەستەیان بکات، وەکو ئەمەی لێرەدا ڕوویداوە، لە واقیعدا هیچ لەیەک نزیکبوونەوە لە نێوان نالی و یارەکەیدا ڕووینەداوە، کەچی نالی بانگەشەی ئەوەی کردووە، کە ئەوەتا لە سروشتداو لەڕێی خەیاڵەوە پێت گەیشتووم و یەکمان گرتووە! بۆیە نالی لە ڕاستیدا وەکو بوونی کەمییەک لەخۆیدا، گریاوەو نەیتوانیوە بوونی خۆی ڕابگەیەنێ، بەڵام لەڕێگەی خەیاڵەوەو لە دیمەن و وێنە شیعرییەکەدا، ئەم گریانەی وەکو فریادرەسی دڵداریی نێوانیان داناوەو، لەوێدا بوونی خۆی سەلماندووە، کەواتە بوون و نەبوونی لەیەک سات وشوێندا داناوە بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگی ئەو جەدەلەی نێوان بوون و نەبوونی خۆی!

"عەجەب ماوم لە جەرگت ئەی دڵەی غافڵ کە موددێکە
لەسەر ئەم ئاگرەم داناوی، هێشتا هەر نەبرژاوی"

(مودەریس، ١٣٩٦، ٥٦٦)

لە دیوانەکەدا ئەم دێڕە بەمجۆرە لێکدراوەتەوە، کە نالی لەگەڵ دڵیدا قسەدەکات و پێی دەڵێ، کە چۆن دوای ئەم هەموو کار لەسەرکردن و فێرکاریی و ئەزموونکارییەی لەگەڵ تۆدا ئەنجامم دا، هێشتا تۆ هیچ فێرنەبوویت و ئەزموونت پەیدا نەکردووە! بەم پێیە بێ، کاتێک نالی لەگەڵ خۆیدا دەدوێ و قسە لەگەڵ ئەندامێکی خۆیدا دەکات، کە دڵییەتی، بەکەم سەیری دەکات، هەروەها بەبێ ئەزموون و نەزانی دادەنێت، چونکە سەرباری تاڵیی و سوێری ژیان هیچ گۆڕانێکی بەسەردا نەهاتووەو هەر پڕە لە کەم و کوڕیی، لێرەدا نالی نیگەران دەرکەوتووە،

سەرەڕای ئەوە هەست بەکەمی لەخۆیدا دەکات، چەندیش ویستبێتی ئەم کەمییە نەهێڵێت، دڵی هاوئاهەنگی نەبووە، بۆیە لەم قاڵبەی خۆیدا ماوەتەوەو وەکو نەبوویەک باسی خۆی کردووە.

"لە (دار العلم) ی تەحسیلی مەعاریف

وەکوو (نالی) جەهوول و بێ خەبەر مام" (مودەریس، ١٣٩٦، ٢١١)

لەم دێڕەدا، بەپێی لێکدانەوەی دیوانەکە بێت، هەستی خۆ بەکەمزانی وای لە نالی کردووە کە خۆی بە نەزان و بێ خەبەر دابنێت. کەواتە، لێرەدا نالی کەمییەکی لە بوونی خۆیدا شک بردووەو ویستوویەتی رایبگەیەنێ کە کەسێکی هیچ لەباراندا نەبووەو ناتوانێ وەکو کەسێکی کارا رۆڵی ببێ. ئەمەش لەهەمان کاتتدا ئەو بوونەی مرۆڤ دەگەیەنێ کە هەوڵدەدات بوونێک بۆ خۆی دروست بکات و نەبوونیەکەی رەت بکاتەوە. لەم دێڕەدا دەرکەوتووە کە نالی سەرباری هەوڵەکانی بەمجۆرەیە، کەواتە هەوڵیداوە، ئەم کەمییەی نەبێ لە بوونیدا، بەڵام دواجار گەیشتۆتە ئەم راستییەو رایگەیاندووە، کە ئەمە دیوی راستی نالییە! کە بوونێکی لەمجۆرەی هەیەو خۆی وەک نەبوو داناوە. بۆیە لەم کێشمەکێش و جەدەلەی بوون و نەبوونەی دا، نەبوونی خۆی وەکو حەقیقەت راگەیاندووە.

"هەر لەحزە دەڵێم من سەگی دەرگام و رەقیبیش

دێتە سەرو چاوم کە منیش سەگ مەگەسێکم"

(مودەریس، ١٣٩٦، ٢٣٢)

بەپێی لێکدانەوەی دیوانەکە، شاعیر لەم دێڕەدا، خۆی بەسەگی بەر دەرگای یار زانیوە، لەبەرامبەردا بەدکاری بە مێشە سەگانە ناوزەد کردووە. چەندە هەوڵی دابێ یار ببینێ، ئەم مێشە سەگانەیە بەری پێ گرتووەو نەیهێشتووە بە دیدەنی یار شاد بێ. نالی هەستی خۆ بەکەمزانی لە ئاست یاردا بە سەلماندنی خۆی داناوە، بەڵام ئەمە وای لە نالی کردووە، هەنگاو بۆ تەواوکاریی خۆی بنێت. بەدکار دوچاری نیگەرانیی و ئازاری کردووە، ئازادییەکانی لێ زەوت کردووە، چونکە ئەو (بەدکار)چێژی لە ئازادی خۆی وەرگرتووەو ئازادی نالی زەوتکردووە. نالیش کەسێک بووە بە ئازادی خۆی، خۆی کردووە بە کۆیلەی یارو چێژی لەم بوونەی خۆی وەرگرتووە، وەک چۆن هایدیگەر باسی ئازادیەکانی مرۆڤی کردووەو " بە مافی هەرتاکێکی زانیوە، کەوا بۆ سەلماندنی بوونی خۆی لە جیهاندا مافی ئەوەی هەیە بە ئازادی گوزارشت لە بیروڕاکانی خۆی بکات" (حەوێزی، ٢٠١٩، ١٨٠). کەوابێ لێرەدا نالی نیگەرانی ئازادییە، کە بووەتە هۆی ئەوەی خۆی بە نەبوو

دابنیَ، بۆیە لەم دێڕە شیعرەدا، نالی بەڵگەی ئەوەی خستووینەتە بەردەست کە نەیتوانیوە بوونی خۆی بسەلمێنێت، لەبەر نەبوونی ئازادی.

" (نالی)عەجەب بە قووەتی حیکمەت ئەدا دەکا

مەعنایی زۆرو گەورە بە لەفزی کەم و بچووک"

(مودەریس، ١٣٩٦، ٢١١)

لەم دێڕە شیعرەیدا، لە ستاییشی خۆیدا، وزەو توانایی لە دەربڕیندا، دەخاتەڕوو، هەروەها بەهۆی ئەو حیکمەت و فەلسەفەیەی لە دەربڕینەکانیدا هەبوون، توانیویەتی مانا گەورەکان بە کەمترین وشە دەرببڕێت، ئەمەش خۆی لەخۆیدا هونەری فەلسەفەیە! واتە نالی لێرەدا بوونێکی کامڵی خۆی بە ئێمە ئاشنا کردووە، ئەم بوونەش لای سارتر بوونە لەخۆدا، واتە خۆی بوونێکی تەواوو پڕی هەیە، جەوهەری بوونی نالی تێدا بەیانکراوە.

"شێخی و سەراپا دەڵەک و ڕێوی دەپۆشیی

(نالی)م بەرووتیی لە هەموو دیدە دەپۆشم"

(مودەریس، ١٣٩٦، ٢٣٠)

لە دیوانەکەدا بەمجۆرە خوێندنەوەی بۆکراوە، کە کەسایەتی نالی بە هەموو کەم و کوڕییەکییەوە، توانیویەتی رووی ڕاستەقینەی ئەو بیَ، هەرچی شێخەکانیشن، کە دەبیَ بە کەم قەناعەتیان بیَ و ڕازی بن، کەچی بە پێچەوانەوە، ، جگە لەوەی لە وێنەی دەڵەک و ڕێویدا وێنای کردوون نەیانتوانیوە ببن بە هیچی دی و خەڵکیان هەڵخەڵەتاندووە. کەوابیَ، نالی لێرە بوونی تەواوی خۆی باسکردووەو لەگەڵ کەم و کوڕییەکانیشیدا، ویستوویەتی بە دەوروبەرەکەی بڵیَ، کە لەگەڵ خۆیدا تەبایەو توانیویەتی خۆی تەواو بکات و بوونێکی سەربەخۆو ئازادی هەبێت. بەڵام نیگەرانییەکانی لە بەرامبەر شێخەکان وایکردووە، بوونییان لە جۆرە بوونێکی دیدا رابگەیەنیَ، بەومانایەی، ئەو بوونەی ئەوان، بوون بووە بۆ ئەوی دی، نەک بۆ خۆی، بەڵام نالی بوون بووە بۆ خۆی و لەخۆیدا بوونی هەبووە. لە هەموو بارێکدا، ئەمە وەها دەخوێندرێتەوە، کە نالی ئەم بوونەی خۆی لەبەرامبەر ئەوانی دیدا، بە باڵاتر زانیوە، ئەمەش مانای وایە، بوونی نالی رەسەنتربووە لەوانی دی کە ناڕەسەن بوون. نەبوونی پیَ باشتربووە لەوەی ئەم بوونەی ببیَ.

"خۆشا رەندیَ لە دنیا بیَ موبالات و موجەررەد بیَ

"بە رۆژ زیندەی جەماعەت بیَ بەشەو مات و موجەرەرەد بیَ

(مودەریس، ١٣٩٦، ٥٢٤)

لەم لێکدانەوەیەی لە دیوانەکەدا بۆ ئەم دێڕە شیعرە کراوە، باسی ئەوە کراوە، کە نالی بەلایەوە گرنگ بووە، وەکو کەسێکی بێ موبالات دەربکەوێت و هیچی بەلاوە هیچ نەبێ، لەرۆژدا خەڵکی رازی بکاو بەشەویش خۆی و خوای خۆی. ئەمەش بوونە بۆ ئەوی دی و بوونە بۆ خۆ، چونکە کاتێک نالی باسی ئەوەیکردووە بەرۆژ لە خزمەتی خەڵکدا بێ، مانای ئەوە دەگەیەنێ، کە لە رۆژدا بوونی ئەو بۆ ئەوی دی بووە. لە شەویشدا، رامان و بیرکردنەوەو لێکدانەوەو قووڵبوونەوەکانی خۆی بۆ خۆی و لەگەڵ خۆیدا بووە، بۆیە ئەمەش بوونێک بۆ خۆی و هەوڵی تەواوکاریی و پڕکردنەوەی کەلێنەکانی ناو بوونی خۆی داوە. بۆ ئەوەی خۆی لە نەبوون بپارێزێ و خۆی بسەلمێنێ کە بوونێکی سەربەخۆی هەیە سەرباری کەمییەکانی.

"بۆ تۆ کە بیکرو تازە، وەکو حۆریی جەننەتی

قەیدی چییە عەجوزەیی دونیا بدەم تەڵاق؟!"

(مودەریس، ١٣٩٦، ٢٠٢)

نالی لەم دێڕە شیعرەدا، حەزو خولیای بۆ کچێکی تازە پێگەیشتوو، گەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە دەیەوێ دونیای بۆ فەرامۆش بکات و هەموو دونیا بخاتە لایەک، ئەمیش لەلایەک دابنێ. ئەگەر بڕوانینە هەڵوێستی نالی دەبینی، وەکو کەسێکی یاخی دەرکەوتووەو دونیای بە هەموو شتێکییەوە رەتکردۆتەوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ، کە نالی ئەمجۆرە بوونەی خۆی لە بۆشاییدا راگەیاندووە، مەبەست لێرەدا ئەوەیە، نالی لە تواناو هێزی بەرگەگرتنی خۆی رادەبینێ، بەبێ دونیا بژی، لە کاتێکدا بەم حۆرییە شادبێت، کە لە چەشنی حۆری بەهەشتدایە. کەسی یاخی، رەتکەرەوەی واقیعی سەپاوەو لەو رێیەوە ویستی هەیە جارێکی دی بە دەستی خۆی بوونی خۆی دەستنیشان بکات. ئەمە ئەو دیوە بوونگەراییەی نالییە، کە هەمیشە لەپێناو بوونێکی تەواوو سەربەخۆو بوون بۆ خۆی خۆیدا، وێنای شیعری بێ وێنەو ناوازەی پێشکەش کردووین، کە زۆر ئەستەمە بتوانری پەی بە هەموویان ببرێ.

## ٣-٤: فەلسەفەی بوون ونەبوون لەشیعری ئیسلامگەراییانەی نالیدا

فەلسەفە بە گشتی چ کلاسیک یان نوێ و هاوچەرخیشی لەگەڵدا بێت، لەرێگەی وەرگێڕانەوە هاتۆتە نێو شارستانیەتی ئیسلامەوە، بە مەبەستی دروستکردنی رایەڵی پەیوەندی لە نێوان ئایین و فەلسەفە، ئەم کارەیان کردووە، بەڵام لە ئەنجامدا هەندێک بۆیان دەرکەوتووە کە

هەریەک لە ئایین و لە فەلسەفە ڕێچکەی خۆیان گرتووەو هاوتەریبن بە یەکتری. ئەوانەشی ویستوویانە ئەم دوو کایە لەیەکدی نزیکبکەنەوەو بەیەکتریان ئاشنا بکەن، هەروەکو لە سەدەکانی ناوەراستدا لەگەڵ مەسیحییەتدا کرا. ئەنجام ئەوانەی لەو ڕێگایەدا هەوڵیاندابێت، بە کافرو زەندیقیان ئەژمار کردوون و لەناوبراون. ئەوانەشی کە بەردەوام بوون لەم مەیدانەداو بەڵگەو ئارگۆمێنتیان پێشکەشکردووەو هێرمۆنیتیکاو لێکدانەوەیان بۆ پرس و بابەتە فەلسەفیەکان و لەنێویشیاندا فەلسەفەی بوون کردووە، بەڵگەو گەواهیدەرن کە ژیانی خۆیان بە شێوەیەکی تراژیدی لەدەستداوە. بێ گومان نالی، لەرێگەی بەدواداچوون و خوێندنەوەی بۆ ئەو بابەتە فەلسەفیانە کەوتۆتە ژێر کاریگەریی هەندێک و پێچەوانەی هەندێکی دی بووە، ئەوەش وەکو مرۆڤ کە تێڕوانین و دیدگایەکی سەربەخۆی هەبووە، ئاساییە. بەڵام وەکو شاعیر! کارێکی کردووە سەری لە دەوروبەرو بەرامبەرەکەی شێواندووەو جەدەلێکی نەبڕاوەو بەردەوامی جێ هێشتووە. نالی دەستی بۆ پرسە یاساغەکانی نێو ئایین بردووە، هەروەها کاری لە میتافیزیک و دۆگمای ئایینیشدا کردووە، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە پێچەوانەکەی بیرچووبێ، بەڵکو لە ئایینیشدا ڕۆچووە.

تەنانەت وەکو ئەوەی هەرێم عوسمان ئاماژەی پێداوە، کە لێکدانەوەی ئەوەیان بۆ نالی کردووە کە کەسێکی سۆفیگەر بووبێ (عوسمان، ٢٠١٧، ١٦)، ئەگەرچی توانیویەتی ئەم جۆرەش لە شیعرنووسین تاقیبکاتەوە، بەڵام نەیویستووە ببێتە مۆرکی ئەدەبیاتە بەرزەکەی و لە چوارچێوەی شێوازی باوی خۆیدا بەردەوام بووەو وەکو فەقیهێک و کەسێکی ئاگا، لە هەمان کاتیشدا دنیایی. لە شیکردنەوەو لێکدانەوەی شیعرەکانی نالی دا، تێدەگەی ئاخۆ نالی لە کام لە فەیلەسووفانی ئیسلامەوە نزیک و لە کامیان دوور، شیعری نووسیوە.

بەمەبەستی سەلماندنی ئەوەی نالی ئاگاداری بیرمەندەکانی جیهانی ئیسلام بووە، دەڕوانینە چەند دێڕە شیعرێک و لەبارەی بوون و نەبوونەوە بە پێی توانای سنووردارمان، نموونەو بەڵگەی شیعری دەهێنینەوە.

## دەقە شیعرییەکان

"لەکن ئەو جەوهەرە فەردە لە هەیوولا نییە باس

لە حیکەم پەروەریی بووعەلی سینا نییە باس

لەدیوانەکەی نالی دا، بەمجۆرە لێکدانەوە بۆ ئەم دێڕە شیعرە کراوە: یار ئەوەندە ناسکە وەک جەوهەری فەردی لێهاتووەو باسی ماددەو هەیوولاو سورەتی لا ناکرێ. مایەی چاکبوونەوەی دەردی دڵدارانیشە، بەرادەیەک حەکیمێکی زانای وەک ئەبوو عەلی سینا باسی- لە عاستی ئەوا- لەئارادا نەماوە" (مودەریس، ١٣٩٦، ٢١١). ئەم دێڕە لە کتێبی ( لێکۆڵینەوەیەک لە شیعرە ئایینی و سۆفیگەری و فەلسەفییەکانی نالی )دا شیکردنەوەی زاراوەکانی بۆ کراوە، بەڵام بەتەواوی زاراوە فەلسەفییەکان لەناو مەتنەکەدا لێک نەدراونەتەوەو باسی ئەوە کراوە کە" ئەو شیعرە لە شیعرە گران و نەکراوەکانی نالییە، هەربۆیە لێکۆڵەرەوانی نالی (دیوان) ناحەق نین، ئەگەر لێکدانەوەکانیان لاواز بێت یا بۆی نەچووبن و پەلەیی پێوە دیاربێت" (مەولود، ٢٠٠٧، ١٢٨). ئەم دێڕە لەم لێکۆڵینەوەی باسکرا، وەکو دێڕێکی فەلسەفی و ئایینی و لەهەمان کاتتدا سۆفیگەری هەژمارکراوە.

نالی لەم دێڕە شیعرەیدا، فەلسەفەو بیرمەندێکی ناو جیهانی ئیسلامی وەکو نموونەی ئەو پەیوەندییە هێناوەتەوە، کە لە سەردەمە جیاجیاکانی فەلسەفەی ئیسلام و لەلایەن (کیندی و فارابی و ئیبن روشدو ئەبو عەلی سیناو سوهرەوەردی ....) بەدی کراوەو هەبووە. لە بەشی یەکەم لە تەوەرەی سێیەمدا باسکراوە، کە هەندێک لەبیریارە موسڵمانەکان لەگەڵ بیری ئەرستۆییدا بوون، هەندێکیش لەگەڵ بنەما فەلسەفیەکانی ئەفلاتووندا بوون، لەبارەی فەلسەفەی بوونەوە. ئەم دێڕەی نالی تەواو لەگەڵ فەلسەفەکەی ئەرستۆدا یەکانگیرە، چونکە باسی ماددەو یەکەی پێکهێنەری ماددە، کە ئەتۆمە( جەوهەری فەرد)و (هەیوولا) بە ماددە دانراوەو هەروەها بوونی (بو عەلی سینا)ی وەکو فەیلەسووف، کە لەگەڵ ئەرستۆدا هاوڕا بووە، لەم نێوەندەدا ناوی هێناوە. ئیبن سینای وەکو فەیلەسووف (حیکەم پەروەر) باسکردووە. نالی باسی هەبوویەکی پێویست و لە هۆکار بەدەرو هەبوویەکی پێویست بە هۆکاری کردووە، کە جەوهەری فەردو ماددەو هەروەها بوعەلی سینایە. واتە لێرەدا، بوون هەتاهەتایی و نەبڕاوەیەو باسی نەبوون لە ئارادا نییە. باسکردنی بوعەلی سیناش وەکو نموونەی ئەم جیهانە ماددیە باسکراوە.

"سۆفیان هاتنە مەجلیس وەرەقی دیدە بشۆن

لەکن ئەو دێمییە وشکانە لە دەریا نییە باس"

(مودەریس، ١٣٩٦، ١٩٠)

وشەی (وەرەق) لێکدانەوەی زۆری بۆکراوە، لە دیوانی نالی و لە کتێبی (لێکۆڵینەوەیەک لە شیعرە ئایینی و سۆفیگەری و فەلسەفییەکانی نالی )دا، باسکراوە، کە ئەو مانایانەی هەیە": ئەو کاغەزەی ئەدرێ بە سەر دەم و چاودا بۆ شاردنەوەی دێو جامە، یان ئیشارەتە بۆ ئەو گەڵای بەهەشتەی کە ئادەم و حەووا پاش گەنم خواردن و عەورەت دەرکەوتنەکەیان لە بەهەشتا عەورەتی خۆیان پێ دائەپۆشێ، کە خوا لە بەهەشتی دەرکردن، ئەویش لەسەر عەورەتیان کەوتە خوارەوە. هەروەها گوتراوە کە دەتوانرێ وەرەق بە (وەریق) بخوێندرێتەوە ،بە مانای پارەی زیو، لە دوای گەڕانێکی زۆر واتایەکی تر گونجێنراوە لەگەڵیدا، کە ئەویش ئەو خوێنەیە کە بە تۆپەڵ لە برینەکان دادەوەرێن" (مەولود، ٢٠٠٧، ١٣٦).

گەر لە گۆشە نیگای فارابی یەوە تەماشی بوونی ئەم دیمەنە بکرێ، کە پێمانوایە گونجاوترینە، دەردەکەوێت: نالی بوونی (سۆفی) بە بوونێکی نەشیاو داناوە کە دەکرێ نەبێ و پێویستیی لەبوونیدا نییە، هەروەها (دەریا) ش وەکو بوونی شیاو، بەهەمان شێوە کە پێویستی بەهۆکارە بۆ بوونی و چەندین جۆری هەیەو لە چەندین شوێندا هەیە.

دەکرێ بەم شێوەیە بڵێین، کاتێک سۆفیان بە برین و خوێنەوە دێنە نێو کۆڕی زیکرەوە، تاوەکو ئەو برینە پاکبکەنەوە، ئاگادارنین لەوەی کە ئەگەر خۆشەویستی خودایان بەدەست بهێناباو داوایان کردبوایە، ئەم خۆشویستنەی خودا، کە وەکو دەریا وایە بیانشواتەوە، واتە ئەوان بێ خەبەرن لەوەی کە ئەوەی ئەوان دەیکەن، تەنها مەگەر بە لوتفی خوا لاچێت ، ئەگەرنا لێ خۆشبوونیان باس نەکراوە! بەمانایەکی دی، ئەگەر ئەم سۆفیانە خۆشەویستی خوا بەدەست نەهێنن، وەک نەبوو وان، کەواتە بوونیان شیاوو پێویست نییە، لەبەرامبەردا، بوونی خودا پێویستە(واجب الوجود)ە.

"نەزمی (نالی) میسلی ئاوو ئاوێنە رەنگی نییە
دوورووە بۆ سەیری خەتەر یەک خەفیی و یەک ئاشکار"
(مودەریس، ١٣٩٦، ١٤٠)

بەپێی لێکدانەوەی ناو دیوانەکە بێت نالی شیعری خۆی بە بێ رەنگ و دووبەر باسکردووە، بەرێکیان یان دیوێکیان ئاوە، دیوەکەی تری ئاوێنەیە. کاتێک لە ئاو دەڕوانرێ، وێنەیەکی عەکسی خۆت لە ئاوەکەدا دەبینی، واتە هەم ئاوە هەم ئاوێنە! دیوە راستەقینەییەکەی لە دونیای ریاڵدایەو ماددییەو هەستپێکراوە لەرێگەی هەستەوەرەکانەوە، دیوەکەی دیکەشی بوونێکی ماددی نییە، بەڵکو وەکو خەیاڵە. ئەگەر

تێڕوانینی (کیندی) بۆ ئەم دێڕە هۆنراوەیە بە شێوەیەکی بچووککراوەی واقیع دابنێین، دەبینین نالی هۆکارەو نەزمەکەی بەرکارە، واتە گەر دیوێکی شیعرەکانی نالی دیارو ئاشکرابن، ئەوا دیوەکەی تریان گریَ و گۆلاوی و پەنهان و نا ئاشکران. ئەگەر دیوێکی شیعرەکانی مانای راست و رەوان بدەن بەدەستەوە، دەلالەت دەبیَ بۆ جیهانە ماددیە کەو دیوەکەی دیکەش، خەفی و نائاشکرایەو سەلیقەی پێویستە، تا ئاشکرا دەکرێت، واتە لە شوێنێکی ئاسانەوە پەی پیَ دەبریَ، ئەویش هۆشە، ئەمەش ئەو بوونەیە کە ئەبوسینا ناوی ناوە هەبووی مەحاڵ، واتە" لە ئەندێشە دایەو لەنێو جیهاندا پەیدا نابێت" (کەمال، ٢٠١٩، ٢٥٩) .

دەتوانریَ لێرەدا ئەم دوو دیویەی دێڕە شیعرەکە، بە بوون و نەبوون لێکبدەینەوە، چونکە گەر دیوێکیان ئاشکرابێت مانای وایە بوونێکی هەیە، ئەوەشی دیار نییەو ئاشکرا نییە، دیوە نادیارو نەبووەکەیەتی، بەڵام ئەم دیوە نەبووە خۆی هەیەو دەرناکەویَ!

"ساحێبی (عیلم الکتاب)ە موتریبی هودهود نەفەس

یا سولەیمانە لە (اخوان الصفا) ئاسەف سەفە"

(مودەریس، ١٣٩٦، ٣٧٣)

عەبدوڵڵا خدر مەولود بۆ لێکدانەوەی ئەم دێڕە، هەروەکو لێکدانەوەی ناو دیوانەکە جەختی لەوە کردۆتەوە، ئەبو سلیمان محەمەد کە نازناوی (مەقدەسی) هەبووەو ئەندامی رێکخراوی ئیخوان ولسەفا بووەو لەهەمانکاتتدا، ئەمانە رێکخراوێکی سیاسییان هەبووە، لە بەسرە دامەزراوە. نامەکانی ئەو رێکخراوە، کە لەنێوان ئەندامانی رێکخراوەکەدا ئاڵوگۆڕکراون، بەهایەکی فەلسەفیان هەبووە. (مەولود، ٢٠٠٧، ١٣٩)

نالی لە دونیای ئیسلام دواوەو ئاماژەی بەم نموونانە کردوون، کە لەسەردەم و قۆناغەکانی حوکم و دەسەڵاتی ئیسلامدا لەئارادابوون. ئەوەی لێرەدا گرنگە ئەوەیە، نالی بوونی خۆی وەکو کەسێکی بچووک، بەڵام کاریگەر دادەنیَ، خۆی وەکو هودهودو سولەیمانی ناو رێکخراوی ئیخوانولسەفاو"ئاسەفی کوڕی بەرخیا وەزیری حەزرەتی سولەیمان لەقەڵەمداوە"(مودەریس، ١٣٩٦، ٣٧٣)، واتە بناغەیەکە بۆ پایەبەرزی نالی و گەورەییەکەی. هەروەها باسی یەکسانی نێوان کەسانی باڵاو دەسەڵاتتدارو وەزیرەکانیان دەکات، کە وەکو هاوڕیَ وابوون، نموونە بە ئاسەفی وەزیری سولەیمان پێغەمبەر دێنێتەوە، هەروەها بە سولەیمان پاشای بابان، کە هاوڕێی نالی بووە. لێرەدا ئەم بوونەی نالی بوونێکی ئەگەرییە، واتە هۆکارێکی پێویستە بۆ بوونی و لە ناو کات و شوێن دایە، پێشتر نەبووە، بەڵام ئێستا هەیە ( مەبەست لە شیعرەکەدا)، بیَ

گومان ئەم جۆرە بوونەش لە خۆیدا نییە، بەڵکو دروست بووە. بۆیە نالی ئەم سیفەتانەی دەستخستوون، لەئەنجامی ئەزموون و هەوڵدانی زۆری دا، بەپێچەوانەشەوە، گەر ئەم بوونەی نەبوایە، وەکو ئەم هەبووە کاریگەرە باس نەدەکراو دیوەکەی تری بوون دەبوو، کە نەبوونە!

"لەنووری موعجیزەی تیغی نەما قەت زوڵمەتی شوبهەت

کە رووناکی شەوی میعراجی، رۆژی بەدری بورهان

لە دیوانەکەدا بەمجۆرە لێکدانەوە بۆ ئەم دێڕە شیعرییە کراوە، کە بەهۆی رووناکی موعجیزەی شمشێری پێغەمبەرەوە، تاریکایی گومان، بە هیچ کلۆجێ لە دڵی کەسا نەما! چونکە پێغەمبەر وەنەبێ تەنها هەر موعجیزەی پیشان دابێ، بۆ پشتگرتنی موعجیزەکانی هێزیشی بووە، ئەوەتە بەڵگەی راستیی و رووناکیی شەوی میعراج، بەسەرکەوتنی شەڕی رۆژی (بەدر)دا دیارە، کە ئەسحابەکانی پێغەمبەر بت پەرستەکانی مەککەیان شکاند" (مودەریس، ١٣٩٦، ٤١٩).

لەم دێڕەدا، نالی دووپاتی کردۆتەوە، کە رووناکی بووەتە سەرچاوەو بەڵگەی سەلماندنی ئازایەتی و سەرکەوتنی پێغەمبەری ئیسلام. ئەمجۆرە تێڕوانینە، نزیکمان دەکاتەوە لە تێڕوانینەکانی شەهابوددین سوهرەوەردی، کە بە فەیلەسوفی ئیشراقی ناوبانگی دەرکردووە، کە رووناکی کردووە بە سەرچاوەی بوون، لێرەشدا ئەو رووناکییەی شمشێری پێغەمبەر، وەکو جۆری دووەمی رووناکی رۆڵی هەیە، چونکە رووناکییەکەی لە رووناکی رووناکییەکان( نور الانوار) وەرگیراوەو بە رووناککراو، ناسراوە. رووناکی دووەم کە رووناکی شەوی میعراجە، ئەمەیە رووناکی رووناکییەکان یان رووناکی لە ماتەر بەدەرەو سەرچاوەی بوونە.

نالی وەکو ئیشراقییەک یان سوهرەوەردی ئاسا (شێخی ئیشراق) مامەڵەی کردووە، کاتێک ئەم دێرە شیعرەی نووسیوە. شایانی باسە "بەلای سوهرەوەردییەوە، ئیشراقی راستەقینە ئەو کەسەیە، کە هەم لە حیکمەتی پەیجۆریدا شارەزایەو هەم لە نهێنییەکانی حیکمەتی زەوقیدا. حیکمەتی پەیجۆری واتە (بەحسی) و پشت بە شیکردنەوەو پێکهاتەسازی دەبەستێت و ئەمە بە حیکمەتی فەیلەسووفان ناسراوە. حیکمەتی زەوقی بەرهەمی رەنج وتەقەللای رۆحیە، مرۆڤ ئەزموونی دەکات، بەڵام ناتوانێ گوزارشی لێ بکات، ئەمەیان حیکمەتی ئیشراقیەکانە" (بەرزنجی، ٢٠١٥/١٠/١٩).

لەیەککاتتدا سەلماندنی بوونی رووناکی رەتکردنەوەی بوونی تاریکییە، ئەمەش وتەکەی سوهرەوەری تۆختر دەکاتەوە، کە وتویەتی، "بوون رووناکییەو نەبوون تاریکییە".

" بەو ئاوە خۆت بشۆ لە کودووراتی سەرزەمین

شاد بن بە وەسڵی یەکدی کە تۆی تاهیر ئەو تەهوور"

(مودەریس، ١٣٩٦، ١٤٣).

لەم دێڕە شیعرەدا نالی دوو زاراوەی فیقهی بەکارهێناوە (تاهیر، تەهوور). بە بای خۆش مروور دەڵێ تۆ تاهیری، ئاوی شیوە سووریش تەهوورە. وەکو هۆکارو بەرکار دەردەکەون، ئەمە بیری کیندییە، کە هۆکاری لە بەرکار باڵاتر داناوەو ئەم هەناسەیە یان (با)یە سەرچاوەی بوونی نالییە، چونکە هیواکانی لەسەر ئەو (با)یە هەڵچنیون، تاوەکو بوونی خۆی بپارێزێ و داواکەی بباتەوە بۆ نیشتمان. بە پێچەوانەوە ئەگەر ئەمە روونەدات، بوونی نالی، بەرەو نەمان دەچێت، لە تەوەرەی رەگەزەکانی بووندا ئاماژەمان بە پەیوەندی نێوان خاک و ئاو کردووە، کە بوون دەخەنەوە، لێرەدا ئاوی شیوە سوور کودوراتی سەرزەمین لە بای خۆش مروور دەشواتەوەو لەگەڵیدا یەکدەگرێت و ئەو بوونە پێکدەهێنێ کە نالی خوازیاریەتی.

"یا چەشمەساری خاتری پڕ فەیزی عاریفە

یەنبووعی نوورە دابڕژێنێ لە کێوی توور"

(مودەریس،١٣٩٦، ١٤٥).

بەپێی دێڕەکانی پێشتر نالی باسی ئاوی سەرچناری کردووەو لەم دێڕەداو لە دیوانی نالی دا بەمجۆرە لێکدراوەتەوە؛ یا هیچیان نییە، سەرچاوەی پڕ بەرەکەتی خواناسانە، سەرچاوەی رووناکییە، لە کێوی توورەوە دابڕژێتە خوارەوە. پێشتر ئاماژەمان بە فەلسەفەی سوهروەردی کردوە، سەبارەت بەوەی، کە رووناکی وەکو سەرچاوەی بوون داناوە، رووناکی لەسەر کێوی توور، کە نموونەی دەسەڵات و رووناکی خودایەو وەک رووناکی رووناکییەکانەو لەماتەر بەدەرە، سەرچاوەی ئاوی سەرچناری چواندووە بە سەرچاوەی رۆشنایی و رووناکی. ئەم بوونەی ئاوی سەرچنار، بووەتە سەرچاوە بۆ هەبووەکانی دی، واتە گیان بەبەر هەبووەکانی دیدا دەکات و رووناکییان پێدەبەخشێت. بە دیوێکی تردا، گەر ئەم رووناکییە یان سەرچاوەی رووناکییە لەئارادا نەما، بێگومان تاریکی دروست دەبێت و بەرەو نەبوون دەچێ.

"ئایا مەقامی روخسەتـــە لەم بەینـــە بێمـــەوە

یا مەسڵەحەت تەوەققوفە تا یەومی نەفخی سوور"
(مودەریس،١٣٩٦، ١٦٠).

نالی دەپرسێ گونجاوە بێمەوە، یان بوەستم تا رۆژی دوایی کاتێک ئیسرافیل فوو بە شەیپورەکەیدا دەکات و بانگی رۆژی دوایی لێدەدات؟ باسکردنی رۆژی دوایی وەکو رۆژی کۆتایی ژیان لەسەر زەوی و زیندوو بوونەوەی گیانی مردوانە، وشەی (نەفخی سوور) هێمایە بۆ دەسەڵاتی رەهای خوا وەکو هۆکارو زیندەوەرانیش دەچنە خانەی بەرکارەوە. بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ باسی نەمان دەکات، بەڵام چ جۆرە نەمانێک؟ ئەو نەمانەی مرۆڤ لە فۆرمێکی ماتەرییەوە دەباتە فۆرمێکی گیانەکییەوە. مرۆڤ وەکو هەبوو، سەرچاوەی بوون لەدەست دەدات کە لە ئەنجامی یەکگرتنی فۆرم و ماتەردا هاتبووە بوونەوە. زۆرجار دەبینین نالی تەنها باسی بوون یان دەلالەتێکی بۆ بوون خستۆتە پێش چاو، بەڵام ئێمە خۆمان دەبێ درک بەوە بکەین، کە ئەم بابەتە چەندە لەگەڵ بووندا بێت هێندەش پەیوەستە بە نەبوونەوە، چونکە بوون لە نەبوونەوە پەیدابووەو دەبێتەوە بە نەبوون.

" قوربان مەحاڵە پێکەوە بن سەبرو ئیشتیاق

خاریج لە نەسسی ئایەتە تەکلیفی (لا یطاق) "

(مودەریس،١٣٩٦، ٢٠١)

لە دیوانەکەدا، ئاماژە بە وشەی (لایطاق)کراوە بەمانای ئەوەی کە کارێک هی کردن نەبێ و تەکلیفی کردنی بکرێ، بەڵام هەمیشە ئەم داوایانە لەوانە دەکرێن کە دەرەقەتی هەموو شتێک بێت. بۆیە کاتێک نالی ئیشتیاقێکی زۆری لەدڵدایە بۆ ئەو زۆر زەحمەت دەبێ بتوانێ سەبرو ئارامیش بگری، بەڵام نالی لەو کەسە بە توانایانەیە، کە خوا خۆی دەزانێ کاتێک کەسێک توانای شتێکی نەبێ نایخاتە ئەم دۆخەوە! لێرەدا بە روونی دەرکەوتووە شاعیر لە ناساندنی خۆیدا وەکو کەسێکی کاراو بەتوانا بوونی خۆی راگەیاندووە، پشت بەستوو بەو ئایەتە قورئانییەی کە لە دیوانەکەدا باسکراوە ( لا یکلف الله نفسا الا وسعها) (مودەریس،١٣٩٦، ٢٠١). ئەمە لە فەلسەفەی ئیبن روشددا بە زانینی بەرکاری زانراوەکە ناسراوەو زانینی خواش بۆ ئازایەتی مرۆڤەکە(نالی) بە هۆکاری زانراو باسکردووە. هەروەها باسی ئەوەی کردووە کە زانینی مرۆڤ و خودا جیاوازن لەوەدا، کە زانینی خودا هەمەکییەو بە ئەقڵ پێوانە دەکرێ وزانینی مرۆڤ هەندەکییەو بە هەست پێوراوە. بەم پێیە لێرەدا دەردەکەوێت، کە خودا یەکەمجار زانیویەتی توانایی مرۆڤ تا ئەو رادەدەیەیە. سەبر و ئیشتیاق کاری مێشک و دڵن، بۆیە ئیبن روشد

لەگەڵ نالی یەکدەگرنەوە لەوەدا کاتێک، باسی زانینی هەمەکی و هەندەکی دەکرێت دەگوترێت پەیوەستن بە ئەقڵ و هەستەوە، لێرەدا ئەوەی نالی پاراستبوو، سەبرەکەی بووەو خوا پێیبەخشیوەو ئەگەرنا، لە بوون دا نەدەمایەوە.

"مەعنایی نوورو زوڵمەت و نەشری حەیات و مەو

بوو، روو و زوڵف و ڕۆژی ویسال و شەوی فیراق"

(مودەریس،١٣٩٦، ٣٧٧)

بەدەر لەو مانایەی کە لە دیوانەکەدا ئاماژەی پێدراوە، کاتێک لە بەیەکگەیشتن و دابڕانی نێوان خۆی و یاری روو ئاڵ و زوڵف رەش دەکات، و بە رووناکی و تاریکیی دەچوێنێ. دەلالەتێکی تەواو دروستی تێدایە بۆ ئەو بوون و نەبوونەی سوهرەوەردی ئاماژەی پێداوە، کاتێک گووتویەتی بوون رووناکییەو نەبوون تاریکی. بوون و ژیانی نالیش لەوەدایە روخساری رۆشنی یاری لێوەدیاربێت و پێی بگات، ئەگەرنا تاریکی، دۆخەکەی لێ دەشێوێنێ و بەرەو مردن و فەنابوونی دەبات و بوونی دەسڕێتەوە.

"بە مەرگی خۆت قەسەم زاهید هەموو عومرت عوبوورێکە

مەقـام و مەنزڵت ئاخــر لــەکن جەمــعی قوبوورێــکە "

(مودەریس،١٣٩٦، ٣٧٧)

بەگوێرەی لێکدانەوەی دیوانەکە بێت، واتە ئەی زاهیدی لەخۆبایی بووا بە مەرگی خۆت قەسەم، تەمەنت هەرچەند درێژیش بێت، لەوە زیاتر نییە کە بازدان و پەڕینەوەیە کە لەسەردەمی پێش هاتنە دنیاوە، بۆ ئەو دنیا. ئارامگای دواییشت دەبێ سەرەنجام لە گۆڕستانێکدا بێ لەپاڵ کۆمەڵە گۆڕێکدا. بۆ مانای فەلسەفی و لێکدانەوەی ئەم دێڕە بە پێی بۆچوونی فەیلەسووفانی ئیسلام لەمبارەیەوە، دەرکەوتووە، کە ئەم بۆچوونە میتافیزیکیانەی نالی لەگەڵ بۆچوونە میتافیزیکییەکەی سوهروەردیدا دێتەوە، چونکە ئەو پێی وایە کاتێک مرۆڤ رووناکی ژیانی لێ وەردەگیرێتەوە، ئەوا راستەوخۆ لەو خولگەیەدا نامێنێتەوەو لە رووناکی رووناکییەکان دوور دەکەوێتەوەو بەرەو نەمان دەچێت، واتە بوونی نامێنێت.

گوتاری نالی بەدرێژایی تەمەنی شیعری، فۆرمێکی جەدەلییان هەڵگرتووە، دەکرێ تەواوی غەزەل و قەسیدەکانی وەک نموونەی ئەم تێڕوانینە دابنێین. نموونەکان زۆرن و مشتێک نموونەی خەرمانێکە! گەر سەرنجمان چڕبکەینەوە لە فەزای شیعری نالی داو سنوورداری بکەین لە رەهەندێک یان چەند رەهەندی شیعرییدا، مانای وایە نالیمان خستۆتە

قەفەسێکەوەو بواری تێگەیشتن و پێگەیشتن  تەسک دەکەینەوە بۆ چەند بابەتێک. بەمەش ئاسۆکانی بیری نالی کە هێندە فراون بوون، لەگەڵ فەنتازیاکەیدا، لەقاڵب دەدەین. بۆیە دەکرێ لێرەدا بڵێین، نالی لە نەسلی شاعیرانی داهێنەرو خولقێنەرەو دووبارە نابێتەوە، چەقبەستن لە داهێنانیدا وجودی نەبووە. بەردەوام و بۆ چەندین دەیەی دیکەش، مەغزاکانی نالی، پەنهانبوونی خۆیان لەدەست نادەن.

## ئەنجامەکان

لە کۆتایی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا، گەیشتینە ئەم ئەنجامانە:

١. بوێریی نالی و دەستبردنی بۆ تابۆکان و بابەتە نهێنی و شاراوەکان، نالی لە بەرگی شاعیرێکی ئاسایی وەدەردەخەن و نازناوی رچەشکێن و داهێنەرو دانای بەسەردا دەچەسپێنن.

٢. راستە نالی بە شوێن چێژی دونیاییەوە بووە، بەڵام دواجار راستگۆیانە خۆشەویستی بۆ خواو پێغەمبەری ئیسلام و پایەکانی ئیسلام، دەربڕیوەو پاراوەتەوە لێیان.

٣. نالی نە عارف و نە متەسەوف بووە، بەڵکو تەنها فەقیهێک بووە، بەڵام هەرگیز ئایینی بۆ مەرام و مەبەستی تایبەتی خۆی بەکارنەهێناوە، بە ریاکاری نەژیاوە، بەڵکو بەوپەڕی راستگۆیی و یەک دیوی، ژیانی ئایینی و کۆمەڵایەتی و ئەدەبی بەرێکردووە.

٤. چەندیین دێڕە شیعری نالی، هەڵگری دیالیکتیکێکی زۆری نێوان (ئەنتۆلۆژیا)و (میتافیزیکا) ن.

٥. لە هەندێکی بەرچاوی دەقە شیعرییەکانیدا، دیدی میتافیزیکیانەی نالی دەرکەوتووە، سەرەڕای ئەو دیالیکتیکە زۆرەی بینراوە.

٦. رەگەزەکانی بوون، بیرکردنەوە وەک جەوهەری بوون هەروەها بوونگەرایی و دیدە فەلسەفییەکانی فەیلەسووفانی ئیسلام، بە ئاشکرایی و نائاشکرایی لە دێرەشیعرییەکانیدا، رەنگیانداوەتەوە.

٧. رامانی فەلسەفی نالی سەبارەت بە بوون و نەبوون، هەرجارەو بە کەرەسەیەک دەربڕدراون.

٨. فەلسەفەی بوون و نەبوون، بەگشت قۆناغەکانیەوە (کلاسیک، نوێ، هاوچەرخ) لەشیعری نالیدا، بەو دیالیکتیکەی نێوانیانەوە، دەبینرێت.

**ملخص البحث**

يحمل هذا البحث عنوان (جدلية الوجود او اللاوجود في شعر نالي)، الذي تم فيه تسليط الضوء على فلسفة " الوجود او اللاوجود" في فحوى النصوص الشعرية للشاعر"نالي." كما يسعى الباحث لاستعراض المراحل البدائية لفلسفة الوجود او اللاوجود، الى اخر مراحل هذه الفلسفة الوجودية، وانعكاسات فكر الفلاسفة للمراحل المختلفة على هذه الفلسفة، في شعر نالي بما فيهم الفلاسفة الاسلاميين، وتوضيح الجدل والمحاورة الحاضرة في الشعر الفلسفي، الى جانب توضيح اهم المراحل والمحطات في حياة نالي، التي تركت اثرا في توسيع الجانب المعرفي والفضاء الشعري لدى نالي.

**برنامج البحث:**

يتألف البحث من مقدمة وثلاثة اجزاء ومحاور عدة، اضافة الى الخلاصة والمصادر ومختصر عن البحث باللغتين العربية والانكليزية.

الجزء الاول: يحمل عنوان "الجدل الوجود او الاوجود من المنظور الفلسفي"، ويتألف من ثلاثة محاور: المحور الاول "مفهوم الوجود او اللاوجود"، المحور الثاني، يتضمن "تأريخ فلسفة الوجود او اللاوجود في المراحل المختلفة"، اما المحور الثالث فيتضمن "الوجود او اللاوجود من منظور الفلاسفة الاسلاميين."

الجزء الثاني: جاء تحت عنوان (حول نالي- السيرة الذاتية، حياته، موته، الشعر، الفلسفة، الدين)، الذي جاء في اربعة محاور وجزئين، المحور الاول (محطات حياة نالي)، الموزع على قمسين وهما (ولادة نالي، وفاة نالي). المحور الثاني (الفضاء الشعري عند نالي)، اما المحور الثالث فانه خصص (للفلسفة في شعر نالي)، اما المحور الثالث فانه يسلط الضوء على (الدين الاسلامي والعبادة الخاصة لنالي).

الجزء الثالث: جاء بعنوان (الجدل في الوجود او اللاوجود في شعر نالي)، والذي تألف من المحاور التالية :المحور الاول (نالي وتعلق الاجناس في الوجود او اللاوجود بالشعر)، (الفلسفلة الكلاسيكية) اما المحور الثاني (انعكاس الميتافيزيقية ـ الجوهر والتفكير في اشعار الفلسفية لنالي)، (الفلسفة الحديثة). اما المحور الثالث، تضمن (الرؤية الوجودية لدى نالي في الشعر)، (الفلسفة المعاصرة)، المحور الرابع والاخير، ضم (فلسفة الوجود او اللاوجود في الاشعار الاسلامية لدى نالي).

في نهاية البحث، تم توضيح اهم النتائج التي توصل اليها البحث، مع فهرست للمصادر ومختصر البحث، باللغتين العربية والانكليزي.

## Abstract

This research is entitled ‘The Rational of Existence and Non-Existence in Naali’s Poetry which focuses on philosophy of existence and non-existence in the content of Naali’s philosophical poems. We tried to present a panorama of the most preliminary stages of philosophy of existence and non-existence until the latest stages of this philosophy which is philosophy of existentialism.  It also reflects on the thinking of philosophers of different eras of this philosophy, including the Islamic philosophers in Naali’s poems to explaining the rational within his philosophical poems. Alongside that, this research discusses the most important stations of Naali’s life that contributed to widening the knowledge background and poetic atmosphere in Naali.

**Program of the Research**:

This research is consisted of introduction, three sections and many parts and subdivisions, conclusion, resources and summery of the thesis in both Arabic and English:

First section: named ‘rational of existence and non-existence in the philosophical perspective, containing three parts: first, ‘existence and non-existence expression’, second, ‘history of existence and non-existence in different phases, and the third part, ‘existence and non-existence from Islamic philosophers’ perspective’. Second section: is ‘About Naali – life, death, poetry, philosophy, religion’.  It contains four parts and two subdivisions, first of which is ‘Naali’s life stations’ including two subdivision ‘birth of Naali’ and ‘Naali’s death’.  The second part is ‘Naali’s world of poetry’ and the third part is about philosophy in Naali’s poetry.  As for the fourth part, Islam religion and Naali’s special worshipping is explained.

Third section is entitled ‘Rational of Existence and Non-existence in Naali’s Poetry’.  It contains these parts: first part ‘Naali and merging principles of existence and non-existence with poetry’(classic philosophy).  Second part ‘reflection of metaphysic – essence and thinking in Naali’s philosophical

poetry' (new philosophy). Third part is 'Naali's existentialist vision in poetry' (contemporary philosophy). The fourth and last part is 'philosophy of existence and non-existence in Naali's Islamist poetry'.

At the end of the research, the most significant conclusions that the research has reached are made available along with list of the resources and a summary of the research in Arabic and English is provided.

## سەرچاوەکان

❖ قورئانی پیرۆز

### أ-بەزمانی کوردی

**-کتێب**


١. خەیات، ئازاد تۆفیق، ٢٠١٧، نالی-دانتێ وێکچوونێکی فرە ڕەهەند، چ١، چا: ئەنستیتیۆتی کەلەپوری کورد، سلێمانی.

٢. سوڵتان، ئاوات ئەحمەد، ٢٠١٥، ئەفلاتون-سوفیست، چ١، چا: پەنجەرە، سلێمانی.

٣. بەرزنجی، ئازاد، ٢٠٠٦، بوونگەرایی و بوونگەرایان، زنجیرەی دۆسێکانی سەردەم، سلێمانی.

٤. فیضی، امین ،١٩٢٠، انجمن ادیبان کورد، استمول.

٥. خانی، ئەحمەدی ، ١٩٨٩، مەم وزین، ئا: هەژار، چا: ئینستیتوێ کوردی پاریس، ستوکهۆڵم-سوید.

٦. ئیمام، عەبدولفەتتاح ئیمام، ٢٠١٥، دەروازەیەک بۆ میتافیزیکا، و:هۆشمەن جەلال، چا:تاران، بڵاوکراوەکانی ناوەندی غەزەلنووس.

٧. ئەحمەدی، بابەک، ٢٠١٦، دیالیکتیک، وەلید عومەر، کتێبی دووەم، چا: سەردەم، سلێمانی.

٨. ماگی، برایان، ٢٠١٠، مێژووی فەلسەفە، عوسمان حەمە ڕەشید گورون، چا: دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، سلێمانی.

٩. غەریب، تەحسین حەمە، ٢٠١١، خوێندنەوەی شیعری دڵی مەولەوی و چاوی نالی، چ٢، چا: زانا، سلێمانی.

١٠.ماکواری، جۆن، ٢٠٠٧، فەلسەفەی بوونگەرایی (وجودیەت)، ئازاد بەرزنجی، چ:٢، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

١١.عەزیز، حەمید د.، ٢٠١٢، فەلسەفەو لاهوت لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، چ٢، بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای هوشیاریی وپێگەیاندنی کادیران، سلێمانی،.

١٢.مەنتک، حەمە، ٢٠١١، لە مەدرەسەی نالییدا، چا: کارۆ، سلێمانی.

١٣.جاف، خوسرەو، ٢٠١٨، ڕۆمانی شازادەو شاعیر( ژیانی نالی)، چ١، چا: ڕۆژهەڵات، ناوەندی ڕۆشنبیری ئاوێر، هەولێر.

١٤.مدرس، مەلا عبدالکریم و فاتح عبدالکریم، ١٩٧٦، دیوانی نالی، پێداچوونەوەی محەمەدی مەلا کەریم، چ: کۆڕی زانیاری کورد-بەغدا.

١٥.مدرس، مەلا عبدالکریم و فاتح عبدالکریم، ١٣٩٦هـ دیوانی نالی، پێداچوونەوەی محەمەدی مەلا کەریم، چ٢ ناوەندی بڵاوکردنەوەی سنە.

١٦.حەویزی، دەریا جەمال، ٢٠١٩، دووبیرمەندی گەورەی کورد لە تەرازووی فەلسەفەی بوون دا، چ١، ناوەندی رۆشنبیریی سارا، سلێمانی.
١٧.دیکارت، رینیە، ٢٠٠٥، چەند وردبوونەوەیەک لەبارەی میتافیزیکاوە، حەمید عەزیز د.، چا: حەمدی، سلێمانی.
١٨. سیوەیلی، ڕێبوار د.، ٢٠٠٩، سۆفیستەکانی یۆنان، چ١، چا: هاوسەر، هەولێر.
١٩. سیوەیلی، ڕێبوار د.، ٢٠١١، کتێبی نالی، چ٢، چا: ماڵی وەفایی، هەولێر.
٢٠.سیوەیلی، ڕێبوار د.، ٢٠١٨، نالی لە بەلاغەوە بۆ مۆدێرنێتە، چا: زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.
٢١.مەلا زادە، ڕێبوار محەمەد، ٢٠١٦، نالی و سایکۆلۆژیای شیعر، چا: ڕۆژهەڵات، هەولێر.
٢٢.عوسمان، رەئوف، ١٩٨٤، نالی لە دادگای رەخنەدا، ئەمینداریێتی گشتی رۆشنبیری و لاوان یارمەتی لە چاپدانی داوە، بەغداد.
٢٣.سەجادی، عەلائەددین، ١٣٩١هـ مێژووی ئەدەبی کوردی، چ١، بڵاوکردنەوەی کوردستان سنە.
٢٤.مەولود، عبدالله خدر د.، ٢٠٠٧، لێکۆڵینەوەیەک لە شیعرە ئاینی و سۆفیگەری و فەلسەفیەکانی نالی، چ١، چا: ئاراس، هەولێر.
٢٥.مەولود، عبدالله خدر د.، ٢٠١٨، بیبلۆگرافیای نالی، چ٢، چا: زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.
٢٦.حسینی، عبدالحمید، ٢٠١٣، نالی لە روانگەی سەپان کوردییەوە، چا: بینایی، سلێمانی.
٢٧.عەبدولعەزیز، فوئاد کامیل، ٢٠٠٥، چەند فەیلەسوفێکی بوونگەرا، سامان عەلی حامید، دەزگای چاپ پەخشی سەردەم، سلێمانی.
٢٨.خەزنەدار، مارف د.، ١٩٨١، نالی لە دەفتەری نەمریدا، کۆلێجی ئەدەبیات- زانکۆی بەغداد.
٢٩.محەمەد، مەسعود، چەپکێک لە گوڵزاری نالی، چا: کۆڕی زانیاری کورد- بەغداد، ١٩٧٦.
٣٠.محەمەد، مەسعود، ٢٠١٠، چەپکێک لە گوڵزاری نالی، چ٣، چا: دەزگای ئاراس، هەولێر.
٣١.مەلا کەریم، محەمەد، ١٩٧٩، لە رێگای ئەدەب و لە پێناوی "نالی" دا، چا: کۆڕی زانیاری کورد- بەغداد.
٣٢.کەمال، محەمەد د.، ٢٠٠٢، کێشەی بوون لە مێژووی فەلسەفەدا، ب١، مێلبۆرن.

٣٣.کەمال محەمەد د.، ٢٠٠٤، بوون و داهێنان، چا؛ دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
٣٤.کەمال، محەمەد د.، ٢٠١٨، فەلسەفەی بوون، چ٢، چا: ناوەندی ئەندێشە، سلێمانی.
٣٥.کەمال، محەمەد د.، ٢٠١٩، ئەفلاتونیزمی نوێ، چ١، چا: سەردەم، سلێمانی.
٣٦.عبدالله، محەمەد ئەمین د.، ٢٠٠٨، بوون لە شیعری مەحویدا، چ١، چا: تیشک، مەڵبەندی کوردۆلۆژی، ، سلێمانی.
٣٧.حیدریان، محسن، ٢٠١٥، (ئەرستۆ ٣٢٢-٣٨٤پ.ز)گەورەترین بیرمەندی جیهان، و: مستەفا مەعروفی، چا: دلێر، دەزگای ئایدیا بۆ فیکرو لێکۆڵینەوە، سلێمانی،
٣٨.خۆشناو، هێمن عوسمان، ٢٠١٧، نالی لە بەڵگەنامەکانی عوسمانیدا، چ١، لەبڵاوکراوەکانی زانکۆی سۆران بۆ پاراستن و ساغکردنەوەی دەستنووس، سۆران.
٣٩.عوسمان، هەرێم، ٢٠١٧، نالی شیکاری فەلسەفی و دەرونی، چا: حەمدی، سلێمانی.
٤٠.رەشید، هاوڕێ، ٢٠١٥، ئەرستۆ دەوڵەتی دیموکراسی، چا: دلێر، دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە، سلێمانی.

## رۆژنامە

٤١.بەرزنجی، ئازاد، ٢٠١٥/١٠/١٩، دووشەممە، سوهرەوەردی و فەلسەفەی ئیشراقی، ر: کوردستانی نوێ، ژ٤٧٧.
٤٢.گەلاڵەیی، محەمەد، ٢٣ /٢٠١٩/٤، خوێندنەوەیەک بۆ کتێبی (نالی لە بەڵگەنامەکانی عوسمانی دا)، ر: کوردستانی نوێ- پاشکۆی سێبەرو سایە، ژ٧٨٤٥.

## پێگەی ئەلیکترۆنی

٤٣.حسین حرب، بیری فەلسەفی یۆنان پێش ئەفلاتون، و: رەفیق غەفور. r.gefur@gmail.com
٤٤.ئازاد قەزاز، ئیسلام لە گۆشەنیگای فەلسەفەی ئاینەوە. Gulan media.com
٤٥.دیار عبدالباقی خلیل، سوهرەوەردی و ئیشراقیەکان. www.historyofkurd.com

**ب- به زمانی عەرەبی**

٤٩. الاهواني، احمد فؤاد، ١٩٥٤، فجر الفلسفة اليونانية قبل سقراط، ط١، دار اخياء للكتب العربية.

٥٠. ريكور، بول، ٢٠١٢، الوجود والماهية والجوهر، ت: فتحي انقزو-محمد بن ساسي، دار سيانترا، تونس.

٥١. ديكارت، رينيه، ١٩٨٨، تآملات ميتافيزيقية في الفلسفة الاولى، ت: كمال الحاج، ط٤، منشورات عويدات، بيروت-باريس.

٥٢. محمود و امين، زكي نجيب و احمد، ٢٠١٧، قصة الفلسفة اليونانية، مؤسسة هنداوي، سي أي سي.

٥٣. خليل، صبري محمد، ٢٠٠٥، مقدمة في فلسفة وقضاياها، جمعية الفلسفية للطلاب، جامعة الخرطوم.

٥٤. بدوي، عبدالرحمن د.، ١٩٧٠، خريف الفكر اليوناني، ط٤، مكتبة النضة المصرية.

٥٥. بدوي، عبدالرحمن د.، ١٩٧٩، فلسفة العصور الوسطى، ط٣، دار القلم- بيروت-لبنان.

٥٦. بدوي، عبدالرحمن د.، ١٩٨٤، موسوعة الفلسفة، ج١، ط١، المؤسسة اعربية للدراسات والنشر، بيروت.

٥٧. بدوي، عبدالرحمن د.، ١٩٩٦، ربيع الفكر اليوناني، مكتبة النهضة المصرية، القاهرة.

٥٨. غنيمة، عبداالفتاح مصطفى د.، ٢٠١٦، نحو فلسفة العلوم الطبيعية نظريات الذرية والكوانتم والنسبية، كلية الاداب- قسم الفلسفة وعلم النفس، جامعة المنوفية-مصر.

٥٩. بودوستينيک و ياخوت، فاسيلي اوفشي، ١٩٧٩، الف باء المادية الجدلية، ت: جورج طرابيشي، ط١، دار الطليعة-بيروت.

٦٠. العشماوي، محمد سعيد، ١٩٨٤، تاريخ الوجودية في الفكر البشري، مطابع دار القومية.

٦١. كرم، يوسف، ٢٠١٦، تاريخ الفلسفة اليونانية، آفاق للنشر والتوزيع.

٦٢. شكري، محمد عزيز، ١٩٩٦، علم الوجود، موسوعة العربية العالمية، ط١، مؤسسة اعمال الموسوعة للنشر والتوزيع، دمشق، سوريا.

**نامەی ئەکادیمی**

٦٣. قادم، معمر، ٢٠٠٣-٢٠٠٤، اشكالية الانطولوجيا و القيمة في الفلسفة الغربية المعاصرة نيتشه نموذجا، رسالة ماجستير، الجمهورية الجزائرية

الديموقراطية الشعبية- وزارة التعليم العالي والبحث العلمي، جامعة السانيا- وهران، كلية العلوم الانسانية والجتماعية- قسم الفلسفة.

## پێگە ئەلکترۆنیەکان

٦٤. فراک، احمد، سقراط فيلسوف الحوار و التوليد فراک-فيلو farrakphilo.eklablog.com

٦٥. العتيبي، اسامة بن عطايا بن عثمان، ٢٠٠٩، افعال العباد بين اهل السنة القدرية الجبرية و القدرية، منابر النور- M.noor.com .

٦٦.معجم معاني الجامع، معجم عربي-عربي. www.almaany.com .

٦٧.سنويا... فيض "النور المقدس" يحصل-٢٧-٤-٢٠١٩ www.vdlnews.com.